# دەزگیرانە قوڕینەکەم

# دەزگیرانە قوڕینەکەم

کازیوە ساڵح

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
هەولێر - هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

کازیوە ساڵح
دەزگیرانە قوڕینەکەم – چیرۆک
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٣٢٣
چاپی یەکەم ٢٠١٢
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٩٧٣ – ٢٠١٢
نەخشاندنی ناوەوە و رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل، تریسکە ئەحمەد

ژپنک:
ژمارەی پێوانەیی ناودەوڵەتیی کتێب
ISBN: 978-9966-487-94-2

پێڕست


تویتەرە چیرۆک ........ 7
دارسێوەکەی باپیرم ........ 9
دەزگیرانە قورینەکەم یان ژووری ژمارە ٥٠٨ ........ 14
وەرە پێکەوە سەما بکەین ........ 30
کێ کوشتنەکەی ئاشکرا کرد؟ ........ 43
مەملەکەتی پەڕۆ ........ 52
ژنێک لە پێکی ڕابردوودا ........ 57
تۆماری وێنەکان لە دووکەڵی جگەرەدا ........ 63
مەیموونستان ........ 68
شەهیدبوونی گوڵەکانی سەر شوورای باخچە ........ 87
ئەو بخووری نەمری دادەگیرسێنێ ........ 93
دەرەوەی خەونە شووشەییەکان ........ 102
ئەو سێوی دایکیشم بەخواردنی گوناهباری کردم ........ 106
کورتە برووسکەکانی غوربەت ........ 118
بەفرکوژەکان ........ 126
ژنەکانی جەنەراڵ ........ 132
ئافاتەکانی ڕۆح ........ 138
خەونە عورفییەکان و گەمەی ئەهریمەن ........ 146
تراویلکە ........ 155
کچە ئازادەکە ........ 160
نمایشکاری گۆڕەوی ........ 165

پەژڤـین ........ 176
ئەو نامـانەی بەر لە مردن نەخـوێنرانەوە ........ 182
چوار چرکە لە حـیکمەتەکانی بەقەرەجبوونم ........ 189
تارمـاییی دۆزەخ ........ 193
تاوانبـارەکەی کەنار دەریا ........ 198
بوونە ونەکان ........ 202
پزیشـکێکی دەوڵەمـەند ........ 207

## تویتەرە چیرۆک

١

پێنجسەد لاپەڕە وشەی دووبارە لەناو جانتاکەمدا شانی چەپی داتەکاندووم، دەمەوێت دەنگم پێی بگات، بڵێم جەنابی نووسەر من بەرهەمی زەمەنی تویتەرم، تۆ یەک وشە بۆ من تویت دەکەیت، منیش بە سەت و چل کارەکتەر چیرۆکێکی لێ دروست دەکەم.

٢

کۆفێکە لە چێشتخانەکەوە بانگی دەکردم "وەرە دوا پەرداخم بخۆرەوە، تۆ دەتەوێت لە کاسەکەمدا بەجێم بهێڵی هەتا ڕەشبوونەوە بە مەرگم دەسپێریت؟"

دوا شەشەمین پەرداخم نۆش کرد، ئاو دوا دڵۆپی سەر کاسەکەی ڕامالّی و لە مەرگ پاراستی.. من؟ ئیتر نە بۆنی کۆفیم دەکرد و نە گوێم لە بۆڵەی بوو، بەیەکجاری ئەوێم بەجێ هێشتبوو.

٣

شەموو دەنگی بەرز کردەوە بەسەرمدا و نارەزاییەکانی گەیاندە خانەکانی مێشکم. یەکشەم سەری ڕەزامەندیی لەقاند بۆ هەموو وشەکانی و گوتی " دیارە تێ ناگات ئێمە دروست بووین بۆ ناو بێستان و کەنار دەریا، نەک تۆزی کتێبخانەکان".

٤

مـــەهتـــاب بـەدەم دەرهێنانـی نـامـــەکـــانـەوە باسـی مـــەزنیـی ئەوی بـۆ دراوسێکەیان دەکرد" بە دوو ساڵ تەنیا بیست هەزار دۆلارم پاشەکەوت کرد بۆ سپانسـۆرکردنـی خوشکەکەم، بەڵام هاوسـەرەکەم گـوتی چل هەزار زیاتر تێ چووە و چەندین جاریش لەسەر گیرفانی خۆی چووە سەردانی کردووە."

نامـەیەک ئاوەڵا دەکـات، تێـدا هاتووە" بـبـوورە خـوشکم مـن ئێـسـتـا لە هاوسـەرەکەت دووگیـانم، بەم زووانە بەتەمـای زەمـاوەندین، پاشـان بەیەکەوە سـەفـەر دەکـەین بۆ لات. دەزانم تۆش ئـاواتت بوو منـداڵێکت هەبێت، بـۆیە، دەتوانیت ماڵەکە بەجێ نەهێڵیت بمێنیتەوە و ئاگات لە منداڵەکەمان بێت"

٥

بە سنگمـەوە گـەرمـی ڕۆحـی ئـاگردانێکی لە هەناودا نەخشـاندووم، سـەری دەکات بەژێر قـۆڵمدا و چاوی لە دەنگی دەنگەران دەشارێتەوە. چ ئاینێک دەتوانێت بڵێت خواوەندیم و نەفرەت بۆ بێ زمـان و دەسـەڵات و بە وەفـایەکی لەم جۆرە داباریێنێت؟ هەتا توندتر ئـامێزی دەگرم نەفرەتەکان و تیشکی ڕقی چاوە ئاگرینەکان تیژتر دەبن، بەڵام نە مـن دەمەوێت لەم چاوانە بنوارم و نە ئەویش دەیەوێت دژیان بوەرێت.

٦

خرابـووە داشکانی ئاشکراوە پڕوپاگەندە بۆ پیـاوێکی خـانەدان، کە گڵۆپی پڕوپاگـەندەکـان کـوژانەوە، دەمــەکـان بە سـەرسـامـی داچەقین، پیـاوێک لە بازاڕی گەوادەکاندا لە قـوژبنی تـاریکییـەوە، فـریوی ژنی هـاوسـەرداری دەدا بۆ خیانەتی هاوسەری.

August, 2011

# دارسێوەکەی باپیرم

یەکەم کاری من بەیانییان لە خەو هەڵدەستم، لە بەردەمی پەنجەرەکەم دەوەستم و لە بالآی دارسێوەکەی ماڵی باپیرم دەنوارم. بزانم هێشتا لە سەرپێ وەستاوە. هێشتا بووە بە لانەی هەزاران جریوە. پەنجەرەی ژوورەکەی من تەنیا شتێکە لەم گەڕەکەدا کە بالآی لە بالآی دارسێوەکە کەڵەگەتترە. هەردوو جووتە خۆشەویستی ساتە ئارامی و پڕ شەپۆلەکانی دڵمن. یوتوپیای شوێن تەنیا لە چاوی ئەم پەنجەرەیەوە نیگای لەگەڵ ڕۆحم گۆڕیوەتەوە. پێم خۆش نییە لەم پەنجەرەیەوە نەبێت تەنانەت سەیری ئاسمانیش بکەم، یوتوپیای سروشتیش لە هەر کوێوە هەڵکات دواجار هەر دەگەڕێتەوە بۆ لای دارسێوەکە.

ئەم دارسێوە سەرەتا و کۆتاییی هەموو کێشەکان و هەموو خۆشییەکانی ژیانی من بووە. باپیرم بەر لەوەی بمرێت ماڵ و موڵکەکەی بەسەر کوڕ و کچەکانیدا دابەش کرد و ئەو دارسێوەشی بە من بەخشی. من تەنیا نەوەیەکی بووم لە نێوان یازدە نەوەدا شتم بەر کەوت، ئەویش تەنیا بە خواستی باپیرم. ئەوسا تەمەنم تەنیا دە ساڵ بوو کە ئەو دارسێوەکەی پێ بەخشیم، ئامۆزا و پوورزا هەرزەکار و کامڵەکانم دەنگی ناڕەزایەتییان گەیاندە ئاسمانی سەروو دارسێوەکە، مامەکانم و پوورەکانم خەریک بوو دیوەخانەکەی باپیرم بکەن بە گۆڕەپانی جەنگی مەغۆلەکان. هەریەک بەشێوەیەک نەعرەتە و نەفرەتی بەرز دەکردەوە، پێیان وابوو باوکیان پیر بووە و خەڵەفاوە، عەقڵی لە دەست داوە و ناتوانێت چاک و خراپی خۆی لێک

بداتەوە. لەناو خۆیاندا هەر شەشیان هەندێک لە دووریی باوک و دایکم وەستان، سەریان کرد بە یەکدا و پاش ساتێک چپەچپ، مامە گەورەکەمیان کرد بە نوێنەری خۆیان کە لە بریی ئەوانیش قسە بکات، ئەویش هات لە تەنیشتی باپیرمەوە دانیشت و دەستی کرد بەخوێندنەوەی درەختی خێزانی و هەموو شەڕ و قوربانییە خێزانییەکان کە لە پێناوی ئەو دارسێوەدا دراون، هەموو نەهامەتی و بەردگرتن و هێلانەکراو و ڕووخاوەکانی سەر ئەو دارسێوە. ئەو ساڵانەی کە بێ بەر و مایە پووچ بووە لەگەڵ هەموو هەوڵ و کۆشش و خزمەتەکاندا و ئەو ساتە کورتانەی لە سایەی سێبەر و بەرهەمیدا حەساونەتەوە. ئەوەشی بە بیر باپیرم هێنایەوە کە ئەو بڕیارەی ئەو ناداوەری دەردەخات. هەوڵیان دا تێی بگەیەنن، هەر ئەگەر دەیەوێت بە نەوەیەکی خۆی ببەخشێت، ئەوا منداڵەکانی ئەوان لە پێشترن چونکە باوکی من لەوان منداڵترە و خۆشم لە منداڵەکانیان منداڵتر بووم.

باپیرم دەنگی تووڕەیی بەسەر کوڕەکانیدا بەرز کردەوە و پێی وتن "من خۆم دەزانم چ ئازارێک لە ناخی ئەم دارسێوەدایە و دەشزانم منداڵەکان و نەوەکانم کامیان باشتر تیماری ئەو ئازارانەیان پێ دەکرێت و کامیشیان مێژووی ئەو دارسێوە وەکو خۆی دەڵێتەوە." تفێکی ڕۆ کردە زەوییەکە، پێم وا بێت مەبەستی هێمایەک بووبێت بۆ نەفرەتکردن لە کرداری کوڕەکانی و پاشان درێژەی دایەوە بە قسەکانی "بە خەڵەفاو و نەزانم مەزانن، هەریەک لە ئێوە ئەوە دەرچوون کە لە منداڵیتاندا مەزەندەم کردبوو"

باوکم بۆ ئەوەی دۆخەکە ئاسایی بکاتەوە، بە نەفەسێکی تەنگەوە وەکو ئەوەی بە توندی کێشرابێت بەسەر سنگیدا و ناچاری نەبێت توانا و ئارەزووی قسەکردنی بنبڕ بووبێت، وتی، " باوکە، من هەمە و نیمە دوو منداڵە، ئەم دارسێوەش شووم و مەرگهێنەرە، تکایە با بەناوی منداڵی منەوە نەکرێت، برا و خوشکەکانم کامیان ئارەزوو دەکەن پێشکێشیان بێت"

باپیرم سوور بوو لەسەر قسەی خۆی و گوتی، "ڕۆڵە، منیش بۆیە دەیکەم بەناوی ئەم کچەی تۆوە، دەمەوێت ببێت بە مولّکی کەسێک کە بتوانێت بە گژ ژیاندا بچێت"

لەو تەمەنەمەوە، هەتا ئەمڕۆ شەوان ڕوو لە مانگ دەست لە ملی کەناری پەنجەرەکە دەکەم و سەر دەخەمە سەر لێوارە نەگۆڕ و ڕەنگ سپییەکەی، بە نیازی ئەوەی لە گەڵای وەریوی بینایيمەوە شەونخوونیی دیداری دارسێوەکە بکەم. پرچەکانی دارسێوەکە و منیش ساڵ بە ساڵ بەرەو ڕووتبوونەوە و کاڵبوونەوە دەچێت، جیرەی پشتی هەردوو لە جووڵەی سمۆرەیەکی برسی دەچێت لە کلۆری دارێکی پیری ماندووی پاش وەرزەکانی زەهر بارین. من وەک پشکۆیەک ڕۆژانە بە دیار ئەوەوە دانیشتووم و هەڵدەقرچێم، ئەویش ڕوو لە من و ڕوو لە هەتاو لایەک گەش و لایەک هەڵقرچاو، لایەک ڕووت و لایەک پۆشتە درووی ڕۆژەکان بە مانگ دەگەیەنێت. هێشتاش نە من لە بەرهەمی ئەوم خواردووە نە ئەویش لەبەر بەرهەمی خۆیدا حەساوەتەوە و نە مانگیش ڕووناکیی شیرینی خستووەتە سەر درووەکانی ئەو و ئازارەکانی من.

ئازارەکانی من تەنیا لە ڕێگەی بەردەفڕکێی منداڵانی گەڕەک و تەشی ڕستنی پیرێژنەکان لە سێبەری سێوەکەدا و پەڕۆ لە لق و پۆپ ئاڵاندنی ئەو ژنانە نەبوو کە پێیان وابوو سێوی پیرۆز دەتوانێت بیانکات بە دایک، منیش دەبوو ڕۆژی دووەم هەزاران گرێکوێرەی پەڕۆ و پاتاڵی گرێدراو بکەمەوە و لقی سێوەکە ئازاد بکەم. بگرە ئەوەش بوو بزانم چۆن سروشتی پاراستنی دارسێوەکە لەو خزم و کەس و مام و پوور و ئامۆزا و پوورزانە بشارمەوە کە هەر لە منداڵییەوە تۆڵەی بڕیارەکەی باپیرەیان لێ دەکردمەوە، ڕقیان لە من و دارسێوەکەش بوو، دەیان جار کە خەو خیانەتی لێ دەکردم و هۆش و بینایی داگیر دەکردم، کاتێک بە ئاگا دەهاتمەوە نەوت کرابووە بنی بۆ ئەوەی وشک بێت، تەنانەت جارێک دراوسێیەک بۆی باس کردم کە لە

بێئاگاییی مندا دانە دانە سێوەکانیان بە سرنجی زەهر کوتیوە. بۆیە ناچار بە هەوڵی ئەو دڵسۆزانە، ئەوانەی کە دارسێوەکەیان وەکو سامانێکی نەتەوەیی چاو لێ دەکرد، هەموو بەرهەمی ئەو ساڵەیمان لێ کردەوە و لە شوێنێکی دوور، لەژێر خاکدا ناشتمان بۆ ئەوەی کەس لێی نەخوات و کەس دووچاری مەرگ نەکاتەوە.

ژەهراویکردنی سێوەکان پاش هێرشبردنی هێزەکانی ناوەخۆ بوو بۆ داگیرکردنی یەک لە دژی ئەوی تر. ئەم هێزانە هەموو توانای سەربازی و بکوژیی خۆیان لەژێر سێبەری ئەو سێوەدا تاقی دەکردەوە، ئیتر لقەکانیشی پێویستی بەوە نەمابوو من پەڕۆی گرێدراوی ژنانی شاری لێ بکەمەوە، چونکە هەر ڕۆژەی بە ڕەنگی پەرچەمی هێزێک لقەکانی دادەپۆشرا تا بە تەواوی لە ڕەنگ چوونەوە. ڕۆژێک خزمەکانم گوتیان، "پاش ئەم ئەزموونە زۆرە لە بەخێوکردنی دارسێوەکەتدا تێ گەشتی بەرگریکردن لێی پێویستی بەهێزە، ئەگەر تۆ ڕازی بیت ببیت بەئەندامی دیوەخانی ئەم خزم و عەشیرەتەی خۆت و جار جار بەرهەمی سێوەکە دەرخواردی ئەندامەکانی دیوەخان بدەیت، ئەوا بەهەموو هێزی خۆمان دەبین بە پارێزەری".

لە سەروبەندی پەسندنەکردنی داواکەیاندا، زەهر کرا بە خەڵاتی سێوە خۆشەویستەکەی باپیرە. پاش ئەوان هەر هێزێک بە جیا دەهاتن کۆمەڵێ پەیمانیان نوێ ئەکردەوە و گڵۆپی ڕەنگاوڕەنگیان دادەگیرساند و هەریەک لای خۆیەوە، دەیگوت، "منم هێزی ڕاستەقینە بۆ پاراستنی خۆت و دارسێوەکە، بە ئەرکی خۆمانی دەزانین بتانپارێزین ئەگەر بین بە بەشێک لە ئێمە، گەرنا ئیتر گوناهی خۆت لە ئەستۆی خۆت، ئێمە ناتوانین تەنانەت لە جەندرمەکانی خۆشمان بتپارێزین"

ئاخر بۆ دەبێت بە تاکەکەسی پاراستنمان بوێت، لەسەر چی؟ کێ لە دنیادا لەسەر هەبوونی دارسێوێک مەترسی لەسەر ژیانی بووە، بۆ هەر

کەس دەیەوێت بەزۆر مێژووی خۆی بەم دارسێوەوە ببەستێتەوە. مەگەر ئەمە دارسێوی پیرۆزە من نەمزانیوە؟ خۆ هەموو کەس لەم کاولەیەدا حیکایەتخوانە، هەموو هەر دەیەوێت ببێت بەخاوەنی حیکایەتێک و حیکایەتەکانی بچێتەوە سەر دارسێوە و چەندین حیکایەتی ساختە لە هەگبە درۆزنەکان نراون. پاشان کە حیکایەتە ساختەکانیان زۆر دەبن، سەرلەنوێ دەکەونە شەڕی یەکەمینە و سوپەر حیکایەت، هەریەک دەکەوێتە ناکۆکی لەگەڵ ئەوی تر و دەڵێت من یەکەم کەسم کە حیکایەتم لەگەڵ ئەم دارسێوە هەبێت، نا.. نا حیکایەتی من گەورەتر و متمانە پێکراوترە.

من دەمێکە لەوە تێگەشتووم ئەوەی خەڵکی مەملەکەتی حیکایەتخوانەکان شێتگیر دەکات ئەوەیە ژنێک خاوەنی دارسێوێک بێت و ڕێگە بە ژنێکی تریش بدات حیکایەتەکانی خۆی لەسەر قەدەکانی بنووسێتەوە. بۆیە عەیامێکە کچێکی هەرزەکار چرنووکی شێتانەی پێنووسەکەی لە باڵای دارسێوەکەم گیر کردووە و وردە وردە سەربردەی دارسێوێک و چیرۆکەکانی خۆی بە قەد و باڵایدا هەڵدەواسێت. من ئێستا وەکو جاران شەونخوونی ناکەم، دارسێوەکەم پەلوپۆی دەرکردووەتەوە و باڵای لەوە بەرزترە چاوە کزەکانی نیگایان بکات. دارسێوەکەمان ئێستا بەردەوام ڕوو لە هەتاو پێ دەکەنێت، منیش ڕوو لە ئومێد بەوەی کەسێک کە دەتوانێت بەگژ ژیاندا بچێت نازی دارسێوەکە دەکێشێت، لەسەر کەناری پەنجەرە کەڵەگەتەکەی ژوورە پڕ کتێب و تەپوتۆزەکەم ڕوو لە سێو و لقی پڕ ژیان سەرخەوێک دەشکێنم.

٢٠١٢
Canada

## دەزگیرانە قوڕینەکەم یان ژووری ژمارە ٥٠٨

هەموو کێشەکان لەو ساتەوە دەستی پێ کرد کە بڕیارم دا بە قاچی خۆم بڕۆم و چیتر کراسەکەی دایکم لەبەر نەکەم، گلەییم لێ مەکە، دەزانم زۆر گرانە بەیەک قاچەوە و لە دەڤەرێکدا بە قاچی خۆت بڕۆیت، لە بوونیەوە دایکان کراسەکانیان بە نیواشتی دەهێڵنەوە و تەواو نایدڕن بۆ ئەوەی بەشی لاویەتیی کچەکانیان بکات، بەڵام ئەو کراسەی دایکم بۆ من گەورە بوو، ئێجگار گەورە بوو، فەقیانە درێژەکانی وەکو منداڵی دەستی دەسرازە دەکردم، چرکە درێژەکانی خوارەوەی هەنگاوێکی دەکردم بە سەد. من چیی تر قاچە بچووکەکانی منداڵیم نەبوو، ئەو قاچانەی لە بچووکیدا نیوە ڕۆژێکی دەویست تا بگەم بەوسەری کۆڵانە درێژەکە و خۆڵەپەتانێ لەگەڵ سروە بکەم، چاوەکانی منداڵیش کورتبین بوون ئەو کۆڵانەم هێندە لا درێژ بوو، وام دەزانی درێژترین ڕێگەی دنیایە. ئێستا کۆڵانەکەی منداڵیمان یەک چرکەی لە من دەوێت بۆ تەیکردن و هەموو ساتەکانی دیم دەداتەوە دەست بۆ بینینی کۆڵانە نادیار و نەبینراوەکان، ئەو کۆڵانانەی سەرێکی لە منەوە دیارە و سەرەکەی تر لەوانەیە هێشتا کەس نەیدۆزیبێتەوە. باوکم ئەوسا چەند سەغڵەت دەبوو بەو هەنگاوە بچووک و سستانەم و بەدوای خۆیدا پەلکێشی دەکردم، ئێستا دە هێندە سەرسامی ئەو هەنگاوە خاوانەیە، هەموو کات بە بیرم دەهێنێتەوە چەند ژیکەڵانەیە کچی بابەی خۆی بە گەورەیی لەگەڵ هەنگاوە بچووک و سستەکانی منداڵی بژی. بەڵام من چیی تر حەزم لەو جۆرە ژیکەڵەیییە و کچی بابەی خۆم نەبوو، ئەو ژیکەڵەیییەم وەکو ژیکەڵەییی

سەبری دراوسێمان دەهاتە پێش چاو، ئەویش هێشتا خۆڵەپەتانێی دەکرد لە کۆڵانا بەڵام لەگەڵ هاوتەمەنەکانی خۆی، من حەوت ساڵ بووم، ئەویش یازدە، لەوەتەی دایک و بابی بە کارەساتی ئۆتۆمۆبێل مردبوون لای داپیرەی دەژیا، بەڵام وەکو دایکم بۆ باوکمی دەگێڕایەوە، خاڵی سەبری ڕۆژانە داپیرەی سەغڵەت کردووە، کە "کچە خەریکە گەورە دەبێت و جوانیشە با سەری بکەن بە پەتەوە، تۆ پیریت گەورەتر بێت ئەم کچەت بۆ نابەسترێتەوە و حەیامان دەبات "

– دایکە حەیا چییە؟

– حەیا ئەوەیە تۆ لە قسەی دایکی خۆت دەرنەچیت و چیم گوت بە قسەم بکەیت.

– دە وەڵڵا من ڕقم لە حەیا و پەتیشە

– هەی هەی ئێستا ئەمە حاڵتە کە گەورە بوویت چی دەردەچیت.

من ڕقم لە هەموو پەتەکان بوو، پەتی تەنافەکەمان، ئەو پەتەی گیسکە دابەستەکەی پێ بەسترابووەوە، ئەو پەتەی باڵای لاولاوی حەوشەکەمانی بردبووە سەر خانووەکە، پەتی جۆلانێی ژێر درەختە گەورەکەی ناو کۆڵانەکەمان، ئەو پەتە چوارگۆشانەی لەسەر زەوییەکەی تەنیشتمان ڕاکێشرابوون بۆ بنیاتنانی خانوو، ئەوەندەی من ڕقم لەو وشە بوو، ئەو وشە دە هێندە هەناوی منی دەسمی بەبیستنی ڕۆژی دەیان جار لە ژنانی کۆڵانەوە، لە دایکم، لە پیاوماقووڵان و تەنانەت لەو چەند فیلمە سەقەتە کوردییەش لە تەلەڤزیۆنەوە دەمبینی، ئەی خوایە وشەی پەت بۆ هێندە ناحەز بوو کە هەرگیز پەت پەتێن نەکەم تەنیا ماڵەباجێنە و خۆڵەپەتانێ بکەم بە بەش، لە ماڵەباجێنەشدا لاسایی دایکم نەدەکردەوە، هەمیشە لاسایی مامۆستاکانم دەکردەوە، چۆن لاسایی کەسێک دەکەمەوە حەز نەکەم کراسەکەی لەبەر بکەم. جا چش لە گەورەییی من ڕقم لەو حەیایە بوو بە

عەقڵی کەسێکی تر بیر بکەمەوە، حەزم لە تەیکردنی هەموو کۆڵانەکانی دەوروپشت بوو، پێم خۆش نەبوو تەنیا لە یەک کۆڵاندا قەتیس بمێنم، سەفەر نیوەی هۆشی داگیر کردبووم، وام هەست دەکرد مرۆڤێکی سەفەریم، سەفەر بۆ کوێ؟ نازانم بۆ نادیار، بۆ گەڕان بەشوێنی شتە نادیارەکاندا، ئەوانەی وام دەزانی دەمگەیەنێت بە وەڵامی پرسیارەکان، ئەو پرسیارانەی کە گەشتم بە تەمەنی سەبری ونی کردبووم، لەناو کاتەکاندا ونی کردبووم. کەماڵەوەمان دەنووست بە شەو من دادەنیشتم، بە ڕۆژیش دەنووستم، پێم خۆش بوو من کات بۆ کات دابنێم، کات کاتی خەو بۆ من دیاری نەکات، پێم خۆش بوو لە نهێنیی شەو و جریوەی ئەستێرە بگەم، ئەو کاتەی پاش ئەوەی یەک بە یەکی ئەندامانی خێزانەکەم دەنووستن، دەچوومە سەر خانووەکە و هەتا ماندوو دەبووم لە ئەستێرە و شەوم دەنواڕی، دایکم بەخەبەر دەهات و بە دەنگێکی خەواڵوو و پڕ ترس، ترس لەوەی باوکم خەبەری نەبێتەوە و بە نهێنی من و ئەستێرەکان...، نا ببووره، ئەو وای زانیبوو، نهێنیی من و سەروەرە، چونکە بە دەنگ و چاوە پڕ هەڕەشەکانی گوتی "ئەوە بە ڕۆژ ڕێگەت نادەم، بە شەو دەچیتە سەربان بۆ ئەوەی سەرە خەیاڵە ببینیت، شەرتە بە دەردی سەبریت بەرم " ئەجێی دراوسێشمان چەند جارێک دەستی پۆلیس ئاسایی لێ ڕاوەشاندووم و پێی گوتووم "ئای من بزانم تۆ حەز لە سەرە خەیاڵە ئەکەیت، دەی دەبێ ڕۆژێک بەدایکت بڵێم ". ئەوان بە سەروەریان دەگوت سەرە خەیاڵە چوون عاشقی شیعر بوو، شیعری جوانی دەنووسی و وێنەی دەکێشا، بۆ منیش شیعری نووسیبوو، بە دەیان فیگەرشمی کێشابوو، ڕاستت دەوێت ئەوەی ئەو کێشابووی لە خۆم جوانتر بوو. بیرم ماوە کاتێک ماڵیان هاتە گەڕەکەکەی ئێمەوە بۆ یەکەم جار تابلۆیەکی پێشان دام زۆر لە من دەچوو، ئەویش منداڵ بوو، زۆر لە نهێنی درکاندن و گوزارشتکردن تێ نەدەگەیشتین، بەڵام گوتی "سەیری ئەم وێنەیە بکە، بەر لەوەی تۆ ببینم و تەنانەت بشیەینە ئەم گەڕەکە کێشاومە، ئەوە ئەو

کچـەیە کـە خـەیاڵم خـۆشی دەوێت، تۆ زۆر لەو وێنەی خـەیاڵی من دەچیت "
ئا... ئەوە یەکەم قسەکردنی ئێمە بوو.

دایکیـشـم سـەیرە خـۆ خـانووەکـانمان ئەوەنـدە لەیەکـەوە نزیک نـەبوون لە سەربانەوە شیعرەکانی بگەیەنێتە دەستم، بەڵام لە ڕێگەی قوتابخانە دەیدایە دەسـتم، ئەوان لەوسـەری کۆڵان و ئێمـە لەمسـەری کۆڵان، خـوایە چەندمـان حەز دەکرد زوو گەورە ببین و ئامادەیی تەواو بکەین و بەیەکەوە بچینە یەک زانکۆ بۆ ئەوەی بتوانین بە کامی دڵ بە یەکەوە قسە بکەین، بەبێ هەڕەشەی پۆلیسـەکانی دەوروبەر. ئەو چەند ساڵێک لە منیش گەورەتر بوو، بەڵام خۆی دەهێشتـەوە بۆ ئەوەی بەیەکەوە بچینە زانکۆ، ئەو حـەزی لە دانیشتنی شـەو بوو، بە دیار شیعر و فلچـەوە، منیش بە دیار ئەستێرەوە، ئەو پێی دەگوتم " هەرگیز سڵ لە جریوەی ئەستێرە و شـەونخوونی بە دیاریانەوە مەکەرەوە، تەنیـا شـەو و ئەسـتێرە و شـیعر و ڕەنگ بە خۆمـانمان دەناسێنێت" من زۆرجار لە قسـەکانی نەدەگەیشتم، بەڵام پێشم خۆش بوو، زیاتر عاشقی شـەو و ئەستێرەی دەکردم و لە هەڕەشـەکانی دایکیشم نەدەترسـام، چونکە من وەکو سەبری نەبووم.

من حـەزم لە ئەسـتێرە بوو، سـەبری حـەزی لـە کراسی سـوور و گـوارە و ملوانکە بوو، بیـرم مـاوە، کـە جـیـبـە شـڕ و شکاوەکـە لە بەردەمی مـاڵی داپیرەیدا وەسـتـا، پیـاوێکی بەسـاڵاچووی، بەرگ قـاوەیی تۆخ بە مێزەرێکی چڵکنەوە دابەزی و چەند زەرفە میوەیەکی لەگەڵ خۆی داگرت و لەگەڵ ژنێکی چارشێوە ڕەش خـۆیان کرد بە مـاڵیـاندا، سـەبری هێشـتـا لە دەرەوە یاریی دەکرد، کە زەرفەکانی بینـی بەرەو ماڵ بووەوە بۆ پشکنینیـان، حەز بەزانینی نهێنیی ناو زەرفـەکـان منیـشـی ئەوێ، خـاڵی سـەبری بە زەردەخـەنـەیەکی فێڵبـازانەی دوور لە تێگەشـتنی سەبری پێی دەڵێ "ئەوە ئیتر لە ئەمڕۆوە تۆ دەبیت بە هی ئەم پیـاوە و یەک دنیـا شـتی جـوانیـشت بۆ دەکـڕێت" "بە دەم

قسەکردنیشەوە زەرفێکی بچووک بەدەستی کابرا پیرەکەوە بوو، لە دەستی وەردەگرێت و جووتێ گوارە و ملوانکەیەکی ئاڵتوونی تێدا دەردەهێنێت و پێشانی سەبریی دەدات " ئەها ئەمانەی بۆ تۆ هێناوە، بۆیە دەبێت شووی پێ بکەیت " ئەویش لە خۆشی شتەکان ئاگای لە وشەی شووکردنەکە نەمابوو، بەڵام بۆ کچێکی هەتیو و نەبوو، هەرگیز شتی جوانی بە خۆیەوە نەبینیبوو، قسەی خۆشیش لەگەڵیدا تەنیا پلاری منداڵانی کۆڵان بوو، تەنیا بیری منداڵانەی لای پڕکردنەوەی ئەو پلارانە بوو، لە خۆشیدا هەڵبەز و دابەزی بوو کە لە ناکاودا گوتی " توخوا مامە کراسی سووریشم بۆ دەکەیت؟ " پیاوە مل باریکەکە هەتا ئەو کاتە هیچی نەگوتبوو بە پێکەنینەوە "ئا، ئا ئەی چۆن، کراسی زەردیشت بۆ دەکەم "، هەموو گەرەک شووکردنی ئەو منداڵەی پێ ناخۆش بوو، دایکم ئەو کاتە دایکی شەهید و چاو بە گریە نەبوو، ژنی مەجلیس و سوحبەت بوو، بە کابرای پیری گوت "برا تۆ گەر ژنێکی هاوتەمەنی خۆت ناهێنیت، منداڵێکی هاوتەمەنی نەوەزادەکانت مەهێنە " خاڵی هەڵی دایە "خۆمان دەزانین چی دەکەین ". ئەو قسەیە دایکمی سەغڵەت کرد، بە تەوسەوە "ئەگەر، هەر دەیدەیت بە شوو بیدە بە کەسێکی گەنج، نەک بەم پیرە ملی ئەڵێی بامێی حلەیە " ئەی خوایە ئەی بامێی حلە یانی چی؟ جا چۆن دەموێرا لەو کاتەدا لەو دایکە تووڕە بپرسم، بەڵام دەزانم لەو ڕۆژەوە هەرگیز بامێم نەخوارد، ئەو ڕۆژەش کە زەماوەندەکەیان کرد، ئەوەندە سەرم سوڕمابوو بە دیار ژنانی بامێ لێنەرەوە، گەر ئەو پەتە نەبوایە بە دەوری ئاتەشگەکەیاندا کێشابوویان وەکو سنووردانانێک بۆ منداڵان لەوە زیاتر لێیان نزیک نەبنەوە دەکەوتمە مەنجەڵێک بامێوە.

پەت؟! گوتم ڕقم لە پەتە، هەر لە منداڵییەوە من و پەت وێک ناگەینەوە "تا سەروەر گیان بە پەت خۆمان ناکوژین"، سەروەر هێشتا خەوتبوو، پەنجەکانی منیش هێشتا لە قژیدا مەلەی دەکرد، ئەو پێی خۆش بوو بەر لە

نووسـتن بـەدەنگی من گـوێی لەو شـیـعـرانە بێت کـە بۆ منی نووسـیـبـوون و مـنیش جـــارێکـی تـر بۆ ئـەوم دەگـــوتـەوە و هـەنـدێ جـــاریش دەبوون بـە گۆرانییەکی هێمنی خەمبار دەڕژایە سەر تاڵە قژە ڕەشەکانی، هەست دەکەم کـردنەوەی پەنجـەرەکـە بە خـوناوی بەیان قـژی شـێـدار کـردووە. نامـەوێت دەستبەرداری تاڵەکانی پرچی بم و بچم پەنجەرەکە داخەم، کێ دەڵێ مەودای نێوان پەنجەی من و قژی ئەو نابێت بە مـەودای نێوان دەریا و ئاسـمـان، لە ڕەنگ و وێنەی یەکدا بژین و هەرگیز بەیەک نەگەین، دەریاوانە بێ رەحمەکان هـەرچی ماسیی روانین و پەنجەم هـەیە ڕاو ناکەن. یاریکردنی نەسیمی بەیان لەگـەڵ پەردەی پەنجـەرەکـە، ڕوانینم دەدزێتـە دەرەوەی پەنجـەرەکە، بـۆ سـەر ڕووخـسـاری ڕووبـاری خـومـار و مـەست، خـۆشم نازانم بۆ ئـەوەندە دەریام خۆش دەوێت، تێش ناگەم بۆ هەندێ جار لێی دەترسم، ترس و خۆشەویستی بۆ دەبێ هەمـوو کات پێکەوە بژین لەم دەڤەرەدا، گەر لە ترسی ڕاوچییەکان بوێرم، ئەوانەی کاریان ڕاوەمرۆڤە، پێم خۆشە بەیانییان بە پیاسەی کەنار ڕووبارەکە بەرمە سەر و بەردێکی تەڕی کەنار بکەم بە کورسی و قاچەکانم شـۆڕ کەمـەوە ناو ڕووبار، سـەروەر دەڵێ کە قاچت دەخـەیتە دەریاوە ڕەنگی چاوە قاوەییـەکانت دەگۆڕێت بۆ شینییەکی دەریایی، ئەو هەمـوو کات لەسەر ڕووبار حـەز دەکات بۆ چاوم بنوارێت، منیش زیاتـر شـەیدای ڕووبار و دەریا و تەنانەت کانیلە ئاوەکانیش دەبم کە زیاتر ئالوودەی منی دەکات، هەر خۆی وای لێ کـردم، من و دەریا و ئـەسـتـێـرە ببین بە سـیـانەی یەک دایک، لە خـۆشـەویسـتیی من بۆ ئەستێرە هەرچی ئەستێرە هەبوو دابووی لە سنگی تابلۆ و شیعرەکانی، یەکەم شیعر چواردە ساڵ بەر لە ئێستا بۆی ناردم ناو دەریا بوو، ئەو کات کچێکی دوازدە ساڵ زۆر کەم لە واتاکەی دەگەشتم بەڵام دەمزانی بۆچی پێم دەڵێت بووکی دەریا و دەریا چییە و ڕۆژ بە ڕۆژ شەیدای دەبووم.

چواردە سـاڵ ! ئەی خـوایە چۆن بـەرگـەی ئەو هـەمـوو ئازارەمـان گـرتووە؟

تەزبیحی چ ئازارێک چواردە ساڵ ڕۆژگار مورۆکانیەتی؟ چواردە ساڵ خود حەشاردان، چواردە ساڵ ڕۆح حەشاردان، ئێستاش نۆ مانگە جەستە حەشاردان، پێ دەچێت خۆشەویستی هونەری خۆحەشاردان بێت، حەشاردانیش هونەری فڕین، هونەرێکی یەک مەرج، یان ڕۆحت بزر دەکەیت لە خۆشەویستی و جەستەت بەرچاو دەخەیت، یان ڕۆحت ئاسوودە دەکەیت و جەستەت بزر دەکەیت. ئێمە هەردوو هونەرەکەمان تاقی کردەوە، ناکرێت ڕۆحێک نەگات بە خواوەندەکانی خۆشەویستی و لە مەرجەکانی بگات، نافامیدەکان نازانن سیحری خۆشەویستیی خواوەند لە خۆحەشارداندایە، کە ئەو سیحرە ئاشکار بوو، خۆشەویستیش بەتاڵ دەبێتەوە، خۆشەویستی هونەرە.

– هونەر.. هونەر، چ شتێکی تۆ هونەر نییە سەرە گیان، لە ڕۆحتەوە هەتا قیبلەنوماکانی بوونت و لاواندنەوەی ژیان و تەنانەت جەستەی منیشت وا کرد بە تابلۆیەکی هونەری.

– بەیان گیان، خۆشەویستی هونەرە، پاراستنیشی نەمری، هەموو کەس ناتوانێت هونەرمەند بێت، کەم هونەرمەندیش دەتوانێت خاوەنی هونەری نەمر بێت. ئەو خەڵکە بەبێ هونەر خۆشەویستی دەکەن، بۆیە فڕینیان بیر چووەتەوە.

ئەو قسانەی ئەو ڕۆژە کرد، کە تازە لە کێشانی تابلۆیەکی بووەوە و من بە دەم ماچکردنی یەک بە یەکی قامکەڕەشبووەکانی بە هێلم و ڕەنگ هەزار و یەک پرسیارم لێ دەکرد، من لە پرسی مانەوەدا بووم، ئەویش لە دروستکردنی. ئا.. ئا بەهانەیەک بوو بۆ مانەوە، ئەو دەیویست من بکات بە تابلۆیەکی قوڕین، نا بمکات بە پەیکەرێک، دەنا لە قوڕگرتنی من لە دەرەوەی ئەو هەر واتای مردنی دەکرد، چونکە بوونی ئێمە بەبێ یەک یەکسان بوو بە مردن. گوناهی ئەویش نەبوو، گوناهی سروشتی فرمێسکەکانی من بوو لە

ناکاو گۆڕا بۆ کریستاڵ.

ئێمـه دەیان شـوێنمـان گـۆڕیبـوو بۆ خـۆحـەشـاردان لەو مـرۆڤـه زیندووە مـردووانەی دوای سـێبـەری ئێمـه کـەوتبـوون و هـەنگاوەکـانیـان هـەڵدەگرتین، دەبوو ئێمـەش یان مـردوویەکی زیندوو بین، یان لە حـەشـاردانـدا زیندوویەتی بە ژیانمان ببـەخشین، بەڵام کـێشـەی خـۆحـەشـاردان، کـێشـەی چۆنیـەتیی گوزەرانیشی بۆ دروست کردبووین، مرۆڤـی خۆحەشـاردەر ناتوانێت خاوەنی شـوناس بێت، بێ شـوناسـیش بـێ کـاری و بێ جـێگەیی بە دوای خـۆیدا دەهێنێت، ئێـمـەش کـەسـمـان نەمـاندەتوانی لەبەر دیدەی مـرۆڤـه حـەشـەرییـەکاندا بچینە دەرەوە و تێکەڵاوی خەڵک بین و کار بکەین، ئەوەش تەنیا کێشەی دوا بڕیارمـانی بۆ دروست نەکردبووین، کێشەی بێ پارەیی لە شـوێنی دابڕیبووین، ئێمە بووین و ئێمەش نەبووین ژیانمان دەویست، ئێمە بووین و ئێمـەش نەبووین مـەرگمـان هەڵدەبژارد، ئەوەندە خـۆمـان ون کـرد لە خـەڵک خـەریک بوو لە خـۆشـمـان ون دەبووین، تا ئـەو پیـاوەی لەناو یەکێک لە چێشـتخـانەکـاندا ناسـیمـان، ئەم چەند ڕۆژەی تر سـەبووریی بـه ژیانمان بەخشی، ئێمـه بارودۆخـی خـۆمـان تـێ گـەیاند، بەڵام نەمـانگوت لـه تاوانی خۆشەویستی ڕامان کردووە و لەبەرئەوەی کەس بەیەکەوەبوونی ئێمە پەسند ناکـات پێکەوە هەڵهـاتووین، گـوتمـان لە شـارەکـەی خـۆمـاندا کـێشـەی دوژمنایەتیی عـەشیرەتگەریمان هەیە، بەهۆی دوژمنایەتیی ماڵە خاڵەوە و بۆ ئەوەی بە هێمنی بژین لەوێ هەڵهاتووین بۆ بەغدا و دەمانەوێت هـاوکاریمان بکات بە دەرچوون بەرەو سـووریا یان ئوردن. سـەرەوەرە پەیمانی پـێ دا لەو کارگانـەی باسی کرد لەوێ هـەیەتی شەش مـانگ بە خـۆڕایی کاری بۆ بکات گـەر دەربازمـان بکات، ئـەویش پێی گـوتین کـه دوو ڕۆژی تر لـه ئوتێل زمـرد ببینین، بەڵام کە لە کاتی دیاریکراودا ڕۆشتین و پرسیاری ناویمان کرد، لێیان پرسین:

– ئێوەن سەروەر و بەیان؟

– بەڵێ.

– ئەو هاوڕێیەتان پرسیاری دەکەن ئەم زەرفە و ئەم کلیلەی بۆ بەجێ هێشتوون.

پەنجا دینار لە زەرفەکەدا بوو، کلیلەکەش، کلیلی ژووری ژمارە ٥٠٨ بوو، لەسەر پارچە کاغەزێک بۆی نووسیبووین، دەبوو بگەڕێتەوە، ئەو ژوورەشی بۆ مانگێک گرتبوو، پازدە ڕۆژ بەر لە وادەی خۆی دەگەڕێتەوە و ئێمە دەتوانین پازدە ڕۆژەکەی تر تێدا بژین، ئێمە دەمانزانی ئەو خۆی ژوورەکەی بۆ گرتووین و ئەوی تر چیرۆکێکە بۆ دڵنەوایی شەرم و بە خۆداچوونەوەی ئێمە، هەرچەند سەرەتا بەزەیی بەخۆداهاتنەوە هەندێک بێدەنگ و پەستی کردین، بەڵام دواییش هەبوونی تەنیا یەک مرۆڤ کە هێشتا فڕینی بیر نەچووبووەوە بەختەوەری کردین، ڕاستت دەوێت سەروەر زیاتر بە پەنجا دینارەکە بەختەوەر بوو، لەبەر خاتری خۆی نا، ئەو خۆشییەی بۆ من بوو. منی بردە ژوورەکە و تکای لێ کردم نە بۆ کەس دەرگە بکەمەوە و نە وەڵامی تەلەفۆنیش بدەمەوە، پەیمانی دا یەک سەعات زیاتری پێ نەچێت و دەگەڕێتەوە، هەر واش بوو، بەر لە وادە گەڕایەوە، بەڵام بیست دیناری لە پارەکە دابوو بە قوری کارکردن بۆ ئەوەی منی پێ بکات بە پەیکەرێک.

ئەو کۆمەڵێ حیکمەتی لەو لە قورگرتنەی دۆزیبووەوە، بەڵام دەمزانی لە هەمووی زێتر دەیویست بە حەشاردان بمپارێزێت و ئەو کریستاڵ و وردە شووشانەی لە چاوم باریبوون لە تابلۆیەکی هونەریدا بە زیندوویی بهێڵێتەوە. بەڵێ وردە شووشە، نا کریستاڵ، ئەوەیان بەلایەکی تر بوو، جاران تەنیا کەسوکاری خۆمان بە دووماندا وێڵ بوون، بماندۆزنەوە و تۆڵەی لە قسەدەرچوونی خۆیمان لێ بکەنەوە، ئێستا ئەو خەڵکە حیکایەتی کریستاڵەکانی بیستووە، تەنانەت مەلای مزگەوتەکان و ڕۆژنامەکانیش بە

دووی ئێمەوەن بۆ ئەوەی بگەن بە ڕاستیی ئەو نهێنییە. لە ڕاستیدا ناشزانم چییان پێ بڵێم، کام نهێنی؟ شتێکی وام لە هەگبەدا هەڵنەگرتووە، لەوە زیاتر شەوێک لە خەونمدا دۆزراینەوە و لە بەرچاومدا سەروەریان کوشت، لەگەڵ یەکەم زریکەمدا لە بریی فرمێسک وردە شووشە دەباری یان ڕاستتر فرمێسکەکانم پاش هاتنە خوارەوە دەبوون بە وردە کریستاڵ، من پاش خەبەربوونەوەش نەمتوانی هێور ببمەوە و هەتا بەیانی کریستاڵ سەرتاپای ئەو باڵەمی ڕووشاندبوو کە خستبوومە ژێر سەرم، وردە کریستاڵی کەڵەکەبووی بەردەم چۆرپاکەمان بە شێوەیەک سەروەری تووشی حەپەسان کردبوو وام دەزانی هەموو سەرسووڕمان و ترسی دنیا مۆڵەتی خواستووە لە چاوی ئەودا مارش بکەن، گەرچی خۆی وا پێشان دەدا کە ئاساییە و من بە پەرچووەوە جوانترم، بەڵام کێشەی منیش تەنیا لە گۆڕینی فرمێسکەکانمدا نەبوون، لە بیستنی دەنگی ناوەوەی سەروەریشدا بوو، نەک هەموو هەستی، هەموو وشەیەکی بەر لە درکاندنیش، دڵنیا بووم ئەویش ئاگای لە هەموو هەست و ختوورە و خەیاڵێکی من بوو، تەنانەت هەرچییەک بە خەیاڵمدا دەهات بەبێ ئەوەی بیدرکێنم ئەو دەستی دەکرد بە جێبەجێکردنی، دڵی من بوو دەیگوت "بریا ئەو فرمێسکە شووشانەم وەکو ژیانم لەبار نەدەچوون، دەبوون بە چیرۆکی دەمی ڕاستبێژان و وەکو بەڵگەی خۆشەویستیم بۆ مێژوو دەگوترانەوە".

سەروەر تا ئەو کاتە بە دەستێک سەری منی توند نووساندبوو بە سنگیەوە و دەستەکەی تریشی لە وردە کریستاڵەکان وەردەدا، نائارامی و ترسیش تووشی هستریای کردبوو، نائارامی لەوەی چی بکات بۆ ئەوەی جارێکی تر نەگریم، گەر گریام چی دەبێت؟ ئەو شووشانە سۆمای چاوم بەتەواوی کاڵ ناکەنەوە؟ ئەو ترسەی دواییان منیشی داگیر کردبوو، ترسی لەدەستدانی چاوم نا، ترس لەوەی گەر چاوم لەدەست دا ئیتر ئەو نابینم. ئەویش هەر هەمان ترس و پرسی هەبوو:

– چۆن دڵنیـــا بم لەوەی ئەو فـــرمـــێـــسکانە ئازاری چاوت نادات، نایڕووشێنێت و سۆمات کاڵ ناکاتەوە؟

– نا، نا لەوە مەترسە، لەناو چاومدا هەروەکو جاران سروشتین هەتا ئاشکرا دەبن و دەردەکەون پاشان دەبن بە وردە شووشە.

ڕادەپەڕێت دەچێتە بەردەمی پەنجەرەکە و نیگای دەکەوێتە قۆستنەوەی هەموو خەمەکانی ڕووبارەکە، دەستی دەگەیەنێتە ئەو چەپکە گوڵە سیسبووەی سەر تەلەڤزیۆنەکە، بنە وشک و بێ ئاوەکەی، پەڕ و ڕەنگی هەڵوەریوی دەبن بە خەمێکی تری و ئاوڕێک لە من دەداتەوە وەکو ئەوەی بڵێ ئێمە تاوانبارین بەرانبەر ئەم گوڵانە، ئەوەندە تەسلیمی خەمی خۆمان بووین، بایەخدان بە گوڵێکمان بیر چووەوە. پاشان گوڵەکان دەخاتە ناو زبڵدانەکەوە و گوڵدانەکە دەهێنێت کریستاڵە وەریوەکانی چاوی منی تێ دەکات بەرەو گەرماوەکە دەبێتەوە لەوێ دەست دەکات بە گرتنەوەی قوڕەکەی کە کرێبووی و پاشان وردە کریستاڵەکانیشی تێ دەکات و جارێکی تر دەست دەکاتەوە بە شێلانی. لەگەڵ ئەوەی یەکەم جار بوو پەیکەر دروست بکات، ئەو وێنەی دەکێشا پەیکەرتاش نەبوو، من یەکەم پەیکەری دروستکراوی دەستی سەروەرم، پەیکەرێکی بەیەک شەو یەک ڕۆژ دروستکراو. کەس نازانێت بوون بە پەیکەر خۆشی و ناخۆشییەکانی چی بوون، بۆ من زیاتر ناڕەحەتییەکانیم بیر ماوە، چۆنم بیر دەچێت، کەم نەبوو دنیا بەجێ بهێڵێت بۆ ئەوەی لەگەڵ کەسێک بیت و دوایش لەناو قاڵبێکی قوڕیندا بیت. چی بکەم قەدەری من وایە، دەبێت بەردەوام لە شەڕدا بم لەگەڵ زەمەن بۆ ئەوەی لە سەروەرم نەکات، پێشم خۆش نەبوو پشکۆی ئەو ئومێدە لە چاویدا خامۆش بکەم و بڵێم ئەو جەستە پڕ ئازارەی من بە خەمی حەشاردان بەرگەی ئەو قوڕە ناگرێت، ڕۆحی بێژنگ ئاساییی من بە تانە و تەشەر بەرگەی دووریی تۆ ناگرێت، تەنانەت بڵێم، من وا هەست دەکەم

گەشتووم بەکۆتایی و پەنجە هونەرییەکانت چیی تر بەهەوڵدان بۆ مانەوەی من ماندووبیان مەکە، ئەو پەیکەرە ڕەنگینەت با بە زیندوویی بمێنێتەوە بە منەوە نەفەوتێت، بڵێم سەروەر گیان ببوورە، من تاوانبارم، تۆ کانیاوێکی هەموو کات هونەرت لێ هەڵدەقوڵێت، دەبوو تەنیا هونەریشت لێ مارە ببڕێت، من تۆم لە هونەر کرد، تۆم لە شیعر کرد، کام هونەرمەند دەتوانێت لە ماوەی شەو و ڕۆژێکدا پەیکەرێکی نایابی وەکو ئەوەی تۆ دروست بکات؟.
گەر دەمزانی خۆشەویستیم بۆت ئەو زیانانەت پێ دەگەیەنێت، تەنیا خۆمم دەکرد بە قوربانی و هەرگیز دانم بە خۆشەویستیمدا نەدەنا لای تۆ، ئەمم لە لاوازی نییە، تەنیا و تەنیا بۆ تۆ و خۆشەویستیی تۆیە، هەرگیز نەمدەزانی بوونی من لەگەڵتدا دەتخاتە ئەم مەترسییەوە، گەر دەمزانی ژیانی من ژیانی تۆ دەخاتە مەترسییەوە، زوو مۆمی ئەو ژیانەمم دەکوژاندەوە، گەرچی تا ئێستاش ناوێرم بیر لەو مەرجە بکەمەوە، لە مردن ترسان نییە، ناتوانم بمرم تۆ نەبینم، خوایە چ قەدەرێکە ژیان و مردنت لە یەک کاتدا و بۆ یەک کەس بوێت، بەڵام ژیانی پاش مەرگ زۆر جوانترە، ژیانی من دووجار پاش مەرگ کەوتووە، جارێک کە لە هەڵهاتنمدا نەدۆزرامەوە و جارێک ئەو ڕۆژەی موخابەرات هاتە سەرمان، گەرچی من لە هەندێ ڕووەوە پێم خۆش بوو، تەنیا ناخۆشی ئەوە بوو کە بەرهەمی ڕەنج و ماندووبوونی سەروەریان بە خەسار دا. کە گەیاندنیان بەوێ پەیکەرەکەیان ورد و خاش کرد، جگە لە هەڵبزرکاندنی خەونی مانەوە، کە دەمزانی ئەو خەونەی لە خەونی مرۆڤێکی مەلەنەزان دەچێت دەکەوێتە دەریاوە و دەست بۆ تەڵە پووشێک دەبات بۆ ڕزگاربوون. دڵ شکاندنی لە سەروو ئەو ڕزگاربوونە بوو بۆ من، هەر ئەوانیش وا بێ ئومێدیان کردین، کە دوا بڕیار بدەین بە تایبەت ئەو کاتەی یەکێکیان لوولەی تفەنگەکەی تێوەژەند پێی گوت:

– تۆ بەتەمای ئاسایشی نێونەتەوەیی تێک بدەیت و کودەتا دروست بکەیت؟

– ئاسایشی نێونەتەوەیی چی و کودەتای چی؟ من دەمەوێت هەندێک ئاسایش بۆ ژیانی خۆم و ئەو ژنە دابین بکەم کە بە خۆمەوە تووشم کردووە.

– ئەمە ئیهانەیە بۆ سەرۆک و بڕیارەکانی و ئاسایشی وڵات، تۆ پێت وایە ئێمە ئەوەندە کەمین ناتوانین ئاسایشی هاووڵاتییان دابین بکەین و خۆتان زامنی دەکەن، هەتیو چۆن جورئەتت کرد قسەی وا بکەیت، بڕۆ پێشمان کەوە بۆ ئاسایش، ئەم بتەش دروستت کردووە هەر ئێستا دەخەینە ناو ئۆتۆمۆبێلێک دەیبەین بۆ پشکنین بزانین چ جۆرە تەقەمەنییەکت تێدا حەشار داوە.

– بەڕێز تەقەمەنیی چی، دەیبینیت ئافرەتێکی تێدایە، ئەوە خۆشەویستەکەمە، مەبەستم هاوسەرەکەمە، ئێمە بەبێ ڕەزامەندیی خێزانەکانمان هاوسەرگیریمان کردووە و بە دوامانەوەن بۆ کوشتنمان، لە قوڕم گرتووە و کردوومە بە پەیکەر بۆ ئەوەی گەر دۆزرایەوە بە ئەو نەزانن و ژیانی بپارێزم، ئێستاش وا ئێوە بەم چیرۆکەتان زانی و دەتوانن بمانپارێزن و چیی تر بە نارەوا و، وەکو ئەوەی لە وڵاتی بێ یاسادا بین نەکوژرێین.

– ئەها، واتە هەڵەی کۆمەڵایەتیشتان کردووە، هەر تاوانە سیاسییەکان نییە؟.

– پێم وایە ئێمە ئامادەین بڕۆین بۆ زیندان بە تاوانی ئەو تاوانە کۆمەڵایەتی و سیاسییانەمان کە دەمانەوێت تەنیا مرۆڤ بین، مرۆڤ بین بەبێ کەڵبە.

زلەیەکیان لێ دا و قۆڵبەستیان کرد بۆ ناو ئۆتۆمۆبێلەکە، هەتا ئەو کاتە بە زۆر فرمێسکەکانم لەناو دەفری چاومدا زیندانی کردبوو، دەترسام ئەو وردە شووشانە ببینن لەلایەک پەیمانم بە سەروەر دابوو نەگریم و لەلایەکی تریش دەترسام بمبەنە بەردەم میدیاکان بۆ پێشاندانی ئەو پەرجووە و بماندۆزنەوە، بەڵام پاش ئەو زلەی لێی درا نەمتوانی چیی تر زیندانیان بکەم

و ڕێچکە نەبەستن بەرەو خوارووی بتەکەی بالا‌م. سەروەر بەچاوێکی پڕ سۆز سەیری دەکردم و نەیدەتوانی دەستی کەلەپچەکراوی بجوولێنێت و ڕێگریی فرمێسکەکان بکات و سەر ڕوومەتم نەڕووشێنن. بەلا‌م جەللادەکانیش هەر ئەوەندەی فرمێسکە کریستاڵییەکانی بینی یەکێکیان نەڕاندی:

– ئەی تاوانبار، دەزانی ئەو کریستالا‌نە سامانێکی نەتەوەیی و لایەنێکی ئابووریی گەورەیە تۆ قۆرغت کردووە بۆ خۆت، ئێستا زانیم کچە پەرجووەکەت دزیوە و لەو پەیکەرەدا حەشارت داوە، بۆ ئەوەی ئابووریی وڵات بێبەش بکەیت لەو سامانە و تەنیا خۆت لووشی بدەیت.

ئێمە لە موخابەرات و بەردەم جەندرمەکانی ئەوێش چەندییان تاوانبار کردین بێ سوود بوو، شتێکمان نەبوو لەگەڵ قسەی پڕوپووچی ئەواندا تێکەڵی بکەین و وەلا‌م بدەینەوە، پێشمان خۆش بوو بەیەکەوە زیندانمان بکەن و بۆ یەکجاری لە چاوی مرۆڤە حەشەرییەکان بمانشارنەوە، هەتا زیاتریش دەیانگوت تۆ بە چوار تاوان تاوانباریت، تاوانی سیاسی، ئابووری، کۆمەلا‌یەتی و دزینی کچێکیش، ئێمە زیاتر گوێیەکانمان دەئاخنی بە ڕوانین بۆ یەک و گوێگرتن لە دەنگی دڵی یەک، هەرگیز ڕێگەمان نەدا ئەو لوورەلوورە ئاوازی دڵمان بشێوێنێ. هیچی لە ئێمە نەگۆڕی تووڕەبوون و سووکایەتی و سزادانەکانیان، تەنانەت کاتێک منیشیان لە سەروەر جیا کردەوە و بردمیانە ژوورێکی سێگۆشەی شێدارەوە و پێیان گوتم لێرەدا هەتا مردن دەبێت بگریت و دەبێت بتگریەنین و زۆرترین کریستاڵی چاوت بەرهەم بهێنین، چەند پێکەنینهێنەر بوو کە ئازاریان دەدام بۆ ئەوەی بەردەوام بگریم، بەلا‌م یەک فرمێسکیشم بۆ ئەوان نەبوو بە کریستاڵ و گەڕانەوە سەر دۆخی سروشتیان، چیی تر فرمێسک نەبوو بە کریستاڵ، ناچار بانگی سەروەریان کرد و گوتیان بەرەلا‌تان دەکەین بگەڕێنەوە بۆ ئوتێلەکەتان، لەوانەیە تەنیا لەوێ چاوی کریستاڵ ببارێنێ بەلا‌م لەژێر چاودێریدا دەبن، یەک فرمێسکی

ببێت بە کریستاڵ و هەواڵمان نەدەنێ سزای توند دەدرێن.

پێکەنینهێنەرە هەموو هەر سزای توندی پێیە بۆمان، ئێمە چیی تر لە سزاکان ناترسین، سزا بۆ ئەوانەیە، سزا دەتوانێت چوارچێوە بۆ بوونیان بکێشێ، بەڵام ئێمە هێشتا دوو مرۆڤی ڕووتین، ڕووت ڕووت، سزا نەیتوانیوە دامانپۆشێت، خەزوورم کە تەنیا بە خەو بینیومە پێی گوتم " کچم ئێوە هەر بەبێعاری لەدایک بوون، نەکەن بەبێعاریش بمرن، دەستم دامێنتان " ئێمە لە هەموو گوناهە شەرعیەت پێدراوەکانی دنیا ڕووت بووبینەوە، چیی تر دامێنمان نەمابوو کەس دەستی پێوە بگرێت.

تیشکی سووری ئاسمان مژدەی سپێدەی دەدات، تەنیا ئەو تیشکە پێوەندیی بە کاتەوە هێشتووین، نازانم سەعات چەند گەڕاینەوە و سەعات چەند سەروەر دوا وەسێتی نووسی و، ئێستاش سەعات چەندە، دوێنێ کاتژمێرەکانمان بەخشی بە ڕووبار، هەردووکمان پاش ئەوەی کاتژمێرەکانمان لە دەست کردەوە فڕێمان دایە ڕووبارەکەوە، وەکو پەیمانی خۆشەویستیی هەتاهەتایی، ئەو خۆشەویستییەی کات لە ئاستیدا بێ کاتە و سنوور و کات و شوێن نازانێت، بەڵام کە گەڕاینەوە زانیمان سبەینێ دوا ڕۆژی ئوتێلەکەمانە و نە شوێنمان هەیە لێی بین و نە پارەمان پێیە و نە دەسەڵاتی موخابەرات و مرۆڤە حەشەرییانەی بە دووماندا دەگەڕان، بەڵام توانای نەمریی هەمیشەمان هەبوو، توانای بڕیاری خۆکوژی، توانای هەستی زیندوو، ئێمە دوێنێ شەو بڕیارمان دا کە ڕۆژ بووەوە هەردووکمان بەیەکەوە ببین بە ڕۆڵەی دەریا، بۆ ئەوەی لەژێر چەتری سۆزیدا بۆ هەتاهەتایە بە یەکەوە بین، لەگەڵ هەڵهاتنی هەتاودا کە هاوڕێی هەمیشەمانە خۆمان هەڵدەینە دەریاوە لە کووچەیدا بۆ هەمیشە ئارام بگرین.

ئەو شنەبای لە پەنجەرەکەوە ڕامان دەوەشێنێت، دەڵێ زوو بن بەیانە و ئامادە بن بۆ بڕیارەکەتان لاپەڕەیەک لە وەسیەتنامەکەمان لەسەر مێزەکە

دەخاتە خوارەوە و لە ڕووی منەوە دەهێنێتە بەردەمی چرپاکە" ئێمە (بەیان و سەروەر) "بڕیارمان دا تاهەتایە یەکترمان خۆش بوێ، تەنانەت لە مردنیشدا پێکەوە بین. لە مەرگەسات. ئەو کاتەی کە ئیتر لەوە دەرباز دەبین دوو ڕۆحی قەتیسماو بین لە دوو جەستەدا، ئیتر بۆ دووبارە دەبینەوە بەیەک ڕۆح، وەک جاران پێش لەدایکبوونمان، کە ئێمەی لە یەکتری ترازاند.. ئیتر جارێکی تر پێویستمان بە ٢٥ ساڵ بوو، پڕ لە سۆراغ و گریان و چاوەڕێکردن بۆ ئەوەی بگەینەوە بەیەک ئەو کاتە هەردووکمان گریاین، چونکە هەریەک لە ئێمە ئەوی تری دەویست، بەڵام ئەوان لە ئێمە و لەم بەیەکگەیشتنە نەگەیشتن"

پەنجەکانم هێشتا تەزبیحات بە تەڵە قژەکانی دەکەن، نە ئارەزوومە دەستبەرداری قژی بم و نە دەستبەرداری وەسیەتنامەکەشمان، نامەوێت بجووڵێم و بێداری بکەمەوە، دەمەوێت زۆرترین حەوانەوە بکات بە تۆێشووی ئەو سەفەرە قورس و ئێجگارییەمان، شنەباکە دەبێت بە ڕەشەبا، ناچارم هەستم لاپەڕەکان کۆ بکەمەوە و بیکەم بە ژێر ئەو کتێبەی لەسەر مێزەکە دانراوە، ناونیشانی کتێبەکە " دووکەڵی ژوورەکە " چاوم پێ دەگێڕێنێت بەژوورەکەدا، وا هەست دەکەم دووکەڵێکی چڵکن خەریکە چرپاکەم لێ ون دەکات، سەروەر هەڵدەستێت و بە چاوی ماڵئاوایی لێم دەنوارێت و هەتاویش سەرەتاتکێ لەگەڵ پەنجەرەکەمان دەکات.

July12,2007, Canada

## وەرە پێکەوە سەما بکەین

لێشاوی ئەو خەڵکەی هاتوون بۆ بینینی فیستیڤاڵی گوڵ و خۆشەویستی، پێت دەڵێت ئەو شارە قەرەباڵغترین شاری جیهانە، هەزاران منداڵ بە شێوەی هونەری رێک خراون و بوون بە دیکۆری شوێنەکە، هەزاران عاشقیش لەو ڕۆژەدا خۆیان ئامادە دەکەن جوانترین وشە بگۆڕنەوە، بریسکەی کریستاڵەکان چاوی بەهێز دەخوازێ بۆ بەرگەگرتن، خەندە و بێباکی و پاکیی منداڵەکان سەرجەم ڕۆحەکان دێنێتە جۆشی خۆشویستنی ژیان، چپە و ڕاز و ماچی عاشقانەش پەیمانی ژیان نوێ دەکاتەوە.

لەگەڵ ئەوەی پیرەکانی ئەو وڵاتە عاشقانەتر و ڕێکپۆشترن لە لاوەکان، بەڵام پێشیان خۆشە بچنە ئەو بۆنانەی کە ناوی خۆیان هەڵدەگرێت، ئەوان لەسەر ئەوە ناکۆکن، کە فیستیڤاڵێکی تایبەت بە خۆیان ناکرێت بە ناوی فیستیڤاڵی گوڵ و خۆشەویستیی کامڵان، گەر بە هەڵەش بڵێیت پیران نزمیت لە نەزمدا نواندووە و ڕەوشتی ڕێزگرتنت بەزاندووە، بەڵام هەندێ لەو کامڵانەی لە وڵاتانی سێیەمەوە هاتبوون لەوێ نیشتەجێ بوون، خۆیان لێ بێبەش نەدەکرد، لەگەڵ ئەوەی زۆربەی کات بە تەنیا دەڕۆشتن و بەڵام نەشیاندەتوانی لێی دوور بن، لایان بووبوو بە ئەڤیونی سەدان خواستی لەدەستچوو.

ـ شێوەت نامۆ نییە، پێ دەچێت یەکتر بناسین؟

مینا سەری بەرز کردەوە بۆ بینینی پرسیارکەر، ژنێکی سەروو پەنجا ساڵی پرچ سپی و هەندێک کورتی بەر دیدە کەوت، بەڵام هێشتا ڕەونەقی

جوانی و خۆشگوزەرانی لە چاوانییەوە لەگەڵ بەرانبەر دەدوا، سەرسووڕمان بەشێک لەو ساتە و گەڕانەوە بۆ بیرەوەریی بەشێکی تری لە هزری داگیر کرد، لای نامۆ نییە، بەڵام ناشتوانێت بڵێت خۆیەتی "لە دوو کیشوەری جیاواز چی لەم ساتەدا کۆمان دەکاتەوە، نا، باوەڕ ناکەم بەهێ بێت". ژنەکە وێنەیەک لە جانتاکەی شانی دەردەهێنێت، پێشانی مینای دەدات خۆی و مینا و ژنێکی تر دانیشتوون و پیاوێکیش هەندێک دوورتر لەوان لە وێنەکەدا دەردەکەوێت، پیاوەکە خۆیەتی، ژنەکەش بەهێی خوشکیەتی. چۆن و چی هێناویەتە ئێرە؟ بۆ لەم ڕۆژەدا؟ خۆ ناکرێت زانیبێتی من کێم و هەموو شتی تێ گەیاندبێت؟ ئەم پرسانە بە جۆرێک هۆشی داگیر کردبوو قسەی ناجۆر بووبوو.

ـ بیرت ماوە ئەو کاتەی ئێمە دوو هاوڕێی نزیک بووین و ئازادی برام دەیویست سەرنجت بۆ لای خۆی ڕابکێشێ کەچی تۆ کە بوویت بە هاوڕێی ئازاد ئیتر منت بیر چوو لێم دوور کەوتیتەوە؟

ـ ها... وا بوو؟ من دوور کەوتمەوە؟

بیری بە سی ساڵ ڕابردووە ئاگای لە ئێستا و چۆنیەتیی وەڵامدانەوەکانی دەبڕێت، چاکی بیر ماوە چۆنی بیر دەچێت ئەوان بە دوو خوێندکاری زانکۆی پێشکەوتووخواز ناسرابوون، کە زۆر کەس چاوەڕوانی گۆڕان و دۆستانەیەکی بێوێنە و نەبینراویان لەو کۆمەڵە لێ دەکردن، گەرچی ماوەیەک بوو مینا ناسازی لە وێکنەچوونی نێوان کردار و ڕەفتاری دەردەبڕی، بەڵام ئازاد هەر بەتاوانبارکردنی مینا دەیبڕیەوە گوایە کەسێکی زۆر هەستەوەرە و لە خۆیەوە شت دروست دەکات، هەتا ئەو ڕۆژەی بڕیاریان دا ئەوانیش وەکو هەموو وڵاتانی دنیا جەژنی ڕۆژی خۆشەویستی بکەن، لە ڕۆژی ڤالەنتایندا ئەوانیش ئاهەنگ بگێڕن و لانی کەم کۆمەڵێ هاوڕێ فێر بکەن کە لە ڕۆژێکی ساڵدا ئاهەنگێک بۆ خۆشەویستیش هەبێت لەناو ئەو هەموو بۆنە

و یادی کارەسات و جەژنی ئاینی و سیاسیدا تەنیا ساتێک لە نێوان چەند هاورێیەکدا بۆ خۆشەویستی.

کێ گوێیان لێ دەگرێت، کە بەدەگمەن خەڵک لەو کۆمەڵەدا دەزانێت ڤالەنتاین واتای چییە، یان تەنانەت لە دنیادا ڕۆژێک هەیە بۆ خۆشەویستی. ناچار پەنا بۆ هاورێ مەسیحییەکانیان بەرن کراوەترن، لەگەڵ ئەوان پێک دێن و شەو ئاهەنگێک بۆ شەوی ڤالەنتاین ساز دەکەن، مینا خەونی بەو ساتەوە دەبینی لە دووریی چاوانێکی ناشیرین بن تێر سەمای لەگەڵ بکات. "سەما، سەما، هەتا ئەوپەڕی خەون، سەما، هەتا سنووری ئەودیو ماندووبوون، هەتا هەڵوەرینی هەموو گوناهەکان هەر سەما، ئەم شەو یەکەم سلۆ دانس لە ژیانمدا لەگەڵ پیاوی خەونەکانم تۆمار دەکەم. سەمایەکی هێمنانە، ئەو سەمای من پێم جوانە، من واتا و خوێندنەوەی خۆم هەیە بۆی، کە دەستی چەپی کەمەرم دەگرێت، واتە دەستی چەپم کە لە دڵمەوە نزیکە، لەوێوە بە سۆزی دڵ هەمیشە ئەم دەستە سۆزدارە لە پشتت ئالاوە بۆ ئەوەی هەرگیز نەنەوێ، دەستی چەپی منیش لە پشتی شانیەوە جێگیر دەبێت، واتە ئەم دەستە، ئەم سۆزە هەمیشە پاڵپشتە هەرگیز ناهێڵێت بێ پەنای سۆز بیت، پەنجەکانی دەستی ڕاستم لەناو پەنجەکانی دەستی ڕاستیدا ون دەبێت و لێک دەئاڵێن بە واتای مانەوە و خۆشەویستیی هەمیشە، هەنگاوێک بە لای ڕاستدا، هەنگاونان بۆ مانەوەی ئەو پەیمانەی لە دەستی ڕاستدا جێگیرمان کرد، هەنگاوێک بە لای چەپدا بیر هێناوە و هەنگاونان بۆ دەستی پاڵپشتی، ئەو لایەی ترپەی سۆزی زیندوو لێوەی ژیان دەناسێنی".

ئێستا ئەویش وەکو ئەو پیاوانەی لەگەڵ ژنەکاندا دەستیان کرد بە سەما، لە کورسییەکەی تەنیشتمەوە هەڵدەستێ دێتە بەردەمم و دەستی ڕاستی ڕادەکێشێت بۆ دەستم و دەمباتە ناو ڕیزی سەماکەران، ئەو سەما تایبەتەی بە ژیانمان دەناسێت، بۆ بێدەنگە؟ بۆ تەنانەت ئاگای لە منیش نەماوە و

چاوێکی کردووە بە دە بۆ تێڕوانینی ئەو ژنانەی هەریەک دەستیان لە شانی پیاوێک گیر بووە و سەرقاڵی سەما و چەپە گۆڕینەوەن، کەس لەسەر کورسییەکان نییە من و ئەو نەبێت. ئیتر چاوەڕوانی چییە؟ بۆ وا حەپەساوی لێ ڕوانینە؟ ئەی ئیتر ئێمە بۆ بڕیار بوو ئەم ئاهەنگە بگێڕین گەر لە دانیشتنی چاخانە بچێت؟ خۆ نەهاتووین تەنیا لە بەختەوەریی خەڵکی تر بڕوانین؟ بێ سوودە و چاکترە خۆم دەرگەی جۆرە گفتوگۆیەکی لەگەڵ بکەمەوە ڕامان کێشێتە ناو هاوڕێیەکانمان.

ـ مرۆڤ و مانگ لەیەک دەچن هەر چەند لایەکی پرشنگدار بێت لایەکی تر تاریکە، تێ ناگەم لە بەشە تاریکەکەت ئازاد، بەڵام خۆزگە بەشە ڕووناکەکەت نەدەکوژاندەوە.

ـ چاکترە خۆت ماندوو نەکەیت بە تێگەشتنییەوە مینا، ژیان پڕە لە تاریکی گەر بە دووی نهێنیی هەموو تاریکییەکاندا گەڕایت ماندوو دەبیت.

ـ بەڵێ دڵنیام ئەو گەڕانێکی ماندووکەرە، بەڵام ژیان دەقی شانۆگەرییەکی نەخوێندراوەیە، گەر بمانخوێندایەتەوە ڕۆڵمان تێدا نەدەبینی، بۆیە کارمانە ماندوو بین بە ڕووناککردنەوەی بەشە تاریکەکە.

ـ دەزانم زۆر حەز لە دەم وەردانی فەلسەفە دەکەیت، بەڵام ئەو ڕووناکییانە ئەوەندە بە تین نین بەشە تاریکەکەی پێ ڕووناک بکرێتەوە، چونکە ژیان لە کتێبێک دەچێت ئێمەش دێرە خۆڵ گرتووەکانی.

ـ کەواتە هەستە با بە سەما هەندێک لەو تەپوتۆزە بتەکێنین، با ئێمەش بچینە ڕیزی هاوڕێیەکانمانەوە سەما بکەین، سەما بکەین هەتا دەگەین بەڕووناکییەکان.

ـ شێت بوویت، تۆ ژنێکی ئابڕوومەند نیت، چۆن ڕێگەت دەدەم سمت و کەفەڵ بادەیت بۆ ئەو هەموو پیاوە.

دەکشێتەوە بۆ سەر کورسییەکە، سەری توند دەکات لە پاڵپشتەکەی و

بەدەنگێکی پڕ لەرزە و شۆک..

ـ کـە ئەمـە دۆخت بـوو، ئەمـە نـاوەڕۆکت بوو، ئەو هەمـوو درامـایـەت بۆ نواند؟، ئەم ئاهەنگەت بۆ ساز کرد، تەنها بۆ تەماشاکردن؟ کە پێم دەگوتیت تووشی نەخۆشی وتنی بێ کـردار بوویت، پێی سـەغـڵـەت دەبوویت و پێت دەگـوتم گـرێت هەیە بەرانبـەر عـەقـڵی پیـاو، بەڵام کـەی گـرێیـەکـانی خـۆت چارەسەر کرد، ئەو کات پێوەندیم پێوە بکە.

جـارێکی تـر دەگـەڕێتـەوە ناو جیـهانی فیسـتـیـڤاڵی گوڵ و خـانمی کۆنە هـاوڕێی، هێشـتـا لە وێنەکە دەنواڕێ، بەهێ دەڵێت؛ "دەزانی ڕزگاری بوو لەو دۆخە، خۆت دەزانیت ئازاد خـۆی هـەر لە بنەمـادا نیو سـەدە بەر کۆمەڵەکەی خۆی کەوتبوو، ئێستا ئەو بیست و پێنج ساڵەی دەرەوە ئەوەندەی تر نامۆی کردووە بەو کولتوورە". زەردەخەنەیەکی گاڵتەئامێز سەر لێوی مینا دەگرێت و بەدەنگێکی گـاڵتـەئامـێـز "بەڵێ، هـەر زۆر زۆریش بەر کـۆمـەڵەکـەی خـۆی کەوتبوو".

"خـۆزگە وا دەبوو، نازانم بۆ تا ئێستـاش هێشـتـا هەر بەگومـانم بیست و پێنج ساڵی هەندەران کەسییەتییە دوولەتبووەکەی کۆ کردبێتەوە و کردبێتی بە یەک، هێندە بێ متـمانە بووم بەوەی هەندەرانیش ئەو جۆرە کەسـیـیـەتییە چارەسەر بکات، ناچار بووم، ئا ناچار بووم بۆ ماوەی دوو ساڵە وەکو ژنێکی بیانی چاتی لەگەڵ دەکەم، هەرگیز وشەیەکی کوردیم بەکار نەهێنا، تەنانەت کە دەشیگوت من کوردم، دەمگوت کورد چییە و لە کوێیە؟ زۆرم مەبەستە ڕاستی بزانم، بزانم ئەویش هەستی وەکو منە، ئەو هەستەی بەر سی ساڵ و لە تـەمـەنی بیـست و پێنج سـاڵیـدا دام بە ئەو، بە هۆی دووکـەرتبـوونی کەسیەتییەوە، عەقڵم، عەقڵم ڕێگەی نەدام بەو کەسیەتییە لە جێ چووە ڕازی بم، بەڵام دڵم هەر لەلای بوو، بیـست سـاڵی غـوربەتیش بیـری نەبردمـەوە. تەنانەت کە حەزم دەکرد بێمە هەندەران و پێم داگرت لە هاوسەرەکەم بێینە

دەرەوە هەر ئەو هەستــە بوو بۆ ئەو، بەڵام ئەو لە گـفـتـوگـۆی نێـوان هاوڕێیەکانیدا نەبێت، بیستوومە زۆرجار ناوی هێناوم، وەکو یادهێنانەوەیان کە پێوەندیی لەگەڵ من هەبووە، ئەویش تەنیا ئەو ساتانە و لەگەڵ ئەو جۆرە هاوڕێیانەی پێوەندییان لەگەڵ ژن متمانەی زیاتری پیاوەتییان پێ دەبەخشێ، ئیتر هەرگیز بیری لەوە نەکردووەتەوە پێوەندییەک بکات وەکو دوو مرۆڤی دروست ڕێز لەو ساتانەی ڕابردوو بگرن.

ژنیش بوونەوەرێکی سەیرە، هەردەم دەمگوت با من وەکو ئەو نەبم، ململانێی مرۆڤێک نەکەم، هیچی تر نییە بیدۆڕێنێت، دەزانم گەر وا بڵێم پێکەنینی پێم دێت، چونکە خۆ ئەو نە خۆی بە دۆڕاو دەزانێت و نە خەسارکردوویش، لانی کەم من توانیم هاوسەر و سێ منداڵم هەبێت و هەریەکەیان ئەمڕۆ لەوەدان بمکەن بە داپیرە، بەڵام خۆ ئەو هەر لەو بێهوودەییەی خۆیدا سووڕایەوە و هیچی پێ نەکرا، نە هاوسەری، نە منداڵ، نە ژیانێکی سەرکەوتوو و جیاواز لە باویش، ئیتر دەبێت چی هەبێت بیدۆڕێنێت، دڵنیام هەر هیچی نییە و بەگومانم لەوەی ڕۆژێکیش هەبێت، ئاخر چی هەبێت دوو ساڵە قسەی لەگەڵ دەکەم، بە ناوی خوازراو و زمانی بێگانە، تەنانەت نەیتوانیوە ڕۆحی خۆشی نەدۆڕێنێت و جارێک لە جارەکان بڵێت ئەم ڕۆحەی لەگەڵم دەدوێت پێی ئاشنا بووم، تەنانەت کە منیش ویستم ئەو بیرەوەری و ڕۆحەی لا زیندوو کەمەوە، بە چات لێم پرسی:

M_a_ry@yt.com

حەز دەکەم باسی یەکێک لە بەهێزترین پێوەندییەکانی خۆتم بۆ بکەیت، کە هێشتا لات مابێتەوە.

Namokurd@yt.com

من بە لاوی هاتوومەتە ئەم وڵاتەوە و لەو کاتەشەوە هەر سەڵت بووم، کەواتە ئەزموونی زۆرم هەیە، هەندێکیان بیرەوەریی جوانیان لا بەجێ

هێشتووم و هەندێکیشیان هەر ئەو ساتە لە یادم کردووە.

M_a_ry@yt.com

کەواتە هیچ خۆشەویستییەکی راستەقینە لە ژیاندا نەبووە، کە برین و خەندە و خۆشی و ناخۆشیی لا بەجێ هێشتبیت؟

Namokurd@yt.com

خۆت دەزانیت ژنی ئەم کولتوورە، زۆربەیان بێوەفان و هەر ئەوەندە لەگەڵ پیاوێکدا دەبن هەتا مەبەستی پێیەتی، یان پارەدارە، یان دۆستێکی باشی کولتوورەکەی خۆیان دەست دەکەوێت، پاشان بە ئێمەی بێگانە ناوزەدکراو دەڵێن بەی بای، هەر ئەوەش وای کردووە، زیاتر هۆگری تۆ بم، چونکە دیارە تۆ لە خێزانێکی جیاوازدا گەورە بوویت و هەتا ئێستا هەستم بەو کردارە ناجۆرە نەکردووە تێتدا بێ.

M_a_ry@yt.com

کەواتە بۆچی کەسێک لە کولتووری خۆتان هەڵنابژێریت؟

Namokurd@yt.com

زۆرجار هەوڵم داوە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوانیش لە ئاستی مندا نەبوون، کولتووری ئێمە چونکە کولتوورێکی داخراوە، پیاوانێکی کراوەی وەکو من ژنی گونجاوی تێدا دەست ناکەوێت.

M_a_ry@yt.com

کەواتە تۆ هەرگیز پێوەندیت لەگەڵ ژنانی کولتووری خۆت نەبەستووە؟

Namokurd@yt.com

با بۆ کات بەسەربردن هەندێ جار بەڵێ..

M_a_ry@yt.com

ئەی بە لاوی ئەو کاتەی لە وڵاتی خۆت بوویت، خۆ باوەڕ ناکەم ئەو کاتەش هەر وەکو ئێستا کراوە بووبیت، چۆن بوو ئەو کات لەوێ کەسێکت خۆش نەویست؟

Namokurd@yt.com

لەوێش هەندێ پێوەندیم هەبوو، تەنانەت دوا پێوەندیم لە یەک کاتدا لەگەڵ دووان بووم، ببووره دەزانم ئەم وشەیە ئێوە زۆر سەغڵەت دەکات لە کولتوورتاندا پەسند نییە لە یەک کاتدا لەگەڵ دوو کەس بیت، بەڵام کولتووری ئێمە دەتوانیت لە یەک کاتدا چوار ژنیشت هەبێت، جا من تەنیا مەبەستم ئەوە بوو لە کاتێکی دیاریکراودا هەر کامیان باش بوو ئەوەیان بکەم بە هاوسەرم، نەک باوەڕم بەهەبوونی چوار ژن و نایەکسانیی ژن بێت، بەڵام نەگونجاو بوون.

M_a_ry@yt.com

ئاساییە گەر بپرسم ناویان چی بوو، دیارە تەنیا دەمەوێت بزانم ناوی ئەو ژنانەی وڵاتی ئێوە چۆنە؟

Namokurd@yt.com

بەڵێ، ناویان مینا و شیرین بوو.

M_a_ry@yt.com

باشە شەوشاد کاتێکی تر قسە دەکەین.

شۆکێکی کەم نەبوو بۆ مینای بە ماری بوو، هەرچەند قسەکانی ڕابردووی بەبیر دەهاتەوە باوەڕی نەدەکرد هزری هێندە لاواز بووبێت ڕۆڵ بینینەکانی نەخوێندبێتەوە، بڕوای نەدەکرد ئەو هەموو فەلسەفە و قسە زلانەی دەیکرد بە خۆراکی مێشکی ئەو چەندین ژنی تر بۆ پێشاندانی نێریەتی بووبێت، جگە لە درامایەک، درەختێکی بێ بەر بووبێت، بەتایبەت مینا بۆ ساتێکیش لە مێشکی خۆی دەرنەهێنابوو، بۆیەش هەرکە هاوسەرەکەی کۆچی دوایی کرد، پاش هەشت مانگ پێوەندیی پێوە کرد، بەڵام بەناوی خوازراو و نەتەوەی خوازراوەوە، تەنیا مەبەستی بوو بزانێت هەر هزر هۆشیارییەکەی جارانە، یاخۆ تەمەنی درێژی هەندەران و کولتووری کراوە کراسێکی تر بە

بەر بڕیوە، بۆ ئەوەی دڵنیا بێت گەر هێشتا لەو گۆمە لیخنەدا مەلە دەکات ئەوە بەر لە خۆپێناساندنی ڕاستەقینە پێی بڵێت بڕۆ بۆ ئەو شوێنەی تۆیان پەسندە، بەڵام ئەوەی هەندێک بەختەوەری کردبوو، لە قسەکانیدا تا ئێستا تەواو جیاوازە، جیاواز لەو پیاوەی جاران دەیناسی، جیاواز لەو دڕندەی دەیتوانی ڕۆڵی مرۆڤ ببینێت، ئەوانە هەندێک هانی دا پاش دوو ساڵ بڵێ باشە ئامادەم بێیت سەردانم بکەیت، بەڵام بە مەرجێک یەکەم دیدارمان لە ڕۆژی فیستیڤاڵی گوڵ و خۆشەویستیدا بێت و یەکەم هەنگاو بە سەما دەست پێ بکەین. ئەویش لە وەڵامدا:

ـ ئای کە هەڵبژاردەیەکی جوانە، وەکو ئەوە وایە لە دڵی مندا بووبێت، ئەوە خواستی منیشە، یەکەم هەنگاو بە سەما دەست پێ بکەین، سەما سەما هەتا ئەودیوی ژین، سەمایە ئارەزووی منیش، سەما هەتا ئەودیوی ڕۆح.

ئەمە یەکێک بوو لەو دەربڕینانەی وای لە مینا کردبوو وا بزانێت هێشتا هەر بیر لە ئەو دەکاتەوە، چونکە ئەوانە دەربڕینی مینا بوون کاتی خۆی بەمی گوتبوو، ئەمیش تا ئێستا بیانڵێتەوە، واتای هۆگربوونی دەکات بە خاوەنی گوتەکان، یان...!

"یان چی مینا؟! بۆ دەتەوێت جارێکی تر خۆت هەڵبخەڵەتێنیت، ئەی بۆ ناڵێیت یان هەڵگرتنی چەند وشەیەک لەوانەی کە زانیویەتی لە خواستی ژنەوە نزیکن بۆ ڕاوکردنیان؟"

زڕەی لە ناکاوی پەرداخی ڤۆدکا و بەرزبوونەوەی دەنگی مۆسیقا مینای لە ئەندێشەی ڕابردووەوە دەگوێزێتەوە بۆ کاتی ئاهەنگ و فیستیڤاڵەکە، کاتژمێرە گەورەکەی سەر دیوارەکەی بەرانبەر نیگاکانی دەقۆزێتەوە و تووشی دڵەخورپەیەکی نابەخۆی دەکات، دڵەڕاوکێی ئەوەی کاتی هاتنی دۆستی کۆنی نوێی نزیک بووەتەوە و هێشتا بەهێی خوشکی هەر لەوێ

ماوه، ئەوەش پلانەکەی هەڵدەوەشێنێتەوە، ئەم نایەوێت سەرەتا بیناسێتەوە و بزانێت ئەو ژنەی دوو ساڵە قسەی لەگەڵ دەکات مینایە، بیانووی چوونە سەر ئاو بەرەو گەرماوەکەی دەبات، لەوێ بە دوو لانسیسی شین چاوە ڕەشەکانی دادەپۆشی، قژە ڕەشەکەشی دەمێکە تەمەن لە ڕەنگی بردبووەوە و لە ڕەنگی زەردی دەکرد. هێشتا سیمای جوانی خۆی دەناسێنێت، بەرزبوونەوەی سەر مەعیدەی هەندێک گۆشتنی دەردەخات، لە ئاوێنەکەدا خۆی بە دڵە، بەڵام زیاتر خۆی سەرقاڵ دەکات بە خواستی جێهێشتنی هۆڵەکە لەلایەن هاوڕێ کۆنەکەیەوە، لە دەرگەکەوە هۆڵەکە دەپشکنێ، دڵخۆشە بەوەی لەوێ نایبینێت، یەکراست بەرەو دەرگەی ڕۆهەڵاتی هۆڵەکە دەچێت، ئەو دەرگەی بڕیار بوو لە بەردەمیدا یەک ببینن، هەر لە ڕووی ناوەوە لەمدیوی شووشەکەوە نیگای دەچێتە سەر بریسکەی گڵۆپەکانی شار و لێک ئاڵانیان لە پرچی ڕەشی شەو، ململانێی ئەو کەرتە مانگە ڕەنگ زەردە دەکەن بە ناوەڕاستی ئاسمانەوە کز و ڕەنگ زەرد ئۆقرەی گرتووە. "شەوێکە بۆ ڕۆمانسیی ڕاستەقینە، نەک ماسک پۆشین و تاقیکردنەوە، هەڵبژاردنی من نەبوو، گەر ماسک نەپۆشم وەکو ڕابردوو هەرگیز نازانم ماسکی پۆشیوە".

هەر لە دوورەوە دەیناسێتەوە، گەرچی فشاری ڕۆژگار و نابەختەوەریی بەئاشکرا پێوە دیارە، بەڵام خۆی واپێشان دەدات کە پیاوێکی زۆر بەختەوەر و سوحبەتزانە، ئەوەش لە هەستی بۆ بەختەوەرکردنی بەرانبەرەوە سەرچاوەی نەگرتووە، لە ترسەوە سەرچاوەی گرتووە، ترسی ڕۆهەڵاتییەکان لە تێڕوانینی ڕۆئاواییەکان بۆیان، ئەو تێڕوانینەی پێیان وایە ڕۆهەڵاتییەکان، هەڵهاتووی شەڕ و کوشتن و توندوتیژی و مردنن، سەرجەم گرێی دەروونی، ڕۆحی شەڕانگێزی و خەمۆکی داگیری کردوون، بۆیە هەمیشە وا خۆیان پێشان دەدەن ئەوان نەبوون ئەو کێشانەیان بینیوە و بە پەرچوویەک لەوانەوە دوور بووە، جگە لە دروستکردنی زەردەخەنە و

سوحبەتی بە زۆر و دروستکراو کە لەسەر دەموچاویان ناحەز و ناچیزە دەردەکەوێت.

مینا لە ترسی ئەوەی بە دەنگ نەیناسێتەوە، پێی خۆش نییە زۆر قسە بکات، دەڵێ "وابزانم هیچ قسە نەماوە لە ماوەی ئەم دوو ساڵەدا بە چات نەمانکردبێت، ئەمڕۆ یەک جار لە ساڵدا دووبارە دەبێتەوە، وا ئەمساڵ تۆ لەم ڕۆژەمدایت، با لەسەر بڕیارەکەی خۆمان، دەست و لێومان لەگەڵ سەمادا یەک بناسێت"

ئامادەسازیی بۆ نیشان دەدات، هەنگاوەکانیان ورد ورد تێکەڵاوی ڕیتمی سلۆ دانس دەکەن ئازاد بەمیان دەڵێ "ماری زۆر باش ئەم سەمایە دەزانیت". مینا پێی خۆشە بە ڕاستی ئەو خەونە کۆنینەی بهێنێتە دی و لەگەڵ ئەو کەسەی سی ساڵە لە یادی نەکردووە و سی ساڵ بەر لە ئێستا ویستی خەونەکان ئامێزی شەپۆلی هەنگاوە راست و چەپەکانی سەمایەکی هێمن بکات، ئەمڕۆ قەرەبووی بکاتەوە، بەڵام پێی خۆشە سەرەتا هەر بە ناو و کەسیەتییە خوازراوەکەوە هەندێک لە هونەری مامەڵەکردنی نوێی بخوێنێتەوە، لەوێشدا دەنگی مۆسیقا و دەنگەدەنگی ئاهەنگگێڕان متمانەی ئەوەی دەداتێ لەو هەرایەدا دەنگی نەناسێتەوە، بۆیە دەمی لە گوێی نزیک دەکاتەوە و دەکەوێتە پرسیارکردنی:

ـ ئەوەی هەندێ جار دڵەڕاوکێم لا دروست دەکات، تێڕوانینی ئێوەی پیاوی ڕۆهەڵاتییە بۆ ژن، زۆر شتی نەشیاوم بیستووە.

ـ بەڵێ بەداخەوە ئەو جۆرە حەشەرییانە هێشتا لە کۆمەڵگەی مرۆییدا ماون، من خۆم وڵاتەکەمم بە هۆی هەمان مەسەلەوە بەجێ هێشتووە، چونکە داکۆکیکارییەکی سەرسەختی ژنان بووم، ئەوەش لە هەندێ کۆمەڵگەدا بە شەرم و خراپە بەسەر پیاواندا دەشکێتەوە، هەر ئەوەش وای لێ کردووم لە دەرەوەی بازنەی ڕەوەندەکەی خۆم بۆ هاوسەر بنوارم.

ـ بۆچی؟ مەگەر تۆ نالێیت لە وڵاتی خۆت داکۆکیکاری مافی ژن بوویت و دژی پیاوانی نادادوەر، ئیتر ژن بۆچی لە دەرەوەی بازنەی گەڕانت، خۆ ئەوانیش ئەو پیاوانە نین کە ناوت نان حەشەری؟

ـ لە ڕاستیدا چونکە ژنانیش لەو دۆخەدا گەورە بوون، ئەو دۆخەیان بۆ خۆیان پەسندە، من لەویش ژنێکی عەقڵ کراوەم نەدەبینی، کە تەنانەت ئەم سەماکردنەی ئێستای من و تۆی پێ ئاسایی بێت و ئێوارەخوانێکمان پێکەوە هەبێت.

خێرا بە پیاهەڵدانی "شینی چاوەکانتم زۆر پێ جوانە، هەمیشە ئارەزووم بووە هاوسەرەکەم چاوانی تۆی هەبێت؟

ـ ئەی تۆ لەگەڵ دوو ژن بەیەکەوە پێوەندیت هەبوو هیچیان چاویان شین نەبوو؟ هیچیان ئارەزووی سەمایان نەدەکرد؟

ـ نا ئێمە ژنی چاو کاڵمان کەمە، کەسیشیان ئەوەندە ڕۆشنبیر نەبوون هیچ لە جیهانی ئەفسووناوی سەما بگەن.

ـ ئەی تۆ بۆ فێرت نەکردن؟

ـ تەبیعەت لەژێر ڕۆحەوەیە، بە من ناگۆڕێت، بە گۆڕینی ڕۆح دەردەچێت.

مینا تەواو سەغڵەت دەبێت بەوەی هەتا ئێستا بۆچوونەکانی ئەو دووبارە دەکاتەوە، یەکێکیان ئەوەی دوایی بوو، کە مینا بەجێی هێشت پێی گوت، ئەو کەسیەتییە دووکەرتبووەی تۆ بە من ناگۆڕێت و سروشتی مرۆڤ لەژێر ڕۆحەوەیە، گەر ڕۆحت هەڵکۆڵم بۆ گۆڕین گیانت دەردەچێت، وازت لێ دەهێنم لە دووی کەسێک...

بەڵام هەر دان بەخۆیدا دەنێ و دەیەوێت وەڵامی دوا پرسیار بکات بە یەقین، دەپرسێت:

ـ ئەی پێت چۆنە گەر یەکێکیان ئێستا لەم هۆڵەدا پەیدا ببێت و لە تۆ

باشتر سەما بزانێت و سەمات لەگەڵ بکات؟

شڵەژان ریتمی دەنگ و قسەکردنی دەشێوێنێت.

ـ ئەوان چی دەکەن لێرە؟ دوایی من تێ ناگەم تۆ هەرگیز ئەوەندە پرسیاری ڕابردووت لێ نەکردووم، بۆ واز لە ڕابردوویەک ناهێنیت کە تەنیا بەشێکە لە ڕابردووی من نەک کەسێکی تر.

ـ چونکە من بەشێکم لەو ڕابردووە، مافم بەسەر ئەو ڕابردووەوە هەیە؟

بەر لەوەی بهێڵێت گۆمی سەرسووڕمانی بە وشەیەکش بشڵەقێنێت، ئەمجارە بە کوردی پێی دەڵێت: "من مینام ئازاد، مینای..."

ناهێڵێت مینا قسەکەی تەواو بکات بە توورەیی و تەوسەوە لێی وەردەگرێتەوە:

ـ ئەو مینای سی ساڵ بەر لە ئێستا وازم لێ هێناوە و بێ شەرمانە بەم تەمەنەوە و بەم سەری سپییەوە لەناو ئەم هەموو خەڵکەدا کەوتووەتە سمت و قنگ بادان.

بۆنێکی نەزۆک منداڵەکان دەخاتە ڕشانەوە، ڕشانەوەی منداڵەکان گوڵەکان لە بۆن دەخات و بە سیسی لار دەبنەوە، چراخانی هۆڵەکە و ڕەنگ زەردیی مانگیش لەژێر پەردەی تاریکیدا دادەپۆشرێت.

نۆڤەمبەر ٢٠٠٧

## کێ کوشتنەکەی ئاشکرا کرد؟

*ئەم چیرۆکە خەڵاتی یەکەمی فیستیڤاڵی (ئامیتا)ی پێ بەخشرا کە لە ئیتاڵیا ساز کرا لە ساڵی ٢٠٠١*

پەنجەرەی خانووە کەڵەگەتەکە، کەوتووەتە سەر ئەو شەقامە قەرەباڵغ و پڕ ژاوەژاوەی کە بەلای ڕاستیدا بازاڕێکی ئاساییە وەکو هەموو بازاڕەکانی جیهان، لای چەپیشی بازاڕێکی دوور و درێژی لەسەر دروست کراوە پێی دەڵێن بازاڕی ئەنتیکەفرۆشان، ڕیزی یەکەمی لای ڕاست تەنیا ژنان شتی تێدا دەفرۆشن، دیوی ئەودیویش هەتا دەگاتەوە بەردەمی خانووە بەرزەکە جمەی دێت لە پیاو. بەهەردوو ڕەگەز هەریەک بەشێوەیەک هاوار دەکات: بەردی ڕەنگاوڕەنگی شوێنەوارەکان، ناسنامە، کتێب و فەرهەنگە دانسقە و کۆنەکان، عەینەکەکەی مەولەوی، سەبیلەکەی باپیرە، منداڵ بەپێی تەمەنەکان نرخیان لەسەر دانراوە، لە یەک ساڵەوە بۆ چوار لەسەر تیشێرتەکەی نووسراوەماڵی قاچاخچییە بۆ ژیان، لە چوارەوە بۆ دە ساڵان، ماڵی بۆیاخە بۆ پارە، لە (دە)وە بۆ پازدە ساڵان، لەسەری نووسراوە ماڵی سێکسە ئەم وەنەوشە، ژنەکانیش بەڕیز یەکی شەرواڵێکی پیاوانەیان لێ هەڵکێشاوە و هەموو شتێکی ژنان دەفرۆشن، ستیان، ئەتەک، تاقمی دەمی داپیرە و هەندێکیشیان ئەو پارچە پەڕۆیە دەفرۆشن کە چەند ساڵە وەکو پەساپۆرتی شەرەف هەڵی گرتبوو. لەوێ هەموو شتێک دەفرۆشرێت تەنانەت دەڵێن مشکییەکەی یاشێخ و، کەشیدەکەی مام عەزیزی گەڕەکی قەزازەکانیش بینراوە لەوێ هەڕاج کراوە، ئەو شتانەش لێرەن هەموو ئەنتیکەن، تانەت

هەوشاریش کە لە نێوان هەردوو بازاڕەکەدا دەوەستێ بەشێوەیەکی ئەنتیکە شتەکان دەفرۆشرێت، سندووقێکی نایلۆنی کراوەتە مل و لەسەر سندووقەکە نووسراوە دانەی بەدینارێک، هەر منداڵێک ئەم دیمەنە سەرسووڕهێنە دەبینێ قاچی لێ دەکوتێ بەزەویدا هەتا بۆی نەکڕن ژێر نابێتەوە، بەو شێوەیەش ڕۆژانە زۆرترین ژمارەی میزڵدان دەفرۆشرێت.

ئەم بازاڕە تەنیا بەر پەنجەرەکەی نەگرتووە، بگرە بەهەر چوار لای خانووەکەدا نەخشەی کێشاوە و ژاوەژاوی بێزارکەری بازاڕەکە، ماڵەکەی کردووە بەمەملەکەتی نائارامی، بەتایبەت کە پاش سەرئێشەی بازاڕەکە لە پیلکانەکانەوە سەردەکەوێت، بەرامبەرت ئەو ژوورە دەبینیت کە لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا و بەبنمیچەکەیەوە چەترێک هەڵواسراوە و تەرمێکیش لەژێریدا بێ هاودەم و چاودێر کەوتووە.

گەرچی ڕاهاتووە بەو ژاوەژاو و دیمەنە دڵتەزێنە، زۆربەی کات بەتەماشاکردنی دەباتە سەر، یان با بڵێم هاتووەتە ناو پەنجەرەکە و خەیاڵی هەڵواسراوە بەپەڵەهەور و گەڵا و دار و درەختەکانی دەوروبەریدا، وەکو ئەوەی بیەوێ بەوە ڕابردووی بیر بچێتەوە بەڵام کام ڕابردوو کە هەست بەوە دەکات خۆهەڵخەڵەتاندنە، وەک ئەوەی هەموو دیوار و سروشت، یادگارەکانی ئەویان هەڵگرتبێ. بەردەوامیش لەگەڵ گەواڵەهەورەکاندا دەبارێ و دوا هەنسکی هاوین بەفرمێسک دەڕژێ کەس نازانێ برووسکە و گەواڵەهەور و باران و چەتر، چ مەودایەکی بەرفراوانیان لە ژیان و هزری ئەمدا گرتووە.

هەور دەناڵێنێ و ئەمیش بەدوایدا، باران دەبارێ ئەمیش دەگری

برووسکە دەدا و ئەم دەڵێ "کێ ناڵێت ئاسمانیش بۆ دووریی زەوی ناگری کە مرۆڤ لێی داگیر کردووە و، خەریکە ئەوەندەی بەدەرەوە ناهێڵێ ئاسمان تینوویەتیی بشکێ... بۆ نا؟ مرۆڤ لە هەموو زیندەوەرێک زیاتر حەز بەداگیرکردن دەکات، هەتا شتێکیشمان لێ داگیر نەکەن بەخۆماندا

ناچینەوە بزانین داخۆ داگیرکارین یا نە. نا... باوەڕ ناکەم ئەو کاتەش بپرسین، دەنا ئەو چەند ساڵەش باکیان دەبوو. لەوەی کە بەرامبەر من کردیان، جارێک دەهاتەوە بەبیریاندا کە هەموو شتێک و ژیانی منیان زەوت کرد، بردیانەوە بۆ نادیار... بۆ سەرەتا... ئاخر هەر هیچ نەبێ هێندەی هەوشاریان پێ نەکرا. ها؟... منیش لە خۆمەوە شتی بێ واتا ئەڵێم ئاخر کێ هێندەی هەوشاری پێ کراوە، هەتا ئەوان بیکەن؟ لەم کاتەدا وەکو ئەوەی زیاتر سۆزی جووڵابێ، بەچاوێکی پڕ لە دڵەڕاوکێ کەوتە چاودێری بۆ ئەوەی دڵنیا بێت لە بازاڕدایە، یا هیچ نەبێ کەس ئازاری نادات، ئیتر هەر لە پەنجەرەکەوە دەیبینی سەلامەتە و زمانی لاڵ و چاوی پڕ پرسیار، میزڵدانە ڕەنگاوڕەنگەکانیشی بەبەرزیی مەترێک لە سەروو خۆیەوە وێنەی کریستاڵێکی سەری ساڵی دەهێنایە پێش چاو. بەناو خەڵکەکەدا دەسووڕێتەوە، ئەوانیش هەندێکیان خۆیانی لێ لادەدەن و هەندێکیشیان بەسەرسامی و سۆزەوە لێی دەنواڕن، خێرا لە سەروو پەتەکەی دەمیەوە، میزڵدانێک لێ دەکەنەوە و دینارێک دەخەنە سندووقەکەی ملیەوە و هەتا تێ دەپەڕێ دوو سێ جار ئاوڕی بۆ دەداتەوە. هەندێکی تریشیان بەبێزەوە سەیری دەکەن و منداڵەکەیان دەدەنە بەر چەپۆک و بەدەم پەلکێشکردنیەوە، سێ چوار جنێو بەخاوەنەکەی دەدەن. ئەویش بەدڵشکاوی دەگەڕایەوە لای ئەو منداڵانەی سەرسامی بووبوون و بەجووڵە و نمایشی جوان و سەرسوڕهێن زیاتر سەرسامی دەکردن و بەو شێوەیەش ڕۆژی بیست میزڵدان کەمتری نەدەفرۆشت "ئاخر خۆ هەریەک لەو منداڵە ماندووانە ڕۆژی دە دینار پەیدا ناکەن، بەڵام ئەم بژێویی ماڵەکەی خراوەتە سەر شان ئیتر بۆچی ماڵی باوکم هەمیشە سەرزەنشتم دەکەن و دەڵێن "تۆیەکی وەجاخکوێر بەدیار چییەوە دانیشتووی، نە منداڵێکت هەیە بیکەیت بەبیانوو، نە مێردەکەشت ئەوەندەی سەروەت و سامانی بۆ بەجێهێشتووی بەئارامی پێی بژیت" ئاخر خۆ دڵسۆزی و هەوڵدانی هەوشار یارمەتی شەرمەزار دەکات،

لەوانەشە لە ئاكارەكانی ئەوان تێ بگات بۆیە ئەوەندە خۆی ماندوو دەكات.

تەرمێک لەژێر ئەو چەترەی لە ژووری بەرامبەر پلیكانەكە هەڵواسراوە كپ كەوتووە، تەرمێكە بۆگەن ناكات، تەنیا بەچاو دەبینرێ، بەدەست ناگیرێ و لانابرێ، نانێژرێ و فڕێ نادرێ، كۆن نابێ و لە بیر ناچێتەوە، تەرمێكە تەنیا خۆی لەو هەموو گۆڕانكارییەی بەسەر سیمایدا دێت تێ دەگات، چەترەكەش هەمیشە لەوێدایە، بەڵام ئەو خۆی چەترەكە لانابات، چەترەكە لێ دەكرێتەوە و فڕێ دەدرێت، بەڵام لای نابات، چونكە یادگارێكی تاڵ بەو تەرمەوەی بەستووە، هەر چەندێكیش پێی دەڵێن تا چەند ساڵی تر ئەو چەترە تۆزگرتووە لەوێ دەبێت، ئەو دەڵێ "هەتا چەترێک دەبێت بۆ حەوانەوە و ئەو تەرمەش ماندوو دەبێ لە مانگرتن لەوێدا" هەر جارەی خەیاڵی بەلای ڕووداوێكدا دەڕۆیشت كە لەگەڵ ئەو تەرمەدا تۆماری كردووە، ئەو ڕۆژەشی بەتەواوی بیر كەوتەوە كە باوكی هات بەشوێنیدا بەزۆر بردیەوە، لەبەر خۆشیەوە هەر دەیگوت (بۆ ئێمە جوان نییە خۆت بەتەنیا لە خانوویەكدا بیت و تەرمێكی نێرینەشی تێدا بێت منیش هەر دەپاڕامەوە دەمگوت: "ئەم خانووە شەش بێوەژن هەریەک بەكۆمەڵێ منداڵەوەی تێدایە ئیتر بۆچی جوان نییە، هەوشاریش زۆر یاریدەرمە".

باوكم گوتی "ئەی دەردم دا لە خۆت و لە هەوشاریش، چیت لەم شەیتانەدا دۆزیوەتەوە وا هێندە هۆگری ئەم ماڵە بووە، ئاخر من دڵنیام ئەم شەیتان و دێو و جنۆكەیە لە شێوەی ئەم جانەوەرەدا خۆی نیشان دەدات، دەبنوارن سەیری كەن چۆن نیگامان تێ دەگرێ و، مۆڕەمان لێ دەكات كە باسی دەكەین".

كە باوكم منی بردەوە ئەویش دوامان كەوت، باوكیشم زانی لەگەڵ كەسماندا سوودی نییە، بێدەنگ بوو، بەڵام لە ماڵەوە هەوشاری بەستەوە بەپەرژینی باخچەكەوە، كەچی بەیانی هەستاین، لەوێدا نەمابوو، بۆیە منیش

خۆم پێ ڕانەگیرا و لەگەڵ هەموو هەڕەشە و چاوسوورکردنەوەکانی باوکم بۆ زانینی نهێنیی ئەو تەرمە و نەگەڕانەوەشم بەڵام بێ سێ و دوو گەڕامەوە ماڵەکەی خۆم، بۆ لای هەوشار و تەرمەکەی هاوەڵم. دراوسێیەکەمان تا ئەو کاتە لە وتنی گۆرانییە خەمناکەکەی نەبووبووەوە گوتی: "هەر سەعات یازدەی شەو گەڕاوەتەوە و لەوێ شەوی ڕۆژ نەکردووەتەوە"

منیش وەکو خووی هەمیشەی خۆم هەر لە پەنجەرەکەوە کەوتمە پشکنینی بازاڕە جەنجاڵەکە. لە دووررا بینیم، ئەو میزڵدانانەی لەبەرئەوەی ڕۆژی پێشوو باوکمی بینیبوو گەڕابوو و نەیفرۆشتبوو، مابووەوە، ئەوانەی بردبووە بازاڕ و نیوەی فرۆشتبوو، چاوێکیشی هەر لە پەنجەرەکە بوو کە بینی من پەنجەرەکەم کردەوە لەگەڵ تروسکەیەکی پڕ شادیدا، نمایش و سەمایەکی جوانی کرد، زیاتر کەوتە گوڕ و زۆری پێ نەچوو ئەو چەند دانەی تریشی کە مابوو فرۆشت و گەڕایەوە، منیش دە میزڵدانی ترم بۆ ئامادە کرد.

ئەویش پاش سەعاتێک ڕۆیشتەوە، بەڵام ئەو ڕۆژە بەئاسوودەییەکی زیاترەوە کاسبیی دەکرد، وەکو ئەوەی لەو ڕۆژەوە بەتەواوی لە نرخی خۆی دڵنیا بووبێت لەلای من، هەرچەندە خۆشی هەتا ئێستاش هەر یەک سەعات لە ماڵەوە دەبێت دووبارە دەگەڕێتەوە لای کارەکەی، تەنانەت ڕۆژانی هەینیش ئەوەندە زوو دەچێت بۆ سەرقەبران، هەتا خەڵک لە خەو هەڵدەستێت ئەو دەگەڕێتەوە، ئاخر ئەو ئاکارەشی لەو ئەزموونەوە وەرگرتبوو، کە سەرەتا ڕۆژێک لە کاتی ڕۆیشتنی مندا ئەویش هات بۆ سەرقەبران، لەوێ ئەو هەوڵ و ماندووبوونەی ئەو دەیدا بۆ ئەوەی میزڵدانێک لەسەر قەبرەکە جێگیر بکات دەخزا و دەکەوت، هەڵدەستایەوە و جارێکی تر خەریک دەبوو، بەردی دەکرد بەئاو، کەچی منداڵانی گەڕەک بەردبارانیان کردین، خۆ هەر خەریک بوو بەهۆی ئەوەوە سەری خۆشم بشکێت، ئەوەندەیان بەرد پیا کێشاین ئەگەر خڕبوونەوەی خەڵک و سەرسامییان بەئاکارەکانی هەوشار نەبووایە، منداڵەکانیان دوور نەخستایەتەوە، ئەو ڕۆژە ئەویش دەبوو بەقوربانی، یان

هیچ نەبێ ئەگەر مێ نەبووایە تەنانەت بۆ ئەویش دەیانگوت لەگەڵ ژنێکدا گیراوە، بۆیە ئێستا بەیانییان ئەوەندە زوو دەڕوات کە منداڵان لە خەو هەڵنەسابن بگەڕێتەوە.

تەرمێک لە ژوورەکەدا بێ خەمخۆر کەوتووە، چەترێک بەبنمیچەکەی سەریەوە هەڵواسراوە و بەدیارییەوە شەونخوونی دەکێشێ، تەرمێکی نادیاری نەناسراو بەردەوام لەوێدایە، کەچی تەرمی یەک کەسیش نییە، تەرمێک هەرگیز زیندوو نابێتەوە و، کەچی بەردەوام لە گۆڕاندایە، کەس لە نهێنیی ئەو چەتر و تەرمە تێ ناگات ئەو نەبێ، بۆیە باوکی دەهری دەبوو:

– کچێ شێتم مەکە، من کە ماڵەکەی تۆ دەبینم دەڵێی لە جیهانێکی تردا دەژیم، نهێنیی چەتر و تەرم و هەوشار لەم ماڵەدا چین؟

ئەویش دەیداتە دەست نیگایەکی تاساو و هیچ ناڵێ، جا چ پێویست دەکات باوکی بزانێت، ئەو خۆی دەزانێ چ دەردێک ئاڵوودەی کردووە، ئەوەتا دیسان بەر پەنجەرەکە بەر نادات و چاودێریی هەوشار دەکات، نەوەک منداڵێک بەردێکی پیا ماڵی و ئازاری بدات، کاڵبوونەوەی یادگارەکانی ڕابردووشی ئاسان نەبوو.

"دێتەوە بیرم ئەو کاتەی لە نەخۆشخانە بەئاگا هاتمەوە، باس هەر باسی هەوشار بوو، دەیانگوت لە بەیانییەوە هەتا عەسر من هۆشم هاتووەتەوە سەرخۆ، ئەو لەبەر دەرگەی نەخۆشخانەکەدا لەگەڵ تروسکەیەکی کز و لاوازدا، گریانێکی بەکوڵ گریابوو، ئەوەشی زیاتر خەڵکەکەی سەرسام کردبوو گریانەکەی بوو، بۆ یەکەم جار بوو ببینن سەگێک دەگری، بەڵام لەلای من شتێکی نامۆ نەبوو، ڕاستە پێشتر من نەمبینیوە سەگێک بگری، بەڵام ئێمە کاتێک (مێجر) ئەم سەگەی بەدیاری بۆ هینابن و گوتی "لە یەکێک لە لادێکاندا هێناومانە، کە زیندەوەری تێدا نەمابوو جگە لەم سەگە، بەڵام خوویەکی سەیری هەیە، هەموو کات کزە، کزییەکی سەیر کە بەئاشکرا

پێوەی دیارە، بەهەمــوو توانا هەوڵ دەدەین ئولفەتمان پێـوە بگرێ کەچی بێ سوودە، من وای بۆ دەچم ئەم سەگە دڵی بەبێگانە نەکرێتەوە بۆیە پێشکەشی تۆی دەکەم".

ئێـمـەش ناومــان نا هەوشــار، ئومـێـدیش شــارەزاییـیـەکی باشـی لە پەروەردەکـردنی ئاژەڵدا هەبوو، بۆیە هەر پاش مـاوەیەک ئەم هەوشــارەی لێ دەرچوو، بەڵام زۆر هـۆگری ئومـێـد بووبوو، بەڕادەیەک زۆرجـار، وام هەست دەکرد ئیـرەییم پێ دەبات و هەرچەندە گەر ڕاستگۆ بم، منیش ئیـرەییم بەو دەبرد، زۆرجــاریش بەئومــێـدم دەگـوت "تۆ لە من زیاتر بایەخ بەهەوشـــار دەدەیت". بەڵام ئەو ڕۆژەی ئومـــێـــد تووشی نەخـــۆشی بوو، هێندە بەدەوروپشـتـیـدا هات و سەری لە سنگی هەسـووی و فرمـێسکی بۆ ڕشت، بەخۆدا شکامەوە و ئیتر لەو ڕۆژەوە مافی ئەوەم دایە چەند خزمەتی یەکتری بکەن. چونکە ئەو لە من بەکوڵتر بوو، هەتا ئومێدیش لە جێگەدا هەستا و نانی خوارد ئەو مانی لە خواردن گرت و بەتەنیشتیەوە گریا و هەڵنەستا بچێتـە دەرەوە، ئیدی لەو ڕۆژەوە بەفرمـێسک و گریانی ڕاهاتبووین، بەڵام دیارە هـەرگــیــز گــریانی بەکــوڵی وەکــو ئەو ڕۆژەم نـەدیبــوو، ئـاخــر من بێـهۆشـبـوونەکەم، لە زانینی باقیی کارەسـاتەکـەی کردبووم، هەتا دوایی خــەڵکەکـە پێـیــان گــوتم، ئەگــەر هــەوشــار نەبووایـە کــەس نەیدەزانـی ئەو کارەساتەتان بەسەر هاتووە.

ئەو ڕۆژە بەجـۆرێکـی تر و ئارەزوویەکی تر خـۆم گۆڕیبـوو، بەتایبـەت کـە بەیانیـیـەکـەی بـەدەم نانخــواردن و خـۆگـۆڕینـەوە، باسی هەمــوو شـتــە سـەیرەکانی سێ ســاڵ پێوەندی و ســاڵێ هاوســەرایەتیـمـان کرد، بڕیار بوو کۆمەڵێ شیرینی و دیاری بۆ یەکتر ئامادە بکەین، چونکە تەنیا دوو ڕۆژی تر جــەژنـی ڕۆژی هـاوســەریـەتیــمــان بـوو، بەدەم ئـەو خــەون و یادگــارانەوە گەشتبووین بەسـەر شەقامەکە لە ڕۆخی شەقامەکەدا و هەردووکمان لەژێر یەک چەتردا، باران دەیکوتین و تەڕی دەکـــردین، هەر ئەوەندە دەزانم لـە

شـیـرینتـرین بیـرەوەریدا زرمـەیـەک بەئاگـای هێنامـەوە و ئومـێدیش لە تەنیشتمـەوە خەڵتانی خوێن بوو، بەبینینی ئەو دیمەنە، منیش لە هۆش خۆم چووم، دواجـار لـە نەخـۆشـخـانەدا خـۆم بینیـیـەوە و زانیم ئێمـەش بووین بەیەکێک لە حیکایەتە سـەیروسەمەرەکانی ئەو سەردەمـە، ئەو حیکایەتەی کە ئێمە لەوەتەی لەو گوندەدا بە مامۆستا دامـەزراین، دێینە سەر ئەو شـەقامـە ڕێگەیـە دەوەسـتین بـۆ ئۆتۆمـۆبێل، ئەو ڕۆژەش لـەوێدا بووین، کـە دوو زەلامـی ڕیشنـی سـەر گـردەکەی بەرامبـەرمـان، گرەویان کردبـوو لەسـەر ئەوەی هـەر کـامـیـان دەسـتـی لـەوی تر ڕاسـتـر بوو ئاسنـی سـەر لـووتکەی ئەو چەترە دەپێکێ بەسـەر ئێمـەوە بوو و خـۆی کردبوو بەقـەڵغانی باران نەک فیشـەک، بەڵام ئەوە بوو دەسـتـەکان ئیـفلیج بوون و تـفـەنگـەکانیش کـوێر، نامـەردانە کـاسـەسـەری ئـومـێـدیان پێکا، هـەوشـاریش کـە ئـەم دیمەنە دەبینێت بەگـریانێکەوە، کـە تا چەندین سـەدە نـەوە بۆ نەوەی دەگـێـڕێتـەوە، خـۆی لە خـوێن و قـوڕی دەوری ئومـێـد وەردابوو، ئیـتـر یـەکسـەر ڕای کـردبـوو هـەتا قوتابخانەکە و بە دەم لێوی چاکەتەکەی بەڕێوەبەری گرتبوو ڕای کێشـابوو بەرەو لای کارەساتەکە، ئەویش سەرەتا زۆری پیا کێشـابوو کە لە خۆی دوور بخاتەوە و جنێوی بەمن و ئومێدیش دابوو کە شتی وا ڕادەگرین، گوایە ئەوە لەگـەڵ دابونەریت و ئاینی ئێمـەدا ناگـونجێ، هـەتا منالآنـی لێ وروژابوو، هـەریەک بەجۆرێک ئازاریان دابوو و خستبوویانە تروسکەتروسک، بەڕێوەبەر هـەر چۆنێک بێت خـۆی بـەهەوشـار پەلکێش دەکات و زەنگی چوونە ژوورەوە لێ دەدات و بەو شـێوەیە منداڵەکانی لێ دوور دەخـاتەوە، لەو کاتەشـدا ئەو قەیرە کچە چل ساڵەی کە بیست و دوو ساڵە کەس نەیبینیوە وەلێ شتی زۆر ئەفـسـاناوی سـەبارەت بەنانخـواردن و گوزەرانی دەگـێڕنەوە، دەڵێن ئـەگـەر گوێش بـنێیت بەدەرگـەکـەوە، نە گوێت لە تـەقـەیەک، سـووسـەیـەک دەبێت، نە خـۆشـی هـەرگیز دێتـە دەرەوە، بەڵام چاودێری قـوتابخـانەکەی گوتبـووی بەڵێ هـەمـوو شـەوێک پاش دوازدەی شـەو، دەنگی ئەویش لەگـەڵ کـۆمـەڵێ ژندا

دەبیستم کە زکرێکی زۆر خەمناک دەکەن و ناویان ناوە گۆرانییە نەمرەکە، بەڵام هەرگیز لە یەکێک لە شەوەکاندا، کەسێکم نەبینی لەو ژوورە بێتە دەرێ.

بەڵام ئەو ڕۆژە هاتبووە دەرێ بەڕێوەبەریش هەر ئەوە نەبوو لەتاو قژی سپی و سیمای سپی و بەرگی سپی سپیی ئەو نەبووریتەوە، کە ئەو زوو فریا کەوتبوو، گوتبووی دوای ئەو سەگە بکەوە، تەرم بەڕێوەیە، دەستێکی هێنابوو بەچاوی بەڕێوەبەردا و ئیتر پاش ئەو چاو سڕینەوەیە بەدەستی ڕاهیبە سپێکە، بینیبووی ئەو خوێنەی هەوشار خۆی تێدا گەوزاندووە، لێی دەبێتەوە و دەبێ بەهەڵم و لە سەروو بەرزاییی قوتابخانەکەوە دەبێت بەتەرمێکی نادیار، بەو شێوەیە هەوشار مەرگی ئومێدی ئاشکرا کرد و هات بەهانای هەردوو لامانەوە.

ئیتر لەو ڕۆژەوە ئەمەی ئێستا بووە بە خووی هەمیشەی هەوشار ئەویش چەترەکەی سەرمان بوو کە ئاسنەکەی پێ کرا، لەو ڕۆژەوە هەڵم واسیوە بەوێدا و لەو سەقفە نابێتەوە، بەردەوام لە ژێریدا تەرمێک دەبینرێت، هەر ڕۆژەی تەرمێکە جیاوازە، بەڵام لە هەموو ڕۆژێکی دووشەمی مانگ و ساڵی مەرگیدا، دەبێ بەتەرمی ئومێد.

ئێستا ژووری چاوەڕوانییەکانی ئێمە ژووری تەرمەکانە، ئەو تەرمانەی هەرگیز نابرێتە بازاڕی ئەنتیکەفرۆشان و هەراج ناکرێت.

تەرمێک ژوورەکەی بەرامبەری گرتووم، تەرمێکی بێ بۆن، بێ ڕەنگ، نادیار، منیش لە پەنجەرەکەوە تەماشای بازاڕی ئەنتیکەفرۆشان دەکەم و بەدوایەمین ڕۆژی حەفتەش دەڵێم، لە وسڵ و تەڵقینی ئەو تەرمە مەترسە، ئەو تەرمە بۆگەن ناکات، چونکە ئەوانەی تۆیان کرد بەفەجری خواوەندەکان و بکوژانی ئەو و گەورەکانی هەموومان بۆگەنن... بۆگەن...

## مەملەکەتی پەڕۆ

دەبێ ئەم هەنسکە خنکاوانە بۆ کوفری گریان بکەن؟ با بەپێ خاوسی، بەسەر جەستەی ئەم پلیکانە بێ ڕۆحەی، کە هەرگیز ئاوڕی لە نیگەرانیی مرۆ پەژموردەکان نەداوەتەوە گوزەر بکەم، بەڵکو چاوانم ڕوانینی بوەرێت، چون گوێ کەڕەکانم سەمفۆنیای گریان سەرەتا و کۆتایی داپۆشیوە..... خۆ ناشبێ لێت تێ نەگەم... لێت تێ دەگەم ئێمەی قەیرە کچانی قەدەر، هەردەم ئەفسانەی فرمێسک بە گوڵەکانی ماچ دەسپێرین.. وەلیە ئەم فرمێسکە جیاوازە... پێ دەچێ ئەو ئاوازە بێت کە لە نۆتەی ڕفێنراو داڕێژراوە، ئەی لە چی پەشیمانە؟ خۆ چاڵ و چۆڵیی ئەم پلیکانەی دەڤەری سەرابەش، سەد جار لە پێم هەڵ ئەنگوونت، تا هەنگاوێک هەڵدەگرم، دە هەنگاوی خوێناویم لێ جێ دەمێنێت.

"فرمێسک حیکمەتی بەزەیی بە شەپۆلی ڕقیش دەبەخشێ" چ بەزەییەکە، بەم بەیانییە لە پێخەفی کچانەدا ئاشنام دەکات، بە قلیشانی قاچ و، نزای سیمرخ و، وردە شووشەی یارییەکانی منداڵیت و ڕێگەی خەیاڵ لە تەک ئەم دیوارە پڕ لە نهـێنیـیـە ببـڕم، ئەو دیوارەی بووە بە لانەی پەیڤـە سەرهەڵگرتووەکان و، حەرفە هەڵوەریوەکان و، گۆرانی جیهانی بیرەوەری تاڵت بۆ دەچڕن، ئەو دیوارەی مێژووی وڵاتەکەتی لەسەر نووسراوە، ئەوەتا بەرامبەرم، دڵ و تیر و شیر، (A,M,N)ی و هەموو پیتەکانی تریش، قسەی خۆمان بێت دەست بە دیواریشی تیا کراوە، دەست بە سوور... زەرد... ڕەش... سەوز... خۆڵەمێشی دەست بەماف و ڕەنج و گلێنەکان، مێژووی ڕۆژ

و مانگ و ساڵ شیعری بێ کێش و سەروا، وشەی پچڕ پچڕ، بژی فلان و بروخێ فیسار... ئا هەڵێکی باش بوو، چیی تر بەدووی گوزارشتی فرمێسکەکانی تۆشدا ناگەڕێم، ڕووناکی ئەو کلاوڕۆژنە، گۆشەیەکی بە شیعر پڕکراوەی سەر دیوارەکەی ڕاسەرتم بۆ دەکات بە ئاوێنەیەک بۆ خوێندنەوەی نهێنیی مرواری فرمێسکەکانت:

دڵنیام کە،

چیی تر گەنمی تاڵە قژەکانم

ڕێژنەی ماچ تەڕیان ناکات

چونکە نیشتیمانی سەرابی ڕووت

خستمییە گەرووی پامیامێکەوە

پاکیزەییمی

کرد بە دەمامکی گوناه و

کچێنیمی کرد بە قەرەبرووت.

فرمێسکەکانت قەتارەی ڕوومەتی گرتووی، ڕوخساری زەردیشت مۆم ئاسا، چۆڕاوگەی خۆ کوشتنەکان دەڕژێتە ئەو قوژبنەی تێیدا هەڵکورماویت و، لە ئامێزی بێزاریدا تالاوی ساتە شەهوانییەکانت دەنۆشی، سەرم هەژماوە تۆیەکی کاڵ و نەگەییو چۆنە ئەم کۆڵە ورگە بینایی تەنیویت، ئەم سیمایەش نامۆ نییە بە حەرفەکانم... بە هەناسەم.. ئەی لە کوێ؟ چۆن نازانم بەبیرم نایەتەوە، فرمێسک لە چاو، پاڕانەوە لە نیگا.. چ قەدەرێکە هەرچەند دێمە ئەم بەندیخانەیە دەروونم دەکەوێتە بەر دەستەواژەی، ئەسپە چەمووشەکان، ئەوەتا لەسەر پەڕەی ژوورە بێ دەرگەکان پەیڤێک دەڵێت:

سێوخۆرەکان هەگبەکەیان پڕ کردوویت لە کولێرەی گوناه و، لە قوژبنی دووکانە شەهوانییەکاندا پاوانیان کردوویت. دڵیان پڕ کردوویت لە غەریزە و داوێنیشیان پڕ کردوویت لە بێچووە ئەهریمەن، ئەی تۆ بۆ وا تاوگیریت؟ من

ڕووی تۆ بە کـۆپیکراوی دەبینم، ڕوون نیت نازانم لە کـوێیت!! بـڵـێی ئەویش هەروا بێت؟ با هەست بخەمە لای ئەو وێنەیەی ئەرشیفی نەستم هەڵی گرتووە، بزانم ژمارەی چوارچێوەی وێنەت دەدۆزمەوە؟.... هەرچەندە ژنان زیاتر باوەڕیان بەکەسێک هەیە هەموو نهێنییەکانی لەلا بدرکێنن کە شەتاوی بیرەوەری نهێنییەکانیان بگاتەوە سەر یەک دەریاچە، هەتا کەسێک بەرگرییان لێ بکات، با دادوەری باڵی فریشتەش بم، با بشبم بە خاڵبەندەکانی، (بۆچی؟ لە کوێ؟ چۆن و کەی) وەرە دەرەوە پەتووی غەمێکی قەرسیلی لە کۆڵ کە.. بڕۆ دەرەوە.. هەگبەکەم هێندە پڕە قاچی وشە و، سەری قەسیدەمی لێ دەرپەڕیوە ئەی بۆ نەپرسم؟ بپرسم باشترە!

– هەست ناکەیت من و تۆ ئاشناین؟

– من کە.. کە ماسییەکانم – ماسییەکانم؟ ئەو ئێوارانە ڕەنگی ئاوت گرتبوو، منیش بە ڕاسەرتەوە حەز بۆ نۆشینی ڕەنگی ئاوی تۆ، بۆشایی پەنجەرەکەمی پێ پڕ کردمەوە، بۆ ساتێک دەستم لە هۆنینەوەی وشەی بەجێماوی مەلە پەنجە سووتاوەکان هەڵدەگرت و لێت ڕادەمام کە ڕۆژانە بە زەرفێکەوە هەنگاوەکانت بەگڕ جەنجاڵیی بازاڕدا دەهاتن، کون و قوژبنی عارەبانەکانت دەپشکنی و هەرچی ماسییەک فڕێ درابوون ڕۆت دەکردە زەرفێک، بەڕووی ئاو و بزەی ئەستێرە بەرەو ماڵەوە بەرگەشت دەبوویتەوە، تا ئەو ئێوارەیەی لەگەڵ هاوڕێ دەرۆزەکەرەکەتدا، لەوێندەرێ.. لەبەر دەرگەی ژوورەکەمدا قاچتان نزای نانی هەڵواسیبوو، کە لە خەرافەتی کۆکردنەوەی ماسییەکانم پرسی.. درکاندت کە ئەو بۆگەنانە شوورەی مەرگ لە ماڵتاندا دەڕووخێنێ،.. خۆ ئەگەر ئەوە نەبێ مەرگ بێ پەساپۆرت دەتەپێتە نێوانتان، چیی تر چاوانم تەڵخ بوو، ئێوەم وەکو جامی وێنەکان دەبینی هیچیشم نەدەبیست، پاش هەفتەیەک جامەکەشت بەتەواوی لە چاومدا ون بوون، کەوتمە دووی سۆراغت، تا دەرۆزەکەرەکە پەیڤی نەخۆشی و ئەدرێسی پەخش کردیت، بۆیە لەگەڵ ئەو هاوڕێیەم کە خەمی هەموو پەپوولەکانی

پەپوولە پارێزی لە بوخچەی ژوورە تەنیاکەیدا ئامێزی گرتووە، لە خەمت بە هەواڵ بووین و، بەسەر ڕوونی ئێوارە سوور هەڵگەڕاوەکەدا گەیشتینە دەرگەی ماڵە جەهەنەمییەکەتان، ئەو دەرگەیەی تاریکی لێ دەچۆڕاو ترس دەیخنکاند، چرە دووکەڵێکی خەستیش کونە لووت و گوێچکەی قانگ دابووین تروسکە ڕووناکییەکیش لە دوورەوە، جارجار سەمایەکی شێلگیرانەی دەهێنایە پێش چاو، هەندێ جاریش سەرشێتانە هەڵە شاخا بەسیمای دەڤەرەکەدا، کە چەند کوختەیەکی تری نایلۆنین لەناویدا سەریان لە قۆزاخە نابوو ئای هاوڕێ! تا ئەو ئێوارەیە لە نهێنیی تاریکی نەگەیشتبووم. هەنگاوەکان بەتاریکیدا لوولیان دام، هەتا بەردەمی کۆڵیتە بە پەڕۆ داپۆشراوەکەتان کە لە بری شووشە، پەڕۆ کۆن لە دەرگە و پەنجەرە و تەنانەت دیوارەکانیشی ئاڵابوون، سەرم بەو گوزەرە پەڕۆیینەدا کرد، ئەو وێنەی بە چاوم ئاشنا بوو، پێشتر خەیاڵی هیچ وێنە کێشێک دای نەڕشتبوو.

سێ چوار منداڵ وەکو هێمای پرسیار، لەسەر پەڕۆ کۆنەکان کەوتوونەتە خەوێکی قورسەوە، لە ناوەڕاستیشدا پیاوێکی تاوگیر، ڕەقی بەرد لە چاوانی، هێمای بەراز لە تووکە زبرەکانی سەر و سنگ و ڕیشی لێکدا، لێکدا، پارچە پەڕۆی دەسووتاند، ئاهێکی بە کوختەکەدا دەهێنایەوە و مرەی لە تاریکی و سەهەند دەکرد، یەکێکی تری ئەندامانی پەڕۆ نشین، ژنێکی شێتی چاو داقڵیشاو، درێژ کەوتبوو منداڵێکیش دانی برسی لە مەمکە چرچە جیرەکانی گیر دەکرد، بەتەواوی گورزی پرسیارم نەهاوێشتبوو، ئەو بەپەلە کەوتە وەڵام:

– ئەم نەگریسە، دەرۆزەی حەوت شارانم پێ دەکات و بێ شێو سەرم پێ دەنێتەوە.. ئەها خوێن.. ئەوە هی سەری منە دەچێتە ئەو ژوورەی بەری ڕەنجمانی تێدایە و لە گەروومانی قەدەغە کردووە.

تۆش دەردێکی دژوار، لە قـوژبنێکی کـوخـتـەکـەدا لوولی دابوویت، پڕ بەسییەکانم خەمتم ماچ کرد، بە شـەستە بارانی چاومەوە قەدەری پێکەنینم نووسـییەوە، بە مـەچەک و پەنجـەی هەڵوەریومـەوە، هەڕەشـەی کردنەوەی ئەو دەرگەیەم کرد، کە بە پەرۆ داپۆشرابوو، دەرگە کرایەوە، چیم نەبینی جگە لە نەبوونی، چیم نەبینی قەتارەی چاوشارکێی ڕۆن و تێکچڕانی گەنم، خۆیان لێ دانوساندبووم.

ژوورێکی پڕ زەخیرە، پڕ چەوساندنەوە و دڵڕەقی، دامـاڵراو لە دەمـامکی باوکایەتی، بۆیە نەفرەت لە دڵما ساباتی هەڵدا، نەفرەت لە مێژوو، نەفرەت لەو باڵە ئاوەڕووتکراوانەی نابنە چەتر، نەفـرەت ئەی پەیامـهـێنەری دۆڕاو بینیم تەیرێکی باڵ شکاو لە بڵندیی هیمـالایادا، شکسـتییـەکانمی جـەرد دەکرد. ئاسمانمان نەبوو، زەویمان نەبوو، چیاکانیشـمان. ئاخ نەفرەت لە شەڕ لە ناوەختا دەستە و یەخەیان بوو، کە هێشتا سپێدە نەیگرتبوون. ئەو کات زانیم جەنگ بۆ هەڵدەگیرسێ کە دەستی منیش هەڕەشـەی لەو نەفسە کـۆیلەیە ڕادەوەشـاند، کـە تا ئەوکات فـێری ئەلف و بێی ڕاووچاو بووبوو، تەگبیری ئەوەی چیی تر ماسی گەنیوتان دەرخوارد نەدات، بگرە بەری ژوورە وەهمـیـیـەکـەی بەتاڵ بکاتەوە، بەڵام پاش چەند ڕۆژێک دەڤـەرەکەتان بەتاڵ بووبوو، لە سـێبـەرەکانتـان لە تەرمـەکـانتـان، ڕاگوێزرابوون، بەرەو سـەراب بەرەو نادیار، تەنیا ئێستاش دەتبینمەوە، بەم قەدەری بێ دەمامکەوە.

سلێمانی ١٠-١٩٩٦

## ژنێک له پێکی ڕابردوودا

*ئەم چیرۆکە خەڵاتی فیستیڤاڵی دووەمی (ئەمیتا) ٢٠٠٢ی پێ بەخشرا کە ساڵانە لە ئیتاڵیا ساز دەکرێت.*

وەرزی بەهار گوڵپۆشی هەموو جیهانی کردووە تەنیا لە ماڵەکەی ئەودا نەبێ کۆچی کردووە گەڵاڕێزانی پایزە. تەنیایی ڕۆحی دەگوشی و ئەو سەردەمانەی وەبیر دەهێنێتەوە کە شارەکەی خۆی بەجێ هێشتبوو، لەم شارەدا خۆی و دوو کچەکەی نیشتەجێ بوون.

بۆ یەکەم جارە وای هەست دەکرد کە دەست بەسەری کچە بچووکەکەیدا دەهێنێت، تووشی ڕاچەنین و دڵەڕاوکێ دەبێت، هەقیقەت و یادگارێکی تاڵ دەیباتەوە بۆ چەند ساڵێک بەر لە ئێستا و ئێوارەی دان پیادانانەکەی.

کاڵێ هەموو کات دەپرسێ:

– دایکە باوکم بۆچی زوو سەفەری کرد و نەگەڕایەوە؟

– کچم باوکت تۆی لە یاد کردووە، ئیتر بۆ ئەوەندە باسی دەکەیت؟

– نا... باوکم دێتەوە و شتی جوانیشم بۆ دەکڕێ!

– کێ پێی وتی؟

– بەخوا گیانم وت!

– چۆن؟

– هەموو ڕۆژێ نامەیەک بۆ خوا گیان دەنووسم دەیخەمە ژێر داری کۆلارەکەم و دوایش کۆلارەکەم بەرز هەڵدەدەم، دوایی کە دایدەگرمەوە

خوارەوە نامەکە نەماوە و خوا گیان وەری گرتووە.

- بە رستەی "زۆرباشە کچم" دەیخەڵەتێنێ، بەڵام بەخۆی نییە هەنگاوەکانی پەلکێشی دەکەن بۆ ژێر پێپلیکانەکان کە کۆلارەکەی تێدا حەشار داوە، سەیری دەکات و پارچە کاغەزێکی بچووک لەژێر داری کۆلارەکەدا دەردێنی. بەهەزار حاڵ پیت پیت دەیخوێنێتەوە کە لەسەری نووسراوە "خوایە گیان ئەوە هەزار جارم پێ گوتیت، باوکی منیش وەکو باوکی دەشنێ بێتەوە و یەک دنیا شتی جوانیشم بۆ بهێنێ".

پارچە کاغەزێکی تر لەژێر تەختەی لای ڕاستی کۆلارەکەدا دانراوە، ئەویش بەکۆششێکی زۆر دەخوێنیتەوە "خوایە گیان خەتای من نەبوو بەچکە پشیلەکە مرد، من تەنیا پاڵم بەبتڵە غازەکەوە نا، خۆی کەوت بەسەریدا، ئیتر بۆچی باوکم نانێریتەوە؟"

هەناسەیەکی قووڵ دەیباتەوە بۆ ئەو کاتەی دەیویست لەباری خۆی بەرێت بەڵام بێ سوود بوو، دەیبردەوە بۆ لای قسەی خوشکەکەی ئەو کاتەی پێی دەگوت "چاکتر وایە ئەو مەسەلەیە تەنیا بۆ خۆت بپارێزی و باسی نەکەیت بۆ کەس، بەتایبەت مێردەکەت، چونکە پیاوان هەمیشە خۆیان لە ژنەکانیان بەڕاستتر دەزانن و ئەوەندەش ژن بەشەرەفی خۆیان ناوزەد دەکەن، ئەوەندە کەسوکاریان نزیکترە لێیانەوە هەتا ئەو شەرەفە، لەبەر ئەوە خۆت مەخە ئەو داوەوە کە تۆ نێچیریت نەک ڕاوچی".

ئەویش ئازاری ڕۆژگار و شاردنەوەی ئەو نهێنییە گەورەیە زۆر گینگڵی پێ داوە و ئۆقرەی لەبەر بڕیوە چیی تر شاردنەوەی ئەو مەسەلەیە لە شاردنەوەی شەو دەچێت لە شەمشەمەکوێرە... قسەکانی ئەو ئێوارەیەش کە لەژێر دارهەنجیرەکاندا دانیشتبوون دەیانکرد زیاتر دەبوو بەهاندەری.

- ژن ئەگەر هەر کێشە و قسەیەکی خۆی لە مێردەکەی شاردەوە، ئەوە متمانەی پێ ناکات و نرخی بۆ دانانێت.

– ئاخر پیاو هەموو جۆرە قسەیەکی ژنی قبووڵ نییە، هەموو کێشەیەکیشی بۆ چارەسەر ناکرێت.

– مرۆڤ لە هەموو کێشەیەک گەورەترە ...

ئەمەش پاڵنەرێکی باش بوو بۆ قسەکردن، بەتایبەت کە ئەمی گوندنشین و نەخوێندەوار بەهەزار ناری عەلی پیتەکانی دەخوێندەوە، هەمیشە وەکو خەڵکی گوندەکەیان سەری لە قسە و خوێندەواری و ئەو سەربارییەی ئەو سوڕ دەما، چونکە تەنیا پیاوێک بوو لە گوندەکەیاندا کە خوێندوارییەکەی گەیشتبوو بەئاستی بڕوانامەی برینپێچی. بۆیە لە گوندەکەدا بە دوکتۆر بانگیان دەکرد.

– ئێ خۆ ئەگەر مرۆڤ لە هەموو کێشەکان گەورەتر بێت دوکتۆری ئەم لەو هەموو مرۆڤانەی ئەو دەیناسێت ڕۆشنبیرتریشە ئیتر بۆچی نەیڵێت، ئەو سووکایەتی و خیانەت و خراپەکارییەی بۆچی قبووڵ بێت؟ "بێگومان کە بەوەی زانی زۆر لە ئێستا زیاتر ڕێزم لێ دەگرێت، جگە لەوەی ئەمرۆ بێت یان سبەی هەر خۆی دەزانێت ئیتر بۆچی خۆم بۆی باس نەکەم... خۆ نامکوژێت، دەبا بشمکوژێ خەریکە ئەوەندەی تر خۆم دەبەنگ دەکەم، ئەی ئەمە کوشتن نییە چییە؟ خۆ ئێستاش ڕۆژی سەدان جار دەمرم و زیندوو دەبمەوە، مردن هەر یەک جارە، دەی ئاکامی هەر چییەک بێت هەر لە ئێستا باشترە".

نازانێت چەند وشەی درکاندبوو، تەزووی ئازارێکی دژوار پشتی سەری سمی و هاواری گەیاندە ئاسمان و بەجارێ بەرچاوی ڕەش بوو، کە بەئاگا هاتەوە بەسەر و چاو و گیانی خڵتانی خوێنەوە یەک کەسی خۆیی بەدەوردا نییە، هەرچەندە تەنیا دایک و خوشکێکی هەبوو، وەکو خوشکەکەشی دەیگوت:

– تۆ کەست نییە تۆڵەت بسێنی، یاخۆ بەرگریت لێ بکات.

بەڵام وا ئەمڕۆ لە بەردەمی حاکمدایە کە تۆڵەسێنی هەموو کەسێکە.

– ژنهێنان و جیابوونەوە بەرپرسیاریەتییە، تۆ دڵنیایت دەتەوێ جیا بیتەوە؟

– زۆریش دڵنیام، لەوە دڵنیاتر کە ئێستا بەچاوی خۆم جەنابت دەبینم… ئاخر بۆ ئەو تۆمەتەش دەدەیتە پاڵی، دەبێ وەکو ئێستای من بیبینی، بەڵگەت هەبێ.

– زۆر چاک دڵنیام، ئەو شتانەش بەڵگەی وات نادەنە دەست، کە تۆ ئێستا بیبینی.

– …………

– ئەوە شایانی کوشتنە بەڵام من دەستی خۆم بەو خیانەتکارەوە پیس و تاوانبار ناکەم .

حاکم هەتا ئەو کاتە لەگەڵ ئەمدا وشەیەکی نەدرکاندبوو، لەژێرەوە بەچاوێکی پشکێنەر سەیری دەکرد، ئەویش ناڵێت دەستخۆش و لەگەڵیدا ناکەوێتە جنێودان، ئەم پیاوە بەسەنگین دێتە بەرچاو "خۆزگە لە بڕیاردانیشدا هەر وا دەبوو" لە ناکاودا لێوە ئەستوورەکانی دەکاتەوە و چەند شتێک بەزمانی عەرەبی دەخوێنێتەوە کە (ئەم) تەنیا وشەی (المتهمة)ی لێ تێ دەگات، ئەو وشەی سەردەمانێک بەعسییەکان بۆ کوردقڕان بەکاریان دەهێنا، هەموو ماناکەی فێر بووبوون، ئێستا وا جارێکی تر بەزمانەکەی ئەوان بەر گوێی دەکەوێ، بەڵام هێشتا نازانێت بەچ مەبەستێک.

لێی دەپرسێ:

– تۆ چۆن کارێکی وا دەکەیت، نازانیت ئەوە پێی دەگوترێت (خیانەتی زەوجی) و لە یاسادا سزای خۆی هەیە؟

– قوربان من خیانەتم نەکردووە، هەموو شتێکم بۆ خۆی باس کردووە، ئەویش خۆشی.

– درۆ دەکات جەنابی حاکم، دیارە ئەمە هەر لە سەرەتاوە وا بووە.

– ژوورەکەی لەلا پڕ دەبێت لە ژاوەژاو، لەو وشانەی کە ئەوی خوێندەوار بەکاری دەهێنێ و ئەم لێی تێ نەدەگەیشت و لێی تێ ناگات، هەندێ جاریش بۆ گاڵتە پێکردن، هەندێ وشەی بەکار دەهێنا و بەمی دەگوت بیڵێتەوە، کاتێ ئەمیش لەسەر زمانی قورس بوو، بەهەڵە دەری دەبڕی پێی پێ دەکەنی و گاڵتەی پێ دەکرد، مێشکی پڕ بووە لە پێکەنین و وشە قورسەکانی و تەنیا گوێی لە گریان و پاڕانەوەی خۆیەتی.

– حاکم گیان، تۆ وەکو باوکێکی دڵسۆز و عادیل نەک وەکو باوکی خەڵک، ویژدانت سەرپشک کە.

– ...............

– هەزاران جار تۆراوم و ماڵم بەجێ هێشتووە بۆ ئەوەی جیا بێتەوە و لەو شوێنە دوور بکەوێتەوە.

– ...............

– دەیان جار ناڕاستەوخۆ لەم جۆرە خیانەتانەم بۆ باس کردووە، بۆ ئەوەی دڵی ختوورەیەک بکات و ڕزگارم بکات، وای دەزانی چیرۆکی بۆ دەگێڕمەوە.

– ...............

– گوناهی من نەبوو، لە دەرمانخانەکەی ئەمدا شتێکی هێنابوو، هەموو جارێ دەیدا بەلووتمدا، منیش بێ ئاگا دەبووم یان تەواو بێ هێز و لاواز دەبووم.

– ...............

– ئاخر ئەوساش هەر لەم ئابڕووچوونەی ئێستا دەترسام بەبێ تاوان دەیتوانی ئەوە بخاتە پاڵم.

– ...............

– لەوەش زیاتر چەقـۆیەکی گـەورەی لـێ دەردەهێنام و دەیگوت دەتکوژم و دوایی دەڵێم شتی خراپم لێ بینیوە و لەسەر لەشفرۆشی کوشتوومە.

– ...............

– بۆ قورئان ناخۆم سەدان جار قورئان دەخۆم.

– قورئانیش بخوات هەر تەڵاقی دەدەم.

– جـا با تەڵاقم بدات، ئەو کـاتە لە دەست دوو دڕندە، لـە دەست مـارێکی دوو سـەر ڕزگارم دەبێت بەڵام با بوختـانم بۆ نەکەن دان بەوەدا بنێت کوڕی کێیە!

– قوربان خۆتان گوێتان لێیە، چی بەباوکم دەڵێت و چی دەخاتە پاڵ، ئەوە باوکی منە چۆن وای پێ دەڵێت، ئەزانی باوکی من یانی چی؟

– دە مـادەم وای لێ هات من ڕاسـتییـەکی لەوە گەورەتریش دەدرکێنم کە ئەم کچە هەشت مانگەشم لە خەزوورمە نەک لە مێردەکەم.

کە ئەو سوێندە دەخوات دەستی هێندە توند بەسەر قورئانەکەوە گرتووە، ئەڵێی چڕنووک لە پشـتی کـەوڵەکـۆنیک گـیـر دەکـات کـە تـەمـەنی جـوانی بەختەوەری بەخشی بەحەزەکانی خۆی.

سەرجەم داواکارییەکان و نامەکانی کاڵێی خوێندەوە لە هەموویاندا داوای ئەو باوکـە دەکـات کـە بەناویـەوە بانگ دەکـرێت، نازانـی باوکی ڕاسـتـەقـینە لەگەڵ ناوی خۆیدا زنجیرەی سێیەم وەردەگرێ و پێویستـە نامەکانی بنێرێت بۆ سەرقەبران.

لە پـەنجـــەرەکـــەوە بـۆ کـــاڵێ دەنـواڕێ، کـــۆلارەکـــەی بـەرز هەڵکردووە و بەگەورەیی لەسەر باڵەکانی نووسیوە "خوایە گیان ئەگەر بۆ ئەم جەژنە باوکم نەنێریتەوە، نە کچی ئەو دەبم و نە نامەش بۆ تۆ دەنووسم".

## تۆماری وێنەکان لە دووکەڵی جگەرەدا

بەسەر شەقامەکان بەرەو ساختمانەکەم تێ دەپەڕم، لە دوورەوە چاوم لێیەتی، پاش گسکدان و پاککردنەوەی شەقامەکە، دەچێتە سێبەری دار "مەیپڵ"ەکە و جگەرەیەک دادەگیرسێنێت، کە بە لایدا تێ دەپەڕم جگەرەکەی لە پشتیەوە دەشارێتەوە و سەری سڵاو و ڕێزم بۆ دادەنوێنێت و زەردەخەنەیەک دەگۆڕێتەوە. کە دەگەمە ساختمانەکەم لە باڵکۆنێکەوە چاودێری دەکەم و هەر ژنێک بە لایدا تێ دەپەڕێت هەمان ئاکار دووبارە دەکاتەوە.

ئەو پیاوە نموونەی ئەو گەنجەی وەبیر هێنامەوە کە زۆر کات لە قاوەخانەکەی گەڕەکی خۆمان دەمبینی پاش ئەوەی نیوەی قاوەکەی دەخواردەوە، دەڕۆشتە دەرەوە جگەرەیەکی دەکێشا و دەگەڕایەوە ژوورەوە قاوەکەی تەواو دەکرد. ڕۆژێک گوتی دەمەوێت زۆر بە ڕاشکاوی پێم بڵێیت تۆ بۆچی ڕازی نەبوویت ببیت بە هاوڕێم؟

گوتم: لەبەرئەوەی جگەرەکێشی.

تۆ حەساسیەتت بە جگەرە هەیە؟. پرسی

وەڵامم دایەوە: من تەنیا حەساسیەتی جەستەییم بە جگەرە نییە، بگرە حەساسیەتی عەقڵی و ویژدانیشم هەیە.

گوتی: هیچ تێ نەگەشتم، بەڵام هەموو جەستەم گوێیە و، گوێم لێ گرتوویت، دەتوانم بزانم مەبەستت چییە گەر بەئاسایی بزانیت؟

"بەڵێ بێگومـــان" وەڵامم دایەوە، "من ئێـســتـــا لە تۆ دەپرسم، هـەمـــوو جگەرەکێشێک دەزانێت جگەرە چ زیانێکی تەندروستی و چ مەترسییەکی بۆ ژیان هەیە، هەمـووشـــمـان دەزانـین مـرۆڤی جگەرەکـێش بەردەوام بۆگـەنی تەپڵـەکی جگەرەی لـێ دێت ئەگـــەر خـۆشی هەسـتی پـێ نەکـات یان ڕای جیاوازی هەبێت، وایە؟"

بەدەنگی بەرز پێ کەنی "زۆر ڕاستە"

" باشـە" گـوتم، " ئێـسـتـا کـە تۆ دڵسـۆزی ڕۆح و ژیانـی خـۆت نیت و بەو شێوەیە لـە ناوی دەبەیت، من بۆ متمانەت پێ بکەم کە دڵسۆزی ڕۆح و ژیانی منیت ؟ تۆ کە دەربەستی پەسندیی خۆت نیت لای بەرانبەر و بەو بۆنە خۆت بێزەوەر دەکەیت، من بۆ متمـانەت پێ بکەم کە دەربەستی پەسندی و هەستی من دێیت؟

چاوی بڕییە گـۆشـەیەکی زەوییـەکـە و بـۆ مـاوەیـەک بێـدەنگ بوو، پاشـان بەدەنگێکی هێمن و بە دەم هەناسـەیەکی قـووڵەوە گوتی" من داوای بەخشـین دەکەم کە کردارە ناپەسندەکانم بێ ئومێدیان کردیت، دەبێت دان بەوە بنێم کە ئەمـە یەکەم جارە ڕووبەڕووی پرسـیـارێکی وا دەبمەوە لە ژیانمدا . تەنیا پێم گـوتراوە خراپە ئـەوە مـەکە، تەنانەت کە منداڵیش بووم باوکم پیـاوێکی سـەربازی بوو، دایکیشم کابانێکی ماتماتیکی هەموو شتێکی بە حساب بوو، هەرگیز لێیـان نەپرسـیوم بەرپرسـیـارەتیت بەرانبـەر بە خۆت، ڕۆحی خـۆت و جەسـتەی خـۆت بەرپرسیـارەتیت بەرانبەر بە کـەسێکی تریش دیاری دەکات، هەمیـشە گرینگیی پابەندبوون بە سـەعاتە میـقـاتکراوەکانی نانخـواردن، لە خـەو هەسـتـان، یاریکردن و بـۆ خـوێندن ڕۆشـتن قـسـەوباسی سـەر سـفـرەی ئێمە بوون"

بەدەســتـی ڕاســتی پشـــتی ســـەری خـوراند وەکـــو ئەوەی ئـایدیایـەک لە نەسـتەوە بگوێزێتەوە بۆ هـەست، بە لێوی داخـراوەوە زەردەخەنەیەکی کرد و

پاشان خۆی ڕێ کردەوە و ڕووی تێ کردم و، پرسی، "دەتوانم داوای چاکەیەکت لێ بکەم؟"

"بێگومان، فەرموو، هەرچی بە من بکرێت" لە وەڵام پێم گوت

"من لە ئێستاوە بڕیارم دا جگەرە واز لێ بهێنم، پاکەتەکەی دەستی ورد کرد و چەند هەنگاوێک بەلاترەوە کردیە ناو تەنەکەی خۆڵەکەوە، دەتوانیت ببیت بە چاودێرم، بۆ ئەوەی لاواز نەبم نەگەڕێمەوە سەر جگەرەکێشان، سوێند دەخۆم لە دوو هەفتە زیاتر نەخایەنێت، ئەرکی تۆ تەنیا ئەوە دەبێت ڕۆژانە تێکستێکم بۆ بکەیت هانم بدەیت یان بیرم بهێنیتەوە"

"تۆش پەیمان دەدەیت کە ئەمە بڕیاری ڕاستەقینە بێت و پاش ماوەیەک نەگەڕێیتەوە سەر ئەو خووە" من لێم پرسی و ئەویش پەیمانی دا کە بڕیاری ڕاستەقینە بێت، ماوەی ئەو دوو هەفتەیە جگەرەی نەکێشا و ئیتر من پێم گوت ئەرکم لەوێدا کۆتاییی پێ هات. پاش شەش مانگێکیش تەلەفۆنی بۆ کردم بۆ ئەوەی قاوەیەک لەگەڵ خۆی و دۆستە کچەکەی بخۆمەوە، چوون کچەکە دەیویست سوپاسم بکات و گوتی ئەگەر جگەرەکێش بوایە ئەو نەیدەتوانی لەگەڵی بژی.

هەڵوێستی ئەو دوو مرۆڤە گەڕاندمیەوە بۆ بیرەوەریی دیالۆگێکی دژوار کە هەر لە دەرئەنجامی قسەیەکی وەکو ئەوەی پێشتر هاتە ئاراوە، من وام زانی لەبەرئەوەی پازدە ساڵ بوو زیاتر لە دەرەوە دەژیا وەکو هەر کوڕێکی ڕۆئاوایی ببوورەیەکی بەسە بۆ ئەوەی ئیتر دەستبەرداری ئەو گفتوگۆیە بێت و بە ڕێگەی خۆیدا بڕوات، بەڵام ئەو وەکو هەموو پیاوێکی تری کورد جەختی لەسەر داواکەی دەکرد، نەک لەبەرئەوەی خولیای من بوو بێت، بگرە وای هەست دەکرد لە شەڕێکی دوو جەمسەریدایە و ئەو دەبێت لە جەمسەری براوە بێت.

بە بێزاری و ناچاری گوتم "بەڕێز تۆ پێویستە بە ببوورەیەک بکشێیتەوە،

نەک وەکو ئەوەی لە دادگەی تاواندا بم پرسیارم لێ بکەیت و داوای سەدان بەڵگە و وەڵامم لێ بکەیت کە بۆچی هەڵت نابژێرم، خۆ ئەگەر هەموو ئەوانەی وترا لە بیر بکەین، هێشتا لەبەرئەوەی جگەرەکێشیت لەگەڵ من ناگونجێیت، پێویستە بە دوای کەسێکدا بگەڕێیت لەگەڵ سیفاتەکانی خۆتدا بگونجێت"

"جا توخوا عەیب نییە تۆ قسەی وا دەکەیت، خۆ تۆ بە حساب ڕۆشنبیریت، ئەی لەو ڕۆشنبیرەی باسی ڕووخسار و جگەرە و خواردنەوە و ئەم شتانە بکات، ئەی نەخوێندەوارەکە چی بڵێت؟"

من لەو کاتەوە ژیانم لا ناشیرین بوو کە هەموو بوودەڵەیەک وشەی ڕۆشنبیری بەکار دەهێنا، بە هەموو کەسیش دەوترا ڕۆشنبیر، ئەوەی: پانتۆڵی لەبەر بکردایە، ئەوەی ددانی بشتایە، ئەوەی هەردوو تاکی گۆرەوییەکەی یەک ڕەنگ بوایە، تەنانەت ئەوەی عەینەکی لە چاو بکردایە، کوڕە ئەوەی جانتایەکی ڕەشی پڕ مادەی بێهۆشکەری بگرتایەتە دەست، تەنانەت ئەوانەش ژنیان لاقە دەکرد و دوایی دەیانکرد بە چیرۆک هەر ناوی ڕۆشنبیر بوو.

وشەی ڕۆشنبیر قێزەونترین وشە بوو بیبیستم و بخوازم پێم بوترێت.. لەگەڵ ئەوەشدا بیرم لەوە کردەوە، نامەیەک بۆ یەکێک لەوانە بنووسم کە بە تاقانەی پۆست مۆدێرن ناسراوە، ئێ دە وایە، کە کۆمەڵ بوو بە دوو بە دوو بەشی ناجسنی نەوی و باڵا لەسەر بنەمای ڕەگەز، تەنانەت عەقڵیشت کە موڵکداریەتیی کەس قبووڵ ناکات، لای باڵا بتوانێت ساختە بتوانێت بەشەکەی لای نەویش بۆ خۆی تۆمار بکات و بەناوی ئەوانەوە بناسرێت، ئیتر چیت لە گێڕانەوەی حیکایەتی کۆترەکان و شپرزەییی فڕینی هەڵۆکان داوە، نا چاکتر وایە کاتی خۆت مەکوژە، هەر بەدەمی بە یەکێکیان بڵێ چی بنووسن و بڕایەوە.

لە پەنجەرەکەوە سەیری کابرای جگەرەکێش دەکەم بزانم هێشتا بەهەمان

شەرمەوە جگەرەکەی دەکێشێت، دەبینم جارێکی تر کەوتووەتە هەڵگرتنەوەی گەڵا وەریوەکان. دەچمە سەر کۆمپیوتەرەکەم ئەو نامەیەی بڕیارم دابوو بنووسم، بەسەر شاشەکەدا دەگەڕێم بۆ پرۆفایلەکەی، دەبینم وێنەیەکی نوێی خۆیمان پێ دەناسێنێت، دیسان ناوچەوانێکی درژ و پڕ خەمی دەستکرد، چاوی لە نادیار بڕیوە و جگەرەیەکی ناوە بە لا لێوییەوە کە دووکەڵەکەی هێڵێکی نارێکی لەسەر ڕوومەتە قوپاوەکانی کێشاوە.

چەند جار دێری یەکەم دەنووسم دەیکوژێنمەوە، ئیمەیلەکەم دەکەمەوە و دادەخەمەوە، بە خۆم دەڵێم ئومێد لەویش ببڕە و هیچی بۆ مەنووسە و پەشیمان دەبمەوە. دواجار بۆم نووسی، ویستم ئەو پرسە بورووژێنم کێ دەتوانێت نموونەیەک بێت بۆ لاوەکان، بۆ خەڵکانێک کە پێویستیان بەخەڵکێکە بۆیان ببن بە نموونە، بەڵام ئێستا دەمەوێت بپرسم، چ زانستێکی دەروونی، کۆمەڵایەتی و کولتووری سەلماندوویەتی کەسێک هەمیشە پێ بکەنێت مرۆڤێکی ساغ بێت؟ کەسێک هەمیشە خەمبار بێت کەسێکی ساغ بێت؟ چ جیاوازییەک لە نێوان کەسانێکە هاندەری خەممن لەگەڵ کەسانێکی مەرگدۆستدا دەکەیت؟.. ئاه بیرم نەبوو، دیدارت ناکەم، من وەڵامی ڕاستم لایە، بۆیە وەڵامەکان تەنیا بۆ خۆت هەڵگرە. دەزانم نامەکە دەکات بەخۆراکی سڕینەوە و ناویشم بەر نووکی تیژی چەند جەندرمەیەکی پێنووس دەدات. هێشتا نیشانەی کۆمپیوتەرەکەم دەگەیەنم بە بنێرە.

May, 2012, Canada

## مەیموونستان

بۆ یەکەم جار دەگەیتە ئەو خاکە، پڕ بەسییەکانت هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشیت... بەڵام پێ دەچێت مرۆڤ نەزانێت گریانەکەی خۆشییە یان پەنگخواردنەوەی ڕابردووە، کاتێک بۆ ماوەیەکی درێژ لە نیشتمان دادەبڕێیت لە بریی زەردەخەنە بێ ویستی خۆت گریانێکی بەکوڵ دەگریت.

تۆ دەتویست ئەوەی خۆت ناوت نابوو تەمەنی بە«بەخەسارچووم لە غەریبیدا». جارێکی تر لە خاکی دایکە سوتماکەکەتدا بیگەڕێنیتەوە... یەکەم جار هەنگاو دەنێیت بەرەو ئەو ئاپارتمانەی کە کۆمەڵێ ژن هەر لە کۆڵانی ئەودیوی خانووە سپییەکەوە گوێت لە قیژە و هات و هاواریانە گوایە مشتومڕ و گفتوگۆ دەکەن و کێشەی شەیماکانی کورد دەدەن بەگوێی جیهاندا و پێی دەڵێن سەندیکای شەیماکان. سەرەتا دەسڵەمێیتەوە، دەتەوێ نەچیتە ژوورەوە باوەڕ ناکەیت پیشەی ژنانێک کە خۆیان بەپێشەوای ژنان دەزانن شیرەشیر و هاوارکردن بێت، بەڵام لای خۆتەوە دەڵێیت پێ دەچێت شتێکی نابەجێ بەرامبەر بە ژنێک کرابێت و ئەم هات و هاوارە هەڵڕشتنی دەریای تووڕەیی ئەم چالاکانەی مافەکانمان بێت کە شەپۆل بدات، هەنگاوەکانت دەتگەیەنێت بەژوورێکی بچکۆڵە، دوو تاک قەنەفەی تێدایە و مێزێکی بچووکیش بەر پەنجەرەکەی گرتووە، ژنێکی قەڵەوی قژ کورتی ڕەشتاڵەش سەر مێزەکەی گرتووە، هەرکە چوویتە ژوورەوە و سەلامت کرد دڵت بەوەڵامدانەوەکەی خانمی سەر کورسییەکە کرایەوە گەرچی بەلووتبەرزیش وەڵامی دایتەوە بەڵام تۆ گوتت پێ دەچێت بەهۆی تەمەنەوە بێت، تۆیەکی تەنیا بیست بەهار و ئەویش سەروو سی و پێنج هەروا لەم

ڕۆژگارەدا وەڵامت دەدەنەوە، بەڵام تۆ دڵت بەدیالێکتە گەرمیانییەکەی خۆش بوو.

سێ ژن لە ژوورەکەدا دانیشتوون و هەریەکە لە ئاوازێک دەخوێنن، زۆر کەم بوار بەیەک دەدەن یەکێکیان قسە تەواو بکات و ئەوجا ئەوی تریان دەست پێ بکات، خانمی سەر کورسییش بەبێزەوە لەملا و ئەولای دەنواڕێت و سووتوی جگەرەکەی پەرش دەکات، بەڵام تۆ بەسەر خۆتی ناهێنیت و بەغرووری سەفەر و هەواڵە تەزویرەکانی کە حزبەکەی بۆی بڵاو دەکاتەوە دەژمێریت. بۆیە ڕووی تێ دەکەیت و کێشەکەی خۆتی بۆ باس دەکەیت، تۆ هێشتا لەم قسانەدا بوویت کە دەتگوت پێویستە ئەوان کارەکانت بۆ جێبەجێ بکەن و پشتگیریت بکەن، پشتگیریت بکەن لەو نیشتمانەدا کە خەونەکانی منداڵیت تێیدا نەڕواند، بۆ ئەوەی چەتە ئاژەڵە مرۆییەکانی نیشتمان بەر قۆچت نەدەن. کەچی خاتوونی خۆبەزلزان هێندەی تر ناوچەوانە ترشەکەی دا بەیەکدا و لەو کاتەدا هەستا و تۆی لای سێ ژنەکەی تر لە ژوورەکەدا دانیشتبوون بەجێ هێشت. شەیما کە ناویان لێ نابوو شەیمای ئاوارە، قسەی خۆی نەبڕی. تۆ هەر بەردەوام بوویت لە قسەکردن بەڵام لەو هەستانەی ئەودا خەیاڵت هەڵواسرا بەتەنوورە کورت و فشەکەیدا، ئەوەش لە حوکمی عەمامەی پێشووەوە نەبوو کە تێیدا گوزەراندبووت، بگرە قسەکانی شەیما ئەکتەرت وەبیر دەهاتەوە کە پێی گوتیت، خاتوونی سەر کورسییەکە دەیویست خۆ هەڵبژێرێت و ببێت بەسیاسەتوانێکی گەورە بەناوی شەیماکان، دایە حەبیبەی خاوەنی خانووە سپییەکەش زوو زوو دەیگوت: سەر ئەو کورسییە تەنیا یەک سوودی بۆ تۆ هەبوو ئەویش ئەوە بوو لە دوو چڵ ئێسقانەوە خڕومڕی کردی، دە تەنوورەکەت زیاتر هەڵبکە خۆت دەزانیت پیاوە حەشەرییەکانی ئێمە چۆن دەنگ بۆ ژن دەدەن و هەڵی دەبژێرن، ئەویش بەدەم زەردەخەنەیەکەوە دەڵێ: «دایە حەبیبە مەترسە مسۆگەری دەکەم، سەر سەلامەت بێت، قنگ با بۆ دەسەڵات بێت»، زۆر بەو

خـەياڵەوە خـۆت سـەرقـاڵ ناكـەيت و لە قـسـەكـردن بۆ ژنەكـانی تر بـەردەوام دەبيت، وا دەزانـيت دەروازەيەكت بۆ كـراوەتەوە بۆ ئەوەی ئـەو چەند مـانگەی بەدەست چەتەكانی نيشـتمانەوە لە دڵتدا حەشـارت داوە هەڵڕژيت، كاتێكيش خـاتوونی خـۆبـەزلزان دەگـەڕێتـەوە ژوورەكـەی هێندەی تر تـووڕەيی دەكـەوێتـە ناوچەوانی كە لەگەڵ هاتنە ژوورەوەيدا گوێی لێت دەبێت تۆ ئەڵێيت:

– ئاخـر بۆچی ناتوانن هاوكاريم بكـەن بەكاک (شـين) بڵـێن هەنديک ڕێزی ئاوارەيی و دەربەدەريی چـەند سـاڵەمـان بگرێت و هێنده سـووكـايەتيـمـان پێ نەكات، خـۆ ئێمـە بۆ ئەوە نەگەڕاوينەتەوە شـەرەف و جەسـتـەمان ببـەخشـين بەچەتەكانی نيشتمان، ئێمە هاتينەوە نيشتمان بمانپارێزێت.

خاتوونی خۆبەزلزان دەنگی بەرز دەكاتەوە و لێت دەپرسێ:

– پێم ناڵێيت تۆ ئێستا چيت دەوێت، كێ ناردوويتی تۆمـەت بۆ ئەندامـانی ئێمـە دروست بكـەيت، پێ دەچێت لەو دەشـتی ئێرانەوە ئـيتـلاعـات ناردبێتی يان سـەر بەولا بيت، وا بێ شـەرمی دەكەيت بەرامبەر بەڕێز كاک (شـين).

– من ئەو قـسـە بەپێـچـەوانەی ئێـوە تێ نـاگـەم و من ئەڵێم يـان وازمـان لێ بێنن بەكـەرامـەتی خـۆمـانەوە بژيين يان هـاوكـاريمان بكـەن بگـەڕێينەوە چونكە بەدەست چەتەكانی نيشتمانەوە لێرە ژيانمان نەماوە.

– جا بۆ ناژيت، كوا تا ئێـستا كەسـێكی تر هات ئەم سكالايەمان بۆ بكات ئەگـەر درۆ ناكـەيت، هـەمـوو كەس خـۆی دەتوانێت كەرامـەتی خـۆی بپـارێزێت، تۆش بڕۆ خۆت بپارێزە.

– ئەی ئێوە بۆچی لێرە دانـيشـتوون و ناوی خـۆتان ناوە كـەرامـەتپـارێزی شـەيماكـان، ئێـمـە دەتـوانين خـۆمـان لـە خـەڵكی ئاسـايی بپـارێزين، بەڵام ناتوانين بەرامبەر چەتە دەسەڵاتدارەكان خۆمان بپارێزين.

– تۆ دەمدرێژی و بێئابڕوويت كرد بـەرامبـەر كاک (شـين) لێت خۆش نابين بەرامبەر ئێمەی بكەيت.

– باشە من نامەیەکم هەیە بۆم بگەیەنن بە میری وڵات.

– ئەوە کاری ئێمە نییە، دوایی تۆ شەرم ناکەیت، دەتەوێ کاتی زێڕین و مێشکی پڕ داهێنانی ئەو بۆ ساتێکیش بەو شتە پڕوپووچانەی خۆتەوە خەریک بکەیت، بۆ کاری نەماوە شتی وەکو تۆ نەبێت؟

بەدڵشکاوی ئەو کوچە کارتۆنییەش بەجێ دەهێڵی و دەگەڕێیتەوە لانەی سارد و بێ زەوادتان، بیر لەوە دەکەیتەوە لە خەڵک بپرسیت بزانیت کێ لەو ژنانە وەکو تۆ تووشی هەمان دەرد و مەینەتی کراون بۆ ئەوەی هەمووتان پێکەوە دەنگتان بکەن بەیەک و بینێرن بۆ لای پیاوە گرگنەکەی میری شار، بەڵکو چارەسەرێک بۆ ئەو بەدڕەفتارییە دابنێت کە بڵاو بووەتەوە لە هەرێمەکەدا.

پاشان بەخۆت دەڵێیت نا من چاکتر وایە گوێ بگرم بزانم ئەم کۆمەڵە تۆمەت بۆ کام ژن زۆر دەکات و کامیان زۆر ناو دەزڕێنێت دەچمە لای ئەوانە چونکە دڵنیام ئەوانیش وەکو من لێپرسراوێک داوای کردووە خۆی پێ بفرۆشیت ڕازی نەبووە، ئەوانیش هەمان قەوانی منیان لەگەڵدا دووبارە کردووەتەوە. لەناو سەرجەم ئەو کۆمەڵە لێشاوە دەبەنگەدا ڕیسوایان کردووە و چەندین باندی مافیایی ئابڕوویان بۆ داناوە تەنیا بۆ تۆمەت و بوختان دروستکردن.

***

سۆراخکردنی ئەو ژنانەی کە وەکو تۆ بەر شاڵاوی بێئابڕوویی چەتەکانی نیشتمان دەکەون کارێکی گران نەبوو، چونکە ئەو ڤایرۆسە بەسەر ژنانی شاردا دابەش دەکەن، ئەوەی پێی ڕازی دەبێت و دەکرێت بە شاژنی مەیدانی سوارچاکی و پیاوچاکی خۆیان، ئەوەیشی کە ڕازی نابێت وەکو تۆ و شەیماکانی تر ڕیسوا و، شاربەدەر دەکرێن.

تۆش ئەمڕۆ لەگەڵ شەیمای گۆرانیبێژ و شەیمای تایپیست و شەیمای ئەکتەر و پوورە شەیمای دایکی شوان و شەیمای ڕۆژنامەنووس هاتوونەتە

لای من، من شەیمای مافخوازم و نە بەماف و نە بەنووسین و جورنالیست نەمتوانی مافەکانی خۆم وەربگرم، بەڵام ئەوان هاتوونەتە لام مافەکانیان بۆ وەربگرم، هاتوون نامەکانیان بگەیەنم بە میری شار.

من زیاتر بۆ ئەوەی ئەوان بێ ئومێد نەکەم بەرامبەر ئەو خاکە سوتماکە هیچ ناڵێم، بەڵام دەریای دڵم لە تێنەگەیشتنی ئەوان بەرامبەر کارە ساکارەکان پەنگ دەخواتەوە، ئەوان بەهەموو ژیرییان پێیان وایە ئەوەی دەکرێت لە دەرەوەی ڕەزامەندیی میری شار دەکرێت، ئەوان پێیان وایە ئەگەر دەنگیان پێی بگات ئیتر لانەی شەیماکان لە دۆزەخەوە دەگۆڕێت بۆ بەهەشتی میری هەمووان، ئەو بەهەشتەی تەنیا لە وتارەکانیدا دەیدا بەگوێی شەیما خۆشباوەڕەکاندا. ئێوە خوێنتان جۆش دەدات بۆ ئەو مەسەلەیە و منیش دەزانم هەموو خوێن گەرمییەکانتان بۆ ڕاستکردنەوەی ناچیزەکانی ئەو سوتماکە وەکو بڵقی سەر ئاوی لێ دەکرێت، بەڵام ناچارم گوێتان لێ بگرم... ئاخر مرۆڤ هەتا شتێک خۆی نەیبینێت و بەسەری نەیەت لە کاریگەریی تەواوی تێ ناگات و نازانێت کاریگەریی لەسەر خەڵک چۆنە و چییە، ئەگەر ئەمڕۆش ئازارەکانی خۆتان گینگڵی پێ نەدانایە باوەڕتان بەئازاری من دەکرد؟ بەڵام ئەمڕۆکە خۆتان برینداری لە برینی منیش تێ دەگەن، بۆیە ئەمڕۆ پێتان دەڵێم چۆن ئەو خەونەی ئێوە بەتاڵە و هاتنەدیشی مەحاڵە.

هەریەکەتان بەئومێدەوە لاپەڕەیەکتان لە بەردەمی خۆتاندا ئامادە کردووە بۆ ئەوەی بەکورتترین شێوە و دەربڕین نامەکەی لەسەر بنووسن بۆ میری شار نەوەک لە خوێندنەوەیدا بێ کەرامەتی و داوێنپیسی و شەڕەخۆریی نوێنەرەکانی لەناو گەڵدا تووشی شۆکێکی وای بکات کە ڕۆحی شیرینی بەمەرگ بسپێرێت و شار بێ میر بمێنێتەوە، یان لایەنی کەم بەهۆی ئەو چەند کەسەوە دەریای خوێن لە شارەکەدا دروست بکات، بەخوێنی شۆڕشگێڕەکانی دوێنێ و فایلدارەکانی ئەمڕۆ و بەعسی و چڵێس و کۆنە

جاشەکانی ڕابردوو و کارمەندە بەرزەکانی ئەمڕۆ کە سووکایەتی بەدایک و خوشکی نەتەوەی هەڵەبجە و ئەنفال دەکات.

پوورە شەیمای دایکی شوان کە لە هەموویان بەتەمەنترە ئەو هەموویانی کۆ کردبووەوە کە ببن بەیەک دەنگ و کێشەکانی خۆیان بگەیەنن و بەر لە هەمووان هەڵی دایە و هاتە قسە:

– ئەرێ کچم بۆچی بێدەنگی ئێمە سەعاتێکە بگرە و بەردەمانە، قسەکردنمانە، بۆ تۆش مێشێک میوانت نییە؟ هیچ وەڵامێکمان نادەیتەوە؟ گوایە ئێمە وتمان تۆی ماوەیەکە کردووە بەکچی خۆی، لە هەموو کەس زیاتر دەتوانیت دەنگی ئێمەی پێ بگەیەنێت، بەڵام تۆ لەوەتەی ئەو کردوویتی بەکچی خۆی غروور بوویت و هەمیشە چاوت شێتانە خەیاڵت پەرش دەکات و خەیاڵت ڕۆیشتووە.

– نا... نا... پوورە شەیما ئەوە غروور نییە، ئەوە تووشی شۆک بوونە، من ئەو دۆخە شتێکی گرینگی بۆ ڕوون کردمەوە کە تا ئێستا نامەوێ بیدرکێنم، چونکە بەزەییم بەخەڵکدا دێتەوە کە هێندە بێ ئومێدیان بکەم بەرامبەر بەو دۆخە خۆماڵییەی ساڵانی ساڵە خوێنی بۆ دەڕژن، من تێگەیشتم کە دنیاکەمان درۆیەکی گەورەیە و هیچی تر.

– جا کچم تۆش خۆ بەئازا ناسراویت بەخێرێ بۆچی ئەو درۆیانە و کێشەکانی ئێمەش بێ سڵکردنەوە نابەیتە لای، من دڵنیام لێیان قبووڵ ناکات و هەر هەموویان شاربەدەر دەکات، ئەی مەگەر ئەو چەند ساڵە بەو شاخەوە بۆ ئێمەی نەکرد بەئاسوودە بژین؟ خوا عەلیمە ئاگای لە هیچی نییە دەنا چۆن قبووڵی دەکات.

– هاهاهاها چیت گوت پوورە شەیما؟

ئەوان بەسەرسامی لە پێکەنینەکەی من دەڕوانن و وا دەزانن غروورم، بۆیە وەڵام نادەمەوە، بەڵام من هەتا ئەو کاتە هەر بێدەنگم و نامەوێ لەو بێ ئومێدییەی خۆیانەوە بەرەو بێ ئومێدییەکی تریشیان بەرم، بەڵام ئاخ لە

دەست پوورە شـەیما واز لە قسـە ناهێنێت و پێ دەچێ بیەوێ ئەمـڕۆ خـۆی یەکلا بکاتەوە بۆیە پرسی.

– ئاخـر کچم بـەویژدانی کێ ڕەوایە ئەو هـەتیوە سـەرەڕۆیەم لەسـەر حزب حزبێنە گیرابوو، گوایە گوتبوویان ئەو لە بەرەی ئەولایە، بـەقوربانی عەقڵی کـەڵەکی کـوردیش بم هـەر ئەمـبـەر و ئەوبەر و جـیـاوازی دەزانێت، کـاتێک ڕۆشتـمە لای هینی لێپرسراو بۆ ئەوەی هەوڵ بدات بۆم بەرەڵڵا بکات، گوتی ئەو کـارە بەئاسـانی ناکرێت تاوانەکەی زۆر گـەورەیە، پێـویسـتـە واسـتـەی گەورەی بۆ بکەم...

– وتم باشـە ئاخـر چی کردووە خۆ بەعسـی نییـە ئەوبەریش هـەر کـوردە و دوایی ئیـتر خـۆیشت واسـتـەی گەورەی، دەسـتم دامێنت شتێکم بۆ بکە با لە زیندان دەربهێنرێت، ئەو و خوا شک دەبەم و نانی شەو لە ماڵمدا نییە.

– گـوتی: دەزانم بـاشـە هـەوڵی بـەردانی دەدەم، بەڵام ئەم جـۆرە کـارانەش هیمەتی تۆی دەوێت.

– گوتم بەچاوان، من ئێسـتا دەچم پـارە قەرز دەکـەم و قـەلێکی گـەورە یان گیسکێکی چاکت بەدیاری بۆ دەهێنم.

– گوتی: ئەی مەزەی قەلەکە چی بێت؟

– گـوتم: وەڵڵا مـن لە مـەزە و شـتـی وا تـێ ناگـەم، من دەیهـێنم ئیـتـر خـۆت چۆن دەیخۆیت ئارەزووی خۆتە.

– گـوتی: نا، نا شــەیما خـاتوون خـۆت گـێل مــەکـە، مــەزەی من لەگـەڵ خواردنی ئەو قەلەدا خەوتنە لەگەڵ تۆدا... ئەوە مەرجیشە.

پوورە شەیما لە دەربڕینی ئەو بڕگەیەی دواییدا، نەیتوانی کۆنتـرۆڵی خۆی بکات دای لە پڕمەی گریان و بەدەم گریانەوە گوتی:

– منیش نەمکرد بەنامـەردی تفێکم کردە ناوچەوانی و هـاتمە دەرەوە، ئیـتر لەو ڕۆژەوە هـەرچی ناو و ناتۆرە هـەبوو لەناو کۆمەڵدا لێم نرا، هـەر ئەو کەسە

خۆیشی چووبوو بۆ زیندان و کوڕەکەمی وا تێ گەیاندبوو کە دایکی لەوەتەی ئەو زیندانە بەری بۆ چۆڵ بووە و بووە بەداوێنپیسترین کەس، وەکو ئەوەی جەنابی و کوڕەکەم من لە داوێنپیسی بپارێزن.

فرمێسکەکانی بەکوڵتر دەبن و دەڵێت:

– خوا تۆڵەی منیان لێ بکاتەوە، کارێکیان کردبوو، کوڕەکەم گوتبووی یەک ڕۆژ بەرەڵڵام بکەن با بیکوژم و ئەو کات بەدوو تاوان زیندانیم بکەن، ئەویش بەرەڵڵای کردبوو نەک ڕۆژێک ئەوە زیاد لە مانگێک دەبێت من خوا فریام کەوتووە پۆلیسێک کە گوێی لەو زوڵمە دەبێت، پێی گوتمەوە ئیتر هەتا ئێستا خۆمم شاردووەتەوە ئێستاش بەترس و لەرز هاتووم، کچم پێ دەچێت ئەوانە باندێکی تایبەت بەتۆمەت و درۆکردنیان هەبێت بەو ژنانەی تەسلیمیان نابن...

– بەڵێ پوورە شەیما ئەمەیانت پێکا و وایە باندێکی بێئابڕووکردنی ژنانی دژە ناوگەڵی ئەوان و دژە فیکر و سیاسەتی ئەوانیان هەیە تەنیا بۆ سووککردنی ئەوانە لەناو ئەو کۆمەڵە دەبەنگەدا و، ٩٠٪یشیان ئەندامن لەو باندەدا. ئەوەش کارێکی ئاساییە بۆ ئەوان، ئەو کاتەی ویژدان نامێنێت، مەبەدەئیش نامێنێت بەرامبەر وڵات کە مەبدەئیش نەما ئیفلاسی ئەخلاقیش دادەهێنن لەناو خەڵکدا.

شەیمای ئاوارە خۆی پێ ناگیرێ و دەڵێ:

– ئەی هاوار کاتی ئەم بەیت و بالۆرە و فەلسەفەیە نییە و خۆ خۆتان گوێتان لێ بوو پوورە شەیما چی گوت، تەنانەت تەماحیان کردووەتە ئەویش ئاخر ئەوە کەی ئابڕووە ئەمانە هەیانە، دەبێ شتێک بکەین، پاشان ڕوو دەکاتە من و دەڵێ:

– بۆ هێندە بێباک لەگەڵمان دەدوێیت، خۆ بیستوومە لە ئێمە زیاتر بێ ڕەوشتیی بەرامبەر بەتۆ کراوە، کەچی دەمت قفڵ داوە، تەنانەت کە خۆیشت

میری شار دەبینی و بینیوتە دیارە پێت نەگوتووە بۆیە هەمووان ئاگامان لێیە هەر بەردەوامن، وا بزانم تۆ تەنیا کەسێکیت ئەوەندە دەمێکە بەرگری دەکەیت و چوویتە سەنگەری خۆتەسلیمنەکردنەوە پێیان، سەرجەم شارەکە زانیویەتی چییان لێت دەوێت و کەچی نەتکرد پێی بلێیت و کۆتایی بەم بەزمەیان بهێنیت...

بەخۆم نەبوو قاقا پێکەنینێکی خەمبار پێ کەنیم.

– چی؟ بەکێ بڵێم؟ دیارە ئێوە زۆرتان ماوە لەم گێژاوە تێ بگەن...

شەیمای گۆرانیبێژ کە تا ئەو کاتە بێدەنگ بوو هاتە قسە و گوتی:

– باشە من کە باسی کێشەکەی خۆمم بۆ نووسی باسی ئەو کچەش بکەم کە لەگەڵ جەنەراڵدا دەیانویست بەو دەردەم بەرن یان بیکەم بەقوربانی ئەوەی کە ناوی ژنە.

پوورە شەیما دەڵێ:

– جەنەراڵی چی؟ و کچی چی؟ ڕۆڵە تۆ باسی چی دەکەیت، تۆ پەیوەندیت بەکچی خەڵکەوە چییە؟ ئێمە گوتمان هەموومان بێ ئابڕوویەتیمان بەرامبەر کراوە لەلایەن چەتەکانی نیشتمانەوە ئێستا ئێمەش پێویستە ئەوان بێئابڕوو بکەین.

شەیمای گۆرانیبێژ: بەڵێ، ئاخر منیش هەروا ئەڵێم پوورە شەیما، ئاخر مەسەلەکەی من ژنێکیشی تێدا بوو.

پوورە شەیما: چۆۆۆۆن؟!

شەیمای گۆرانیبێژ: خۆتان دەزانن من سەرەتای گۆرانی گوتنمە، بەڵام سەرجەم شاهیدی ئەوەم بۆ دەدەن کە دەنگێکی ئێجگار پەسەندم هەیە، بەڵام ناهێڵن، نایانەوێ کار بکەم بۆ هونەر، جەنەراڵەکانی میری شار، هەموو ڕۆژێ یەکێک لەوانەی کە تەنیا بۆ گەوادیکردنی نێوان خۆیان و خەڵک پلە و پایەیان پێ بەخشیون دەنێرن بەشوێنمدا و دەڵێن دەبێ شەو بێیت بۆ

ماڵی ئێمە هەتا بەیانی گۆرانیمان بۆ بڵێیت، ئەو شەوەیان لەبەر خاتری خاتوونێکی دۆستی یەکێکیان ڕۆیشتم، چونکە خۆی هات بەشوێنمدا و داوای کرد بچم بۆ ماڵی جەنەراڵ گوایە هەردووکیان بەیەکەوە ئاهەنگێکی تایبەت بەخۆیانیان هەیە، منیش گوتم مادەم ئەمجارە ئەو خاتوونەی تێدایە با لە شەڕیان خۆم لابدەم و بچم... بەڵام چیتان پێ بڵێم، شەرم دەکەم بڵێم ئەوان هەتا بەیانی لە بەردەمی مندا هەرچییەک هەبوو کردیان و گۆرانیشیان بەمن دەگوت بۆ ئەو بەزمە و کە ڕۆژیش بووەوە بە ئۆتۆمۆبێلێک منیان ناردەوە و هەڕەشەشیان لێ کردم ئەگەر ئەم وشانەی ئێستا بۆ ئێوەم درکاند بیدرکێنم بەبێئابڕوویی لە سەرم دەدەن و... ئاخر چەند بێئابڕوون من ئەگەر ئەمە بگەیەنم بە میری شار چۆن لێیان قبووڵ دەکات نەڕێزی مرۆڤ بگرن و نەڕێزی هونەر.

منیش گەرچی پرسیارەکەم بەگاڵتەجاڕی بوو چونکە دەمزانی هەموو پرسیارەکان دەچنەوە لای میر، پرسیم:

– ئەی تۆیش وەکو شەیمای ئاوارە نەچوویت بۆ سەنتەری شەیماکان بۆ ئەوەی بەرگریت لێ بکەن؟

شەیمای تایپیست بەر لەوەی شەیمای گۆرانیبێژ دەم بکاتەوە گوتی:

– ئەوە ئێوە دەڵێن چی؟ من خۆم کارم بۆ ئەوان دەکرد کە بینییان یەکێک لەو سیخوڕانەی کە لە ڕووی خەڵکدا چەپ بوو لە ژێرەوەش سیخوڕی خۆیان بوو، دەستدرێژیم بکاتە سەر و بەئەوانم گوت...

لێرەدا قوڕگی پڕ گریان دەبێت و ناتوانێت دەربڕینەکەی تەواو بکات تەنیا ڕوو دەکاتە من و دەڵێت تۆ خۆت دەزانی چییان بەسەرهێنام، ئاگادارم کردوویتەوە.

«بەڵێ بیرم ماوە ئەو ڕۆژەی کە بەپرتاو و گریان خۆت کرد بەلای مندا و گوتت من کچێکی کوردم کەس نەماوە دەرگەی پێ نەگرم هاوکاریم بکات،

کەچی هەر بەسەرمیاندا کێشاوە، هاتووم خۆمت پێ بناسێنم و پێت بڵێم لە چ کێشەیەکدام.

بەڵام کێشەی تۆ لە هەمووان جیاوازتر بوو، تۆ وەکو شەیماکانی تر نەبووی هەر لە دوورەوە گۆرانیی خەوخۆشی خۆیان بجوونەوە، تۆ دەستی پۆخڵەیی و چەتەییان پێت گەیشتبوو».

– شەیمای تاپپیست: ئێستا دەزانن بۆچی داخ لە دڵم و کە من خۆم لە سەنتەری شەیماکاندا بووم، ئەو کاتە گوتیان ئێمە پێویستمان بەتۆ نەماوە تۆ کێشەت هەیە و دەریان کردم، گوتیان ئەو کەسەی کە غەدری پێ کردووی گوێڕایەڵێکی باشی خۆمانە و لەبەر خاتری تۆ ئەو لە خۆمان زیز ناکەین، واش بوو زۆربەی نووسینەکان کە بەناوی هەندێکیانەوە بڵاو دەکرایەوە ئەوی چەتە بۆی دەنووسین بۆیە دەبوو من ببم بەقوربانی نەک کەسایەتیی کارتۆنیی ئەوان.

پوورە شەیما: جا کچم تۆ ئێستا دەتەوێ لای میری شار شکات لە کام لایان بکەیت؟

شەیمای تاپپیست: لە هەردوو لایان.

هەتا ئەو کاتە شەیمای ڕۆژنامەنووس بێدەنگ بوو، بەخەمباری لە هەمووانی دەنواڕی و بەبێ هیچ دەربڕینێک، ئەو هەموو شتەکانی لە دیدەدا یەکسان بووبوو، ئەو لە گۆڤارێکدا کاری کردبوو، پاشان بۆی دەردەکەوێت ئەو گۆڤارە دەزگای سیخوڕیی خۆیان دەری دەکات، لەبەرئەوەی خۆی ئەندامیان بوو لەلای گرنگ نەبوو و لە کارکردن لەگەڵیاندا هەر بەردەوام بوو، ئەوەندە دەزانێت ڕۆژێک چاوپێکەوتنێک بەناوی ئەوەوە لە گۆڤارەکەدا بڵاو کراوەتەوە کە ئەو نەیکردووە و ئاگای لێی نییە، کە لە سەرنووسەر دەپرسێ دەڵێ: ئەوە هیچ نییە خۆم حەزم کرد بەناوی تۆوە بڵاو بێتەوە و وەکو هاندانمان بۆ هاتنە پێشەوەی ژن بۆ مەیدانەکە، هاندانی تۆشە کە تازە دەستت پێ کردووە، خۆت دەزانیت ئێمە چەند بایەخ بەو لایەنە دەدەین، بەڵام

هەر پاش تەنیا دوو ڕۆژ کە دەچێتە ژوورەوە گوێی لە دەنگی سەرنووسەرە کاتێک ئەو چاوپێکەوتنەی ساز داوە، بەپێکەنینەوە بەشەیمای ڕۆژنامەنووس دەڵێ: خۆت گوێت لێ بوو، ئەوە بەڵگەم هەیە ئیتر چیی تر نازم بەسەردا مەکە یان تەسلیمم دەبیت یان ئەو بەڵگەیە بەهەزاران کۆپیی لێ دروست دەکەم و بەناو خەڵکدا بڵاوی دەکەمەوە.

– شەیمای ڕۆژنامەنووس: جا ئەوە کەی کێشەی منە و خۆ من نەمگوتووە بەناوی منەوە بڵاوی بکەرەوە.

– جا ئیتر لە نێوان من و تۆدا بزانین خەڵک باوەڕ بەکاممان دەکات و بۆیە دوو هەڵبژاردنت هەیە یان بەدڵی من کردن یان ئابڕووچوونی هەتاهەتاییت... بەڵام ئەوەش بزانە ئەگەر بەئارەزووی من بکەیت چیت بوێت جێبەجێ دەبێت بەڵام پێچەوانەکەی هەتا ماویت پەیمانت دەدەمێ نابیت بەهیچ...

پاش ئەم کەین و بەینە شەیمای ڕۆژنامەنووس تەنانەت واز لە مامۆستاییەکەیشی دەهێنێ نەک هەر ڕۆژنامەنووسی و دەبێت بە ژنی ماڵەوە، بەڵام دەزگا بەناوبانگەکەی بێ ئابڕووکردنی جەماوەر ڕۆژانە جۆرەها قەوانی هەتا ئێستا بۆ لێ دەدەن بەڕادەیەک کە لە ناوەندەکەدا هەمیشە بیری خەڵکی دەهێننەوە.

شەیمای ئاوارە کە گوێی لە قسەکانی ئەوان دەبێت گریانێکی بەکوڵتر لە پێشتر دەگری و دەڵێ: خەریکە منیش دەچمە سەر بێ ئومێدییەکەی شەیمای مافخواز و بڵێم پێویست ناکات چیی تر بیر لەوە بکەینەوە خۆمان بەئومێدی دەنگ گەیاندن بەمیری شار خەریک بکەین، ئاخر خۆ ژنانی تر چاوەڕوانن ئێوە ڕزگاریان بکەن ئەمە بارودۆخی خۆتانە، ئەی کێ خۆتان ڕزگار بکات کە پێنووس و داد و ڕۆشنبیری و دانایی بەڵایەکی گەورەترە، ئەگەر من داوای مافی خۆم و پێنج خوشک و باوکێکی پیرم کرد داوای فیفتی بەفیفتییان لێ کردم، چیم بۆ بکەن ئەوەندەیان بدەمێ، خۆ ئەوان پێویستیان بەئێوە هەیە نەک ئەوان.

– شەیمای مافخواز: نا ئەوان تەنیا پێویستیان بەشرەخۆر و چەتە هەیە نەک ئێمە، تۆ خۆت بیر بکەرەوە ئەگەر تۆ داوای مافی خۆت کرد ئەوەیان دەوێت، ئەی کاتێک ئێمە داوای مافی نەتەوەیەک دەکەین، ئەوانەشمان هیچیان پێ نەکرێت باندی مافیای شەرەفی بۆ دەخەنە گەڕ و لایەنی کەم بەتۆمەتی شەرەف تیرۆری دەکەن هەتا بۆیان ڕێک دەکەوێت خۆشمان تیرۆر دەکەن و بۆ ئەوەی کۆمەڵ ئەو مافەیان بداتێ.

پوورە شەیما: ئەرێ کچان پێتان نەگوتم شەیمای ئەکتەر بۆ نەهاتووە.

منیش لەگەڵ ئەوەی خەمەکانی ئەوان لە بنەوە هەڵی کێشابووم بەجاڕسی گوتم:

– ئەویش بوو بەقوربانی... واتە ولاتی بەجێ هێشت...

– پوورە شەیما: ئاخ لە دەست ئەمانە هەر کەس هاتوو بەجێی هێشت و لەگەڵیدا کێشەکانیان بۆ ئێمە بەجێ هێشت.

– نا پوورە شەیما کێشەکان وازیان لەو نەدەهێنا، خۆت دەزانی لە یەکێک لە دەزگاکاندا کاری دەکرد، ڕۆژێک لێپرسراوی دەزگاکەی ئەوەی لە هەمووان داواکراوە لەوی داوا دەکات، ئەویش هەر ئەو ڕۆژە دەست لەکار دەکێشێتەوە و ئەڵێ ئەم جۆرە دەزگایانە تەنیا بۆ خۆتان جوانن لێتان دێت لەسەر ئەو کورسییانە بن... بەڵام کاتێک ئەو دەرواتە دەرەوە لە بۆردی ئاگەدارییەکاندا بۆ ئەوەی سەرجەم میوانەکانیش ببینن، دەنووسێت ئەمڕۆ کەسێکمان لە دەزگاکەمان دەرکرد بەهۆی بێ ڕەوشتی و... باندی مافیاش خۆتان دەزانن دوای ئەوە دەکەونە کار بۆیە نەک کارەکەی، ولاتەکەشی بۆ بەجێ هێشتن...

شەیمای ڕۆژنامەنووس ڕوو لە من دەکات و دەڵێ: شەیمای مافخواز پێ دەچێت ئەمڕۆ ڕۆژی ژن هەڵهاتن بێت، ئەوە دوو مانگە میری شار تۆی کردووە بەکچی خۆی، بۆیە لە تۆ نێزیکتر نادۆزینەوە کە بەڕاستی ئەوانەی

پێ بگەیەنێت و بەرژەوەندیی نەبێت.

– ئاخر چی پێ بگەیەنم ئێوە لە خەیاڵدا دەژین و من دڵنیام هیچتان بۆ ناکرێت.

– پوورە شەیما: شەیمای مافخواز بڵێ هیچتان بۆ ناکەم و بڕایەوە.

– ئاخخ... دیارە ئێوە بڕوام پێ ناکەن بۆیە ناچارم ئەوەی چەندێکە باسم نەکردووە لەبەرئەوەی ئەو خاکە و ئەو خەڵکەم خۆش دەوێت و هەمووی وەکو من بڕیاری بەجێهێشتنی نەدات، پێم دەدرکێنن.

– شەیمای گۆرانیبێژ: چیییییی، بۆ ناڵێیت تۆش ئەم کاولەیە بەجێ دەهێڵیت.

– نەخێر ئەو کاولەیە منی بەجێ هێشتووە.

– پوورە شەیما کچم تۆ دەڵێی چی، ئێمە دڵمان بەتۆ خۆشە بەرگریمان لێ بکەیت.

– پوورە شەیما من خۆشم پێویستم بە بەرگرییە، من تازە دەرکەوتبووم کە (سین) هاتە لام گوایە (فا)ی لێپرسراویان دەیەوێ لێم نزیک بێتەوە پاش ئەوەی کە وەڵامەکەم پێچەوانەی ئارەزووی ئەوان بوو، جگە لەو هەموو سووکایەتییەی ئێوە لە شارەکەدا دەیبینن و چەند جاریش سکاڵایان لەسەر تۆمار کردووم، کەچی هێندە بێ ئابڕوو بوون ڕۆژێک هاتەوە جارێکی تر گوتی کاک (فا) دەڵێ بەخۆمان ڕازی نابێت با زانیاریمان بۆ کۆ بکاتەوە و هاوکاریمان بکات، منیش بەڕاستی عەقڵی ئەو کاتەم منداڵ بوو وەکو گوتم سەرەتای دەرکەوتنم بوو بۆیە گوتم: من ناتوانم بۆ ئێوە بنووسم و بەرگری لە ئێوە بکەم.

ئەو کە زانی لە مەبەستە ناپاکەکەی تێ ناگەم گوتی نانا نووسینمان ناوێت، هەزاران پیاومان هەیە بە بتڵی عەرەقی فەل چۆنمان بوێت وا بۆمان دەهۆننەوە، تۆ جوانیت دەتوانیت بەزەردەخەنەیەک زانیاریمان بۆ کۆ

بکەیتەوە، ئەوجا تێ گەیشتم ئەوانە دەیانەوێ ببم بەتەزبیحی دەستی ئەوان و خۆفرۆشێکی ڕەسمی، پێم وا بوو دەبێ بەعەقڵ و هێمنی مامەڵە بکەم و ئەو کێشەیە چارەسەر بکەم و دیسان دەشمگوت دیارە ئەوان بەهەڵە لە ژنان تێ گەیشتوون، بەتایبەت کە (سین) پێشتر گوتبووی وەکو فلان خاتوون و فیسار ئەوانیش وا دەکەن بزانە چۆن لای ئێمە هەموو شتێکیان بۆ دەکرێت، بۆیە بەهێمنی گوتم ئاخر ئەوەی مرۆڤ بێت ئەو داوایانەی ئێوە ڕەت دەکاتەوە، ئەوانەش مرۆڤ نین بۆیە ئەوەتان بۆ دەکەن، دوایی من:

یەکەم: ئەگەر بمەوێت لە پیاوێک نزیک ببمەوە ئەوا بەڕێگەی مەشرووع لەگەڵیدا دەژیم چ پێویست بەسەرئێشەی نامەشرووع دەکات.

دووەم: گەر بمەوێ پێوەندی ببەستم، هاوسەرایەتی دەکەم و کاتی خۆم بەفیڕۆ نادەم و بەڵام لە ئێستادا هەردووکیان لای من ڕەتکراوەیە چونکە پڕۆژەی پیرۆزترم لە بەردەمدایە.

سێیەم: ژنێکی نووسەر و ڕۆژنامەنووس و هونەرمەند و بیرمەند و مافخواز، هەریەک لەمانە بۆیە دێنە ئەو بوارانەوە چونکە وا هەست دەکەن ناشیرینییەک هەیە پێویستە جوانی بکەن، هەڵەیەک هەیە پێویستە ڕاستی بکەنەوە، چۆن ئێوە هێندە بێ شەرمن دەتانەوێ ئەم جۆرە مرۆڤە ببێت بەخۆفرۆش و قێزەون.

چوارەم: ئەوەی تۆ دەیڵێیت داوونەریتی کورد نییە و حزبی بەعس زۆری هەوڵ دا ئەو نەریتە قێزەونە لەناوماندا بچێنێت، خۆ ئێوەش وەکو بەعس دوژمنی ئەو گەلە نین دەتانەوێ ئەو جۆرە ئاکارانەمان لەناودا بڵاو بکەنەوە.

پێنجەم: خۆ ئەگەر ژنێکی ڕۆشنبیر بزانێت ئەوە ئاکامی کارکردنی بێت بەو کردەوانە ڕازی بێت، کارەکانی و عەقڵی نەبینرێت و تەنیا بەجەستە ببینرێت، ئەوا دەچێت دەبێت بەژنی ماڵەوە و ڕۆژانەش خۆی تووشی ئەو هەموو سەرئێشە و کێشانە ناکات بۆ ئەوەی ئەوانەی ئێوە لە کۆمەڵدا بەو

شێوە ناشیرینییە دەیچێنن، ئەوان ڕیشەکێشی کەن.

شەشەم: من هیچ کارێکم بەئێوە نییە هەتا بەو شێوازە ناشیرینە قسەم لەگەڵدا بکەن، ئەندامی ئەو کۆمەڵەم و ئێرەش شاری خۆمە، بەڵام ئێوە ئاوارەن و لەسەر خوانی ئەم شارە نان دەخۆن لەبەر ئەوە ئەگەر ڕێزی خۆتان ناگرن هی شارەکە بگرن.

حەوتەم: ئێمە خێزانێکین تا سەرئێسقان چەوساوە و خاوەن شەهیدین شەرم ناکەن بەخەڵکانێک کە سەر و ماڵ و بەختەوەریی خۆی بەخشیوە دەڵێن کەمە، وەرن ئێستاش شەرەفتان بەئێمە بفرۆشن، ئەمە ئەو بێ ئابڕوویەتییەیە کە شۆڕشی نوێ فێری کردن...

ئیتر من عەقڵی ئەو کاتەم هەر ئەوەندەی پێ شکا و، هەر ئەوەندەم دەزانی لێکی بدەمەوە، ئێستا ڕای زۆرم لەسەر ئەو نەخۆشییەی ئەوان هەیە، بەڵام ئەوسا لەوە زیاترم نەدەزانی و بیرم ماوە هێندە ساویلکە بووم گوتم، ئیتر جارێکی تر بەو مەبەستانە قسە لەگەڵ من نەکەن، چونکە من تەنیا بەخۆشەویستییەکی گەورە و پڕۆژەی هاوسەری لە پیاوێک نزیک دەبمەوە ئەویش ئێستا نا زۆری ماوە، هەتا خۆم خۆم پێ نەگەیەنم هاوسەریەتیش ناکەم بۆ ئەوەی هێندە نەڵێن ژنی کورد بێ توانایە و لە سایەی پیاوێکدا پێ دەگات و...

سەیر بوو قسەکانی پێ بڕیم و یەکسەر گوتی تۆ کەسێکی بێ مێشکیت، بەرژەوەندیی خۆت نازانیت، بۆ کێی دەکەیت؟ ئەگەر بەقسەی ئێمە بکەیت هەر چیت بوێ لە دنیادا جێبەجێ دەبێت، گەرنا ئەوا هەتا ماویت ناهێڵین بگەیت بەهیچ و هەر خۆشت لە شارەکەدا وا تەنگ پێ هەڵدەچنین لەو قسانەی ئێستات پەشیمان بیتەوە، ئەوە دوا بڕیاری کاک (فا)یە.

ئێستاش هەمووتان دەزانن و دەبینن نە دادگە لێ گرتن و نە سووکایەتی ماوە نەیکات لەگەڵ دەستەی مافیانی خۆیاندا، هیچ جۆرە هەوڵێکیش نەماوە نەیدەن بۆ لەناوبردنی و... دەزانن مەزەندە ناکەم نە پێنووس و نە زمان

بتوانێت گوزارشت له بێئابڕوویەتیی ئەمانە بکات... نامەوێ لەوە زیاتر بڵێم تەنیا ئەوەندە دەڵێم من بۆیە نزیکبوونەوە لە میری شارم پێ پەسند بوو بۆ ئەوەی ئیتر ئەو شەڕی سەنگەر بەسەنگەرە لەگەڵ چەتەکانیدا کۆتاییی پێ بێنێت، کە نەک بۆ پاراستنی نیشتمان بۆ پاراستنی شەرەفمان لە دەستیان گرتوومانە... لەو خاکە سوتماکەدا بمێنمەوە بەجێی نەهێڵم، بەڵام ئەفسووس...

– پووره شەیما... بەڵام چی کچم نەڵێی خوانەخواستە هیچی بۆ نەکردم؟

– خۆزگە پووره شەیما، بەڵکو بەئاگەداریی خۆی هەموو شتێک کرابوو من زۆربەیانم ئاگادار کردەوە.

– شەیمای گۆرانیبێژ: چیی؟ کەواتە چارەسەر چییە؟

– شەیمای مافخواز: لە ڕاستیدا من دەمێکە ڕۆحم سەفەری کردووە و لە شارەکەی خۆمدا هەست بەغەریبیی کوشندە دەکەم، بۆیە سەری خۆم هەڵدەگرم بۆ نیشتمانێک دەگەڕێم.

– شەیمای ئاوارە: منیش ناچارم بگەڕێمەوە بۆ خاکی بەعس نەک کورد، بەڵام مەرج بێت وەکو ئێوە بێدەنگ نەبم سەرجەم جیهانیان لێ تێ بگەیەنم ئەوجا بەجێی بهێڵم.

– شەیمای گۆرانیبێژ: بژی ئەو کوردایەتییەی بۆیان کردین، منیش هەر سبەی دەچم بۆ دەڤەرەکەی تر بەڵکو لەوێ مەردی تێدا بێت و لەم کاولەی پڕ چەتە ڕزگارم کات و لەوێوە دەرچم.

– شەیمای ڕۆژنامەنووس: منیش بڕیارم دا وەکو هەر کچێکی نەریتی کە کەسێک لە هەندەران گەڕایەوە و ئەگەر ٥٠ ساڵ لە خۆیشم گەورەتر بێت شووی پێ بکەم بۆ ئەوەی شەرەفم لە دەستی چەتەکان ڕزگار بکات... ئێستا دەزانم شێتبوونی کچان بۆ هەندەران تەنیا حیکمەتی پارە و گۆڕینی لە پشتەوە نییە.

– شەیمای ئەکتەر: منیش دەچمە تورکیا، داوا لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەم لەدەست چەتەکانی نیشتمان ڕزگارم بکات.

پوورە شەیما دەست دەکات بەگریان و ئەڵێ:

– ئای بێ کەس خۆم.

– ئاخر کچەکانم ئێوە هەمووتان دەڕۆن کێشەکان چارەسەر نابێت، ئەوە لە بەرژەوەندیی ئەوانە کەسی یاخیی تێدا نەمێنێت، ئێوە دەڕۆن کێشەکانیش زیاد دەبێت.

– شەیمای مافخواز: کۆمەڵێک هێندە دەبەنگ بێت وەکو مێگەل چۆنیان بوێ لێیان بخوڕن، کەی ویژدانیان بەئاگا هات ئەو کات دەگەڕێینەوە لایان و کێشەیان لەگەڵدا چارەسەر دەکەین، لەوانەیە ڕۆژێ بەخەبەر بێن وەکو چۆن بەعسیان دەرکرد چەتەکانی نیشتمانیش دەربکەن.

– پوورە شەیما: ئەی من بچم بۆ کوێ؟

– شەیمای مافخواز: بەقسەی من بکەیت دەچیتە گوندێکی ئێکجار دووری کوردستان کە هێشتا ئاوەدان نەکرابێتەوە و تەنیا مەیموونی تێدا بێت، ئاوەدانی دەکەیتەوە، ئەو کات ئەم مەیموونستانە و ئەم مەیموونە بەشەرییانە بەجێ دەهێڵیت و لەگەڵ ئەو مەیموونە ئاژەڵانەدا دەژیت، ئەو کات وەفای ئەوان بەراورد بکە بەمجۆرە ئاژەڵە بەشەرییانە هەرگیز ناگەڕێیتەوە لەوانەیە ئێمەش بانگهێشتن بکەیت بۆ ئەوێ.

***

ئێستا من زەمەنێکە مەیموونستانم بەجێ هێشتووە، تەنیا بەنامە لەگەڵ شەیماکاندا ئاگامان لەیەکە، شەیمای ئاوارە دەڵێت هێندە داخ لە دڵم ئەمجارە ئەگەر ڕیش و عەمامە بوو بەدەسەڵات سوێند بەعەلی و عومەر دەخۆم، ئەگەر بەعسیش بوو "بالروح بالدم" دەکەم.

پوورە شەیما و شەیماکانی تر هەر لە دوورەوە گاڵتەیان بەعەقڵی زگماکی

ئەو مـەیموونە بەشـەرییـانە دێت، بەهـەمووشـیـان لە من دەپرسن، منیش لە دوانامەدا بۆم نووسـیبوون کە خاتوونە قەڵەوەکەی سـەر کورسییـەکەی ئەوێ چەند وڵات دەکەم بەفەرمـانی میری شار دەچێتە ئەو وڵاتە، سەر بیدیش نییە تاقی نەکـاتەوە بۆ ئەوەی وەکو چۆن لە مـەیموونسـتـان پێنووسی بۆ دروست کـرابوو بۆی دروست بکەن، بەڵام ئەفـسـووس دوا چالاکـیـیـەکـانی بەشـداریکردنە لە پرۆسـەی کـوشـتندا، بێ ئابروویانە لە هـەندێ وڵات دەردەکرێت، ئێوەش سـەیری هەواڵە تەزویرەکانی بکەن و قاقا پێ بکەنن لە مـەیموونستـان کردوویانە بە شای شـەیماکان، خۆ کە کاک (فا) کاک (عین) یش یارمەتیی دەدا لە غوربەتمدا بتوانن بەیارمەتیی بەعس ئەوەی دەیانەوێت بیکەن، خـەجـاڵەت، لووتیـان شکا و بۆیە ئێـسـتـا ڕۆژانە ئیـمـێلەکـەم خـەجـاڵەتنامـەکـانیـان دەهێنێ و قـۆبچـەیەکی بچـووکیش پێ دەکـەنێ و دەیسڕێتەوە.

ئەمڕۆ لەگەڵ هاوڕێ یاخییەکەم قسە دەکەم، ئا جا لێرەش قسە نەما جگە لە باسی مەیموونستان.

شەیمای گۆرانیبێژ: دیسان چی؟

شـەیمای مـافـخـواز: هیچ نییـە، چەتەکـانی مـیـری شـار بۆ خـانمەکـەی هـاوڕێمـیان نووسـیوە ئەگەر بە برۆ و برژانگی هیـلالیمـاندا نەڵێیت فـایلێک و فۆڵدەرێکت بۆ دروست دەکەین، جا ئەوجا هەر بڵێ من نەبووم.

پوورە شـەیما: دەک خـەجـاڵەت بن، خـۆ هەر هـەمـوویان یـەکـێک لەم مـەیموونانـەی ئەم نـاوچە چۆڵەی من نـاهێـنن، ئەم مـەیموونانـە لە ورچیش دەمپارێزن، کەچی ئەوان...

*٤ مارس ٢٠٠٤ کەنەدا*

## شەهیدبوونی گوڵەکانی سەر شوورای باخچە

بەیانی بوو دانیشتوانی شارەکەم بەگژ شەقامە سەروو ژوورەکەی ئامێزی سنەوبەرەکاندا چوون، ئێوارە بوو تارمایی ڕۆحم لەتەک تارمایی هاوڕێکەم... نە... لەگەڵ تارمایی ئەو.. ئەم.. ئەوانیش.. بەڵێ ئەوانیش یەک بەیەک هەنگاوە بەجێماوەکانی بەیانیمان لەسەر خیابانەکە چینەوە و خستمانە نێو تۆقەڵانی درەختەکانەوە، بۆ ئەوەی ببن بە بینەری ئەو شانۆنامە تراجیدییە، شانۆی گوڵە شەهیدبووەکانی سەر شووړای باخچە ئەو گوڵانەی ئەهریمەنە بەهەشت گرتووەکان نەیانهێشت پێیان بگەین و بۆنیان بکەین.. ناهێڵن ئەوان نایانەوێ خوودەی جەنەڕاڵەکانی دۆزەخ ژەهراوی کەین سەیرە ڕۆژگار... سەیرە لێرە ژێر گەڵای درەختێکی نیشتمان نەماوە بۆ حەوانەوە، ئەوان دەیانەوێ ئەدرێسی حیکمەتەکانی بە قەرەج بوونمان بفرۆشن.

بۆیە بڕیارمان دا ببین بە تارمایی، حیکمەتی بە تارمایی بوونیشمان ئەو دەستەسڕە بوو کە باغەوانەکە لەبەرئەوەی تەمەنێکی درێژی بڕیبوو، بەناوی (نوح)ەوە بانگیان دەکرد، ئەویش بەر لە سەدەیەک لە کابرایەکی شڕۆڵەی وەرگرتبوو، بەمەزەندەی خۆی خدری زیندە بووە، ئەمەش هیچ ئەرکێکی گرانی لە خەڵک نەدەویست تەنیا ئەوە بوو بەو دەستەسڕە دەموچاو بسڕێت ئیتر هێدی هێدی لە ڕەنگ دەچوونەوە و، دەبوون بە تارمایی هەر بۆیە لەو سەدەیەوە هەموو ساڵێک لە دووشەمی ساڵی سفردا کۆمەڵێک دەبن بەتارمایی چونکە سەرەتا و کۆتاییەک نەبوو بۆ ئەوەی پەڕاوی

شانازییەکانی خۆمانی پێ هەڵدەینەوە، ساباتێکی ڕاستەقینە نەبوو بۆ ئەوەی بچینە سایەیەوە و چیی تر سەرە ڕووتاوەکان هەتاو نەیانبرژێنێ، ڕستەیەک نەبوو ڕۆڵی خاڵەبەندەکان ببینێ بۆیە ئێمەش ئێستا خۆمان شایستەی بەتارمایی بوون دەزانین

هەر سێ چوارمان دەموچاومان بەو دەستەسرە سرِی و هێدی هێدی لە ڕەنگ چووینەوە و بووین بە تارمایی بەسنگە خشە بەژێر شووراکاندا ئاودیوی باخچە بووین، بەلای ئەو تەیرانەدا تێپەڕین، کە دەنووکیان بە پەت کشتەک دابوو بۆ ئەوەی تەنیا فریشتەکانی دۆزەخ نهێنییەکانی دڵیان بخوێنێتەوە ئەوان دەیانگوت:

"چی بکەین لە نهێنییەک لە بوخچەدا ئالا بێتەوە و لە سندووقی بوراقدا هەڵگیرابێت".

داومان بۆ گیرسانەوەی دەوارەکانمان لە پرچی ئەو ژنە کەزییە سپییانە دروست دەکرد کە سەراپا نوقمی ژێر لافیتە ڕەشەکان ببووبوون. لە پەڕینەوەدا هەردوو قاچم هەتا ئەژنۆ مێرووڵەی لێ ئالابوو، لەو کاتەدا ویستم بە هاوڕێ وێنەکێشەکەم بڵێم، تۆ دەتوانی... ئاە... تارمایی ئەومان لەگەڵدا نییە، بەیانی ناونووس کرابوو کە بێت و ببێ بە تارمایی! بەڵێ ناونووس کرابوو، خۆم بینیم.. خۆ باوەڕیش ناکەم هەڵهاتبێت، ئەوەتا ژمارەی هەموو شوێن هەنگاوەکانم هەڵگرتووە، تەنیا ژمارەی پێڵاوەکانی ئەوی پێوە نییە... کەواتە ئەمڕۆ دووشەممەیە ڕۆژی سەردانی باخچەی شاریەتی، بەڵام چۆن دەتوانێت سەردانی باخچەی شار بکات؟ کە دووشەممەیساڵی سفرە، ئاخر چۆن؟ کە هەموو ساڵێک لەم ڕۆژەدا ئێمە دەبین بە تارمایی چۆن شتی وای پێ دەکرێت. کە ئێمەی قەرەج گەر دەوارێکیشمان بۆ بێنێت. سەرپشتی ئەسپێکمان هەبوو بۆ هەوار بەهەواری نیشتمان، ئەویشیان لێ فڕاندین، ئەویشیان بە ئێمەی بەزیو ڕەوا نەبینی، دەبین بەتارمایی و لەگەڵ مژی

خەمدا بەشەڕ دێین، هەموو ساڵێکی سفر ئێمەی قەرەج هەوار بەهەوار بەدووی ئەدرێسی خۆماندا دەگەڕێین و هێندە ونین تەنانەت دەواری خۆشمان ناناسینەوە بەدووی پشتی ئەو ئەسپانەدا دەگەڕێین کە بۆنی نیشتمانە مرۆڤ لێ تۆراوەکەمانی گرتووە. ئێمەی کوژراو، عەتری نیشتمانمان لە توولە ڕێ و نشێوەکاندا لێ چۆڕا ئێمەی شێواوی نێوان بەڵێندەرەکانی ئەرێ و نەرێ هەتا دەبین بە تارمایی شاریش چەپڵەی سەرکەوتنمان بۆ لێدەدەن، گەر بەر هێڵنجی سەرکێشیش کەوتین بێ دایەلۆگ... چەپڵە بۆ ئەوان لێدەدەن، چەپڵە... چەپڵە... دواجار لە سیمای تابلۆکاندا دەنەخشیت وەکو لە تابلۆکانی-

- ئاه... بەڕاست هەتا ئێستا هەر نەهاتووە؟ "دەزانم ئێستا وەکو خوویەکی هەمیشەیی خۆی، لە بیابانەکە، دوور لە شار ڕەشماڵێکی هەڵداوە و بە تاڵی سمێڵی یەک بەیەکی تابلۆ بێ چوارچێوەکانی هەڵواسیوە، پەنجەرەکانی ڕووی خۆرهەڵاتیشی کردوونەتەوە، ئەو دەیویست سەفەر لەتەک بارانە بێ ئێرەیییەکاندا بکات، ئەو دەڵێ من پاسەوانی مرۆڤە دوورووەکانم پێ ناکرێت ناتوانم بە بۆریی پڕ باروتی گوماندا تێپەڕم هەر لێرەڕا، ئەوە بۆیەکەمە ڕژاوە، لە شوێن پێ جێماوەکانیشم ڕۆژەکانی ساڵ دەژمێرم، ئێوارەی دووشەممانیش سەردانی باخچەی شار دەکەم، بەردە نەرمەکانیش دەکەم بە ملوانکە بۆ دەزگیرانە برۆنزیەکەم. تۆش جەستەت لێرە و ڕۆحت گۆشەگیر، سێوە تەڕەکان بۆ ژیان وێک ناخەیت سەرشێتانە بەڕووتا هەڵدەشاخم. "هەرگیز.. هەرگیز وانییە، بیرت چوو خۆتان پەروەردەکەری ئەو داوانەن.. ئێمە هەر لە لەدایکبوونەوە، لاسایی زمانی ئەو دایکانە دەکەینەوە کە باوکمان قۆپچەی ڕەشی داوە لە زمانیان و چاوەڕوانی جەنەڕاڵی قەدەرە لە خەزانێکدا بیانوەرێنێت".

ئەو ئێوارەیە سەرمان بەسنگی سنەوبەرەکانەوە بوو، کە خۆمان بەدووی قەدەردا وێڵ کرد بە مشتێ ئاوی دەریاش دەموچاومان نوورانی کرد، تەنیا

دەمانتوانی ڕوخساری خۆمان نوورانی کەین، چوون ناتوانین بەئاوی دەریا هەموو زەوی بشۆین، بۆیە تۆزێ ڕوخسارمان لە گوناهە بەریئەکان شۆردەوە، بۆ ئەوەی دەمامک لەسەر ڕوخسارە گوناهاوییەکان لابدەین، ئەو ڕوخسارانەی لە دەفەکانی خیانەتدا نوقڵ دەگێڕن و ئێمەی تارماییش بە نۆرە دەفرەکانمان گرتبوو، بۆ وەرگرتنی خواردنی ئەو نیوەڕۆیە. دەبوو خێرا لە نان خواردن بینەوە دەستیشمان بە ئاوی فلینەکە بشۆین چونکە چەند ساتێکی تر خەڵک دەهاتن و لە حیکمەتەکانی بە تارمایی بوونیان دەپرسی، دەبوو بەر لە هاتنیان برادەرە شاعیرەکەمان شیعرەکەی تەواو بکات، شانۆکارانیش نمایشی شانۆ ئیرتیجالییەکەیان بکەن، من و ئەو هاوڕێیەشم کە هەردەم لە مردن دەترسێ چیرۆکەکە پاکنووس بکەین، بۆ ئەوەی ببین بە "کۆمەڵەی تارمایی ناسان" و ئەو دڵانەش بەرامبەر کوانووی ژیان کەڕوویان گرتووە پاک بکەینەوە، بۆیە بڕیارمان دا هەر لەوێ دەوارنشین بین.

هێشتا نۆرەی من نەهاتبوو خواردنەکەم وەرگرم کە یەک دووجار ناوی هاوڕێ وێنەکێشەکەمی خوێندەوە ئامادە نەبوو، لەو ساتەشدا لەژێر پەلە سنەوبەرەکانەوە تووتێکە برووسکە ئاسا دەرکەوت و شریتێکی فڕێ دایە کۆشمەوە، شێلگیرانەش تێی گەیاندم کە هاوڕێکەم لە خەونێکی قووڵدایە و خەون بە ئێمەوە دەبینێت، ئەمەش بەشێکی ئەو خەونەیە بەبێ زانیاریی خۆی تۆمارم کردووە. هێشتا واقی وڕم وشەی پێ نەدرکاندبووم فڕێی دا و بەجێی هێشتم، منیش خێرا شریتەکەم گەیاندە ترۆپکی سنەوبەرەکان بۆ نمایشکردنی خەونەکە.

لە خەونیدا ئێوارەی ڕۆژی دووشەم لە سەردانی باخچەی شار دەگەڕێتەوە، لەمدیو شوورای باخچە و بەرامبەر ئەپارتمانە دوازدە نهۆمەکە تابلۆیەک و چەند فلچەیەک لە هەردوو دەستیدا جێگیر بووبوون، منیش فرسەخێک دوورتر هەنگاوەکانم ئەو دەڤەرەیان دەکێلا و خەیاڵیشم پەخشی خەونێکی ئێجگار دوور بوو، کە قاقای پێکەنینی بەئاگای هێنامەوە وتی:

– پێت چۆنە؟ گەر بڵێم خەیاڵ پەرستن و هەردەم دووی تەلسمی گومان دەکەون.

– نە.. نە.. وامەڵێ، لە مەشدا ئێوە زیاتر هاوبەشن، خۆ گەر واش بێت، دیارە تەیری نێو قەفەزی چاوەڕوانی خێڵەکی و ژێرزەمینی قەبیلەگەری و ئەو تووتییەی تەنیا توانای ئەوەی هەبێت وشەی ئەقڵە زاڵە سەپێنراوەکان بڵێتەوە، بێگومان جڵەوی گومانیش شلە.

بۆ وانەبین بە گومانەوە لە خەڵک و خۆمان و هەموو شتەکان بڕوانین، تۆ هەر ساتێکی تر هەزار و یەک بەردی مادی بە سوێند وردەکەیتەوە بۆ دەزگیرانە بڕۆنزێکەت، تەنیا بۆ ئەم ساتە وەستانەت، منیش خۆشەویستە بێ چاویلکەکەم ببینێ ئەم ئێوارەیە پیاسەمان ڕژاوەتە سەر شۆستە سەرخۆشەکان یا تاوانباری چرکە ژەنگاوییەکانم دەکات، یا چەند ڕۆژێک خۆیم لێ دەشارێتەوە و دوایی لەگەڵ سۆزانیێکدا خۆیم پێشان دەدات بەنیازی ڕەتکردنەوەی خیانەت بەخیانەت... چ جای چاوی مێیینەش خۆ ئێمە خۆمان لەسەر دوا تەرزی خۆگۆڕین ڕاهێناوە و داوای ڕووخانی قەبیلەگەری دەکەین، کەچی جانتاکانمان پڕە لە نوقڵی ئیرەیی بەیەک بردن و چوالەی تانووت و هەناسەی تەریوی دووی مسافرەکانی مەنفا.

نیگام تابلۆ و فڵچەکانی دەست و ڕوخساری پڕ زەردەخەنە و ئەو تەیرەی سەرشانی کە دەنووکی لە ئەڵقەکەی پەنجەی گیر کردبوو قۆستەوە و، هێشتا نەمپرسیبوو کە تریفەی بزەی لێوی هەڵبزڕکا، قامکی ئاماژەی سەرەوەی ئەپارتمانەکەی دەکرد، چیم بینی خودایە... عەفریتێکی درێژ... درێژ... سەرتەڵی پرچە تیژەکانی دەچەقینە سنگی ئاسمان، ڕەنگە ڕەشتاڵەکەشی لە هەورە دوکەڵاوییەکان ئارایشت کردبوو، چاوە داقڵیشاوەکانی لە دوو پەنجەرەی کراوەی نێو تاریکاییەکی ترسناک دەچوو، جیرە جیڕی دان لە جریوە بردنەکەشی، لە دەرگەیەکی کراوەی نێو

بیابانێک دەچوو کە با دەیهێنێ و دەیبا. دانی لە جیڕەوە دەبرد و ئەستێرەی تێ دەگرتین، هەموو دەرگەکانی شار داخرابوون مەرگ چاوشارکێی لەگەڵ دەکردین، جارێکی تریش گوڕمان بەستەوە و نەمانویست زەوی بەحەڵاڵ بزانێت بەڵام بێ سوود بوو، هەموو زەوییەکانی چواردەورمان قڵیشابوون، ئاو و گاز و نەوتی لێ دەردەپەڕی ئێمەش بەهەرلایەکدا ڕامان دەکرد یەکێک لەو دەریایانەی ئاو و نەوت و گاز بوو، تەنیا ئەو زەوییەی ژێر پێی خۆمان مابوو، ئەویش دوا ئەستێرەی تێی گرتین، لە نێوان هەردووکماندا دای بەزەویدا و یەک دەریا ئاوی لێ دەرپەڕی، من سەر بڵقی ئاوەکە کەوتم و تۆش لەبن دەریاکەدا چەند پیتێکی ژەنگاویت دەرهێنا و فڕێت دانە تەنیشت هەورەکان کە بەڕیز وەستان و ئەم ڕستانەیان دروست کرد:

سەرپەرشتی ئەسپەکان فرۆشران

ئێوەش نەبن ئێمە هەر هەین

خۆ بەفلچە و شیعر و چیرۆک دەم و چاو ناشۆین

ڕەجمکردنی خەونەکان و سەربرینی حەرفەکان و... و...

و... و...

ئێ

وەش نەبن

ئی

مە هەر هەین

١٩٩٦/٩/٥-٣

## ئەو بخووری نەمری دادەگیرسێنێ

**ئەم:**

کچێکی بزێو و پڕ وزە و چالاکییە، لە زمانی ئینگلیزیدا شارەزایە و بەباشی قسەی پێ دەکات. لەوەتەی بیانییەکان هەموو کون و قوژبنێکی ئەو بستە خاکەیان تەنیوە و، تەنانەت کراون بە نەخشی سەر ڕۆبی نووستنەکانیش، ئەو لەو ڕێکخراوانەدا کار دەکات و هێندە پەیوەست بووە بەخۆیان و زمانەکەیانەوە هەندێ جار لەگەڵ دایکیشیدا کە هەموو شارەزاییەکی لە زمانی ئینگلیزیدا تەنیا ئەو چەند وشەیەی لە شەشی سەرەتایی فێریان بووە و سێ چوارێکیانی بیر مابوو، بەئینگلیزی دەکەوتە قسەکردن، ئەویش بەدەم هەناسەهەڵکێشانێکی قووڵەوە سەربادانێکی پڕ ئەندێشەی دەدایە دەست بێدەنگی.

نەیدەزانی چەند وەخت دەبێت پاش ئەوەی ڕوو لە ڕێکخراوەکە دەکات، دایکیشی بەدوویدا ماڵ جێ دەهێڵێ. کاتێکیش ئەو ژنەی کە کونێکی کردبووە دیواری حەسارەکەیان و بەردەوام چاوێکی نابوو بەو کەلێنەوە، لەوێوە یا لەسەربانەوە چاودێریی خەڵکی گەڕەکی دەکرد و خۆشی دەم بەهات و هاوار بوو، هەواڵی هەموو گەڕەک و کەسەکان و پارتە سیاسییەکان و زۆربەی گەڕەکەکانی تر تەنانەت دەیزانی ئەو زەرفەی بەدەستی هەر کەسێکی گەڕەکەوە بێت چی تێدایە و چەند دانە میوە و شمەکی تێدایە و هەموو وردەکارییەکانی تریش.

ئەمە یەکێک بوو لەو خووانەی بڵاو بوو لەو سەردەمەدا گەرچی ژنان

هەوڵیــان دەدا بەدوا تەرزی پۆشــاکی ڕۆئاوایی ڕووپۆشی زۆر لەو ئاکــارانە بکەن، بەڵام هەر سکاڵا و نارەزایی بوو لە خـەڵکەوە دەردەبڕا، هەر خــانمی ئاژانس پرێس بوو لە بریی بەیانی باش لە ئەمی دەپرسـی "بۆ کـوێ دەچی... خێرە؟"

ئەمـیش ئـەوەندە لەو پرۆگـرامـە داڕێژراوە بێـزار بووبـوو زۆرجـار دەیگوت "ئیتر لافیتـەیەک بەسنگمدا هەڵدەواسم و لەسـەری دەنووسم دەچم بۆ دەوام بەڵکو ئیتر خۆت و پرسیارەکەت دووبارە نەبێتەوە".

ئەو بـەیانیــیــە جــیــاواز لە بەیانیــیــانی تر، ســـەرەتا بـەتیلـەیەکی چاو سـەرنجێکی پڕ واتای تێ گرت و دوایی پرسـی:

"ئەرێ دەڵێی دایکیشت دامـەزراوە، وا هـەر دوای تۆ ئەویش لێی دەدا و لە ماڵ دەردەچێ".

گەرچی ئەم قسـەیە سـاتێ سەرسامی کرد و واشـی لێ کرد لەبەر خۆیەوە بڵێ "ئێـمـە سـاویلکانە دەژین و ڕاهیـبیـانە دەمرین"، بەڵام قـسـەکـانی هیچ کـاریگەرییـەکی نەبوو بۆ سـەر خۆشـەویسـتیی ئەو و گـومـانی لەلا دروست نەکـرد. چونکە ئـەم هێـشــتـا لە سکی دایکیـدا بووە باوکی لە یەکـێک لە شـەڕەکـاندا کوژرابوو، ئیـتر هەتا ئەو کات دایکی بـەبێـوەژنێکی داوێنپاک و میـهرەبان ناسـرابـوو، هەر کەسێکیش بیویسـتـایە باسی شـووکـردنی لەلا گەڵاڵە بکات ئەو زوو لە مەبەسـتەکەی دەگەشت و دەیگوت "من ویسـتوومـە لە ژیاندا بۆ یەک کەس بژیم و بۆ یەک کەسیش بمرم، بۆ ئەو کەسە ژیام هەر بۆ ئەویش دەمرم".

کـەم جـار بـایەخی بەو شـتــانە دەدا کـە لەســەر ئـاسـتی خـەڵکانی نەزان بنـەمــای بۆ دانـراوە، بۆیە بـایەخی بەو قــســە و قــســەڵۆکــانە نـەدا. یەک لەبەرئەوەی ئەو ژنە جێگەی متمانە نەبوو. دوو لەبەرئەوەی خۆی لە هەشت و نیـوی بەیـانییـەوە هـەتا شـەشـی ئێـوارە دەوامی هەبوو، زۆر ئاگـای لە مـاڵەوە

نەبوو، هەر لەبەر ئەوەش بایەخی بە زۆر شتی ناومـاڵیش نەدەدا و خۆی لە دەرەوەی ئەو چوارچێوەیە دەبینی، بەڵام هەستی بەوە دەکرد کە دایکی لە جاران زیاتر چاودێریی دەکا و هەوڵ دەدا کاتێ ئەم تەلەفۆن دەکات خۆی لێ دابگرێ، وێڕای ئەوەی کە بەردەوام کز دەبینرا نەک ئەو، هەستێکی لا دروست دەبوو کە خۆشی بەتەواوی نەیدەزانی چییە و چۆن گوزارشتی لێ بکات.

گومانە؟... ترسە؟... پرسیارە... نازانێ چونکە ئەمیش هاوکێشەیەکی دەروونیی گران دەیتلاندەوە، ئەو هاوکێشە لەوێوە هاتبووە ئاکام، کە ماوەی کارکردنی لەو ڕێکخراوە دوو ساڵی دەکرد و هەر پاش پێنج مانگی یەکەم لەگەڵ جێگری لێپرسراوی ڕێکخراوەکە پەیوەندیی خۆشەویستی دەکەوێتە نێوانیان، گەرچی گەر بەیاسای ڕێکخراوەکە بوایە کاتی ئەمان پێوەندییان بەست یەک مانگ کاتی کارکردنی مابوو لەوێ، چونکە بەکۆنتراکی شەش مانگی کاریان دەکرد، بەڵام ئەم دامەزراندنەکەشی وەکو خەڵکی تر نەبوو، ئێستاش ڕۆژی چەندین جار دێتەوە بیری، چۆن خەڵکانێک هەبوون بەبڕوانامەی بەکالۆریۆس و ماستەر و زۆربەی پزیشکەکانیش وەرنەدەگیران بەڵام کاتێک ئێدواری بەڕەگەز ئەمەریکایی و جێگری لێپرسراوی ڕێکخراوەکە جوانییە بێ ئەندازە ڕۆهەڵاتییەکەی ئەمی بینی جگە لە چەند پرسیارێکی کەسی و تایبەتی داوای هیچ بەڵگەنامە و بڕوانامەیەکی لێ نەکرد و بەبڕوانامەی پەیمانگە وەرگیرا لە کاتێکدا مەرجی دامەزراندن دەبوو فەرمانبەرەکە بڕوانامەی لە زانکۆ کەمتری نەبێت".

کاتێکیش بەتەواوی هەستی هاوئاهەنگیی ئەو هەستە ڕۆئاوایییە بوو شعووری کەوتە سەمایەکی بێباک و ئیتر ئەو شەرمەی جارانی نەما، کە لە بریی بەیانی باش لەگەڵ کوڕە بیانییەکاندا ئەملا و ئەولای یەک ماچ بکەن، ئەمەش لە دەرەوەی ئەو ساختمانە لەو خەونانە بوو کە گێڕانەوەشیان قەدەغەیە، هەر بۆیەش ئەو هەموو سەعاتانەی کارکردن هەستی

بەمــاندووبوون نـەدەکـرد و پێــوەســتــبــوونێکی ڕۆحی پێــوەست بـووبوو بەڕێکخراوەکە و کارەکەیەوە.

هـەرواش بـوو دەگــەڕایەوە بـەڕووخــۆشـی تینـێکی ســەیرەوە ســـڵاوی بۆ زەردەپەڕی ئێـواران دەگـەیاند و، وەکو پـرۆگرامـی ڕۆژانەش کـە دەگـەیشت بەمـاڵەوە دەبـوو بەهاوڕێی تـەلەفـۆنەکـە، بەڵام بە کـوردی قـســەی نەدەکـرد، هـەمیشـە ئەو تەلەفۆنەی پاش هاتنەوەی بەزمـانی بێگانە بوو، ئەمەش بوو ئەو دڵەڕاوکێی لای دایکی دروست کردبوو، کە دەبێ یا لە مـەترسـییـەکدا بێ و کـەسـێک یارمـەتیی بدات و ڕۆژانە کـە دەگـاتە مـاڵەوە تـەلەفـۆن بکا و بڵێ بەســەلامـەتی گـەیشـتم بەمـاڵەوە، کـە هیـچی واشی نەدەدۆزییـەوە بیـخـاتە مەترسـییـەوە، ئینجا دەکەوتە گومانـی ئەوەی کەسێکی خـۆش بوێت و ڕۆژانە ئاگـاداری بکاتـەوە بڵێ بەســەلامــەتی گـەیشـتــمــەوە مـاڵەوە و چاوەڕوانی پێوەندیکردنی تۆم.

**ئەو:**

دوای نانخـواردن دەچووە ژوورەکەی خـۆی و خـێرا دەگـەیشتـە بەردەم ئەو کـۆمـپـیوتەرەی لەو کاتەوەی لەگەڵ کوڕە بیـانییـەکەدا پێوەندیی بەسـتبـوو، بەهـاندانی ئەو کـڕیـبــووی بڕیـاری دابوو هـەمــوو قـســە و کـردار و ژووان و هـەست و سۆزێکی خۆیان یاداشت و کۆ بکاتەوە.

هـەمـوو کاتێکیش ئەم یاداشـتـانەی بە ئینگلیـزی دەنووسی، کـەچی دوای نووسینی ئەو چەند دێرە، خـەم و دڵەڕاوکێیـەکی قورس بۆ ئاکام نەگەیشتنی دواڕۆژ دابڕینی ئەو خـۆشـەویسـتییـە لە گـوڕ و تینەکەی پێشتـری دەخست. زۆرجـار گـریانێکی بەکوڵی بۆ دەکرد هـەتا بەو گـریانەوە خـەوی لێ دەکەوت، بەو شێوەیە خۆشنوودییەکەی ڕۆژانی، ئەسرینی شەوانی کاڵ دەکردەوە. ئەم ئاکارەش بووبوو بەکێشـەی دایکی و هۆش و هزری سـەرقاڵی خـەم و شـادیی کچە تەنیا و تاقانەکەی ببوو، زۆرجار بەپەیڤی پڕ پاڕانەوە لێی دەپرسی:

– کچم ئەو کارە کاتێکی زۆری گرتووی و ماندووت دەکات تۆ بە بەردەوام ماندووبوون بەڕووخسارتەوە دیارە وازی لێ بێنیت باشترە!

– دایکە تۆ دەڵێی چی؟

من حـــەزم دەکـــرد شـــەویش دەوامـمـان هـەبـووایە و هـیـچ کـــاتێکی بەتاڵم نەبووایە بۆ بیرکردنەوە.

– بیر لە چی دەکەیتەوە کچم؟

ئەم ڕستەیەی دوایی کچەی تووشی پەشیمانییەک دەکرد لە درکاندنی ئەو ڕاستییە و تا ڕادەیەکیش شێتگیری دەکرد و بەتووڕەبوونێکەوە دەیگوت:

– دەبێ بیر لە چی بکەمەوە جگە لە خەم و پەژارەی دنیا؟

ئەم تووڕەبوونە دایکی لە پرسیارکردن دەکشاندەوە، خۆی وا پێشان دەدا کە خـەمی ئەو تەنیا بە شتە گشتییەکان دەزانێ لە ناخیشیدا لەگەڵ خەم و پەژارە و هـەڵچـوون و تـەلەفـۆنـەکـانی دەژیا و ئەمـانـە بووبوون بەکـێـشـەی گـەورەی، بـەڵام لەبەرئەوەی تـەنیـا شـەشی سـەرەتایی خـوێندبوو، ئەویش لەگەڵ خـەمـەکـانی بە ئینگلیـزی دەدوا و هـەر بەو زمـانەش دەینووسـییـەوە هیچی لێ تێ نەدەگەیشت، گەرچی بەهۆی ئەو ڕستەیەی هـەر لە منداڵییەوە لە نەستیدا جێگیر بووبوو، هەرگیز کاڵبوونەوەی نەبوو، دەیزانی مەسەلەی خۆشـەویستی لە گۆڕێدایە، ئەویش ڕستەی I love you بوو. ئەو وشانەی کە لە هەرزەکاریدا نەک پراکتیککردنی نووسینی فێنکی بەدڵ دەبەخشی. ئەوە بوو لەگـەڵ هـاوەڵەکـانیـدا لەبـەرئەوەی هەمـوو قـسـە و کـرداریـکیـان لەگـەڵ ڕەگەزەکەی تردا مـەترسیی دەخرایە بەر، خـەونەکانیـان دەفڕی بۆ دوور، بۆ ئەو کـەس و شـوێنانەی خـۆشـەویسـتـیـان زیان نـابەخـشـێت ئەوە بوو هونەرمـەندە بەناوبانگەکانی جـیـهـان دەبوونە شـاسـواری خـەونەکانیـان و هـەمـیشـە وێنەیەک یا دووانیان دەنا بـەدیوی ناوەوەی بەرگی کتێبـەکانیـانەوە قەرەبووی ئەو دابڕانەیان پێ دەکردەوە، لەبەرئەوەی هـەمـوو کەس بەو نەستە

شاراوەیە نەزانێت ئەو وشەیەی لە زمانی ئینگلیزیدا بەر لە خوێندنی هەر بابەتێک لە هزریدا جێگیر بووبوو، بەخەتێکی ورد لەژێر کەنارێکەوە دەیانووسی ئەوە یەکەم وشە و هاودەم و هاوسۆزی بوو، هەر بۆیە نە لەبیری دەچووەوە و نە هەتا ئەو تەمەنەش لەو وشەیە جاڕس دەبوو.

**ئەم:**

بەردەوام هەڵاوێردکردن و شێتەڵکردنی دەروونی ئەو، باڵندەی بیری لە کوچەکەی خۆی وەدەر نابوو، هەموو توانای خستبووە کار بۆ ئەوەی لە کێشەی ئەو بگات و چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە بەبێ ئەوەی بریندراری بکات. بەتایبەت کە دەیبینی ئەو کچەکەی جاران نییە کە هەر لە ڕێگەوە ئەملا و ئەولای ماچ بکا و دوایش بەدەم نانخواردنەوە زۆر ڕووداو و بینراوی ڕۆژانەی بۆ بگێڕێتەوە، هەر ئەمەش بوو زێتر ئەمی خستبووە دڵەڕاوکێ، ئاخر ئەو زۆربەی ڕووداوەکانی ڕۆژانەی بۆ باس دەکرد، ئێستا بەپرسیارکردنیش هیچی بۆ باس ناکا، جگە لەوەی وەکو جاران ڕوو نادا بەدایکی و بگرە زۆر جاڕس و بێزارترە، وەکو جارانیش ناچێتە سەر کۆمپیوتەرەکە وەکو خووی هەمیشەیی خۆی چەند دێرێک بنووسێ، بگرە هەمیشە بیرکردنەوەیەکی قووڵ ناخی مڵەما دەکرد و ڕوانینی پڕ گومان پرسیارەکانی دایکیشی زیاتر برینەکانی نوێ دەکردەوە.

"دەبێ چارەسەرێک بدۆزمەوە کە لە کێشەکەی بگەم، خۆشەویستی و نەمری هاوسەنگن، دڵە مەزنەکان نەمرن، دڵە پڕ خۆشەویستییەکانیش مەزنن... پێویستە نەمری هەڵبژێرم... هەر واشە دڵی دایک نەمر و مەزنە، مەزنی لێبووردنی دەوێ نەمریش قوربانیدانی دەوێت، منیش توانای هەردووکیان".

ئەمە دوا بڕیاری دایکی بوو، بەڵام ئەو جەمسەرێکی تری جیهانی گرتبوو.

"لەبەرئەوەی خۆش دەویسترێن، هەر خۆشەویستییە پەرچوو دەخوڵقێنێ و

دەربەدەری و بەخـشندەیی و نەمـری دەبەخـشێ، پێ دەچێ بتـەوێ نـەمـری بەبالآت ببـڕی... بەڵام چۆن؟... ئەم تەمـەنە بـۆ دایکم و لەم کۆمـەڵگەیەدا... نا... هـەرگـیـز وا نـابێت... ئەمـە دەرچوونە لە زەویی خـۆشـەویسـتی و یاریکردنە بەئاگر".

ئەوان هـێندە لە خـەمـی یەکـدا بوون لە بنەمـای کـێـشـەکـەیانـەوە تەواو دوورەڕێگە بـوون، خـەمـی ئەم لەو ڕۆژەوە بەتەواوی پـەرەی سـەند، کـە دایکی ژنە بەئاژانس و سەتەلایت و کۆمەڵێ شتی تر ناوزەد کراوەکە ئەمجارەیان لە بریی پرسیارە جێگیرەکەی ڕۆژانی تر پێی گوت:

– چییـە، دەڵێی دەوامی دایکت بووە بـەدوو شـفت!؟ دەی... ئێـسـتـا وەکـو جاران نەمـاون، میوانتـان زۆر بووە و ئۆتۆمۆبێلیش زۆر لە بەردەمی مـاڵتاندا ڕادەوەستی.

هێندە بەتوێکڵ ئەو ڕستـانەی درکاند، ئەم زمـانی قـفـڵی لێ درا و پیـتێکی پێ نـەدرکـا، ئەوە نەبێت بـەجـێـی هێـشت و ئـیـتـر لـەو ڕۆژەوە بەردەوام بەئازارەوە دەتلایەوە، سـەرەتا مـاندوویەتی پرزەی لەبـەر بریبـوو، بەڕادەیەک نەیدەزانی چی دەکات، تا لە دواجار بەناوی چوون بۆ کار هاتە دەرەوە. بەڵام لەو ئارایشگەی بەرامبـەری مـاڵیانی گرتبـوو، کـچێکی هاوتەمـەنی هاوەڵی قـوتابخـانەی خـاوەنی بوو، بۆیە کـارەکـەی بۆ ئاسـانتـر دەبوو لەوێدا خـۆی مەڵاس دەدا و چاودێریی مـاڵەوەی دەکرد، بەم شێوەیە بۆی دەرکـەوت کە هـەر نیـو سـەعـات پاش دەرچوونی ئەم لە مـاڵ، ئەویش ئۆتۆمـۆبێلێک دێت بەشوێنیدا و دەیبات.

**ئەم:**

زیندەخـەونەکانیشی پڕ بوون لە کارەسات و وێنەی نـاشیرین، هەمـوو ئەو ناو و ناتۆرانە و ئەو شوورەییانەی لە نەستیدا چەسپیبوو لەگەڵ ناوی خۆی و دایکی و خـێـزانەکـەی بەراوردی دەکـرد، هـێندەی تـر دەردی گـران بوو،

کاتێک بۆی ئاشکرا بوو کە هەر هەمان ئۆتۆمۆبێلی کرێ دوازدەی نیوەڕۆ دەیگەڕێنێتەوە ماڵەوە، هەروەها ئێوارانیش سەعات سێی پاش نیوەڕۆ بەهەمان شێوە دەهات بەشوێنیدا و دەیبرد هەتا سەعات پێنج دەیگەڕاندەوە.

ئەم ئاکارەی دوایی تەنیا تووشی گومانی نەکرد، بگرە هەتا سەرئێسقان تووشی چەوساندنەوەشی کرد، دوای هێنان و بردنێکی زۆر، پەنای بردە بەر کوڕێکی هاوڕێی کارکردنی کە ڕۆژێکیان دەستنیشان کرد و بەئۆتۆمۆبێلی کوڕەکە هەوڵیان دا پاش دەرچوونی ئەو لە دوورەوە دوای کەوتن هەر دوور بەدوور چاودێرییان کرد دواجار تەکسییەکە لە بەردەم ساختمانێکی بەرزی گەورەدا وەستا و ئەمانیش بەتەنیشت درەختە گەورەکەی بەردەم ساختمانێکدا، ئۆتۆمۆبێلەکەیان ڕاگرت وردتر چاودێرییان کرد.

شوفێرەکە خێرا دابەزی دەرگەکەی بۆ کردەوە، ئەویش بەنازێکەوە وەکو ئەوەی دەمێک بێت چاوەڕوانی نازکێشان بێت لەلایەن پیاوێکەوە، دابەزی، شاڵە ڕەشەکەی دا بەسەر شان و ملیدا و لەژێر (فستۆ)ی شاڵەکەوە، قۆڵە گۆشتن و سپییەکانی زەخرەفەیەکی دوو ڕەنگی دەنواند، بەهەنگاوی ورد ئاودیوی دەروازەی ئاپارتمانەکە بوو، هەر لەوێشەوە دەچوویتە ناو ڕاڕەوێکی بچووکی تاریک لەوێوە بەپلیکانەکاندا سەردەکەوتیت. ئەو پلیکانەی بەشوێنێکی هێندە بێ دەرفەتدا سەردەکەوت و هێندە تەسک و تاریک و بەپێچ و پەنا بوو، تونەیلی ناو فلیمە ترسناکەکانی وەبیر دەهێنایەوە، دیمەنی ژوورە تاریکەکە ترس و بێ متمانەیییەکی زۆری دەبەخشی.

ئەو بەنازتر لە جاران هەنگاوەکانی بەپلیکانەکاندا هەڵزنا و تەقەتەقی پێڵاوە بەرز و بن برغووەکەشی تاریکی ڕاڕەوەکەی ئاوەدان کردبووەوە و سەدایەکی دووری بەجێ دەهێشت و هەنگاوەکانیش بەهێمنی پلیکانەکانی بەجێ دەهێشت. ئەمانیش بەئەسپایی و بێدەنگی خۆیان بەدوودا پەلکێش

دەکـرد، ئەم یەکـەم جـار بوو بەو شـێـوەیە لە جـەسـتـەی پڕ و جـوانی و دەموچاوی خەمئامێزی ئەو ورد بێتەوە، بەتەواوی دیمەنی سوورەماسییەکی لێ دەچۆڕا کە شەلاڵی ئاو بێت.

ئەو جـەسـتـە شـەکـەت و بێ ئازە سێ نـهۆمـی بڕی، لە نهۆمی چوارەمـدا سەرەتا ڕۆیشتە ناو ژوورێکی بچووکەوە، دەرگەکەی لەسەر خۆی داخست، دەفتەرێک لەسەر مێزی لای ڕاستی ژوورەکە دانرابوو کردیەوە شتێکی تێدا نووسی کە ئەوان پێیان وا بوو ناوی خۆیەتی دوایش ئیمزایەکی کرد.

ئەم هەر لە کـونی کلیلی دەرگـەکـەوە چاودێریی دەکـرد، کـە ئـەو پاش ئیمزاکردنەکە بەسەر چرپای لای چەپی ژوورەکەدا لەسەر پشت تلیسایەوە و خێرا و بەپەلە قـۆپچەی کراسـەکـەی هەتا خـوار کردەوە، سنگی هێشـتا چرۆپڕی لەناو سـتـیـانی سـووردا، لە گڵـۆپێکی سـوور دەچوو لـە ژوورێکی تاریکدا کرابێتەوە. ئەم بەیەکجاری پەرێشـان بوو، چاوەڕوان بوو تارمـاییی پیـاوێک لەبەرئەوەی لەو کـەلێنە بچـووکـەوە ئەم دەرفـەتی نییـە بیـبـینێ، لە قـوژبنێکی ژوورەکـەدا خـۆی مـەلاس دابێ و هـەر لەوێدا لـە بەرچاوی ئەم وای پیا بنووسێ چوارمێخەی بکێشێ... کە ئەم خـەیاڵە هۆشی بـەردا بینی ئەو زۆر ئاسایی خەریکی ئەو پشتێنە پزیشکییەیە کە بۆ ئازاری پشتی بەردەوام دەیبـەسـت، کـرابووەوە بەتوندکـردنیـەوە سـەرقـاڵ بـوو، پاشـان بەشـنەی پەنجـەکـانی تاڵەکانی قژی لەران و لـەو ڕیز ئەو چەکـمـەجـەدا کـە بەلایەکی دیوارەکـەوە چەسپ کـرابوون، لە یـەکێکیـانـدا دەفـتـەرێکی سـەد لاپەڕەی دەرهێنا، دەفتـەرەکە لەسـەر بەرگی لای چەپی نووسـرابوو ئینگلیزی و لەلای ڕاستیشی نووسرابوو کۆمپیوتەر، پاشان ڕووی کردە ئەو ژوورەی کە لەسەر تەخـتـەیەکی ڕەش و بەخـەتێکی پەمـەیی نووسـرابوو ئـامـۆژگـای (...) بۆ فێربوونی کۆمپیوتەر و هەموو زمانە بیانییەکانە.

*خەرمانانی ١٩٩٨*

## دەرەوەی خەونە شووشەییەکان

تا ئەو کات لەنێو ئاپۆڕەی بازاڕەکەدا دێیت و دەچیت، زەمەنێکیشە ڕۆژانە بە شڵەژاوی نوێژی عاشقێک لەسەر شەقامەکەی شار دادەبەستیت، نوێژێکی بێدەنگ بێ وشە، تەنانەت بێ سەلامدانەوەش. ئیتر لەتواناتدا نەما بەستەڵەکی سارد پەیکەری تەنیایی بلەرزێنێ، لە تواناتدا نەما دەرگەی ئاواتەکانت بە نزای مەوسیمەکان بتەنیت، ئاخر تۆش مرۆڤیت... مرۆڤ... بەڵام تا ئێستا وەکو خراپترین مرۆڤیش ئاوازی ئاسوودەگی تەنیا جارێک نەیهەژاندووی، ڕۆژ بەڕۆژیش دڵت پڕ میهرتر دەبێت، ڕۆژانە هەناسە مەئیووسەکانت بەدووی کچانی شۆخدا و زیاتریش بەدووی هەموو منداڵێکدا بەر دیدەت دەکەون، هەموو گوناهەکانی جەستەت دەوەرێنن، لە دوورەوە منداڵێکت بەدی کرد کە جیاوازتر لە منداڵانی تر دەجووڵێتەوە، وەکو ئەوەی ئەزموونی چەرمەسەریت لە ڕابردوودا نەبووبێت. زەردەخەنەت دەبەخشییەوە بەسەر هەموو خەڵک و خیابان و ئۆتۆمۆبێل و تەنانەت دار و درەختەکانیشدا، زۆر بە وردی سەیری پۆشاکی هەموو منداڵێکت دەکرد، بەلایدا تێپەڕیت، هەرچەندە چەند جارێک پەیمانت بەخۆت داوە کە لە هیچ منداڵێک نەپرسیت "ئیتر تەنانەت تەماشای هیچ منداڵێک ناکەم... ئەو هەموو گیروگرفت و ناڕەحەتیانەم لەگەڵ ژن و دایکاندا تووشم دەبێت بەس نەبوو، تێرم نەخوارد، ئیتر تا کەی کۆڵ نەدەم، من کە ئەوەم پێ ڕەوا نەبینرا کە ببم بە باوک تەنانەت بە مرۆڤێکی تەواویش... بۆ خەڵک سەغڵەت بکەم؟... نا لێی ناپرسم!".

بێچارە سەمای شێلگیرانەی منداڵەکە وای لێ کردیت نێزیک بیتەوە ئەو کات گوێت بەدەنگە ناسکەکەی ئاشنا بوو:

– دە توخوا با پێنج دینارت بۆ ورد کەمەوە باوکم بۆم دەدات بەجلی جەژن وەی گیااان... گیااان.

پەیڤە هەرەناسک و ڕوخسارە بێ گوناهەکەی، ئەو هیوایەی کە زیاتر لە هەموو منداڵە سەر لێ شێواوەکانی سەر شەقامەکە بە ئومێدی جەژن لە چاوانیدا دەدرەوشایەوە، وای کردبوو ئەوەشی نەیویستایە هەر وردیان دەکردەوە.

ئەمە زیاتر هیلاکی کردیت، ئاواتی منداڵێکت دەخواست تەنانەت گەر بەو شێوەیەش پەروەردەی بکەیت، دەروونت هەراسانی دەی خنکاند و شەڕی بێدەنگی شکاندنی پێ دەفرۆشتیت. ماندوو و داهێزراو بەبێ ئەوەی تەنیا وشەیەکت بەکار هێنابێت ماندوو لەگەڵ وێنەکان، تۆ تەنیا بەوێنە دەدوێیت و وێنەش وەردەگرێتەوە سێبەری جەنگە دەروونییەکان وایان لێ کردوویت هەردەم لەبەر خۆتەوە ورێنە بکەیت.

"ئەم ڕۆژە پیرانە، ئەو ڕشانەوە ساردانە، چاویان لە زەمەنی مردنی من نییە، ماندوویان کردووم، منی بێ وشە، بێدەنگ، سەمای ڕەنگەکانم لەگەڵ دەکەن. تانووتی جەنگم پێ دەفرۆشن، خۆ گوناهم نەکرد بەم شێوەیە بێمە ژیانەوە... تا ژیان تۆڵە لە من بکاتەوە، من گوناهەکەم نەکرد".

تۆ بەوێنە هێندە ناوازە بوویت، لە وێنە خەیاڵییەکانی خەیام داتاشرابوویت، بۆیە هەر مێیینەیەک دەیبینیت هەر زوو عاشقت دەبوو تۆش دەبوویت بە کیشوەرێک لە عیشق، دووبارەش بوومەلەرزەی بێدەنگی دەیڕووخاندی، هیواکانت وردوخاش دەبوون چونکە بەچاو نەبێت هەرگیز بە کەست نەوتبوو خۆشم دەوێیت، بۆیە ئەویش دوور دەکەوتەوە و تۆش بەر نەفرەتی ئەوین دەکەوتیت.

ئەم ئەندێشانە خستبووتییە کەشتییێکەوە لە هەوادا سەوڵ لێ بدات. نەتزانی کە گەشتوویت بە وێستگەی پاسەکان و بەخۆت نەبوو تێ پەڕیت هەتا وڕە وڕی ئۆتۆمۆبێلێک بە ئاگای هێنایتەوە و گەڕایتەوە دواوە. هاتیتە نێو پاسەکە و لە بەردەم ژن و پیاوێکدا کە منداڵێکی سیما فریشتەیان لە باوەش گرتبوو دانیشتیت، گڕوگاڵی منداڵەکە لەگەڵ دایک و باوکیدا، ماراسۆنی پەپوولە بوو لەگەڵ گەڵا و گوڵدا، هەر زوو ئەو پەیمانەی بە خۆت دابوو بیری بردیتەوە. بەسەر لایلایەکانی سۆزتا کەوتیتە ئاوڕدانەوە، بۆ بینینی ئەو یارییەی هەموو خواستی داگیر کردبووی، بۆ تەنیا جارێک تێربوون و لاساییکردنەوە و هەڵمژینی ئەو ئەفسانە پاکەی کە ناوی منداڵە، جارێکی تریش ئاوڕت دایەوە و، ئاواتت نزای بارانی بوو، بۆ هەڵڕشتنی هەرچی ڕستەیەک لە دڵتایە، کە بەستەڵەکی تەنیاییت بەجێ بێڵێ، بەڵام ئاوڕدانەوە درێژخایەنەکەی ئەمجارەت جگە لە بەخشینەوەی زەردەخەنە و، ڕۆشتن بۆ نێو جیهانێکی کریستاڵی هیچی تر نەبوو. ئەو جیهانەی پڕبوو لە پەلکە زێڕینەی منداڵ و تۆش وێنەی ئەو مامە پیرەی لەپشت مەرجانەی هونەرەوە ئاوێزانیان دەبێت بە گۆرانی و دواندنیان مروارییە بەسەرچووەکانی تەمەنت دەچنییەوە. تەنیا تۆ بوویت ئەمجارە ئەو ڕۆڵەت دەبینی، هەتا چریکەی گۆرانی وتنت زراڤ دەبوو، زەردەخەنەکانت بەرامبەر بەمناڵەکە دەبوو بە قاقا و بریسکەی شادومانێکی سەرسوڕهێنەرت دەبەخشییەوە و هێندە جار بەشێوەیەک لەشت دەجوولا و دەشنایەوە وەکو ئەوەی لەسەر شانۆ بیت و بەگۆچانەکەت و نیمچە سەمایەک هەموو منداڵانت هانیبێتە سەمایەکی دڵڕفێنی پەپوولەیی.

بێ ئاگا لەو هەموو بەردی نەفرەتەی باوک و دایکی منداڵەکە تێیان دەگرتیت، بێ ئاگا لەوەی کە کەس ناتوانێت نیازە شووشەییەکان بروێنێتەوە. هەتا ژنەکە تفێکی ڕۆکردە نێوچەوانتەوە و هەموو ساتە خەیاڵییەکانتی کەڕەتی سفر کرد و کریستاڵی خەونەکانی شکاند، هێشتا

نەتزانیبوو مەسەلە چییە، هاوسەرەکەشی لە هات و هاوار نەکەوتبوو، کە دوورتر دوو پیاوی تر توند گرتبوویان، ژنە چاوی لێ سوور کردیتەوە "ئەی ناپیاوی بێ ئابڕوو، شەرم ناتگرێ من دایکی منداڵێکم و مێردەکەی خۆم لا دانیشتووە، تۆش بێ شەرمانە سەعاتێکە لێم ڕادەمێنیت و ئەو زەردەخەنە و جموجووڵە نەگریسانەتم تێ دەگریت".

بەخۆدا شکایەوە زایەڵەی شەرمێک سەرتاپایی لەرزاندی، ئینجا بە بیرت هاتەوە ئەو منداڵە خۆی تەنیا نەبوو، ئەو دووانەشی لەگەڵدایە و کەسیش پەڕاوی تۆی پێ ناخوێنرێتەوە، بۆ یەکەم جاریش لە ژیانتدا تووڕەیی و هەڵەشەیییەکی زۆر گرتوویەتی، ویستت بکەویتە ئەو شەڕەوەی کە لەوەتەی هەیت زەمەن بەتۆی دەفرۆشێت، وەلێ کاتێ منداڵەکە کەوتە زریکە و گریانێکی زۆرەوە زوو پەشیمان بوویتەوە و کەوتیتە وشە درکاندن لەگەڵ منداڵەکە (ئم.. ئەپ.. تپ.. خ) ئەو کات تێ گەشتن چەندت نائومێدی چەشتووە و تەنیا بەچاو گوزارشت لە ناوەوەت دەکەیت، لاڵی زمانی بەستوویت ناتوانی هیچیان بۆ بدرکێنیت.

تەمووز ١٩٩٧

## ئەو سێوی دایکیشم بەخواردنی گوناهباری کردم

من لێرەدا وا دەگوزەرێنم، گەرچی تەنیا هەنووکە باوەڕم بەوە هێناوە، لەم زەمەنی تەکنەلۆجیا و پێشکەوتنەدا، هیچ کچێک بەها و نرخێک بۆ ئەو "ترس"ە دانانێت کە سەرتاپای منی تەنیوە. ئەوەتا بێ سڵەمینەوە، لە هیچ ئارەزوویەک خۆیان بێبەش ناکەن و ئازایانەش یاداشتی دەکەن و بۆ دایکیانی دەگێڕنەوە، ئەوانیش بەچاوی گەورە گوێیان لێ دەگرن و لێیان دەنوارن.

بەڵام ئەو بڕوای نەکرد، گوتی "ئەوە کەی لە زەمەنی ئەندازە تێکشکاوەکاندا بەرجەستە بووە، ئەوێ لێرە ناچێت لەوێ ترس تەنیا لە وشەکە خۆیەتی کە "ترسە".

ویستم ئەمجارەیان وشەکانم کۆ بکەمەوە و زووتر بڵێم کوێ؟ کەچی بواری نەدام و هەر خێرا بەدوایدا گوتی:

– ئەوێندەر هەمیشە نرخی مرۆڤ لەگەڵ کردەوە هەنووکەییەکانیدا دەگرن. ئەوێی کراوە و ئێرەی داخراو حیکمەت بەئەزموونی وتیان دەبەخشێت.

هەوڵم دا هەندێک بواری مێشکم بدا و، لەو ئەوێیە بپرسم بەڵکو تەنیا ئەو دەستەواژەیە بەنووسراوە سواوەکانی سەر دیوارەکانی ئێرە بەراورد بکەم. بەڵام هەر زوو هەڵی دایە گوتی:

– هەر بۆیە دایکان گوێ دەگرن و لەو هەنووکەییانە پەشیمانیان ناکەنەوە. ئەزموون بەحیکمەتی ژیان دێننە ژماردن، گەرچی ئەزموونی

دۆڕاویش بێت، بەبێ ئەوەی جڵەوگیری ئەو ئێستایە بن. داهاتووش لەسەر ڕووی ئاوێنە بێ گەردەکان دەخوێننەوە بەبێ دەستەواژەی دەستکرد و تۆقێنەر.

"ئەم ڕستەیەی دوایی تووشی سڵەمینەوەی کردم، تەزوویەکی سارد ختووکەی پشتی دام، چەندە ویستم ئەو خەونەم بیر نەکەوێتەوە کە ئەو شەوە بینیم. بەڵام بەخۆم نەبوو گەڕامەوە بۆ خەوەکەی ئەوێی منداڵی. ئەو خەونەی تەنیا دوو ڕۆژ بەسەر (باڵق)بوونمدا تێپەڕی بوو بینم لە خەونمدا چووبوومە حەوشەی پشتەوەی قوتابخانەکەمان. کە ئەوێ تەنیا یەک دوو بن درکی گەورەی لێ ڕوابوو، چەند تەپە پیسیی مرۆڤ و سەگەکەی تێدا کەوتبوو، ئەو سەگەی هەمیشە لە پشتەوەی قوتابخانەکەدایە و دەڵێی بەڕێوەبەر بەچاودێر دایناوە، نەک لە ئاسمانەوە نێرینەیەک خۆی بهاوێتە ناو قوتابخانەکە و لەگەڵ ئەو کچانەی کە بەڕێوەبەر نەیدەهێشت مامۆستای پیاوی گەنجیش وانەیان پێ بڵێتەوە ژوانێک ببەستن. هەر گوێقوڵاغ و چاوبز بەهەر چوار لادا دەینواڕی.

منیش لە ترسی سەگەکە و کچی باشێکیش کە هەواڵی لای بەڕێوەبەرم لێی بدات هەموو جەستەم هەڵنیشتبوو لە عارەقێکی سارد. دەترسام دوایی هەتا ئێوارە بڵێم هاتووم لە دواوە سەیرێکی تەنوورە خۆڵەمێشییەکەم بکەم بزانم پەڵەیەک خوێنی نەگرتووە. باوەڕم پێ نەکات و ببم بەجێگەی پێکەنین و سەرنجی هاوەڵەکانم. دڵنیا بووم پاڕانەوەم گوێی ئاسمانی کەڕ بکردایە نەک جارێک هەزار جار ڕازی خۆم یاداشت کردایە بەڕێوەبەر باوەڕی پێ نەدەکردم. گەر بزانێ گەیشتووم بەو حەسارەی کە دیوارەکەی دوو مەتر چووە بە ئاسماندا و تەنیا پەڵەهەورەکان و سەگە سپیم لێوە دیارە، لە دڵدا دەپاڕامەوە گەر پێی زانیم هەر لە خۆڕسک و خێرا تەنوورەکەم یەک دوو پەڵەی سوور بگرێت و بۆ ئەوەی بزانێت ئەو مەبەستە گەیاندوومی بە ئەوێ، جارێکی تریش تووشی گومان و دڵەڕاوکێ دەبووم و دەترسام ئەو کاتیش

نهێنییەکەم نەپارێزێ و بنێرێت بەشوێنی دایکمدا و هەموو شتێکی تێ بگەیەنێت. ئەی ئەو قوتابییانەی کە هەمیشە بەدەوروپشتی ژووری بەڕێوەبەردا دێن و بەدوای هەر شتێکدا دەگەڕێن لە پێناوی نمرەیەکدا دە ئەوەندەی تریشی بخەنە پاڵ و بە مامۆستاکانی قوتابخانە بڵێنەوە ئاخر مامۆستاکانیش وەکو دایکم کۆمەڵێ چاودێر و سانسۆریان دانابوو بۆ ئەوەی هەر کەسێک شتێک بڵێ پێیان بگاتەوە.

چۆن لە ماڵەوە پیاڵەیەک بەدەستمەوە بشکایە دایکم ئێوارە بۆ باوکمی دەگێڕایەوە. بەڕێوەبەریش هەر قوتابییەک ورتەیەکی لەلا بکردایە خێرا دەینارد بەشوێنی باوکماندا، کێ دەڵێ ئەمجارەش نانێرێت بەشوێنی باوکمدا و ئەویش پاش ئەوەی لە قوتابخانەم دەردێنێ و لە بەردەمی قوتابییەکاندا ڕیسوام دەکات دەمباتەوە، ئەو کات هەموو قوتابییەکان دەدەن لە قاقای پێکەنین و ئەوە کچە بێ ڕەوشتەکەیە، ئەوە کچە لێقەوماوەکەیە".

بەبێ ئەوەی بەخۆم بزانم ترس فرمێسکی بەخوڕ دەهێنامە خوارێ و ڕوومەتە قڵیشاوەکانی دەکزاندمەوە. بۆ چارەسەرێک دەگەڕام، لە تیشکی ڕۆژم دەنواڕی و دەپاڕامەوە پەرچوویەک ڕوو بدات و هەتا لای خۆیم ڕاکێشێت، ئیتر نە کەس ببینم لەوانەی دەیانناسم و نە گوێم لە کەس بێت... ئاخ گوێ گرتنم چەند لا گران بوو. هەموو دەنگەکان دژە ئاراستە بوون، بۆیە هەر لە نزادا بووم، ئەوە بوو ئەویش نزاکانی پەسند کردم. بەڵام چەند عەیب بوو، کە کوڕێکی کەڵەگەتی گەنم ڕەنگ بەسواری ئەسپێکی سپییەوەی بۆ ناردمە خوارەوە، سەرەتا لێم هاتە پێشێ و بەو دەستەی نا کە قامچییەکی ڕەنگ قاوەیی پێ گرتبوو، بەدەستەکەی تر کە دەسماڵێک لەناو پەنجەکانیدا جێگیر بوون فرمێسکەکانی سڕیم.

ترس هێندەی تر جەستەی هێنامە لەرزین. ئەوەندە سەیری ئەملا و ئەولای خۆم دەکرد تەنیا وەکو ڕەنگی پێست و تارمایی دەزانم نێرینە بوو،

چاودێریکردنی چواردەوری خۆم مۆڵەتی نەدام بەباشی سەیری رووخساری بکەم و بزانم ڕەنگی چاوی چۆنە، هەر نازانم وەکو زۆربەی پیاوانی تر سیمایەکی زبر و زمانێکی هەڵخەڵەتێنی هەبوو، خۆشی ویستم یا نا؟ ئەوەشیان هەر نازانم... من تەنیا دەمویست ڕزگارم بکات.

کەچی ئەویش بەسۆزتر لە پێشوو بە زمان ئەسرینەکانی سڕییەوە... وەی لەو ختوورەی بەدڵی مندا هات دەروونی دوژمنیش بەو شێوەیە ملەما نەکات. ئەو شەرمەزاربوونەوەی من شەرمەزار بووم کە تارماییی باوکم بینی لە دوورەوە بەرەوڕووم دەهات، نەدەبووم بەدڵۆپێ ئاو و بەزەویدا ڕۆ بچم، نەدەبووم بەباڵندەیەک و بەئاسماندا بفڕم.

بۆ نەفڕیم؟......

جا ئەوە بوو کاتێ چاوم لەسەر تارماییی باوکم گواستەوە پەشمەکی هەورمان دەدا بەسەردا، ئەو ئاوزەنگی لە ئەسپەکە دەدا و، منیش گەرمیی دڵم تای لە پشتی ئەو هێنابوو، ترپەترپی دڵیشم بەئاشکرا دەبیسترا خەریک بوو دەگەیشتم بەوپەڕی لەزەت. کە ئاوڕم لە خوارەوە دایەوە، تارماییەکەی باوکم گەیشتبوو بە حەساری پشتەوەی قوتابخانەکەمان و پەنجەی شایەتومانی لێ ڕادەوەشاندم، ئەمەیان هەر بەیەکجاری پرزەی لەبەر بڕیم، خۆت دەزانی باوک بەو شێوەیە ببینێ یانی چی؟

بۆیە ئەوەندە لەرزیم هەتا دەستم لە پشتی سوارچاکەکە ترازا و بەسەردا کەوتمە خوارێ، ئەویش ئاوڕی لێ نەدامەوە و تێپەڕی، هەر لەوێدا زانیم دەردی بەجێهێشتن چەند گرانە کەچی کاتێکیش هاتمە خوارەوە زانیم ئەوەی کە وام دەزانی باوکمە و پەنجەی لێ ڕادەوەشاندم باوکم نەبوو، پایەی دیوارەکە بوو نەک ئەو".

دیسان دەنگی هەڵبڕی و بردمیەوە ناو ئەو ڕستانەی کە نەمدەوێرا لەگەڵ خۆشما و لە بیابانێکی چۆڵیشدا قسەی لەسەر بکەم ئەو ڕستانەی هێندەی

سـەر و بۆر بۆ دادەنا هەر لێی تێ نەدەگەیشتم، یا ڕاستتر بڵێم خۆمم لێ ناحاڵی دەکرد، دەمویست بڵێن کەسێکی هەژارە و لە هەندێ شت تێ ناگات. کـەچی ئەو قـاقا پێم پـێ کەنی و گـوتی "تۆ هەر لـە بەئاگـابوونتـدا ترسنۆک نیت. لە خەونەکانیشتدا هەر ترسنۆکی".

ڕاچەڵەکین خوێنی زاندە هەردوو چاوم، وام هەست دەکرد سەرم دەکوڵێت و هەڵمێکی گەرمی شێداری لێ بەرز دەبێتەوە، لە دڵی خۆمدا گوتم خۆ من لای کەس ئەو خەونەم نەگێڕاوەتەوە. چۆنی زانیوە چۆن؟ وا بەو شێوەیە پێ دەکەنێت.

کەچی ئەو دەنگی لە جاری پێشووتر زیاتر هەڵبڕی و هێندە پێ کەنی سێ جار ڕستەکەی دووپات کردەوە ئەوجا زانیم دەڵێت:

– ئەوەی تۆ لێی دەترسایت، سروشتی هەموو مێیینەیەکە کەچی تۆ وات دەزانی دەرئەنجامی بێ ئابڕوویەتییەکە کە ئەنجامت نەدابوو.

"سروشتی هەموو مێیینەیەک، ئەی بۆ هەرگیز ئەو سروشتەم بەدایکم و خوشکەکەمەوە کە لە منیش گەورەتر بوو نەبینی یا جارێک باسیان لەو سروشتە نەکرد، ئەی دایکم بەمنداڵی هەموو جارێ پێی نەدەگوتم:

– لە کۆڵان لەگەڵ کوڕدا یاری نەکەیت عەیبە!

– دایکە عەیبە یانی چی؟

– واتە خوا دەتخاتە جەهەنەمەوە

– "جا ئیتر قسەی چی؟ من لەگەڵ کوڕی سەر ئەسپەکەدا چیم نەکرد لە قسە و ئاکار دەرچووبوو" دەنگەکە ئەمجارە پێکەنینەکەی سڕا بووە و بەهاوارێکی پڕ تەوس و ڕقەوە وتی:

– گەمژە ئەوە خەو بوو... خەو.

جا با خەونیش بێت، خۆ ئێمە چۆن نیوەی سوعبەتمان ڕاستییە، لە دەمامکی دەپێچین، ئاواش نیوەی خەومان ڕاستییە، هەندێ جار هەر

بەتەواوی ڕاستییە، ئاخر ئەوەی من دەیزانم تۆ نایزانیت وەکو چۆن ئەوەی تۆ دەیزانیت دەمی بەو شێوەیە گەرم کردوویت من نایزانم.

ئەوەی من لە نەخۆشخانە بینیم. تۆ نەتبینیوە، من بەچاوی خۆم بینیم و ئاگام لێ بوو ئەو کچە (٢٠) ساڵانە لەناو نەخۆشخانەکەدا وەکو خامی سپی ڕەنگی مردووی لێ نیشتبوو، خەڵکی لێی ورووژابوون، دایکیشی پاش ئەوەی پزیشکەکە کچەکەی پشکنیبوو درکاندبووی سکی پڕە. هەر ڕوومەتی دەڕنی بەدیارییەوە، نەیدەوێرا نەک کچەکە خۆشی بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە، هەر دەکڕوزایەوە دەیگوت:

– دوکتۆر گیان بەڵکو شتێک بکەیت ئەوەتا دەڵێ پاش براکانم چوومەتە حەمام و لەسەر ئەو تەختەیەی کە ئەوان خۆیان لەسەری شتووە خۆم شتووە، تووشی ئەم بەزمە بووم.

پزیشکەکەش هەندێ بەچاوی پڕ پرسیار لە کچەکەی ڕوانی و دوایی دەمی بردە لای گوێی دایکەکە و شتێکی چرپاند بە گوێیدا یەکسەر دایکە بەدەم ئەیەڕۆیەکەوە دای بەسنگیدا و ئیتر بەزمی دایک و کچ لەوێوە دەستی پێ کرد. کچەکەش هەر جەختی لەسەر ئەوە دەکرد کە ئەوەی بەخەو بینیوە و لە خەودا پێی کراوە وەکو خەوەکەی منی بینیبوو.

من هەتا ئەو کات، یەک وشەم نەدرکاندبوو بەپاڵەپەستۆ هەناسەم دەدا، گەرچی ئەو کاتە منداڵ بووم و زۆر لە مەسەلەکان تێ نەدەگەیشتم، بەڵام دەمزانی ئەو کارە بەشتێکی ئێجگار خراپ و ئابڕووبەرە مەزەندە دەکرێت، بەتایبەت کە دایکم ڕووی لە یەکێک لەو ژنانە کرد کە لە کچەکە ورووژابوون هەر کەس بەجۆرێک دەدوان، پێی گوت:

– کچ بەڵا لە شوێنە، داوێنی دوژمنێتی، بۆیە هەقە هەر لە دوازدە ساڵییەوە ملی بکەیت بەپەتی ماڵ و مێردەوە.

من ئەو کات چوار مانگم مابوو بۆ دوازدە ساڵی. ئیتر بەتەواوی لە خەمی

ئەوەدا بووم پاش ئەو چوار مـانگە ملـی منیش بکات بەو پەتـەوەی کـە باسـی دەکات گەرچی هـەتا ئەو کاتە بە تەواوی تێ نەدەگەشتم پەتەکان چۆنن، بەڵام دەمـزانـی بزنێکـی دابەسـتـەمـان لە مـاڵەوە هـەبـوو ملـی کـرابوو بەپەتێکەوە هـەمـوو مـاڵ و مـەملەکـەتەکـەی تەنیـا یـەک مـەتری چوارگـۆشـە بوو تیـایدا بجووڵێتەوە، دوای ئەو ڕووی لە من کرد و گوتی:

– ئەوە بەرەنجامی متمانەبوونە بە پیاو.

هیچ لە مـەبەسـتـەکـەی تێ نەگـەیشـتـم و ئەویش تێبـینیی حـەپەسـانەکـەی کـردبووم بۆیە زیاتر بـۆی ڕوون کـردمـەوە "واتە لە قـوتابخـانە لەگـەڵ کـوڕدا یاریی کردووە، ئاوا سـەری خـۆی و خێزانەکەی شـۆڕ کرد، بۆیە هـەزار جـارم پێ وتویت و پێت دەڵێمـەوە، ئەوەی نێر بوو باوەڕی پێ نەکـەیت تەنانەت گـەر باوکیشت بوو، ئەگـەر ئۆتۆمـۆبێلێک لە ڕێگە مـاڵی هـەر کەسـێکی لێ پرسـیت نزیک نەبیتـەوە، بترفێنێ و وات بەسـەر بێنێ. وەڵامی کـەس نەدەیتـەوە خێـرا بەڕاکردن بگە بەماڵەوە، شـەوانەش "اية الكرسي" بخوێنە خۆ بەلای ناخێـرت سێ سـاڵ دەبێت فێـرم کردوویت، کـەچی لەوانەیە هـەتا ئێسـتا نەتخـوێندبێ و چەندین خەوت بەدێو و درنج و پیاوەوە بینیبێت".

ئیـتر بـەقسـەشم کـرد لەو ڕۆژەوە ڕقـم لە هـەمـوو ڕەگـەزێکی نێـر بوو، هیچ کات وانەی مامـۆسـتا پیاوەکانم لەبەر نەدەکرد و زۆربەی کـاتیش ئەو وانانە هـەر نەدەچوومـە ناو پۆل و خـۆم دەکرد بەنەخـۆش، گـەرچی بەڕێوەبەرەکەمـان مـامـۆسـتـای پیـاوی خـانەنشـین نەبوایە کـە بـە مـحـازر وانەی دەگـوتەوە، نەیدەهێـشت مـامۆسـتـای گـەنج ڕوو بکاتە قـوتابـخـانەکـەمـان، ئەویش هـەر هـەمـان بـۆچوونی دایکمی هەیە، بۆیـە نەک مـامـۆسـتـاکـان ڕقم لە شـوانی براشـم بـوو، کـەچـی بەڕێوەبەر ئەویـش و هـەمـوو شـوانـەکـانـی تریشـی خـۆش دەویست و بۆ هـیچ سـەرپێـچییـەکیش نەیدەنارد بەشـوێنی باوکیـاندا. خـۆ باسـی باوکم هـەر مەکە، هـەمـوو شـەوێکیش بەر لە نووسـتن دەسـتنوێژم دەشت

و "اية الكرسي"م دەخوێند ئەوسا دەنووستم.

بەڵام ئەو ڕۆژە نەمدەزانی ئەو خوێنەم بۆچی لێ دێت، ئەوەندە ترسام و گریام، لە دڵی خۆمدا هەر دەمگوت ئەمەیە کە خەڵک پێی دەڵێن بێ ڕەوشتی بەڵێ من تازە بێ ڕەوشت بووم.

ئەمە ئەوەیە کە بەسەر کچی نەخۆشخانەکەدا هاتبوو، ئیتر شەویش هەر ئێوارە چوومە ژێر جێگەکەم هەنسکم دا هەتا خەوم لێ کەوت، بریا خەوی مەرگم بوایە و هەر خەوم لێ نەکەوتایە، کەس نازانێ ئەو ڕۆژە هەتا ئێوارە چۆن هەر پێنج چرکە جارێک دەرۆیشتم پۆشاکەکانی ژێرەوەم دەشت و هەر بەتەڕی لەبەرم دەکردنەوە، ئێستا دەزانم چەند گوناهبارم کە پێنج فەرزە، هەر بەوانەشەوە و بەو شێوەیە نوێژەکانیشم دەکرد، چوار ڕۆژ ئەوە حاڵی من بوو... کەچی دواییش.

– دواییش چی؟ تۆ خۆت، هەتا ئێستا لە گوناهی سێو خواردنەکەدای. بۆ ئەوانەی تۆی پێ ترساندووە سروشتی خۆی و هەموو مێیینەیەکی تر نەبووە، یا خۆی لە بەردەمی تۆدا دووبارە دەکردەوە، وای پێشان دەدایت لە کەسانی تر باڵاترە.

"هەر بەڕاستی وام دەزانی کەسێکە هەموو شتێکی نەک لە من بگرە لە هەموو ژنێکیش زیاترە، هەمیشە لە هەموو لەشی خۆمی دەتۆقاندم. نازانێ کە سنگم کردووە، نەختێ بەرز بووەوە، چۆن بەتیلەیەکی چاو لێم ڕاما و گوتی:

– بەسنگ و مەمک ژنێکی تەواوی، بەڵام نازانی خزمەتی ماڵەکە بکەیت و چوار ئیشی ڕێکوپێک بۆ من بکەیت.

هەتا ئێستاش پرسیارەکانی من بێ وەڵامن، بۆیە وام دەزانی ئەوەی ژن بێت و پیر بێت دەبێ ئەوانەی منی بەسەر بێت، هەندێ جاریش وام دەزانی تەنیا بۆ من عەیبە و بۆ خەڵکی تر ئاساییە. چونکە زۆرجار کە سەیری

ئاوێنەم دەکرد، دەیانوت "دڵت پەیدا کردووە" ئیتر بەخۆدا دەشکامەوە دوای ئەوە پارچە ئاوێنەیەکی بچووک بەتەنیشت بەرمیلی گەرماوەکەمانەوە، دانرابوو، لەوێدا تێر سەیری دەموچاوی خۆم دەکرد و بۆ ئەو جیاوازییانە دەگەڕام کە شوانی برامی لای دایکم شیرین کردووە و منیشی نابووت کردووە. بۆیە بەردەوام خۆم بە کەسێکی کەمسەر و زۆرجاریش نامۆ دەبینی و هەتا پازدە ساڵیش زۆرجار لە پوورەکانم دەپرسی دایکم کەی شووی کردووە، ئەی من کەی لەدایک بووم؟ بەدوای زەمەنێکی وندا دەگەڕام کە منی پەیوەست کردووە بەئەوێوە، چونکە من خۆم بەخاوەنی ئەوان و ئەو زەمەنەش نەدەزانی".

– تۆ تاوانباری بەرامبەر بەخۆت، هێندە دەترسای بەردەوام گۆشەگیر بوویت. تێکەڵاوی کچە هاوەڵەکانت نەدەبووی هەتا لێیانەوە فێر ببیت و بزانیت کە ئەوانیش وەکو تۆن و ئیتر سڵ لە سروشتی خۆت نەکەیتەوە.

"دەترسام ئەوان تێ بگەن و بەو شتانە بزانن و بچنە ماڵەوە هەموویان پێ بڵێنەوە، ئاخر دایکم بەنیوەی هاوپۆلەکانمی گوتبوو هەر شتێکیان لێ بینی یا لە ڕێگە لەگەڵ کوڕدا کورد قسەی کرد خێرا وەرن لە ماڵەوە بەمن بڵێنەوە، "جا ئەو کاتە چەند شتی جوانتان بۆ دەکڕم"، ئیتر دوای ئەوە ئەگەر تێکەڵاویان بووبوومایە دەبوو هەموو شتێکیان بەقسە بکەم، تەنانەت هەموو ڕۆژێ پارەی ڕۆژانەکەمیان لێ دەسەندم خۆ ئەگەر ڕۆژێک پارەی ڕۆژانەم وەرنەگرتایە و بەوانم بگوتایە پێم نییە وەرم نەگرتووە، دەهاتنە لای دایکم بوختانێکیان بۆ دروست دەکردم کە سزاکەی لەوان زیاتر بوو.

ئیتر بەتەواوی لە هەموو کەس دوور کەوتمەوە و ئێستا یەک هاوڕێم نییە نە کچ نە کوڕ. بەڵام تۆ چۆن بەمانەت زانی، ئاخر سەرم سوڕماوە، من ناوەوەی خۆمم هەرگیز نەدرکاندووە بۆ ئەوەی کەس پێی نەزانێت و لای ئاشکرا نەبێت کەچی تۆ هیچت لا نهێنی نییە".

– ئاخر گەر تۆش بتوێرایە پراکتیکی ئەو راستییە بکەیت کە خواردنی سێوەکە گوناه نەبووە بگرە بەمەعریفەکردنی شتەکان بوو، ئێستا هیچت لا نهێنی نەبوو.

"تا ئیتر ناترسم ڕووبەڕووی هەموو سروشت ببمەوە، نەک تەنیا سروشتی خۆم، یا چاکتر وایە بۆ ئەوەی لە هیچ شتێک نەترسم، ئەمڕۆ لە بەردەمی ئاوێنەیەکدا خۆم ڕووت دەکەمەوە بەوردی لە خۆم ڕادەمێنم هەتا هەموو سڵکردنەوەکانم دەڕەوێتەوە".

ئەوەی کە تا ئەو کاتەش نەمدەزانی کێیە، جارێکی تریش قاقا دەنگی لێ هەڵبڕی گوتی:

– ئەی دەبەنگ، هەنووکە ئەوەندە ئازایت؟ حەز دەکەم خەڵاتێکی گەورەت بکەم، کە بەخۆتدا چوویتەوە بەزەمەنیشدا بچۆرەوە، ئەو کات وەکو دەڵێی سەیری ئاوێنە بکە.

– ئاوێنە؟ بۆ من باسی ئاوێنەم کردووە؟

"وەکو وشەکانی دایکم، لە وشەی ئاوێنەش دەترسام، بۆیە خۆم سەرقاڵ کرد بەڕوانین بەهەر چوار لای خۆمدا. ئەو کورسییەی هەمیشە دایکمی لەسەر دادەنیشت و، لفکەی دەچنی و فەرمانی بەسەر مندا دەکرد هەتا هەموو کارەکانی ناوماڵی پێ تەواو دەکردم، دایکمی لەسەر نەمابوو، سەندەڵەکەش بەتەواوی قاچەکانی ڕزیبوون و یەکێکیشیان کەوتبووە خوارێ. ئەو ڕیزە لفکەش بەردەوام بەتەنافی بەردەم پەنجەرەکەدا هەڵی خستبوون، نەک خۆیان شوێنەواری تەنافەکەش نەمابوو.

ماڵێکی ئارام و بێدەنگ، وەکو ئەوەی سەدەیەک بێت، هیچ زیندەوەرێک ڕووی تێ نەکردبێ، ژوورەکەم هەموو گەچەکەی هاتبووە خوارەوە، بەردەکانی دەرکەوتبوون سەماوەرە زیوەکەش، لەگەڵ دەسکی پەنجەرەکاندا، بەشێوەیەک ژەنگ دایڕزاندبوون، پرووش پرووش دەوەرینە خوارەوە.

دەستێکم هێنا بەسەرمدا و، ویستم ئاوێنە شکاوەکە بهێنم و لە دیمەنی خۆم بڕوانم، کەچی دوو پرچی سپیم بینی، بەسەر سنگمدا شۆڕ بووبوونەوە لەو تەماشاکردنەش پەشیمان بوومەوە، خێرا بەپەلە پرچەکانم خستە ژێر ملیوانی کراسەکەمەوە و شاردمەوە.

دیسان ئەو دەنگەی چەند چرکەیەک بوو وازی لێ هێنابووم لەو سەغڵەت و ڕێگە پێگرتنە بەڕستە ڕەقەکانی دووبارە هەڵی دایەوە و گوتی:

– تۆ درۆ لەگەڵ خۆشتدا دەکەیت، ئەوەتا ڕابردوو لەژێر ملیوانی کراسەکەتەوە ئاودیو دەکەیت.

– تۆ... تۆ کێیت، خۆ جادووگەر نیت ئاگەداری هەموو شتێکمی.

– من، دەنگی ئەوێم... ئەوێی ناخت، ئەو ناخەی کە تەنیا بەڕستەی کریستاڵی گوزارشتی لێ دەکەیت و ئەو ڕستانەی زۆر لە پراکتیکیان دوور دەخەیتەوە، ئەو ناخەی، لەگەڵ سێبەرەکتدا لێت هاتوونە زوبان.

هەنگاوەکانم شێلگیرانە، گەیاندمیە بەردەمی پەنجەرەکە و نەختێک شیپانەکەم وەلانا و سەیرێکی دەرەوەم کرد، بەبیرم نایەت، چەند گۆڕ بوو بەداوێنی گردەکەی بەرامبەری ماڵەوەمانەوە بوو، کە جارجار بەدەم سەعیکردنەوە سەیرێکی دەرەوەم دەکرد و دایکیشم خێرا لێم تووڕە دەبوو، دوایش خۆی لە پەنجەرەکەوە بەهەر چوار لادا چاوی دەگێڕا، دەیگوت بزانم کێت لێوە دیارە.

ئەو کات، دیمەنی گوڵاڵە و گژوگیا بووبوون بەڕووپۆشی گۆڕەکان و سەرنجی ڕادەکێشام، کە وێنەی پۆلی دۆمینە ئەولا و لای ئەو شیوە بچووکەی گرتبوو، ئەو شیوەی بەنێوان هەردوو گردەکەدا دەڕۆیشت بەڵام ئێستا بووە بەمەملەکەتی مردووان، نە گوڵاڵە و نە گژوگیای وەکو جارانە. هێندەی گۆڕ لێ دراوە، مردووان جێگەیان بە گوڵاڵە و، سروشتیش لێژ کردووە، دەڵێ چنینی ئەتەمین هێندە لێکەوە نزیکن، لەوانەیە لەژێرەوە دوو

کـەس لە گـۆڕێکدا بن، کـە هەرگـیـز لە ژیاندا بەیەکـەوە نەیانکرایە. لە ناوەڕاستیشیاندا ئەوە گۆڕێکی بۆرە کە بەسەر خۆڵەمێشیدا دەیڕوانی، دیار بوو پێشـتـر سـپی بووبوو، لەبەر کـۆنی وای دەنواند ئـەو ڕەنگەی گـرتبـوو، لەسـەر کێلـەکەی و ڕێک بـەرامبـەر پەنجـەرەکـەی مـاڵەوەمـان نـاوی دایکمی لەسەر نووسرابوو...

*ئایاری ١٩٨٨*

## کورتە برووسکەکانی غوربەت

### برووسکەی یەکەم

خۆشیی ئەوێم پڕ بە مەعیدەی

دایکی هەموو جارێک بانگی دەکرد " کچم وەرە بۆ چێشتخانە با ڕێگەکانی گەشتن بە دڵی پیاوت فێر بکەم"

ئەویش بە دەم بۆڵەبۆڵەوە " ئەی هاوار کەی لەم عەقڵە کۆن و تۆزگرتووەی تۆ ڕزگارم دەبێت، تۆ هەرگیز ڕێگەیەکت زانیوە بمگەیەنێت بە عەقڵی پیاو، نەک دڵی، مەبەستم مەعیدەی؟"

دایکی بە دەم پێکەنین و سەربادانەوە " ڕۆڵە خوا عەقڵێکت بداتێ کە پێی بژیت، چونکە ئەم عەقڵە ناتژێنێت"

هێشتا لە قۆناغی ئامادەییدا بوو، کە بە وردی گوێ بیستی قسەی میوانە پیاوەکان دەبوو، یەکێک دەیوت "من کە ژنم هێنا دایکم بۆی دۆزیمەوە و پێی وتم هەرچی برنج لێ دەنێت" برگەیەکی پەنجەی پێشان دەدات، " ئە ئەوەندە دەبێت"، یەکێکی تریان، " کەس ژنی وەکو ئەوەی منی نییە نان و میوانداریی پەنجا میوانیت لە ڕۆژێک بۆ دەکات" کە لە باسی سیاسەت بە سەقەتی و زەمی خەڵک کردن تەواو دەبوون بەمجۆرە قسانەوە شەوەکەیان بەڕێ دەکرد.

ئاواتی ئەوە بوو ڕۆژێک لەم بەربەریەتە عەقڵییە ڕزگاری بێت، بۆیە بارگەی پێچایەوە و لە هەندەران گیرسایەوە.

لەسەر تاشەبەردێک دانیشتبوو، پشت لە هەتاو و ڕوو لە دەریا، دەستی

لەسەر ملی ئالاندبوو، چاوە شینەکانی و ڕووخسارە کاڵ و ڕۆئاواییەکەی بە قووڵی سەیری دەکرد و قسەی بۆ دەکرد" دەزانیت بۆچی من پێم خۆشە هاوژینەکەم کەسێکی فرە نەتەوە بێت؟"

پڕ بوو لە بەختەوەری، پێی وا بوو، پێی دەڵێت چونکە منداڵەکانمان جوان دەردەچێت، بەڵام ویستی لە خۆی ببیستێت، بۆیە پێی وت، "وابزانم دەزانم بەڵام پێم خۆشە لە خۆت گوێم لێ بێت"

چاوە شینەکانی پڕ بوون لە شادی و بە تینەوە وتی "چونکە کەسێکی فرە نەتەوە واتە لە کولتووری تریشەوە زۆر شت فێر بووە، یەکێک لەوانە خواردن، من کۆمەڵێ خواردن دەزانم، تۆ کۆمەڵێکی جیاواز دەزانیت، دەتوانین هەر ڕۆژەی خواردنێکی جیاواز ئامادە بکەین و تاقی بکەینەوە"

قسەکانی دایکی بیرەوەری داگیر دەکەن و بە زەردەخەنەیەکەوە لەبەر خۆیەوە دەڵێت" دایکە هێشتا هەر کراسەکەی تۆ لەبەر ناکەم".

**برووسکەی دووەم**

ماسکی خۆشەویستی

دوێنێ شەو دراوسێکەیان پۆلیسی بۆ بانگ کردبوون کە گوێی لە شەڕ و ئاژاوە و گریانی دەبێت لەگەڵ هاوسەرەکەی، ئەوەش ئەزموونی یەکەم جاریان نییە، ئەوەندە پۆلیسیان بۆ بانگ کراوە، ئێستا هەر چەند پۆلیس لەبەر دەرگا دەبینرێت، خەڵکی ساختمانەکە ناوی خۆیان نازانن بەڵام بە ژمارەی ئاپارتمانەکەیان، دەپرسن، " دیسان لە ١٠١٠ چی ڕووی داوە؟"

ئەمڕۆ لەسەر ڕانە لاواز و کورتەکانی دانیشتووە و قژە بژەکەی جارێک بەملا و جارێک بەولادا دەخات و قسەی دەیی بۆ میوانەکانی دەکات گوایە ئەوان لاس و خەزاڵی سەردەمن. جارجارەش پلارێکی ناشیرین لەو ژنانە دەگرێت کە سەڵتن.

ئاخـر ناچاری بەشـداربوونی ئەم پرسـەیە نەبێت، بە خـەونیش لە کـۆڵانی تاریکی ئەم جـۆرە بوونەوەرەدا تێ ناپەڕم. هـاوڕێکەم کـە جـامی سـەبری پڕ بووە و دەزانێت منیش خـەریکە لە پێسـتی خـۆم دەچمـە دەرێ، دەیەوێت قسـەیەک بە گوێیـدا بدات، ڕوو دەکاتە مـن و بە دیالەکتـیکێکی مـەهابادیی شـیرین دەڵێت، " خـۆ مـەگەر مـەرجە هەمـوو ژنێک بەر عـەکسی خـۆی بدا وەسـەر کـەسێکی ترا، ئەی باوە هـەر کەس گـەرەکێتی وەشێوەیەک ژیان بکا، قەول نییە وە حەزی کەسێکی تر بکا"

هـاوڕێکەم سـەیری ئەو ئەکات کـە چاوی لـە من ناترووکێنێت، سـەیری من ئەکاتەوە و ئەڵێت، " تۆ جارێک شتێکت لەسـەر ئەمانە وتبوو؟ "

پێی ئەڵێم،" زۆر شـتـم لەبارەی ئەو جـۆرە مـرۆڤـە نەخـۆشـانە وتووە ئەزیزم، بەڵام بـا ئەمــەشی بـۆ زیاد بکەم، مـەیموون لە هـەمـوو شـوێنێک زۆرە، کـە سـەیری ئەم جـۆرە مـەیموونـە ئەکەم، ئەمـەوێت بڵێم بڕۆ سـەیرێکی ئاوێنەکە بکە و دوایی لە خـۆت بپرسە، گـەر ئەو وێنەی لەو ئاوێنەیەدا دەیبینت سـەڵت نەبێت، منیش و هـەر ژنێکی تر دەتوانێت سـەڵت نەبێت ئەگەر خۆی بیەوێت... ئاه ئەوەشت بیـر نـەچێت جیـاوازییـەکی گـەورە هەیە لـە نێوان نێر و پیـاودا، ئەوەی بیەوێت لەگەڵ نێر بژی هـەرگیز کێشـەی هـەڵبژاردنی نییە"

ئەمـجـارە بـەردی وشـەکـانی من ناوچەوانـی ئەو گـرژ دەکـات و نرکـەیەکی وەکـو پێکەنینی هـاوسـەرەکـەی دەگـات بە گـوێم، چوون لە پـشـتی دووسـەد پاوەند لەشـی قەڵەو مەچەکی کورت و قژی بژیەوە ئەو ڕیوڵەیە نابینم کە ناوی ناوە هـاوسـەر، بەڵام من لە دڵەوە بەزەییم پێیدا دێتـەوە کە لەگەڵ ئەودا سـەر دەخـاتە سـەر یەک سـەرین، ئەویش سـەیرم ئەکـات و پڕ بە دڵ پێی خـۆشـە مارمێرکەیەک بم و بە پێ پانەکانی بمشێلێت، پێی وایە هـەر لەو بەرانبەرەوە مارمێرکەکەی هاوسەری لێ داگیر ئەکەم.

**برووسکەی سێیەم**

یاسای خۆشەویستی

"چارەسەرێکم بۆ بدۆزەرەوە؟"

"چارەسەر؟" بیرکردنەوە لە کردنەوەی وەها گرێیەک هێنامییەوە بۆ ناو جیهانی واقیع، جیهانێک دەمێکە هەوڵم داوە خۆمی لێ دابڕم. من نامەوێت خەڵک ببینم، مەبەستم ئەو خەڵکانەی کە بەو جیهانەوە جارێکی تر گرێم ئەدەنەوە... کام جیهانە؟ مەپرسە، ئێمە زۆر جیهان و سەیروسەمەرە هەیە وشە نایگرێتە خۆی.. یان.. نا، ناخرێتە ڕستەوە.

پیاوێک لە کۆتایی چلەکانی تەمەنیدا، ئا لەو بابەتە ئەگەر خۆی ئەم کێشەیەی نەبێت هەرگیز حساب بۆ قسەی ژن ناکات، بەڵام ئێستا دەیان مایەڵی بریوە بگات بە ئێرە بۆ ئەوەی بڵێت چی بکەم؟

ئەو بەبێ مۆڵەت وەرگرتن خۆی دەکات بە کۆفی شۆپەکەدا و لەسەر کورسییەکە بەرانبەر دادەنیشێت. پێم سەیر نییە، کورد داوای مۆڵەت وەرگرتن ناکات کە ناسیاوێک بە ڕێککەوت لە شوێنێکدا دەبینێت، یان تەنانەت کە سەردانی ماڵێکیش دەکات، جێگەی سەرسوڕمانیش نییە، لە دەرەوەش هەر بەو ئاکارەوە بژین... بەشێوەیەک قسە دەکات وەکو ئەوەی هاوڕێی دەیان ساڵەی بم، لە کاتێکدا تەنیا دووجار لە بۆنەکاندا لە دوورەوە سڵاوێکم لەگەڵ گۆڕیوەتەوە، ئەمەش هەر سەرم ناسوڕمێنێت.. ئەڵێت "لە ڕاستیدا چەند جارێک تەلەفۆنم بۆ کردیت بۆ مەسەلەیەک بەس وەڵامت نەدەدایەوە، ئیتر پێیان وتم کە زوو زوو لەم قاوەخانەیە دادەنیشیت"

بەسەرسوڕمانەوە "ئەی تۆ ژمارەی منت لە کوێ بوو؟"

" ئاھ، وەڵلا، لە هاوڕێییەکەم وەرگرت، ئەویش لە هاوڕێییەکی تۆی وەرگرتبوو"

"کەواتە ئێوە بێ پرسی کەسەکە یان بەر لەوەی ئەو کەسەی ژمارەی من دەزانێت تەلەفۆنێکم بۆ بکات و پرس بە خۆم بکات ژمارەکەم ئەدات بە یەکێکی تر و هەروەها چاودێریی کەسەکەش ئەکەن بزانن لە کوێ دادەنیشێت بۆ ئەوەی بینینی بە ڕێککەوت ڕێک بخەن"

قاقای پێکەنینێکی قێزەونی لێ بەرز دەبێتەوە، دانە زەرد و زمانە چڵکگرتووەکەی پێت دەڵێت هێشتا ئەم کابرایە فڵچە و شتنی بە دەمی خۆی نەناساندووە. هێشتا دەستی نەکردووە بە قسە و گەیاندوومی بە شێتگیری، دەبێت کەی تەواو بێت و ئێرە بەجێ بهێڵێت؟ لەژێر لێوەوە نەفرەت دەکەم.

وەڵامم دەداتەوە "وتت چی ؟ تێ نەگەشتم"

پێی دەڵێم "هیچ، وتم خوایە وەتەن ئاوا کەیت"

کورسییەکەم ڕێک دەکەمەوە و ناوچەوانم گرژ دەکەم و دەمەوێت زیاتر بە ڕەسمی قسەکە وەربگرێت "فەرموو، فەرمان کە چۆن دەتوانم خزمەتتان بکەم؟

دەست دەکات بە قسەکردن، "باوەڕ بکە، سەدان جار بەقسەی خۆش قسەم لەگەڵ کردووە، بێ سوودە، ئاخر تازەش کار لە کار ترازاوە، ئێمە خاوەنی سێ مناڵین نامەوێت منداڵەکانم بێ سەرپەرشتی بن یان من مووچە بۆ منداڵەکانم لە ڕێگەی پۆلیسەوە بنێرم "

هەردوو لەپی دەستی دەدات بەمدیو و دیودا و قومێک دەدات لە کاپەچینۆکەی بەردەمی و " من سەرم لێ شێواوە بە دەستییەوە، تۆ بەحوکمی کارەکەت لەناو ئەم مەسەلانەدایت چی بکەم کە ڕێگەی ئەوەی لێ بگرم ئەوەنە تەلەفۆن بۆ پۆلیس نەکات؟" پرسی

لێم پرسی "مەبەستت ئەوەیە تۆ سووکایەتی پێ بکەیت و ئەویش هەر لێت قبووڵ بکات؟"

"ئەگەر من سووکایەتیم پێ کردبا ئەو سەد جار تەلەفۆن بۆ پۆلیس بکات، بەڵام ئەو هەر شتێکی بەدڵ نەبوو شوێنێکی خۆی شین ئەکاتەوە و پۆلیس بۆ من بانگ دەکات، کورە وەڵڵا ئەوەندە پۆلیسی بۆ بانگ کردووم، حەیا و شەرەفی بردووم، رووم نایەت بەو ڕاڕەوەدا بێمە ژوورەوە و خەڵک بمبینێت، تەواو ژیانم لێ تاڵ بووە"

"بەر لەوەی کۆتایی بە قسەکانی بهێنێت پێم وت، دەمەوێت بیر بکەیتەوە و بزانیت پێشتر، واتە پێش ئەوەی ئەو هاوسەرەت پشتگیرییەکی وەکو ئەم یاسا و سیستمەی هەبێت چەندین جار وەکو ئێستای تۆ گوتوویەتی ژیانم لێ تاڵ بووە؟"

ناوچەوانی گرژ کرد وەکو ئەوەی دەرزیت بە ڕۆحیدا چەقاندبێت، خێرا ئاوڕی دایەوە و بە مۆڕەیەکەوە "ئێوە زۆر سەیرن، من وام زانی تۆ لەو باشتر تێ دەگەیت، ئەوەی رابردوو بوو ڕۆشت، ئێستا لەوەتەی لەم وڵاتەداین لە گوڵ کاڵترم پێ نەگوتووە"

"ئەی چۆنە فێر نەبوویت وەکو خەڵکی ئەم وڵاتە بە ئەدەب بێیتە حزوور، مەگەر ئەو ئەتەکێتە یەکەم وانە نییە لێرە فێر دەبیت؟، تۆ بۆت نییە تێگەشتنی من هەڵسەنگێنیت، بگرە وەکو ئەوەی تۆ هاتوویت پرسیار لە من دەکەیت پێویستیشە گوێم لێ بگریت، بۆ مەرجە من بەدڵی تۆ قسە بکەم؟ من دەزانم تۆ دەخوازیت چیت گوێ لێ بێت، بەڵام ئەوە کاری من نییە مەیلدار بم بە لای ڕێبازی ژیانی نەگونجاوی تۆیا، تۆ دەبێت خۆت لەگەڵ ئەو دۆخەی ئەمڕۆ بگونجێنیت و چاوەڕێ نەکەیت پیاوەکەی جاران بیت و هەروەکو جاران لێرەش بۆت بچێتە سەر"

بە ڕقێکەوە دەڵێت "سوپاس، تێ گەشتم " و قاوەخانەکە بەجێ دەهێڵێت. ئەمە چاوەڕواننەکراو نەبوو لای من، ئەزانم کورد کاتێک باسی کێشەیەکی خۆی دەکات بۆ چارەسەری کێشەکە ناگەڕێت لای کەسێکی شارەزاتر، بگرە

بۆ تێگەشتنێکی زیاتر لەوەی چۆن براوە بێت لە بری چارەسەر و بنبڕکردن، وە دەگەڕێت بۆ خۆسەلماندن و وەرگرتنی ڕەزامەندیی ئەوی تر، زیاتر مەبەستیەتی ئەگەر ئەو کێشەیەی گەشت بە خەڵک کەسێک بڵێت "گوناھ " بوو " بێتاوان بوو" گوناھ و تاوان گەورەترین کێشەی دەروونیی کارەکتەرەکانی لای ئێمەن و ڕەزامەندیی دەرەوەی ماڵی خۆت و فس فس پاڵەوانی لە ئاگردانی خۆتدا و هەڵگێڕانەوە و پێچەوانەکردنیشی کولتووری کارەکتەرەکانی لای ئێمەن، بۆیە لەو کورتی براندنەوەی بەختەوەری کردم.

خۆمم بە سەردێری هەواڵەکانی ڕۆژنامەی "مەترۆ" دا خەریک کردبوو، دەنگی ژنێک کە بە نزمی و بە کوردی پرسی "ڕوخسەت هەیە دانیشم" سەری لەسەر ڕۆژنامەکە پێ هەڵبڕیم. سەرسوڕمان ساتێک بێدەنگم دەکات

" ئەها دەزانم حەپەساویت و لە دڵی خۆتدا ئەڵێیت ئەم ماڵە بەسەرە دێن بۆ لام"

پێم وت " گوێ مەدەرێ من چۆن بیر ئەکەمەوە، فەرموو دانیشە و پێم بڵێ تۆ چۆن بوو هاتیت؟"

لە وەڵامدا گوتی، "لە ڕاستیدا من خۆم هاتبووم کۆفی وەربگرم، کە تۆم بینی لێرە بوویت ویستم قسەت لەگەڵ بکەم، وە بینیم هاوسەرەکەشم هەر قسەی لەگەڵ دەکردیت، بۆیە لە دەرەوە لەو پەنایەدا وەستام، نەهاتمە ژوورەوە هەتا ئەو ڕۆشت، هەر ئەمەش زیاتر وای لێ کردم حەز بکەم ئێستا قسەت لەگەڵ بکەم، ئەبێت چەند درۆی لەبارەی منەوە بۆ کردبیت؟"

ساتێک وەستا من ئەو فزووڵەی تێر بکەم، بەڵام من پێم گوت " فەرموو، ئەی تۆ ئەڵێیت چی؟"

بەشێوەیەک دەستی بە قسە کرد و ئەوەندە تامەزرۆ بوو بۆ دەربڕین پێم وا بوو ئەو ڕۆژە تەواو نابێت، بە وردی باسی تەنانەت ئاماژە و جووڵە و جۆری پۆشاکەکانیشی دەکرد نەک تەنیا ناوەڕۆکی بابەتەکە.. نەمزانی

سەرەداوی چەند ڕووداو و چەند کارەسات لە مێشکمدا تۆمار بکەم، بیر لە چارەسەری چەندیان بکەمەوە. ئەزانم ئەو ڕستەی بوو بەبڵقی هەموو کارەساتەکە لە مێشکمدا ئەم ڕستەیە بوو "بۆیە دەمەوێت تۆڵەی لێ بکەمەوە، بۆیە هەر قسەیەک بکات پۆلیسی بۆ بانگ ئەکەم"

"جا تۆ پێت وایە پۆلیس بانگکردنێک ئەم هەموو ئازاری ڕابردووە لە بیر تۆ ئەباتەوە کە باست کرد؟" لێم پرسی

" نا، نا " کورسییەکەی هێنا پێشەوە و قومێکی لە کۆفێکەی دا و درێژەی دایە، "ئەوە تەنیا لە بریی ئەوەی لە دوا گەڕانەوەماندا پێی کردم"

"کامیان؟ تۆ زۆرت باس کرد"

"ئەوەی لەوێ، کە گەڕاینەوە بۆ کوردستان دوو ساڵ بەر لە ئێستا پشتێنەکەی لە پانتۆڵەکەی دەرهێنا و بە ئارەزووی خۆی و هەتا توانی لێی دام. دوایی پێی گوتم دەمێکە لە ترسی یاسای بێ قیمەتی ئەوێ نەمتوانیوە ئاوا لێت بدەم، ئەوە بۆیە پێم خۆش بوو لەگەڵم بێتەوە" بە دەم هەنسکەوە خەریک بووم خوێنی لووت و مەچەکم دەسڕییەوە تەلەفۆنەکەی فڕێ دەدایە بەردەستم و دەیگوت " فەرموو دەی مافەکانت وەربگرە، تەلەفۆن بۆ پۆلیس بکە با بێن بۆم... من هەتا ئەوەی پێ نەکردبووم قەت بانگی پۆلیسم بۆ نەکردبوو، بەڵام پاش ئەو کارەساتە قەت وازی لێ ناهێنم"

قسەی تەواو کرد و چاوانی تەڕ بووبوون و بە زۆر فرمێسکەکانی ڕاگرتبوون بارانی تووڕەیی دانەکەن. بەڵام تەنیا وێنەی فرمێسکەکانیم لە چاودا نەنەخشا، بگرە شێوەی گێڕانەوەکەشی، سەیرە! هەندێ کەس ئەوەندە بەجوانی باسی ئازارەکانی خۆیان دەکەن وا هەست دەکەیت باسی ئازارەکانی تۆ دەکەن.

## بەفرکوژەکان

"ئیتر یەک خۆر، ئەم ژووره تەزیوەمان گەرم دەکاتەوە" ئەمەی وت و هەگبەی سێ ڕۆژ سەفەری لە کۆڵ گرت.

مووروویی دوو ڕۆژم هۆندەوە، گەشتم بە چوارەم و پێنجەمی چاوەڕوانیش، لەگەڵ تۆپەڵێ هەتاودا خۆت نەکرد بەژووردا، کاشکا زوو دەگەڕایتەوە، چەند لە سەفەرکردنی ناوەخت دەترسم بڕیار بوو ڕۆژێک بگەڕێیتەوە ژوورەکەت پڕ بێت لە ڕووناکیی چاوە نابیناکان و گەرمیی هەتاو، هەموو کات لە سەروو لاپەڕەکانەوە دەتنووسی "خەون بەئێوارە سەوزەکانەوە دەبینم". ئێوارە سەوزەکان؟

ئەو ڕۆژە دەمەو ئێوارەی هەینی، پۆستەرەکانی وەرزی پایز نەخشەی ئێوارەیەکی ڕەنگ پەڕیوی لەسەر کێشرابوو، کزە بایەکی سارد لە گەڵا زەردە وەریوەکان دەخشا و لەژێ پڕ نهێنییەکانی کەمانچە پەنجە هەڵوەریوەکانەوە ئاوازێکی ماتەمی بۆ تەمەنی کورتیان دەچڕی، هەینۆکی نێو تەلارەکەش، جگە لە زەرفێکی بچووک لە سووچێکەوە دەردەکەوت، باڵاتی ئامێز گرتبوو، سات نا ساتیش سەرنجی نیگات بەسەر دیمەنی ژوورەکەدا دەچۆڕا، دەبێ هێشووی چ قەدەرێ لە ناویدا بپشکوێ، دەشێ دیارییەک بێت پرسەی دەزگیرانە ڕەشپۆشەکەی بشکێنێ، چونکە کاتێ ڕێچکەی پرسیارم تێ گرت، چەند خشڵێکی ژنان کەوتنە خوارەوە لە زەرفەکەی ئاخنین.

– تۆ دەڵێی سبەینێ هەتاو هەڵدێ؟

بەڵێ ئێمە لە مردن گەڕاوینەتەوە بۆ ژیان.

"بەدەست خۆمان نەبوو، بەهەر لایەکدا بجوولاینایە، گوناهی راست و چەپ لە بەندیخانەدا پێشوازیی لێ دەکردین" باوکم ئەمەی وت و بە پەنجە ئاماژەی بۆ هەردوو گۆنا داخراوەکەی کرد.

– ئەی ئەمە سەفەری جێ ژووانە یا کۆکردنەوەی ئەستێرە ڕژاوەکان؟

– دەتوانی بڵێی هەردووکیان چونکە ئێستا لە ستارەیەکی سەربەستاین ئێمەش سەر بەرزترینیان، پێویستە عەفریتەکان ڕاگوێزرێن لەسەر زەوی و، ئەستێرە ڕژاوەکانیش بخرێنەوە ئاسمان.

"دەبێ ڕاگوێزرێن.. ئەو کاتەی لە کلاوڕۆژنەی یادگارە پڕ ناسۆرەکانەوە، دەنواڕیتە ئەو ژیانە نوێیە، ئاسمان لێومان ماچ دەکا و، فرمێسکی خۆشنوودی بەسەر زەوی بەیاری تەمەندا دەپرژێنێت، بۆ وانەبێ؟ ئێمە تا دوێنێ بوو لە چوار وەرزی ساڵدا، شەش مانگ باوکمان بووکەشووشەکانی مناڵی دەدایە دەستمان و شەش مانگیش لە دیواری بەندیخانەدا وەنەوز دەیبردەوە و خەونی پێوە دەبینین، ئێمەش هەریەک بە لایەکدا پەرەوازە دەبووین، بۆ ئەوەی پەڕاگەندە نەکرێین، پەنامان دەبردە بەر تاشە بەردەکان، هێلانەی سیمرخەکان، نێو پرچی ڕەشی شەوەوە و، تەنانەت نێو چرچی تەوێڵی پیرەکان و، ماڵە خزمەکان... ماڵە خزمەکان؟ چەند دڵڕەقانە بەردی و شەیان بە نێوچەواندا دەداین بێهوودەیە خۆ حەشاردانتان ئەوان چاوی ماریان بەڕووەوەیە، ئێرەش بێ کەڵکە چونکە ئێوە بۆنی بارووتتان لێ دێ، هەر دەدۆزرێنەوە، ئەم دەڤەرەی ئێمەش ئاوەژوو دەکەن، گەر دەخوازن تا سەر شەقامەکەش ڕەوانەی ماڵەوەتان دەکەین".

بەخۆدا دەشکاینەوە بەردی ڕێگە تاریکەکانی شەومان لە کۆڵ دەگرت و بەرگەشت دەبووینەوە ئەو کات پێنج زارۆکە لەژێر سنگی چوار دیواردا هەتا بەیانی لە چرکەیەکدا.

پێنج جار مانگ دەکوژایەوە و زراوی ئەستێرەکان دەڕژانە گەرووی شەوە زەنگەوە.

پێنج جـار، ڕەشـەبا و سـەگـەکـانی دەرەوە، دەیانلـووراند و مـاڵەکـەیان بەردەباران دەکردین.

پێنج جـار، پەنجـەی ڕەقـیب لە پەنجـەرەکـەی دەدا و، بەزمـانی مـن نا، بەزمـانێکی تر دەیانـوت "پێ ناچێ زیندەوەری تێدا بێت، دوا دڵۆپە ڕووناکی تێدا داچۆڕاوە".

پێنج جار، پەردەی پەنجەرەکەیان لە شـووشـە شکاوەکەوە ڕادەکێشا و، گـوێیـان بۆ هـەناسـە کـپـەکانمان هەڵدەخست، ئێـمـەش دەلکاین بە قـورمی بنمیچی ژوورەکە و گۆشەی تەنیشت پەنجەرەکەوە.

هەناسە مەئیووسەکانم کۆ کردەوە، بەڵکو بێدەنگی بیانوەرێنێتە ئینجانەی بەرەبەیانەوە، بەیانیش گلێنە بێ گـوناهەکـانم لەنێو فـرمـێسکە ڕژاوەکـان هەڵدەچنێ، بەپارچە ئەسـفەنجێک، دوا دڵۆپە فرمێسکە ڕژاوەکانی دایکمم کـۆ دەکردەوە، دەمـچـۆڕاندە پێنج گەرووی وشـک هەڵهاتـوو هەناسـەسـوار، دەبوو سـەیرکەن هەر بەو ئەسـفەنجـە تەختـە ڕەشی پۆلەکەمم بسڕیبایەتەوە، دەبوو لـە مــردنی بەفــر و، شـکانـی پێنـووس و هەڵمــژینی نمرەکــان چاو بنووقێنین.. ئەگەرنا.. بەفرکوژەکان، بە قوڕی جەستەمان درزی دەرگەکانیان دەگرت و، پەنجـەرەکانیـان سـواغ دەدا، تا لە سـایەمـاندا جـەسـتـەی دەریا و، چاوی ڕەنگ، خوێنی بەفر و شیری غیرەت بەخاک بسپێرن، هەر ئەوکاتە بوو کە مـامـۆسـتـا ڕەش تاڵەکەم چەند وشـەیەکی دەترووکاند تێی نەدەگـەیشـتم هەتا هاوڕێ غـەریبـەکەم بۆی تەرجـەمە دەکردم، پاشـان قـاچی ڕاسـتـی لوول دەدا و دەیئـاخنینە گـیـرفـانیـیـەوە هەردوو هـەڵمـاتی چاویشـی بەدوومـاندا هەڵماتێنی دەکرد، کە بەلای ڕاسـتدا دەڕۆیشت نووزەی دارەکەی دەسـتی لە سـەری تۆدا بەرز دەبووەوە بەلای چەپدا دەگەڕایەوە، زەردەواڵە ئاسـا چزووی بەسـەری مندا دەچەقاند، بێ ورتە لەژێر شـەپۆلی چاوی یەکدا، وردە نیگامان لای یەک سکالا دەکرد و پۆلە ئەسـرینەکـانیش دەبوون بەڕیزی پرسـیـار و

ڕستەی "تاوانم چییە؟" نێوان دوو کەوانەی دەگرت... ئەو کات تەمەنی ساواییمان لە فریشتەکان دەخواست، کە تابووتەکانی دۆزەخ فێری زمانی ڕەشبینی دەکردین و ئێمەش فێری فردۆسەکانی ژیانمان دەکرد، تەنیا بە گەورەی خۆشم وەڵامم دابووەوە، ئەو سەردەمەی هێشووی چاوەڕوانیی چاوانم دەوەراند، کە هاوڕێکەم وتی "پەنجەرەکەت داخە با ڕەشەبا پرچەکانت نەوەرێنێت".

"بەڵام داخستنی پەنجەرە نیشانەی ترسە، ترسیش نیشانەی بێ هێزییە هەرچەند میلەتێکیش بێ هێز دەبێ دەترسن پەنجەرەکان لەسەر خۆیان دادەخەن".

"ئاخر پرچەکانت دەوەرێت".

"ئایی هاوڕێ پرچەکانم، لە یەکەم زریکەی کەوتنە خوارەوەم بۆ کۆشی زەوی دەوەرێت، هەتا ئەو سەردەمەی قەسیدەی گوناهە بەریئەکانی بوون تەواو دەبێت و گوڵ دەگرێت، هەر بۆیە وڵاتی تەمم بەجێ هێشت و هیجرەتم کرد بەرەو رووباری لێڵ، ئەو کەنارانەی لە وێدا ژنە پرچ درێژەکان، پرچەکانیان دەکرا بەکفنی ڕەش و، لە تەنیشت تەرمی مێردەکانیانەوە بە زیندوویی دەسووتێنران" ئەو لێوارە ئاسمان و زەوی خۆی گۆڕیبوو.

کە ئێمە بە سووری لێمان وەرگرت، کە گەڕاشمەوە ئێمە وردە پەپوولە بووین کە تارماییەکان گرتینیان دەبووین بە گۆرانیێکی دیرۆکی، لە نقێمی گوڵدا چەخماخەی سەرخۆشی هەنگ دەیوەراندین، کە بە قەڵەمەکەی چاوم، لەسەر لێوی گوڵە پەمەییەکان نووسیبوویان "کچ بەبێ برا سەرابە" ئێمەش هێور.. هێور مت دەبوورین تا-..

زرەی کازیری دەرگەکە و، دەنگی گریانێکی بەرز، هەموو چاوەڕوانییەکانمی دایە دەست سەرکێشیی ڕەشەبایەک، دەنگەکە زۆر بوو، بوون بە دوو، سێ بیست، ڕاپەڕیم لە سەماوەرەکەی بەردەمم هەڵدەنگوێم

هەڵمێکی گەرم ژوورەکەی پڕ کردم چوار پەنجەی قاچیشم لە ئاوەکەدا بەجێ ما، لە بڕی دەرگەکە پەنجەرەکەم کردەوە، تەزووی کارەبایەک ڕای کێشام بێ ئاگا هاوارم ئاسمانی ژوورەکەی پڕ کردبوو "دایکە.. بزا.. بزا.. بزانە چ ڕووی داوە" کەلەسەری دەرگەکە هات بەدەستمەوە کە جامانەکەی باوکم درابوو بەسەر تەرمێکی بێ هۆشدا. دەنگەکان دوام کەوتبوون دەیانفڕاندم... دەیانفڕاندم. بۆیە بازم بەسەر تەرمە بێ هۆشەکەدا دا، تا ڕاڕەوەکەم بڕی دوو جار بەسەر ئەو ئینجانە گوڵانەی دانرابوون نووچم دا، کە ئاوڕیشم لێ دانەوە، فرسەخێک ڕێچکە نەزیفم بە دووی خۆدا ڕاکێشابوو، پەلە گوڵە وەریوەکان و خۆڵی ئینجانە شکاوەکانی تێ چەقیبوو، ئەو کات تەمێکی سپی.. نەء باڵا بەفرێ، تاریک بوو. یا کات وەستابوو، نازانم کە دایکم لە دوور بەدی کرد، فەقیانەکەی بە مەچەکی ئۆتۆمۆبێلەکەوە گرێ دابوو، ڕەشبەڵەکی گریانی دەگێڕا، منیش چەقۆی نینۆکم گۆشتی گۆنای دەڕنیم کە وشە وشەیان دەنووکی لە ڕۆحم دەدا ئەم شیوەنە ساردە وەک شیوەنی بەفر بتی باڵام لە نەزیفی خۆ هەڵدەکێشا و پشکۆی جەستەم لە خۆڵ وەردەدا. دەنگێک وتی "ئەم کۆچە بێنازە وەکو کۆچی گەواڵە هەورە".

ناچار کەوتمە دارە دارە، شێلگیرانە بەدووی دایکم و ئەو ژنانەی فەقیانەکانیان لە تەکدا گرێ دابوو ئەوانەی کە بەمنداڵی فێری ڕوومەت ڕنینیان کردم و بە گەورەییش دەرگەکانیان لەسەر داخستم یارییەکانی منداڵییان دا بەدەستمەوە.

هەنگاوێک و دووان و سێیان... ڕستەیەک.. دوو ڕستە و.. سێ پرسیار لە گۆمی وەڵامدا ون دەبوون و هێڵنجیان پێ دەدام.

– دەڵێن چوونەتە سەریان هێلانەکانیان بەتاڵ کردووە و تەرمەکانیشیان کوشتووە.

– ئێمە قەلەڕەشین لەسەر کوختەی خۆشمان دەخوێنین (ئەم دەنگانە

چین.. چین.. کەی دەتوانین ببین بە هاوارێک سنوورە بێدەنگەکان ببڕین و سنوورە جەنجاڵەکان بێدەنگ بکەین)

– بریا بێگانەش ئەمەی بکردایە نەک.. ئاخر لە پێناوی (......)(*).

چیی تر ئۆقرەم ژێر هەنگاوە سستەکان کەوت، چڕنووکی دڵم دیواری سینەی کون کردم، وەک وشەکانیان هەڵایساسابووم وردە وردە ساتە ئەفسووناوییەکان لە دەست دەچوون، چاوم لەو پێدەشت و کەرنەڤاڵی فرمێسکەدا نغرۆ بووبوو، لێکدا لێکدا ئاپۆڕەکە دەشەڵەقا و لە چاوانمدا دەبوو بە خاڵێکی ڕەش، هێشتا هەنگاوەکانم نەیانگەیاندبووم بە دیاری چاوەڕوانییەکەم کە ناوچەوانم بەر تابووتی، ئەلحەد کەوت و بێ ئاگا کەوتم.

شوباتی ١٩٩٦

................................................

* ( ) ئەو حیوارە لە وتەیەکی تۆفیق الحکیم وەرگیراوە.

## ژنەکانی جەنەراڵ

"هەر ئێستا دەیبینم و پێی دەڵێم مەحاڵە ئەوەی خەونی پێوە دەبینێ بێتە دی، هاتنەدیی ئەو خەونەی تۆ ئامادەسازیی منی دەوێت، منیش هەرگیز ئامادە نیم کەس تەزبیحاتم پێ بکات... چونکە من خەونی کەسێک بووم کە لێم تێ نەگەیشت و منیش لەبەرئەوەی خۆشم دەویست وازم لێی هێنا و دوور کەوتمەوە، ئاخر خۆشەویستیی بێ ئەنجام بە ڕق بەکۆتا دێت، منیش نەمدەویست ڕقم لێی بێت... خۆ لە..."

بە ژنەکانی ناو کۆشکە سپییە شووشە ڕەشەکەش دەڵێم ئێوە خۆتان هەست بەکەمسەری دەکەن، نەخێر نێرگزین و دەتانەوێ گەر ژنانی تر خەڵکانی ئاسایی یا هەژار خۆشی دەوێت ئێوە جەنەراڵ خۆشی بوێن، یا تووشی خەمۆکی بوون و سەماکانی جەنەراڵ دەتانخاتە پێکەنین... نەخێر تووشی هستریا و ئەلکترابێت و ئۆدیب و هەموو شتە نەشیاوەکانی دنیا بوون... دەنا جەنەراڵ ئێوەی بۆ چییە لێرەدا کۆتان بکاتەوە؟ خۆ ئەوەی ئێوە خەوتان پێوە دەبینی و لە پێناویدا خۆتان تەسلیم بەو ئاکامە کرد ئەوە بوو ببن بەشاژنی ناو ژنان، هەندێکی تریشتان لە پێناوی خۆشگوزەرانیی ژیان و رزگاربوون لە هەژاری ئەوەتان کرد خۆ هەندێکشتان شانازی بەوەوە دەکەن کە جەنەراڵ بۆ رابواردن رای گرتوون، هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدان بگەن بەهەموو جەنەراڵەکانی جیهان و دواییش ناویان بهێنن و بڵێن پەنجەی پیاوێکی ناودار هەموو لەشی هەنوین، ئەی ماسوشێتی ئەوانی تریشتان مەگەر هەر بەتەنیا نەڕە و نرکە و ناڵەی جەنەراڵ بتوانێت بەباشی ئازارتان

بدات، ئەی ئەوانەتان کە کوڕەکانتان گیراوە و لە پێناوی مانەوەی ژیانیاندا سازش بەهەموو شتێک دەکەن، چەند بێزم لە جەنەراڵ دێتەوە خۆ تەسلیم دەبێت بە هەموو شتێک، باوەڕ ناکەم لەو مەملەکەتی ژنانەدا کەسێکیشیان خۆشیان بوێت، نا نا خۆ ئەمیش ئەو جەنەراڵە پاڵەوانە نییە کە سالانێک من..."

دەنگێکی نەڕە ئاسا لەو ژوورەی کە دەرگەکەی لەسەر ئەو تەلارە بوو پێیان دەگوت ژووری چاوەڕانکردن، ئەم و چەندین کەسی تر لەسەر کورسییە سارد و تەزیوەکان چاوەڕوانییان دەکرد، رای چەڵەکاند و بەئاگای هێنایەوە، بەڵام ئەو دەنگە هیچ لەلای نامۆ نەبوو، هەر بەو دەنگە دەچوو کە چەندین جار وشەی جوان و شیرینی لێ بیستبوو، حەیفی لێ دەهات دەنگێکی لەو جۆرە ئێستا هاوار دەکات و دەنەڕێنی.

– دەرگەی تەویلەکانی ئەودیوی ماڵەکەش بکەنەوە و فتیلە بێ نەوتەکانیشی تێ بەرن با رووناک بێت بۆ لێشاوە ژنە تایبەتییەکانم هە ها ها... ئیتر تەواو... کانی هەر یەک جار خۆشە ئاوی لێ بخوێتەوە...... بەڵام من وەکو وتوویانە "کانیێک ئاوت لێ خواردەوە بەردی تێ مەگرە" بەوەفا دەبم بەرامبەریان و لە ساختەمانەکەمدا کاریان بۆ دابین دەکەم، بەردیان تێ ناگرم.

ئەم دەنگە بەتەواوی لەو دەنگە دەچوو کە چەندین جار بەسرپەی خۆشەویستی و بە ئاکام گەیشتن و دڵسۆزی دڵ و دەروونی ئەمی پڕ کردبوو ئەو دەنگە دلێرە لە بێ هەڵوێستیی مرۆڤەکاندا باسی جورئەتی دەکرد و لە خیانەتدا باسی پاکیی دەکرد، ئەو دەنگە تەنیا لە سەدادا لەم دەچێت، ئەو هەرگیز لە رەفتاردا وەکو ئەم نەبوو وەکو ئەم لە ژووری چاوەڕوانکردنەکەیدا ڕای نەدەگرت، بگرە لای سکرتێرە تایبەتییەکانی خۆی دایدەنا و هەرکە میوانەکی ژورەوە دەڕۆیشت فەرموو لەم دەکرا ئەو دەنگەی لە هەموو

پێوەندیکردنەکاندا کاتی بەویستی ئەم دەگونجاند نەک کات و کاری خۆی " نە ئەم دەنگە تەنیا لەو دەنگە دەچێت... دەنا هەرگیز پێی ناکرێ هێندەی دەنگەکەی من دلێر و مەزن بێت، ئەو دەنگە چەندین خۆشم ئەوێی بەگوێی مندا داوە، گەر ئەو بوایە ئێستا هەر بەزانینی کە من لێرەم خێرا دەیکردمە ژوورەوە و قسەی خۆم لەگەڵ دەکرد... یا هیچ نەبێ کە دەیزانی من گوێم لێیە هەرگیز وا توندوتیژ خۆی پێشان نەدەدا، هەر بەو ناسکێی جاران دەجوولایەوە" مەبەستی لە دەنگی ئەو جەنەراڵە وەهمیەیە کە هۆش پەسندی نەدەکرد هێندە بەنموونەیی باسی دەکرد، وەهمێک کە لە هەموو کەس بێگەردتر بێت مرۆڤتر بێت بەڕەوشتتر و بە هەڵویستتر و ئاشتیخوازتر بێت، بێ سێ و دوو نەفرەتی لە هەموو ئەو قسە و قسەڵۆکانە دەکرد کە لەسەری دەکرا نەک هەر ئەوە بگرە ئەوەندەشی بەرگری لێ دەکرد بەشان و باڵی داوێنپاکیی ڕەوشت و خواست چاکی ئەو دەهات خەڵک وای دەزانی نەخۆشیی دەروونیی هەیە، بەتایبەت کە خەڵک بەجۆرێکی تر باسی سیمایان دەکرد و ئەمیش بەشێوەیەکی ئێجگار قۆز و شاسوار باسی دەکرد، هەتا ئەو ڕۆژەی لە گەمەی ماچ و ڕامووساندا تەزووی گەرمی ڕوومەتی ڕاستی گڕ تێ بەردا ئەمیش سەرەتا وای زانیبوو، گاڵتەی لەگەڵ دەکات. گەرچی لە دڵیشیدا دەیگوت "بە گاڵتەی بێت چۆن بەهەموو هێزی پێمدا دەماڵێت، ئاخر هەر جاری بەگاڵتە مشتەکۆڵەیەکم لێ دابێ و زانیبێتم سووکە ئازارێکی پێ گەیشتووە، حەزم بە هەڵوەرینی پەنجەکانم کردووە، دەی با بلێین، گاڵتەکردنی ئەو وایە".

نەخێر زللەلێدانی درێژەی کێشا و، بەڕادەیەک کە ئیتر ژمارەکانی لێ تێک چوو، نەیزانی چەند زللەی لێ داوە، بەڵام زۆر شتی دەهات بە دڵدا وەکو ئەوەی سەرەتا تەواو بەزەییی پێدا دەهاتەوە و دەترسا لەوەی تووشی بارێکی دەروونی بووبێت ئەو کات ئەم هەردوو ڕوومەتی خۆی دەکات بە قوربانی، چۆن هەتا کەف و کۆڵی دڵی دەمرد ماچی دەکرد با هەتا ئەو کاتەش زللەی

لێ بدات، دوایش دەیگوت "من ئەوەندەم خۆش ویستووە کە هەمیشە پاڕاوەتەوە بەهەر قەدەرێک دەبێت نەک تەنیا ژیانم مردنیشم بەدەستی ئەو بێت هەتا سنووری مردن بۆی بژیم بۆیە چاکتر وایە بەدەستی ئەو بمرم، بریا ڕۆژی بەدیهێنانی ئەو خۆزگەیەم دەبوو".

لەم کاتەدا بۆ تروسکە خۆشەویستییەک دەگەڕا لەگەڵ لێدانەکەدا بیچێژی بۆیە بەوردی نیگای لە چاوانە دەبڕی کە هی گریان نین، چاوی خۆشەویستین، لەو کاتەدا ئەم بەئاگا هاتبووەوە و زانیبووی بەمەست دەدا بەچاویدا، زانی ئەوە لێدانی پاش تێرخواردنە، بەتایبەت بۆ یەکەم جار لە ژیانیدا یەکێک پێی بڵێ "هیچ و پووچ، بێناموس، سۆزانی "ئەم وشانە هێندە بەسەختی پەردەی گوێی دەسمی نەیدەزانی چی تری پێ بڵێ کاتێکیش بەگەرووی پڕ گریانەوە پێی گوت:

– من ئێستا دەرکم بەکەسایەتیی تۆ کرد کە چیت، ئاکاری کەسانی وەکو تۆ هەر ئەوەندە حیکمەتی تێدا دەبێت.

قسەکەی تەواو نەکردبوو جەنەراڵی گەورە و مەزن جانتایەکی ژنانەی بەدەستەوە گرتبوو دەیگوت:

– خێرا بڕۆ دەرێ با بەفیشەکێ کاسەی سەرت لێ نەکەمەوە.

– تۆ جەنەراڵی شەڕەکان و هاوڕێی فیشەک و چەک کەی خۆشەویستیی زانیوە، کە ئەوە حاڵت بوو لەو شانۆیەدا ڕۆڵت دیاری نەکردایە، کەسانی وەکو تۆ دەبێ هەر شانازی بەشەڕەکانەوە بکات.

"وام دەزانی گوێی لە دەنگی دڵیەتی و دەنگی ناوەوەشی دەڵێ من لە هەموو شەڕەکاندا سەرکەوتووم تەنانەت لە شەڕەژنیشدا چونکە گوێم لێ بوو لەژێر لێوەوە درکاندی ژن بوو بەوەی لە پیاو بدات تۆ زللە لە من دەدەیت، ئەو کات زانیم جەنەراڵ پاش تێربوون حەز ناکات سیماشم ببینێت و تەنانەت مشتەکۆڵە و زللە خۆشەویستی ئەسپاییەکانیش کە لێم دەدا بۆ

ئەوەی هەست بەبوونی بکەن لە تەنیشتمەوە، بە دوژمنایەتیی دەزانی و تۆڵەی دەکاتەوە بۆیە پێم گوت:

– جەنەراڵ تۆ بەردەوام خۆت بەبراوە دەزانیت بەڵام دەبێ رۆژێ ئەوەت تێ بگەیەنم کە تۆ براوەی شەڕێکی دۆڕاویت.

– ......

– بەڵام دەبێت ئەوە بزانیت لە شەڕەکاندا فرمێسکی ژن و خوێنی پیاو هیچ بەها و نرخێکی نییە.

– ......

– کە هەستت بەوە کرد فرمێسکی ئێمە بەرامبەر خوێنی ئێوەیە ئەو کات دەزانیت براوەیەکی دۆڕاویت.

کە جەنەراڵ جارێکی تر دەستی کردەوە بەڕامووسانی من و... "کاتێ دەنگی سکرتێرەکە بەئاگای هێنایەوە بچێتە ژوورەوە، تەنیا یەک کەس لە هۆڵی چاوەڕوانکردنەکەدا مابوو، سەرەتا لە هۆڵەکەدا پیاوێکی کەڵەگەتی ڕەش بانگی دەکردی و دەچێتە ناو ژوورێکی بچووکتر، کچێکی زۆر جوانی نیمچە ڕووتی منداڵکار پێشوازیی لێ دەکردیت و دەیبردیتە بەر دەرگەکەی و لە دەرگەی دەدا و، کچێکی تر لەسەر هەمان تەرز فەرمووی لێ دەکردیت و دەیبردیتەوە ناو ئەو ژوورەی کە کریستاڵی بنمیچ و چوارلای دیوارەکەی هێندە ئاوی ئاڵتوون درابوون چاویان چەواشە دەکرد، لە ژوورەوەش چەندین ژن بەدەوری جەنەراڵدا دەهاتن و ئارەزووەکانیان جێبەجێ دەکرد هەندێکیشیان عەیب نەبێت...

ئەمیش هەرگیز بەو شێوەیە لە کەسێکی نەڕوانیبوو، چونکە یەکەم جاری بوو دەرک بەو ڕاستییە بکات کە پێشتر نەک هەر لێی یاخی بوو داکۆکیشی لێ دەکرد، ئەو کات زانی ئەو پاڵەوانە وەهمیەیەی ئەو دروستی کردووە جگە لە دەموچاو سیمایەکی تێک ترشاو و نەفریناوی و تاوانکار هیچی تر

نەبووە، لەوە زیاتریش فریا نەکەوت بەڕابردووی پڕ ئەندێشەدا بچێتەوە، تەنیا شتێک کە زیاتر لە هەر ئاکارێکی تر هۆشی داگیر کردبوو ئەوە بوو دواجار لە ڕامووساندا بەجێی هێشت و ئێستاش بورکانێکە لە ڕق و تووڕەیی بۆ ڕاڤەکردنی ئەمەش تەنیا ئەوەی بەخەیاڵدا هات کە ئەوانەی تر هەموو نواندن بوون هەتا ئەمی ڕازی کردووە، ئێستاش پاش ئەوەی کە ئەم هێشتا نەیپرسیبوو کارت بەمن چی بوو، ئەو هاواری دەکرد پێویست ناکات هیچ بڵێت. ئەمەش هەر پاشماوەی خۆمە بیگەیەنن بە تەویلەکان، خۆتان دەزانن ئەمساڵ هەموو کەڵەشێرەکانم پاش ئەوەی لە شەڕەکەڵەشێردا دەدۆڕان خەساند و مریشکەکانیش نیوەیان بەدەردی دڵەوە مردار بوونەوە و ئەوانی تریش لەبەرئەوەی لە کڕ کەوتن یاخی بووبوون سەرم بڕین، بۆیە ئێستا ئەو تەویلانەم بۆ ئێوەمانانە هەتا لەسەر ئەو هێلکە ماوانە بنیشن و هەڵیان بهێنن، دەمەوێ سوود لە ئێوە وەرگرم بۆ ئابووریی وڵات، ئەو کات سوودتان پێ دەگەیەنم، لە هەمووتان سوود وەردەگرم هەریەکە بەشێوەی جیاواز.

١٩٩٩/١/٤

## ئافاتەکانی ڕۆح

هەموو ڕۆژێک کاتێ سپێدە گۆنای شەوی ماچ دەکرد و، ڕەنگە ئاڵەکەی لە چاویدا پرژ و بڵاو دەکردەوە، تارمایی پیاوێک لەنێو گوندەکەوە وەدەردەکەوت، لێکدا.. لێکدا.. هەنگاوەکانی چەوسانەوەی ڕۆژگار و سەختی کاری لێ دەچۆڕا، هەتا هەنگاوەکانی توندتر دەکردەوە، ڕێگەکەی دوورتر دەهاتە پێش چاو، دوا هەناسەی ماندوویەتی هەڵدەکێشا تا دەگەیشت بەو تەویلەی چەند فرسەخێک لەماڵەوە دوور بوو هەردەم سیخناخ و پڕبوو لە گامێش. لەوەتەی هەیت، ئازار دەچەشیت و ئازار دەدەیت لەوەتەی هەیت جارێک بیرت لەوە نەکردەوە کچە تاقانەکەت بە چی بەختەوەر و بە چی سەغڵەت دەبێت، هەمیشە ناڕەزایی لە چاوانیدا دەدرەوشایەوە،... بەڵام... ئێ ئاخر چۆن دەبوو لە قسەی خۆت پەشیمان بیتەوە، ئاخر پیاوم و غیرەتم هەیە... هەرچەندە هەر تاوانباریت، هەمیشە بەدووی چێڵ و کڕینی گامێشدا وێڵی بەبێ ئەوەی هیچ جیاوازییەک بخەیتە نێوان خێزان و کچەکەت و گامێشەکان، هەمیشە حسابی هەردوولا هەر بەپێ دار دەکەیت، خۆم بە خۆمم کرد.

بەم وشانە سەرزەنشتی ڕۆحی خۆی دەکرد، هێکڕا دەروونی بەر ساتۆری هەراسانی کەوتبوو، ئەو ڕۆژانە دەرگەی بیرەوەرییەکانی ئێستای تەنیبوو، کە بێباک بوو لەو کوڕە لاوەی ماوەیەک بوو لەگەڵ باوکیدا، دەهاتنە ماڵیان بۆ کڕینی گامێش و مەڕوماڵات و هەر ئەوانەیان ئاودیوی سنووری خۆیان دەکرد، دووبارە دەگەڕانەوە بۆ ماڵیان بۆ کڕینی ئاژەڵی تر، هەر پاش چەند

ڕۆژێک کـانیـاوی عـیـشـقـێکی داگـیـرسـاو ڕۆحی دەکـوژاندەوە، ڕووناکی گـوزەرەکانی لا تاریک کردبوو، گـەرچی گوڵە لە ترسی شـەش برا و باوکی نەیدەوێرا لـە گـۆشــە نیگایەکــەوە زەردەخــەنـەیەک بـگۆڕێتــەوە، گــەرچی کەنارەکانی ڕۆحی شەپۆلی ئەڤین ڕای دەماڵی لەژێر وردە زیخـەکاندا بەردی بەو نـزرگــانـەوە دەنا کــە هــەمــوو هـاوەڵە گــوندنشـــینەکــانی چاوەڕوانی چارەنووسیـان لێوە دەکرد، بـەڵام ئاوازەکانی عیشق هـەرەسیـان دێنا کـاتێ گوێی لە باوکی دەبوو، دەیگوت "من تەنیا کـچێکم هـەیە، هـەرگیـز بە بێگانەی نادەم و لەخـۆمـی دوور ناخـەمـەوە، چ جـای خـەڵکی مـەملەکـەتێکی تریش، بۆ برازای خۆمم داناوە کەس بەتەمای نەبێت".

ئەو پیـاوێک بوو سنووقە پڕ نهێنییـەکانی تەمـەنی بە وێردی پارە و ڕوپێ و دراو پڕ کـــردبوو، هـەردەم لە دەرەوەی چـراکــان کــاری کــردووە و، تەنیــا جارێکیش دەروونی ڕووناکی نەبینیوە، ئەو ڕاهاتبوو ڕۆژێکی جیلوەدار بەڕێ نەکـات، هـەمـووی بە کـۆکـردنەوەی ئاژەڵ و پارە و دانەوێڵـە دەبردەســەر، تا ڕادەیەک کـە شـەش کـوڕیشی لەخـۆ کـۆکـردبووەوە و ژنـی بۆ نەهێـنابوون، چونکە هـەردەم ئارەزووی دەکــرد هـەمـــوو شـــتـــەکـــان لـە دەوری زۆربن و هـەمـووشـی مـۆرکی خـۆی و ناوی خـۆی هـەڵگرتبـێت، بۆیـە پێی وابوو ئەگـەر یەکـێک لە کوڕەکـانی ژن بـهێـنن، ئیـتـر دوور دەکـەوێتـەوە و هیـچ پێـوەندی و پەیوەستبوونێکیـان بەمەوە نامێنێت، بەمەش گوڵە زیاتر هـاژەی لێڵ و بینای تاریک و گوێی کەڕ بوو لە هـەمـوو قسـەوقسـەڵۆکێک، هـەناسـەسارد، مردنێکی خـۆڕسک و هێمن ڕۆژانـە پێشـوازیی لێ دەکرد، هـەتا ئـەو ئێـوارەیە سـەمـەد هـات و بـە پلانێک کلیلێک لـە هیـوا و شــتـێکی لە دڵەڕاوکێ پێ بەخــشی، بڕیاریان دا پاش نقوومبـوونی هەموو شتەکان لە خـەودا، تەنیا بـە ئاگاداری ئەستێرەکان هـەڵێن و ئەو دەڤەرە بەجێ بهێڵن.

***

پایز دواگەڵا و دوا فرمێسکی گوڵەی هـەڵوەراند، شـەوگار و ڕۆژگاری درێژ

و ڕێی غەریبی و بێداری و بێ هاودەنگی نابڕێتەوە، خەم جێگەی بە عیشق لێژ کرد و شەڕ و ئاژاوەی نێوان خۆی و سەمەدیش ڕۆژ بەڕۆژ لە دارەدارە و پێ گرتندا بوو. بۆیە تەنیا ئەشک ڕشتن بوو بە ئەرشیڤی ئەو ژیانە پڕ چەرمەسەرییە، ئەسرینی دەڕشت بۆ دوێنێ بە عیشق سووتاو، ئەمڕۆی بێ ئابڕوو و سبەی مایە پووچ.

– سەمەد ئاخر ئێمە خۆشەویستی سەری پێ هەڵگرتین، لەبەر خاتری تۆ وازم لە ماڵی باوکم هێنا، وڵات و نیشتمانی خۆمم بەجێ هێشت، ئێستاش بەم شێوەیە قەرەبووم دەدەیتەوە؟.

– بەمەش مەمنوون بە، کە ئەوەندەم دوورخستوویتەوە دەستی باوک و برات پێ ناگات بتکوژن!

– منیش چەندە مردووی سپڵەیی تۆم، ئەوەندەش مردووی دووری ئەوانم، من کچە تاقانەی شەش برا و باوک و دایک بووم. ئێستاش بەندی نێوان چوار دیوارم و، ڕۆژانەش بەقسەی ناشیرین دەرزی ئاژن دەکرێم، لە بەهاریشەوە ئەوا چلەی زستانە ئەوانم نەبینیوە و هەواڵێکیانم نەبیستووە، هێندەش خەوم پێوە بینیون سەرم ئاوساوە، ئەم چەند مانگەش نەتهێشتووە لەگەڵ یەک کەسدا قسە بکەم، چیی تر لە توانامدا نەما، با بچینەوە لایان داوای لێبووردن و ئاشتییان لێ بکەین، من بەرەو لەناوچوون دەچم، سەمەد یارمەتیم بدە بابڕۆمەوە، سەردانێکیان بکەم.

– دەتوانیت چۆن خۆت دوام کەوتیت بۆ ئێرە، هەر بەخۆشت بگەڕێیتەوە.

ئەم ڕستەیە نەفرەتێک بوو، سەری سەبووری ڕادەژەنی، میکرۆبێک بوو... هێدی... هێدی هەناوی مڵەما دەکرد و زیاتریش وڵاتی جوبە و عەمامەی دەمامکدار و داپۆشراوەکەی لە بەرچاو دەخست، تەنیا سەبووریشی گامێشە ڕەش بوو، کە کاتی خۆی سەمەد و باوکی لە ماڵی گوڵاڵەیان کڕیبوو بۆ ماست و دۆکەی، هەتا ئەو کاتە بۆخۆیان دایان بەستبوو، بووبوو بە

سنگێکی گەرم بۆ ئەسرینەکانی ڕۆژ بەڕۆژیش مـیکرۆبی ئەو خـەمـە گرانە زیاتر لە لەشیدا تەشـەنەی دەکرد و لە پێی دەخست، گوڵەکانـی دەم خەندەی بەهـاری لە پـەلوپۆ کـەوتبـوو، بەتەواوی بـێ هێـزی تـوانای هـیچ کـارێکی نەهێـشـتـبـوو، تەنیـا پرۆگـرامـێک کـە لـە ژیانیـدا مـابوو، ئـەوە بوو هـەمـوو بەیانییـەک هـەر چۆنێک بووبێت وێنەی منداڵێکی لە دایک براوی بە دارە دارە ڕووی لەو تەویلـەیە دەکرد کە گـامـێشـە ڕەشـی تیـا بەسـترابـووەوە، دەسـتی دەکـردە ملـی و ئەمـلا و لاوی مـاچ باران دەکـرد، هـەمـوو مـاچێکیـش وێنەی یەکێک لە دایک و باوک و برا و خـزم و دۆسـتـەکـانی لەسـەر جـامی چاوانی دەچەسپی.

گامێشە ڕەش بەقـوربانی ئەو چاوە زەردانەت بم، دەڵێی چاوە گەشەکانی بەهـاری هـاوڕێمە، وەکو تۆ هـەموو سکاڵایەکی دڵی خۆمم لا هـەڵدەڕشت. شـەو و ڕۆژ بە باسـی خۆشـەویسـتیم بۆ ئەو سـەمـەدە سپڵـە و بێ وەفـایە بێزارم دەکـرد، گـاڕەش بۆنـی هـەمـوو کـەسـوکـار و زێد بەتۆوە دەکـەم، لە جـێگەی هـەمـوانی بۆ من، گـوانەکانت بۆنی پەنجـە پیرۆڵکەکانی دایکمی لێ دێت، قـەپۆز و لا ملت بۆنی باوک و براکانمی گـرتووە، تەنیـا تۆم هـەیت، ئەوەندەی لەگەڵ تۆ دەدوێم بەرد بوویتایە ئێستا هـاتبوویتە قسـە و دوان، دە پێم بڵێ چی بکەم باشە... پێم بڵێ تا چەند سەدەی تر ئێمە هـەروا چارەڕەش دەبین، ژیانیـشـمـان وەکـو هاتنە دنیامـان بە خـودی خـۆمـان نابێت، خـەونـەکانمان ناگەن بەزمـان هـەڵدەوەرن، گاڕەش دەخیلتم تۆش وەکو زەمـەن، نەبیت پەنام بە، شتێکم پێشان بە لە نیشتمان بچێت، هـەموو وێنەکانم لە چاودا ون بوو، مـەگەر هـەر دەسـتی ڕەشـی غـوربەت بتـوانێت ئەو هـەمـوو وێنەیە لە زاکیـرەدا ئەرشیف بکاتەوە، چی بکەم بـاشە کۆتی دووری و کۆتی غوربەت و ئەم زاڵمە چۆن بشکێنم؟ نـا ئیتر لە توانامدا نەمـا ئەهـا خـەمی غـەریبی فێری کـردووم چۆن قـسـە بـکەم هـەردووکـمـان بەیەکـەوە هـەڵدێین، ئـاخ خـۆزگـە وەڵامت دەدامـەوە دێمە سـەرپشـتی تۆ و، بەرەو مـاڵ بەرگەشت دەبینەوە... چونکە وا

بەرەو مـــردن دەڕۆم. با لای ئەوان بمرم یا ئەوان بمکوژن خـــۆ ئەگـــەر حاشاشیان لێ کردم، با هـەر لە نیشتمانی خۆمدا بمرم، لێرە زۆر بێ کەس و دڵسۆزم تەنیا سەمەد ئاوەدانیم بوو، ئەویش ئاوەها دەرچوو لەگەڵما".

گامێشـە ڕەش لەم کاتەدا بەتەوسـەوە سـەری بڵند دەکرد و چاوانی پڕ لە ئاو دەبوون بە قـووڵی دەیبـڕینەوە ئاسـمان و بە بۆڕەیەکی زۆر کـەساس و پڕ پەژارە و خـەم دەڤـەرەکـەی دەهەژاند، گـوڵاڵەش کـە دەیبـینی لەوەتـەی ئەم دەچێتـە لای و سکاڵای لا دەکات، گامێشەکە بەتەواوی داوێتییە دواوە، لاواز و کەم شیر بووە هێندەی تر دەردی گران دەبوو، بۆیە خـۆی و ئەوی لە یەک هاوکێشـەی دەروونیدا دەبینی و بڕیاری دا بۆ ڕزگارکردنی هەردووکیان هەر لەو ڕۆژ و سەعاتەی کە تێیدا هەڵات بشگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە، نان و توێشووی سەفـەرێکی چەند ڕۆژەی لەگەڵ هەگبەیەک پۆشاک یەکخست شـەو لە هەمان کـاتی ڕەدووکـەوتنەکـەی وڵاتی پـەچە و دەمـامکی بەجێ هێـشت و بەرەو نیشتمان و گوندە دوورەکەی خۆیان کەوتنە ڕێ.

گـاڕەش چەندین شــەو و ڕۆژە دەشت و دۆڵ و کـێـو تەی دەکـات، هێندە شـەکـەت و مـاندووە هـەنگاوەکانی جـارجار بەلای ڕاسـت و چەپدا و دوور لە خـۆی فڕێ دەدا، شـەختـەباران و سـەرماش دوو لێوی گـوڵاڵەی شـین و مـۆر هـەڵگەڕاندبوو بە تەواوی پرزەی لەبـەر بڕابوو، بـە ئاسـتــەم نووزەی دەهـاتە بەرگوێ، هەگبەکەشـیان توێشـووی چەند ڕۆژێکی تر ڕێگەی تیا مـابوو،... وەلێ ڕۆحـی مــاندوو و تـامــەزرۆی گــوڵاڵە هـەر ئـەوەندە پەسـاپۆرتی ژیـانی هـەڵگرتبوو، هـەتا گەشت بەم دیوی سنوور و هـاتە نیشتمان و خـاکی خۆیەوە، ئیـتر لەو نەسـیمی ئاە و ئاهەنگەدا، هەناسـەکـانی لەگەڵ شـەونم لە پەڕەی گــــوڵان پرژان و ڕۆحـی تەریوی بـەرەو کــــووچەکـــانی ئەودیـوی ســــەر گوێسوانـەکانی جێژووان و ماڵەوە ڕۆشـت، کە هەر تەویلەکەی گامێشە ڕەش ئەو مەنزڵگاشیان بوو.

گامێشە ڕەش بەخەم و نۆژەنێکی قورسەوە، گوند بەگوند و دێ بەدێ تێدەپەڕی و بۆرە پڕ تاسەو کزەکانیشی دڵی بەردی دەکرد بە ئاو، ئەو خەڵکەش کە دەیانبینی بە یەکجار واقیان وڕدەما و حەپەسان ماوەیەک لاڵی دەکردن هەندێک لەوانەش کە زمانی گۆی دەکرد دەیانگوت:

– ئاخرزەمانە... ئەگینا... نەوتراوە، نەبینراوە گایەک مردوویەک هەڵگری و خۆشی بەم شێوەیە ڕێگە شارەزابێ و بیباتەوە بۆ ماڵەوە وەکو مرۆڤ فرمێسکی بۆ بڕێژێ و بیلاوێنێتەوە، ئەمە ئەفسانەیە ئەفسانە...

ئیتر زمانی قسە و گفتوگۆیان کرایەوە، هەریەک بۆچوونێکیان هەبوو

– ئەمە لەوانەیە لە ئاسمانەوە هاتبێتە خوارەوە و موعجیزە پێشانی خەڵک بدات.

– مرۆڤ هێندە بێڕەحم و ویژدان بووە، ویژدان و خۆشەویستی ئاژەڵمان پێشان دەدات.

– ئەم هەموو خراپەکارییە بۆ ئاخرزەمان نەبێت؟

– تۆ بزانە گایەکی بێ زمان چەند بەغیرەتە دەک سەت کەست بەقوربان بێت.

– ئەمە موعجیزەیە بۆ تۆبەکردنی خەڵک، ئەو ژنە بێ گوناهە و پاکە بۆیە خواش ئەمەی لەگەڵ کردووە.

– کێ دەڵێ لە دەستەی شێخ و مشایەخ و پیاوچاکان نییە، با بچین سەرو تیلماسکێ پەڕۆ لە کراسەکەی بۆ موفەڕک لێ بکەینەوە

– من دەڵێم دوای ئەم گا بکەوین بزانین بۆ کوێ دەچێ و چی دەکات.

– چۆن قسەی وا دەکەیت ئەی ناترسی کوێرت کا و هەر هیچ نەبینی وا دەتەوێ نهێنی ئەو بزانیت.

– ڕاست دەکات کێ دەڵێ خدری زیندە نییە؟

– مامۆستا مەلا (....) تۆ فدوایەک بدە و تێمان گەیەنە.

– بسم الله الرحمن الرحيم، ئەم نهێنییە خوای تەبارەک و تەعالا بە عیزەت و جەلالی خۆی نەبێت بزانێ، کەس لە ئێمە پەی پێ نابات و ناتوانێ قسەی لەسەر بکات، چونکە بەکوفر بۆی دەنووسرێت، پیرۆزیی ئەم زیندەوەرە بێ زمانەش لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە، هەر لە ئەزەلەوە ناوی ئەم زیندەوەرە پیرۆز کراوە و لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە کاتێک مووسا بە قەومەکەی دەڵێ (ان اللّه يأمركم ان تذبحوا بقرة) هەروەها لە وەلامی قەومەکەشدا دەڵێت (ادع لنا ربك يبين لنا ما هي ان البقرة تشابه علينا وانا ان شاءالله لمهتدون) لەبەر ئەوە براینە، خوشکینە، موسڵمانینە، هیچ خۆتان بەو وەسواسانەوە خەریک مەکەن کە خوا پەنامان بدات تووشی کوفر و گومانتان دەکات، چونکە مووسا خۆشی ڕەنگ و شێوازی ئەم ئاژەڵەی نە دەزانی هەتا لە ڕەب العالمینەوە وەحی بۆ هاتە خوارەوە لەبەر ئەوە دان بەخۆتاندا بگرن و (ان اللّه مع الصابرين). بەمەش خەڵکەکە بێدەنگ بوون، گارەشیش ئاوڕێکی پڕ تەوس و ڕەقی لێ دانەوە، وەکو ئەوەی بڵێ ئەو هەموو بوختانە چی بوو بۆتان کردم، هەتا پیاوێک کە تا ئەوکات تەنیا سەری ڕادەوەشاند و وتەیەکی بەکار نەهێنابوو، کۆمەڵەکەی بەجێ هێشت و تا گەشتە بەردەمی ئەم ئاژەڵە، لە نێزیکەوە لێی ڕادەما و وەکو ئەوەی وتووێژ بەچاو بکەن دەستەوسان وەستابوو، وڵاخەکەش بەهەردوو چاوی ئاو تیاوەستاو تەماشای دەکرد و نووزە بۆڕەیەکی هێندە کز و پڕ میهر و خەمی دەکرد، کە سۆزی تێدا شەرمەزار دەبوو، کابراش وەکو ئەوەی کە تێی گەشتبێت خێرا گوریسێکی هێنا و، مردووەکەی بە سەرپشتی گایەکەوە توند بەستەوە بۆ ئەوەی لە ڕێگە نەکەوێتە خوارەوە،... ئیتر توندتر لە جاران کەوتە ڕێ لە بەرچاوی خەڵکەکە ون بوو، پاش سێ شەو و ڕۆژ بەر لە کەوتنی سپێدە گەشتەوە بە گوندەکەی خۆیان.

***

مـاڵی گـوڵاڵه هەمـوو لە ئامـادەباشـیدا وەسـتـابوون، ئامـادەیـی بۆ شـتێکی نادیار، شتێک تەنیا بە هەست پێیان وترابوو، هیچ شتێکی بینراو سەلماویان نەدرابوویە، هەر شەش برا لەسـەر قسەی باوکیان پاش ڕامـاڵینی هەموو ئەو بەفرەی باریبووە حەوشە و کووچە و کۆڵانەکانیان ئامادە و سـاز چاوەڕوان بوون بەبێ ئەوەی بزانن چاوەڕوانییەکەیان خۆشی پێشـوازی لێ دەکات یا خـەم، هەر بیریان لای قسـەکانی باوکیـان بوو، کە بەیانـی زوو هەسـتـابوو بۆ نوێژکردن و دایکیان لە دەنگی نووزە نووز و پاڕانەوەی بەخـەبەر دێت و پاش ئەوەی پێی دەڵێ خـواردنێکی زۆر بۆ ئەمـڕۆ ئامـادە بکە پێشـی دەڵێ کـە ئەم خـەم و گـریـانە لای کـوڕەکـان بـاس نەکـات. پاشـانیش خـۆی هەر شـەش کوڕەکەی خـەبەر دەکاتەوە و، پێیـان دەڵێ، هەرچی بەفر باریوەتە ئەم ناوە ڕایماڵن، بەڕادەیـەک هاتوچۆ ئاسـان بێت و کـەس سـەغـڵـەت نەبێت، چونکە خەوم بینیوە ئەمڕۆ میوانمان دێت، میوانێکی زۆر ئـازیز و خۆشەویست، کە زۆر دەمـێکە چاوەڕوانی دەکـەین من نـاڕۆمـە دەرەوە ئێـوەش هـەر لە مـاڵەوە چاوەڕوان بن.

ئەوان هێشـتـا لە بیری ئەم ڕسـتـانەدا بوون بۆڕەیەک کە نامـۆ نەبوو لایان پەردەی گوێی سمین و لەگەڵ بۆڕەیەکی کز سەری لە دەرگەکە دەخشاند.

حوزەیرانی ١٩٩٧

ڕووناکیی کەلاوڕۆژنەکە بەتەواوی ژوورەکەی وێنەی چراخانێک دەهێنایە پێش چاو، هەموو کەلوپەلەکان لە بچووکترین ئامێری کارەباییەوە هەتا گەورەترینیان نوقمی بێدەنگیی ئەو ساتە حەپەسێنەرە بوون، تەنیا دەنگێک کە دەبیسترا دڵەکوتێ و سرپەی سێ چوار لەو هاوڕێیانەت بوو کە هەردەم نهێنییەکانی دڵسۆزی و یاقووتەکانی ئیرشادیان پێ دەبەخشیت. تەنیا ئەوان هاودەمی تۆ بوون، ئەوانیش ئالوودە و کاسی سەرسامی، تا ئەو کات بە دەوری تەرمەکەتدا کە هێشتا تینی گەرمی تێدا مابوو دەسووڕانەوە، ئەو سووڕانەوەش تەنیا لە دوورەوە بوو، لە نێزیکەوە نەیان دەوێرا لە قوڕی جەستەت پەنجەیان تۆزاوی کەن. ئەو تۆزەی عەیامێکە گرتوویەتی و سڕینەوەی مەحاڵە ئیتر شێلگیرانە کەوتنە کۆکردنەوەی ئەو ئامانەی لە چوار دەورتا بڵاو بووبوونەوە، تەنیا ئەو وێنە و نامانەی لە دەوری تەرمەکەت کەوتبوون، ئەگینا ئەوانەی لەسەر سنگ و ژێر باڵ و شان و ملتدا کەوتبوون، نەدەوێران لە دووریشەوە ئاماژەی بۆ بکەن، دیار بوو ئەو نامانە بەر لە مردن و کاتی گیاندان خوێندبووتنەوە، ئەمە جگە لە چەند شریتێکی گۆرانی و چەند وێنەیەکی فۆتۆگرافی خۆت کە لە هەموویاندا ڕوخسارێکی ناقۆڵا و لووتێکی پان، لە هەندێ وێنەشدا زەردەخەنەیەکی ژەهراوی، چرچەکانی ڕوخسارتی زیاتر دەرخستبوو، لالێوە قڵیشاوەکەشت کە لە سێگۆشەیەک دەچوو، لە سەرەوە کەمتر و لە خوارەوە فرەوانتر، کەلێنێکی بچووکی خستبووە لێوت، ئەمەش زیاتر ددانە ڕزیوە ڕەشەکانتی هەتا پووکە شین

هەڵگەڕاوەکەت دەرخستبوو، لەسەر هەر وێنەیەک و لە هەر نامەیەکدا، ڕستەی وا نووسرابوو، ئەوانەی کە دەیانخوێندەوە دڵیان لە خۆ دادەما، هەریەکەیان ڕستەیەکیان لەژێر لێوەوە دەردەبڕی، هەناسەیەکی ساردیش دەیبردنە ژێر گومانی بوونی خۆیان هەر نووسراوێک بەتەرزێک دەربڕابوو.

"خانمەکەم... داوای لێبووردنت لێ دەکەم، کامێراکەمان خراپ بووە، زەردەخەنە مۆنالیزا ئاساکەتی شێواندووە".

وێنەیەکی تریش خۆی چەند خەتێکی ڕەشی بە پێنووس موبتەلای قژە بژەکەی کردبوو، وێنەی ساباتێکی ڕەش بووبوو بە سایە، بۆ ئەوەی دیمەنێکی جوانتر بەدەموچاو و لاجانگەکانی بدات و قژی پڕتر دیاربێت بەم کارەش ئەو چاوانەی هێندە بچووکن بەئاسانی نازانێ چ ڕەنگن شارابوونەوە، ئەم وێنەیەش ئەم دێرەی پشتی فێنکیێکی بەدڵ دەبەخشی (لێبووردن نیشانەی بەزەیی بەڕێزتانە ئەم

ئا

م

ێ

رە

نەگریسەمان شێوەی شیرینت بەجوانی پێشان نادات. یەکێک لە ئامادەبووان بەخۆی نەبوو زەردەخەنەیەکی هاتێ و وتی: "بەڕاست ئەمانە لە کوێ گیراون، مەبەستم چ وێنەگرێکە؟". یەکێکی تریان:

"ئەی ئەم کاسێتانەت بینیوە چی لەسەر نووسراوە؟ یەکەمیان ئا نووسراوە "خۆشەویستەکەم چنوور پێشکەشە" ئەوی تر " هەموو وشەیەکی ئەم گۆرانییانە لەگەڵ تۆمە (چ)ی ڕۆح و... و... هەناسەیەکی قووڵ قورگی پڕ هەنسک کرد و وتی:

– من تا ئێستا بە ئەمەم نەزانیوە، نەمزانیوە کەسێک هەیە هێندەی خۆش دەوێت.

– جا بەڕەحمەت بێت کەی شتی وای تیا دەردەکەوت، هەردەم ڕوخساری شەڕی لێ دەباری و لەو ڕاوچییە دەچوو کە خۆی بۆ نێچیر لە بۆتە دەنێت.

– دەترسم ئەو کەسە شتێکی لێ هاتبێت، ئەمیش مردنەکەی ئاسایی نەبێ و خۆی کوشتبێت.

ئەم وشەیەی دوایی، لە کفنی دڵەڕاوکێ و ترسی ئالاندن، هێندە شپرزە بووبوون هەتا ئەو کات کەس بیری لەوە نەدەکردەوە، بیبەن بۆ نەخۆشخانە یا پزیشکێکی بێننە سەر هەر لە خەمی ئەوەدا بوون ئەم مردنە بەسەر ئەماندا نەشکێتەوە، وەکو یەکێک مژدەیەکی درابێتێ یەکێکیان بە دەنگێکی پڕ لە دڵنیاییەوە وتی:

– تۆ با نامەکانیش بخوێنینەوە، ئێستا بە تەواوی بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە مەسەلە چییە و کەسەکەش کێیە؟

– جا بخوێنرێنەوە باشە خۆ ئەوەندەی نەوت کردووە بەسەریاندا لە ژێرەوە دەردەچێت، هەر باشە شقارتەکەشی لێوە دوور بووە دەنا ئێستا ئومێدی ئەوەشمان نەدەما.

– من نازانم چۆن کەسێک ئەوی خۆش ویستبێت لەلای هەموو کەس دەستنیشانی نەکردووە، خۆ ئەو ئەوەندەی باسی خۆی بەیاخیبوو دەکرد، دە ئەوەندە ڕووت و ڕەجاڵی ئەوین بوو، هەموو کات پەستی ئەوە بوو کە کەس ڕووی ناداتێ تا ئەو تەمەنەش کەسێک نییە بایەخ بە عاتیفەی بدات. سەرم سوڕماوە، دەبوو هەموو گێتی بەم ئەڤینە شاردراوەی بزانیایە، خۆ ئەو تەنانەت کە مامۆستا پیاوەکانیشمان قسەیان لەگەڵ دەکرد، بە شتی تر تێدەگەشت و باسی دەکرد، بەردەوام ڕوانینی وێڵی دووی سۆزێک بوو، بەڵام ئەفسووس تەنانەت بە منداڵیش کە قوتابی بووین، کاتێ مامۆستا لە

قـوتابیـیـەکـانی دەدا، دوو داری زیاتر و توندتری لەو دەدا، هەر یەک لە پەنایەکەوە حەرفە گراوییەکانی نامە ونەکان چاوانی تەڕ کردبوون. زیاتر لە هەمـوو کـات نیگـەرانی ئەو هەمـوو عـیـشـق و نزای پیـاهەڵدانە بـوون، هیچ هۆیەکیشیان نەدۆزییەوە کە بووبێ بەهۆی؛ تووڕەبوونی لە خۆی، یا هەڕەشە و ڕقی کـەسـێکیـان تیا نەدی کـە زەهرەکـەی دەرخـوارد دابێت، بۆیـە سـەری بێـدەنگییـان دەژەند و چاویان باراناوی، هێندە نیگەرانی مـردنی ئەم بوون، دوو ئەوەندە لاوانەوەیان بۆ ئەو لاوە عـاشـقـە بوو کـە ئـەمـانەی نووسـیـوە و نەشگەشـتـووە بەئاکـام. یەکێکیـان زیاتر لە هەمـووان واقی وڕمـا کـاتێ ئەو کتێبـەی سـەر مێـزەکـەی بینی کتـێبی مـزگێنی. ناوهێنانی ئەم پەڕتووکە جارێکی تر چوار میخە کێشانی مەسیحێک بوو کە هێشتا زمانی نەگرتووە، چونکە تـا ئەو کات تەنیـا جـارێکیش ئەویـان نەبینیبـوو کتێب بخـوێنێـتـەوە بەتایبـەت پەڕتـووکـێکی ئـاسـمـانی، بە پڕتاو پەلامـاری دایە و لاپەڕەکـانی هەڵدایەوە، بەهەمـان ڕیتـمی مـاتەمـینیی جـاران وتـی "دامـاوە تەواویشی نەکـردووە، ئەوەتا بـۆ نیـشـان پەڕەیەکی لەناوەڕاسـتـدا داناوە" پـاش هەندێ تێـرامـان بەدەنگێکی بەرزتر هاواری کـرد "لاپـەڕە نیـیـە! نامــەیەکی دوور و درێژە... تەواو... هـەر هـەمــان ئەو دەست و خــەتانەشــە کــە نـامــە و سـەرشـریتـەکانیشی پێ نووسـراوە" هەر خێرا نەوەسـتایە سـەر کەس قسـە بکات و بەدەنگی بەرز دەستی کرد بەخوێندنەوەی:

"بڕوا بکەن سـەرەتـا جگە لە تاوانی سپی نـقێمی بێ گـەردی هیچ گـوڵێکم ڕەش نەکـردبوو، هەردەم پێیـان دەگـوتم پیـاوپەرست یـان ناپاک و دڵ کـرمـن، ئاخـر بـەخـۆم نەبوو، هـیچ بایەخـێکیـان پێ نـەئەدام، کـاتێ بـە پەرۆشــەوە نیگایـەکم لە کـەسێکیش دەگرت، بە بێـزەوە ڕووی لێ وەردەگێـڕام و هەمـوو دەروازەکـانی دڵ و هـەست و چاوی لە کـەسێکی تـر دەکردەوە، ئیـتر بێهوودە دەمامەوە، بەرچاوم ڕەش دەبوو، ئیرەیی هەناوی دەکرۆشتم دەکرۆشت، ئیتر دەکـەوتمـە دووی چارەنووسـی ئەو کـچــانە و تـۆڵەم لێ دەکــردنەوە، تۆڵـە لە

هەموو ساتێک، و هەموو ئاهێک و هەموو پێکەنین و گاڵتە و گەڕانێک کە من لێی بێبەش بووم، بە ئەنجامگەیاندنی ئەم مەسەلەیەش بۆ من ئێجگار کارێکی ئاسان بوو، بەتایبەت لەم دەڤەری هاوکێشەی ون و خەرافیاتەدا، من هیچم لەسەر نەبوو، تەنیا ئەوە نەبێت لە هەموو گوزەرێکی کارکردن و ناسیندا، ئیزرائیل ئاسا دەستم دەخستە گەرووی ئابڕوویان هەموو ئەو مێینانەی خەڵک خوازیاریان بوو، ئەوانەی هەتا ئێوارە من ئارایشتم لە دیدەی گوڵان بکردایە، ئەوان بە تیلەیەکی چاو حوزن و بێهوودەییان دەدایە دەست، ئیتر منیش دەستم لە ئەوکی ئابڕوویان دەنا هەتا نەتاسانایە بەرم نەدەدا، وام دەزانی دڵم پەیوەست کراوە بە ئیسپرینێکەوە و دەستی عەڕافەیەکیش توند ڕایدەکێشێت و بەری دەدات، چارەنووسی ڕەشی ژیانم بۆ دەخوێننەوە و دڵیشم وەکو مشتە کۆڵەیەک دەدرا بەسنگ و ژێر مەمکمدا تەنیا دوای ئەنجامدانی یەکێک لە پلانە ئەهریمەن ئاساکانم ئەو ئیسپرینە شل دەبووەوە، دەمگوت ئیتر ئەو ئابلۆقانەم شکاند و کۆتاییان هات، وای لە کوژرانی ڕۆح کاتێ باسی شۆخ و شەنگیی کچێک دەکرا و نێرینەیەک باسی خۆشەویستی و سووتانی خۆی هەڵدەڕشت بۆ ئەوەی لە مینبەرێکی دوورەوە دەنگی بگەیەنم بە کچەکە، منیش تەنیا خۆم ئاسا پڕوپاگەندەیەکم بۆ بڵاو دەکردەوە، دوا دڵۆپە خۆشەویستی و جوانیم دەچۆڕاند.

سەرەتا لە قوتابخانەوە هەناویان ملەما کردم، ئەو کاتەی مامۆستاکانم نمرەیەکی لە من زیاتریان بە قوتابییەکانی تر دەدا، یا زەردەخەنەیەکیان لەگەڵ قەشەنگەکانیان دەگۆڕییەوە. بە قەڵەمبازێک دەگەشتمە بەڕێوەبەر و ئەوەی نەوترایە دەموت، خۆ گەر لای ئەویش سوودی نەبوایە، ئەوا دەگەشتم بە دایک و باوکیان و کارەکەم مەیسەر دەبوو، بەم شێوەیە چەندین خوێندکاری کچ دایک و باوکی وازی لە خوێندن پێ هێنان، بەڵام بەمە باوەڕپێکردن و بیرکردنەوە و بۆچوونی خەڵک بەرامبەرم لە پەیمانگەدا گۆڕا، هەتا دەریشیان کردم، چوونەوە قوتابخانەیان لێ قەدەغە کردم.... بیرمە....

بەڵێ هەر لە بیریشم دەبێت، چونکە ئەو ڕەفتارانەم هیچی لە بێ ئاگایی نەبوو، بگرە سەرەتا نەخشە و پلانم بۆ دادەنا، ئەوجا جێبەجێم دەکرد، ئیتر چۆن لە زاکیرەدا کاڵ دەبێتەوە.

سەرنەکەوتووترین پلانم کە تا ئێستاش شکست خواردووی ئەوەم، یا بڵێم تاوانکارترین پلانم ئەوە بوو کە بۆ پروشەم دانا، ئەوەی کە پڕی بەجوانی ئەفسانەکاندا کردبوو، بەجوانترین و بەڕەوشتترین و زیرەکترین کچی پەیمانگە ناوی دەهات، هەموو ناحەزێک بەناوی ئەو ئیهانەی خەڵکی دەکرد، زۆربەی کەڵە کوڕانی دەڤەرەکە عەودالی چاوە سەوزە پڕ نهێنییەکانی بووبوون، لە ئاوێنەی چاویدا ڕۆحیان لەبەر پێدا دەناشت، ئەو چاوانەی هەر لە چاوی ئەو پشیلەیە دەچوو، کە باوکم لەسەر خوانەکە منی کرد بە قوربانی، تەنیا لەبەرئەوەی تاکێک لە سۆلەکانم تێ گرت و لە نانەکەم دوورخستەوە، ئەویش بەتفێکی خەست تۆراندمی لە نان خواردن و پێی وتم "ئەی نەگریسی دەموچاو قۆپاو، ئەو پشیلەیە هەزار بە تۆ دەهێنێ، شەلا... تۆش پشیلەیەک بوویتایە نەک ئەم دەعبا ناشیرینە" وشەی ناشیرین لە گوێمدا دەزرنگایەوە، دەزرنگایەوە و سەرم گەورە دەبوو، هەستیشم بچووک، ئەو ڕۆژە هەتا نیوەڕۆ گریام و تلامەوە، بۆنم بەو شریتانەوە دەکرد کە باوەڕی تەواوم هێنابوو، لە سوارچاکی خەونەکانمەوە بۆم هاتووە، بۆنم پێوە دەکرد و دەمگوت "تەنیا تۆ فریای ڕەخس و ڕزگارکەری منیت، تەنیا تۆ دەتوانیت لە تانووت لێدانی خەڵک ڕزگارم کەیت، وەکو هەموو مرۆڤێک هەقی مێینەییی خۆمم پێ ببەخشیت" لاڵەوە بۆکڕوزی دەروونم لە قرچە قرچی ئەو نیوەڕۆ تەمووزێ دەچوو، نیوەڕۆ کە هەموویان تەسلیم بە گوڵە پەرتبووەکانی خەو بوون، خۆم گەیاند بەو ڕێژنە دارەی کە پشیلە چاوسەوزە خۆشەویستەکەی باوکم لەژێریدا سێ بێچووی وردیلەی کردبوو، وە لەژێر دارەکانەوە دایکەکەیان سەری هێنابووە دەرەوە و، چاوی نووسابوونە سەریەک، کە ئەو ڕەنگە جەرگ بڕەی چاویم بینی. سەرەتا بەخشپەیی و

بێدەنگی نزیک بوومەوە و خێرا هەردوو قاچم خستە سەر ئەملا و لای ئەو دارەی کە ڕێک لە ئاستی ملیدا بوو، سەری لە ژێردا هێنابووە دەرێ، توندتر و توندتر هێزم دەخستە سەر دارەکە و ئەویش نوزەنوزێکی نەخۆش ئاسایی لێ دەهاتە دەرەوە و چنگە کرەی لە زەوییەکە دەکرد، کە بە تەواویش هێندەی درێژیی قاچەکانی دەرفەتی چنگە کرەکردنی نەبوو، دەجووڵا و بێچوەکانیشی کەوتبوونە نووزەنووزێکی تاساوی ژێر چڕنووکەکان، هێزم بەخۆ دەدا، هەتا بەتەواوی تاسا و چاوە سەوزەکانی، زەق و زەرد چوونەوە و، لیکێکی لینج بەدەم و لووتیا هاتە خوارەوە و لینجاوێکی خوێناوی لە قەپۆز و کونە گوێیەکانییەوە فیسقەی کرد، دواجار هەرسێ بێچووەکەم دەرهانی، کە سەر پشتیان دەتگوت بە چەقۆ لەت کراوە لە بێ دەرفەتی کونی ژێر دارەکاندا ئەوەندەیان چنگی دایکیان بەرکەوتبوو، سەراپایان شەلاڵی خوێن بوو کە سێ پەتم کردە ملیان و هەڵم واسین بە تەنافەکەدا و هەتا بەتەواوی گیانیان لە دەست دا بە دیاریانەوە پێکەنیم، دواییش پەتەکانم لە مل کردنەوە و ئاخنیمنەوە ژێر ڕێژنە دارەکە.

چاوەکانی پروشەش هەر ئەو چاوە ئاگراوییانە بوو، کە دڵی هەزاران لاوی کەمەندکێش کردبوو بۆ لای خۆی، دڵی ڕێبازیش یەکێک بوو لەو قوربانییانەی سات بەسات دەسووتا و دەڕژایە سەرخۆی، شێت ئاسا کۆڵان و شەقام نەدەما تەی نەکات بۆ بینینێکی، سێ ساڵ پۆلێکی نەدەبڕی هێندە لە وانەکانی دادەبڕا و بەرامبەر بەپەنجەرەی بەشەکەمان دادەنیشت ئەویش بێباکانە لە بەردەمیدا، لەگەڵ ئەو کوڕەی عەیامێکە بەحەسرەتی نیگایەکی بوو، پەپوولەکانی حەز و ئەندێشەکانی دواڕۆژیان دەگۆڕییەوە، ڕێبازیش کە دەیبینی دەموچاوە ئاوڵاوەکەی هێندەی تر سوور هەڵدەگەڕا و ڕیتمی ڕۆشتنی تێک دەچوو، زمانی دەکەوتە تەتەڵە، ئیتر هەر ئەوەندەمان گران بوو، هەتا دەردی دڵی خۆمان لای یەکتر باس کرد و گرێ کوێرەکانمان دایە دەستی یەک، کەوتینە پلاندانان بۆ جیاکردنەوەیان، یا بابڵێین من پلانم

دادەنا، ئەویش جێبەجێی دەکرد، وە کە دەمبینی بە شەڕ و قسە هەوڵی داوە ئەو کوڕە دوورەپەرێز بگرێت بێ سوود بووە، دوای ئەوە پەنای هێناوەتە بەر پلانە جەهەنەمییەکانی من، زیاتر هەستم بە بوونی خۆم دەکرد و، لەخۆبایی دەبووم.

سەرەتا لە پروشە نزیک بوومەوە، درامایەکم نمایش کرد کە هەموو باوەڕە پەرتبووەکانیم گەڕاندەوە، پاش ئەوەی بڕوای تەواوی پێ هێنام، هەموو شتێکی خۆی بۆ باس دەکردم، تەنانەت لەشێوەی لەش و لار و لەو خاڵانەش بە لەشە سپییە داپۆشراوەکەیەوەن دەدوا، ئەمەش هەلێکی باش بوو بۆ پلانەکەی من هەردوو ڕۆژ دوای زانینی نهێنیی شوێنی ئەو خاڵە کە لەلام درکاندبووی، بەپێی نەخشەکەی من ڕێباز ڕۆشتە ئەو چایخانەیەی، کە بەرامبەر پەیمانگەی گرتووە، هەموو خوێندکاران بە خیابانەکەی بەردەمیدا تێ دەپەڕن، تەواو بەپێی نەخشەکەم دەچێت لە تەنیشت باوکە کەلەڕەق و قەبیلەگەرەکەی پروشەدا دانیشت و لەگەڵ هاورێکەیدا دەکەوێتە قسەی زل و توێکڵدار و باسی خۆش مەشرەبی و خۆشنوودی خۆی لەگەڵدا دەکا و کاتێ پروشە لە پەیمانگە بەردەبێت و دەگەڕێتەوە، بۆ ماڵەوە دەستی بۆ رادەکێشێ و پاش ئەوەی تاوانباری عیشقی دەکات دەڵێ هەموو شتێکم لێ کردووە، بۆ نیشانیش خاڵێک بەسەر ڕانیوەیەتی و بەڵگەشم ئەو خوێنە پرژاوەیە، لەم کاتەدا ئەو ژێرکراسە سپییەی دەرهێنابوو، کە من چەند ڕۆژێک لە خولی مانگانەدا هەڵم گرتبوو، بۆ ئەوەی هەندێ پەڵەی سوور بگرێت. خۆشتان دەزانن تەنیا ئەو پەڵە سوورانە گەواهی دانایی ئێمەن و بورکانەکان ڕامانناماڵن.

باوکیشی وێنەی شیری کولاو هەڵدەچێ و دەڕژێت بەسەر خۆیدا، وێنەی مۆمێک دەسووتێ و دەڕژێتە ژێر کورسییەکەی تا بەتەواوی بەرچاوی تاریک دەبێت و یەک پێ هەڵدەستێت و دەمانچەی لێ دەردێنێت، بەڵام ڕێباز هەر زوو فریای خۆ قوتارکردن کەوتبوو، بۆیە هیچ لە دەستدا نامێنێت خێرا

دەگەڕێتەوە ماڵەوە بۆ لای نێچیرە بەستراوەکەی، پەلاماری پروشە دەدا و دەکەوێتە پشکنینی هەر کە خاڵەکەی لارانی دەبینی، بە گوللەیەک ساردی دەکاتەوە و کەفوکوڵی دڵی خۆی بەوە دەڕێژێت.

ئیتر دوای ئەوەش ڕێباز هەموو ڕۆژێ نامەیەکی پڕ لە هەڕەشەی بۆ دەناردم بەبێ ئەوەی بزانم ڕەنگ و دەنگی لە کوێوەیە، بۆیە منیش ماوەیەکی زۆر نەمدەوێرا ڕوو لە پەیمانگە بکەم تا بەتەواوی دابڕام و لە پەیمانگە دەرکرام ئێستاش ڕێباز ئەو ڕێبازە شێتەی بازاڕە کە ڕۆژ هەتا ئێوارە دەڵێت "ئێوە لەسەر چی شەڕ دەکەن خۆ ئێوە خاڵتان پێوە نییە.... ئیتر بۆ یەک دەکوژن.... بۆ شەڕ دەکەن".

پاش ئەوانەش تەنیا دڵخۆشکەرەیەک کە ئەم ماوەیە لەگەڵیدا ژیام ئەوەبوو ئەو نامانەی پڕی بوون لە هەڕەشەی تۆقێنەر خێرا دەمدڕاندن و بەشێنەیی نامەیەکی ڕازاوەی پڕ میهر و خۆشەویستیم بۆ خۆم دەنووسی یا لەسەر کاسێتێک چەند دێڕێکی جوانم ڕەش دەکردەوە نامەکانیش هەر لەخۆمەوە بۆ خۆم بوو، هەرگیز خۆشەویستیم لە کەس نەبینیوە، بۆیە خۆشەویستیشم پێشکەش بە کەس نەکردووە.

ئایاری ١٩٩٧

## تراویلکه

دەبوایە بۆ چنینەوەی گەڵا وەریوەکانی تەمەنێکی چاوەڕوان نەکراو، فرسەخێک لە سێبەری خۆم بفرۆشم.

دەبوایە بۆ چنینەوەی گلێنەکانی لاوێتی، شوێن پێی ئەهریمەنەکان هەڵگرم.. دەبوایە و.. دەبوایە بۆ خووسانی گەدە ڕەق هەڵهاتووەکان و هەنگاوە سستەکانی ئەم کۆمەڵگایە دەڤەرێک زەردەخەنە قەرەبوو بدەم.

هەنگاو نرا... سێبەر فرۆشرا و زەردەخەنەش کرا، وەلێ کورت بوو، ئێجگار کورت بوو ئەم خەونە سەرابییانە، ئەمێستا شیپانەی ئەم پەنجەرەیە و باڵندەکەی سەر درەختەکەی بەرامبەرم، کاتژمێری سەر دیوارەکە و، تابلۆیەک چەند کورسییەک شاکاری ژیانی نەماوی منن.

مۆنالیزا کێ هێندەی من ئەمێستا پێ دەزانێ.. لەژێر پەردەی ئەم زەردەخەنە تەلیسماوییە، چ خەمێک چنگەکرە دەکا و، هەناوت هەڵدەکوولێ؟ دۆژەنێک لە تەک شەپۆلی قاقا و پێکەنیندا دروشمی گریانی بەرز دیارە. ئەم درەختە زەبەلاحەی بەردەم شیپانەکەش، بووە بەرووپۆش و پەرپەرۆچکەی ئاسمان و مانگ و ئەستێرەکان، تەنیا هێزیش کە داوی بیرم لە گەڵای ئەم درەختە دەئاڵۆسکێنێ باڵندە سپییەکەی سەریەتی، تەنیا زیندەوەرێکە کە سەر دۆنکەی خۆمی لێ دەئاڵێنم و لە نێوان گەڵاکانیشەوە، نیگا دزە دەنێرمە سەر شەقامە ماندووەکە، ژێر گوزەری ژنانی دەریا و پیاوانی کەشتیوان و منداڵانی لێو بەخەندە، پەپوولە ئاسا بەدەم لەنجەی گوڵەوە دەتریقێنەوە، "چەند خۆشبەخت و جیاوازن".

دەنگی ئەم ڕەوە چۆلەکەیە، کە جریوە و ئاوازیان لە هەناسە و کسپەی درەختەکان دەلکێ و گەڵاکان دێنێتە سەما، چۆلەکەکانی وڵاتی من، دەنگی هەناسە لێ بڕاوەکانی ئەوێندەرێ، لەژێر شەپۆلی برسێتی و هاواری عەلاگە فرۆشتن، قۆندەرە بۆیاخکردن و پاکەت و دۆندرمە و... ئاواتی پایزێکی نێزیک دەخوازن.

دایکم لە پەلەپەلی دەستنوێژ گرتندا بوو، وتی "دوعایی سەرلەئێوارانم گیرایە، ڕۆڵەی تۆ لە دوورگەی تارمایی و مردنی بەر لەدایکبوون ڕزگارت بوو، نابینا نەبێ بەرامبەر ئەم ماڵە بێ هەتوانە و ئەو تولفە عەلاگەفرۆشە".

ئەی باڵندە سپییەکەی ژێر سێبەری گەڵا سەماکەرەکان، چاوەڕوانم... هێندە کە چاوانم هێشووی چاوەڕوانی گرتووە، پەنجەکانیشم گوڵە کێویلە... چاوەڕوانم... ڕەوە چۆلەکەیەکی سپی... خۆڵەمێشی.. نارنجی ببن بە میوانم، خۆ هیچ نەبێت لە نهێنییەکانی برین و زمانم دەگەیشتن، بەردەبارانی دێویی نامۆیی و غوربەتیان دەکرد، بمدوێنن، لێرە ڕاکێ لە ژنێکی بێ دڵسۆز و نامۆ دەگات کێ لە ترافێیەکی خیانەت ئابڵوقەدرا و دەگات، لێرە ڕاکێ لە خەمی ئافرێدەیەکی خەنیم لە سەروو لە درشکەی ژیاندا کاس دەگات.

ئاە.. ئەمڕۆ جەژنی لەدایکبوونی نازی خوشکمە.. بەڵێ (٦/١)ە پەیمانم دابوو ئەم جەژنە لێرە پرچەکانی لەگەڵ تیشکی ڕۆژ بهۆنمەوە هەموو سات دەنگی لە گوێمدا دەزرینگێتەوە "ڕۆشتنی تۆ هێڵی لاتەریبە، بۆ ڕزگاربوونی منیش، پەیمانم بەرێ جەژنێکی تر لەوێ بەیەکەوە بکەین".

ئەم خەونە سەرابییانە، چەند ئەهریمەنانە دەمرژنە نێو گەرووی کەندەڵانە وەیشوومـاوییەکان و ئەوەکی نەهەنگە لە ئاو پەڕیوەکان و نسیەی غوربەتی ئەبەدی نازانم گەر لە گۆشەیەکەوە چاوێکت بەسەر ئەم ژیانەمدا دەگێڕا، نەفرەتت لێ نەدەکرد؟. خەونی بارینی بەختەوەری و سامان، خزمەتی

پیرکردن دەرچوو! بارینی تەنیایی بوو، لێرە لەژێر ئەو کوختە وێرانەیەی مندا، هەموو شتە پیرۆزەکان گەشت و ئەپارتمانە گەورەکان، چاندنم بوو لەنێو چوارچێوەی ئەم دیوارە ڕەق هەڵهاتووەی دەست گومان و تەنیایی، چ قەدەرێک بوو؟ پریاسکەی سەفەری پێچامەوە و تەسلیم بە مێردەزمەی غەریبستان و تەنیایی کردم، گوزەشتن... ئیتر سەمای ڕۆحە خەندەرانییەکانی سەرلەئێواران گوزەشتن.

هاوڕێکەم چارۆگەی هەوری لە کۆڵ گرتبوو کە بەشان و باڵی مێردەکەیدا هات "سەیری تابلۆی ژیانم کە، بەبێدەنگی بیخوێنەرەوە و، ئەوجا ئاوێنەی ئەم ژینەی خۆت بشکێنە، ئەو خەڵکەی دەیبینیت هەموو هەوڵ و کۆششیان بۆ ئەوەیە بگەن بە ئەوێ ئیتر گرینگ نییە ئەگەر هاوسەرەکانیان[1] کەمئەندامیش بێت. منیش ساوایانە بەدەمتەوە دەشنامەوە (بەڕاست من لە ئێستا بەختەوەرتر و پێشکەوتووتر دەبم؟ جگە لەوەی ئەمانیش لەم نەدامەتییە ڕزگار دەکەم..".

چەند سەرابی دەچنەوە ئەم ئەندێشەی ژەنگ گرتووانە بێ ئاگا بووم لە جێگا نەبوونەوەی مرۆڤ لەنێو کەوندا بەبێ پاڵپشتی بەهێز، گەنجەفە و یارمەتیی کەسانم، دەرۆزە بوو لە کوکووە بێباکەکان، ژیار و پێشکەوتن لەژێر شەختە چەتوونەکاندایە و درشکەی ژیانم... بێواز... بێواز... بە تونێلی تراویلکەدا مل دەنێ... لە تەک چرکەی کاتژمێرەکەدا، لەم گۆڕەپانی بێ هاودەمەدا، بەدووی تەرمی خۆمدا دەگەڕێم، چەند ساتێکی تر لە نێوان وشە پچڕ پچڕەکاندا لەسەر سەندەڵێک، بەدیار ڕۆژنامە و پێکێکەوە دەبێت بە پەیکەرێکی بێ گیان و مردوو... دەبڵێ.... لە نێوان پشکنین و پرسیاری من تەنیا وشەیەک... تامەزرۆییم بۆ بیستنی سۆزی تەنیا وشەیەک تامەزرۆیی و پرسیاری دایکە لە هێلانە بڕاوەکانە، لە نهێنیی باران و دووری جگەرگۆشە و بێدەنگی گریان، دەبڵێ من ڕۆژانە هەناسەی گریەم تەنیا بە ڕووی ئەم دیوارە ساردەدا دەڕژێ، خۆ مرۆ ئامێر نیم.. ئاه.. گوێم لە

وەڵامێک بوو:

"نەخێر ئامێری زاوزێیت".

– ئەی تۆ لێرە ڕا پێم ناڵێیت کوکووختییەکی تر لەسەر نوێنەکانت هەڵدەنیشێ؟.

– ئەوە نەژادی خۆم نییە من دەمەوێ بێچووەکانم نەژادی خۆم بن.

بڕژێ.. بڕژێ حەسرەتی نامۆیی دڵی سەعاتی ژووری تەنیاییم، بچۆڕێ نیوەشەوە دیجورە پڕ هەتەرەکانم، ئەی مارشە ئەفسووس گرتووەکانی پەپوولەی لە گوڵ تۆراو، ئاوازی نۆتەی خەمی ئەم ڕۆحە بەرپاکە کێ لە برینی تۆ دڵی مرۆ زەردەخەنە بە لێوەکان دەگات.

ئەی تۆ لە کوێیت؟.. ئاخۆ مێتا لە ئاوێنەی چاوی چ شارێکدا، تۆزی خەمت دەتکێنێ ئاخۆ مێتا ئەو ساباتە و کوختەی عیشقەی سووتاندم و قوربانی بوو بۆ تاراوگە و خۆشنوودی، لەتەک کەسێکی تردا پێکت هێناوە، یا هێشتا لە پێخەفی ئەندێشەی مندا گینگڵ دەدەیت؟

کاتێ باوبۆرانی پەشیمانی تەمێک بەسەر دیدەمدا دەکێشێ، تەنیا تروسکاییەک لەدوا یادگارتا بەدی دەکەم کە نووسیبووت:

"لە هەواری ئەوینمدا چوار وەرزی ساڵ داچێنراوە، تۆش لە لووتکەی هەموویاندا ئەرخەوانی... ئەرخەوانی دەچێتەوە، ئێستاش پێم دەڵێیت، بەرگەی پایزێکی نێزیک ناگریت وەرزی ماڵئاواییت بەخێر.

من نازانم گەر دەستکەوتنی سامان، بیرچوونەوەی شتە پیرۆزەکان بێت، کاڵبوونەوەی وێنەکان و داچۆڕانی قاقاکان بێت... منیش دەڵێم وەرزی ماڵئاواییت پیرۆز".

ئەی دیواری ڕەق هەڵهاتووی، تەنیایی و حەسرەت و چاوەڕوانی، ئێستا تۆ بوویت بە پەڕاوی ئەندێشە و یادگارە تاڵەکانم، هەموو نووسراوەکان لەژێر سنگی تۆدا هەناسە دەدەن، ئەمەش دواجارە دەبیت بە تۆمارگەی

یادگارەکانم و ماڵئاواییت لێ دەکەم، چونکە ئامێستا کۆمبارسێکی ئێجگار بچووکی سەر شانۆی ئەم ژیانەم. دە باڵندە سپێکەی سەر درەختی شەقامە ماندووەکە. وەرە وەکو سیمرخێک بمبەرەوە پەژمووردە و ڤیانی غەجەرییە ڕووتەکانی شارەکەمم، دەوەرە چیی تر هەڵمەنیشە بەو بەرمەوە.

(دەی گۆرانییە خەمبارەکە

بگو... بگو... بمبەرەوە)[2]

.................................................................

١- ئەمە تەنیا حیوارێکە لەم سەردەمەدا زۆر بەرگوێمان دەکەوێت ڕای من نییە.

٢- شیعری هیوا قادرە

## کچە ئازادەکە

بێباکانە دەستی دایە هەگبەیەکی گران هێندەی گرانیی خەمەکانی هەموو مرۆڤ، بەو هەگبەیەوە، ئەم وێستگە بۆ ئەو وێستگە دەگەڕێت و دەیەوێ بەوشە گوزارشت لەو خەمە گرانەی مرۆڤ بکات، هەڵمی وشەکان بەرز بوونەوە و لەگەڵیدا چەپڵەڕێزان و ئافەرین، کە وشەکان بوون بەڕستە و پەرەگراف و لاپەڕە و نزیکترین هاوڕێی پێی گوت:

– تۆ بۆ خۆت و خۆشنودییەکانی ژیان ناژیت، بۆیە لێرەوە ئێمە ماڵئاواییت لێ دەکەین.

***

بێباکتر لاپەڕەکانی کۆ کردەوە، بوون بەسکالا و یەخەی چەوسێنەرەکانی دەگرت، بوون بەنامە، بەکتێب و، مینبەرەکانی کرد بەماڵ بۆ هاوارکردنێکی ئێجگاری، هاوارکردنی یەکسانی و ژنی کرد بەدروشم، خەمی ژنانی هەموو جیهان لە ماڵەکەی ئەودا باس دەکرێت، ژن... ژن... ژن و...

لە رۆژێکی ژناندا کۆمەڵێک لە ژنان بە ژنێکی ناعادەتی ناوزەدیان کرد و تاوانی دابونەریت شکاندنیان دایە پاڵی گوایە ئەو یەکسانییەی ئەو داوای دەکات بۆ ئەوان زۆرە.

***

نزاکانی دەکات بەهاوارێکی بە کۆمەڵ بۆ مرۆڤ، دژی کۆنەپەرستە مرۆڤ چەوسێنەرەکان، مرۆڤکوژەکان، مرۆڤ چەواشەکەرەکان، ئەمجارەیان بە بەهانەی ئەوەی گوایە چەندین ساڵ پێش گەلەکەی خۆی کەوتووە و لەگەڵ

ڕەوتی پێشکەوتنی مێژووی نەتەوەکەیدا ناڕوات، هاوار دەکات دەست دەخرێتە گەرووی، سەربەرز دەکاتەوە دەدرێت بەسەریدا. هەنگاو دەنێت قاچی دەکرێت بەداوادا. بەر نەفرەتی مینبەرەکانی دەخەن. گوایە ئەو پێشکەوتنەی ئەو لە نەتەوە ڕۆئاوایە کافرەکانەوە وەرگیراوە.

لاسارتر دەکەوێتە وێزەی کۆشکە وەهمییەکانیان، لەلای خۆشیەوە وای لێک دەداتەوە کە "جێهێشتنی ئەو ڕووبارە لیخنە باشترین چارەیە بۆ گوزارشتکردن".

***

زەمەنێکە سڵاوی بۆ ئەو شارە نەناردووەتەوە، کە بەعیشقی ئەو دەموچاوی دەشوات، ئێستا شارێکی سەوز لە ئامێزی گرتووە، پێی دەڵێ هەموو بۆچوونەکانت پەسندن. وڵاتی ئەو یەکسانی و ئازادییە کە باسی دەکەیت، فەرموو ئەوە دیمەنی شیرینی دەریا کە هەمیشە بەئاواتییەوەیت. دەبرێتە سەر دەریا و مەلەوانگەیەکی تێکەڵاو، وەکو هێشووە ترێ پیاوان و ژنانی ڕووتی بەیەکسانی لێ هەڵنیشتووە.

هەموو خەڵکەکە تەماشای دەکەن و زەردەخەنە دەیانگرێ، چونکە تەنیا ئەو پۆشتەیە، بەزۆر چەند جارێک بەدەرگەی سارداوەکە بۆ ئەوەی ئەویش خۆی بگۆڕێ وەکو سەرجەم خەڵکەکە و خۆیان بێتە سەر دەریا بەڵام هەوڵەکانیان بێهوودە دەردەچێت، دواجاریش کە ناچار دەبێت، لە جیاتیی مایو (ستریج) و تیشیرتێک لەبەر دەکات بۆ ناو مەلەوانگە، سەرەتا سەرسووڕمان هەمووانی بێدەنگ کردبوو، بەڵام ڕوانینە پڕ واتاکانیان هێندەی شەرمەزار کردبوو، لە شەرم و ڕاراییدا مەلەی بیر چووبووەوە خەریک بوو بخنکێت، لە خنکاندنی ناو مەلەوانگەکە ڕزگاری بوو، بەڵام گاڵتە پێکردن و پێکەنینی هاوەڵە نوێیەکانی تووشی خنکاندنی ڕاستەقینەی ناخیان کرد، کاتێک گوێی لە یەکێکیان بوو:

– ئەم دواکەوتووە داوای یەکسانی دەکات، کە خۆی لەناو یەکسانیدا جێگەی نابێتەوە؟

– بابە ئەمانە بەسەد ساڵی تر ناگەن بەشارستانیەتی ئێمە، هەتا دوێنێ بەشاخەوە بوون.

دووان لەو هاوەڵانەی کە بە مرۆڤدۆست ناسراون و حەز ناکەن خۆیان و نەتەوەیان بەڕەگەزپەرست ناوزەد بکرێت، دەیبەنە کافتریایەکەوە کە چەند هەنگاوێک لە دەریاوە دوورە، لەوێ لەگەڵ کۆمەڵێک لەو کەسانەدا دادەنیشن کە لەو شارەدا بەیاخی ناسراون، پاش ناساندن یەکێکیان جگەرەیەکی بۆ گرت:

– ناکێشم سوپاس.

یەکێکیان هەڵدەداتێ.

– ڕاستە جگەرە بۆ تەندروستی خراپە بەڵام هیچ نەبێت ژنی ڕۆشنبیر ڕابێت هەندێ جار بتوانێت لە دانیشتنە ڕۆشنبیرییەکاندا وەکو هاوەڵەکانی جگەرەیەک بکێشیت بۆ ئەوەی ئاکاری ئەو نەشاز نەبێت.

پاش چەند ساتێک خزمەتگوزارەکە هات سەر مێزەکەی ڕێک خست و فەرمووی لێ کردن هەریەکەیان داوای بیرەیەکی کرد و ئەویش داوای شەربەتێکی پرتەقاڵی کرد، دووانیان وەکو ئەوەی جنێویان پێ درابێت، بەتووڕەیی هەڵیان دایە:

– بەهیچ شێوەیەک نابێت، دەترسیت دەعوەتت پێ بکەین، نەبابە بیرەیەکی بۆ بێنە.

– ببەخشە من هیچ جۆرە خواردنەوەیەک ناخۆمەوە.

– ئاخر خاتوون نابێت، جەنابتان کەسێکی ڕۆشنبیر و لەناو یانەیەکی وادا چەند سەعات گفتوگۆکردن هەر عەیبە لەگەڵ شەربەتدا بێت.

– لەم کاتەدا چاو بەرز دەکاتەوە بەرامبەری ژنێک دانیشتووە، سەرتاپای

بەحیجاب و پەچەی ڕەش داپۆشیوە، چمکێکی پەچەکەی لادەدا و پێکەکەی بەردەمی فڕ دەکات "ئای خۆ لای ئێمە تەنیا باسی ئەم دیمەنەش بکەیت کە بەچاوی خۆت بینیوتە، بڕیاری کوشتنت دەدرێ، سەیرە من داوای ئازادی بۆ ئەو دەکەم، کەچی ئەو لە من ئازادتر و ئازاتریشە".

– گفتوگۆ گەرمەکەی هاوەڵەکانی لەوی دابڕی و هێنایەوە ناو جیهانە جەنجاڵەکەی ئەوان، بینی هەر کەسە سەرگەرمی باسی سەرکێشی و ئەزموونی خۆشەویستیی خۆیان دەکەن، خاتوونیش ڕەنگی زەرد بووە، وشەیەکی نییە بیدرکێنێ، تەنیا بیر لەوە دەکاتەوە و دەخوازێ کەس لەو بارەیەوە هیچی لێ نەپرسێت، بۆ ئەوەی خەجاڵەتبوونی چەند جارەی دووبارە نەبێتەوە، بەڵام خواستەکەی زۆری نەخایاند کە ئەمجارەیان یەکێک لە کچەکان لێی پرسی:

– ئەی تۆ باسی چی خۆتمان بۆ دەکەیت، باسی خۆشەویستییە ڕاستەقینەکان، یان کاتییەکان؟

– من؟... من... لە ڕاستیدا ئەو ئەزموونەم تاقی نەکردووەتەوە و، بەداخەوە لای ئێمە ڕاستەقینەش تاوانە، نەک کاتی کە هەر بوونی نییە.

قاقای پێکەنین هۆڵەکە پڕ دەکات، بۆ ئەوەی بۆ دانیشتوانی یانەکەی بسەلمێنن، کە پێکەنینەکەیان لە سەروو ئیرادەی خۆیانەوە بوو، داوای لێبووردنیان لە بۆیەکە کرد کە بەلایاندا تێپەڕی، پاش پێکەنینەکە هەموویان لەژێرەوە سەیری یەکیان دەکرد و هەندێکیشیان پەست بووبوون بەو هەموو ئازار و سەرکوتکردن و بێ ئەزموونییەی لە مرۆڤێکدا دەیانبینی، هەتا یەکێکی لە هەموویان بەتەمەن گەورەتر گوتی:

– بۆ کچم تۆش وەکو هەموو مرۆڤێکی تر مرۆڤ نیت.

چاوەکانی پڕ دەبێت لە فرمێسک و هەوڵ دەدات بەهێز بێت و نەیتە خوارێ بەڵام ئەو فرمێسکانەی لە ناخیەوە سەر دەکەن، ئەسفنجی دەستی

بۆیەکـــەش کـــۆتـایـیـی پێ ناهـێنێت. ســـەرەتا دەیـەوێت هـیچ نـەڵێت چونکە هەمیـشـە گوتن کێشـەی ئەو بوون، ئەو گوتنەی لە وڵاتەکەیدا بەهەڵە لێک دەدرایەوە ئێستاش لێرە پێچەوانە لێک دەدرێتەوە، بەدڵێکی پڕەوە دەڵێ:

– بەڵێ مرۆڤم.. مرۆڤێکی لێوانلێو لە نەخـێرەکانی ڕۆهـەڵات، مـرۆڤێکم ڕەهەندی ڕوانینەکانم پڕ کراوە لە ڕشانەوەی کەسانێک کە لە دێرزەمانەوە تاوانباری مێژووی مرۆڤن.

*٢٠٠١/٨ شام*

## نمایشکاری گۆڕەوی

"بزانە کاڵاکە ژنانەیە کەچی هەموو بینەرانی پیاون"

ئەمەی لەگەڵ خۆیدا بەبێزارییەکی زۆرەوە دەدرکاند، ئەو بێزارییەی پاش ساڵێک بۆ یەکەم جارە هەستی ختووکە دەدات، خۆشی دەیزانی ئەو خەم و پەژارەیە لە ڕۆژی یەکشەمی ڕابردووەوە لەگەڵ دەروونی سەرتاتکە دەکات، کاتێک لەگەڵ هاوڕێ عەرەب و بیانییەکاندا ڕۆیشتبوو بۆ سەر دەریا بۆ ئەوەی هەندێک خۆیان بدەنە بەر تیشکی ڕۆژ و وەکو خووێکی هەمیشەیی خۆشی کاتژمێر و نیوێک مەلە بکات. بەڵام ئەو ڕۆژە هەستی بەداهێزرانێک دەکرد کە نەیتوانی لە نیو سەعات زیاتر مەلە بکات. خۆی وای بۆ دەچوو هۆی گوڕ و تینی جارانی پێشوو سەرسام بوون و تەماشاکردنی خەڵکی سەر دەریا بوون، کە پەنجەیان بۆ ڕادەکێشا و دەیانگوت "ئەوە نمایشکارە شۆخەکەیە" زیاتریشیان ڕۆژانی نمایش دەچوون بۆ هۆڵی نمایشکردنەکە و ئەو جۆرە گۆڕەوییانەش ئەو نمایشی دەکرد لە هەموو جۆرەکانی تر لە بازاڕدا ڕەواجی زیاتر بوو، بەڵام ئێستا شتەکانی لەلا لێڵ بوون، بەتەواوی هەست بەوە دەکات کە دانیشتوان وەکو جاران هەنگی ڕوانینیان نافرێت بۆی وەکو ئەوەی سەیری گوڵێک بکەن هەموو شیلەکەی هەڵمژرابێت بەچاوی بەزەییەوە بۆی دەڕوانن، جارجاریش کە بەئاگا دەهاتەوە ئەو کچە نمایشکارە بەڕەگەز ئەڵمانییەی کە تازە هاتبووە ڕیزی ئەوانەوە، هەمووان لەگەڵ ئەودا لە دیدار و خۆناساندن و سەرسامبووندان، لێرەوە دەیزانی بۆچی ڤالانی هاوڕێی هەمیشە دەیگوت "من بێزار بووم، ئیتر بێزار بووم،

بێزم لە گۆڕەوی دێتەوە، بێزم لە خۆم و دنیا دێتەوە "...

دەیزانی کە ئەم هاتووە ئیتر ئەو پشتگوێ خراوە، وەکو چۆن ئەم ئێستا پاش ئەو نمایشکارە ئەڵمانە پشتگوێ خراوە خۆ لێرەش هەموو شتێک هەر ماوەیەک جوانە و جێگەی سەرنجە، جا بۆ وا نەبێت، ئاخر ساڵێک تێڕامان خۆ ئێستا دەزانن چەند گەندەموو نیشانە و تەنانەت شوێن زیپکەش بەلەشیەوەیە، هەموو هەوڵێکیش لە پێناوی بەدیارخستنی نادیارەکاندایە، پاش زانینی نەزانراوەکانیش ئەو بەهای جارانی نامێنی... لەبەر خۆیەوە وتی "خۆ پێشتریش ئەمەم دەزانی بەڵام ئەم خەراباتەش هیچ کارێکی تێدا دەست ناکەوێت بۆ ئێمە... نەک هەر ئەوە ساڵێکە ئەم کارەمان پێ دەکەن و بەناوی وڵاتەکەیانەوە شانازی و داهێنانی نوێی پێ تۆمار دەکەن و بەهاونەژادی خۆیان دەماننناسێنن، کەچی هەتا ئێستا هەقی بەهاووڵاتیبوونی پێ نەداوین، وەکو ئاژەڵ لە باڵەخانەیەکی پڕ جانەوەردا مۆڵیان داوین و هەر دەشڵێی ئەو کەسانە نین کە لە کاتی نمایشەکەدا چەپڵەمان بۆ لێ دەدەن و ئافەرینمان دەکەن".

ئەم جارسی و بیرکردنەوانە ئەوەندە بەکاوەخۆیی دەیهێنا و دەیبرد، بینەران سەریان لەو جووڵە و ئاکارانەی سووڕ مابوو، وەکو جاران تیلەی چاو و ناز و ئاماژەی تێ ناگرێت، نازی ڕوانینی چووەتە سەر دەروازە پێنج بەچوارەوە شووشە ڕەش گەورەکەی هۆڵەکە و هەندێک جاریش ئەوەندە لە کەناری تەختەکە نزیک دەبووەوە خەریک بوو دەکەوتە خوارێ، ئەگەر هەڵمی دەم و هەناسەی بینەران بەر قاچی نەکەوتایە و بەئاگایی نەهێنایەتەوە. مەلی ئاگای هێندە دوور فڕیبوو نەیدەزانی ئەو ڕۆژە چ جۆرە ڕەنگە گۆڕەوییەک نمایش دەکات، بەڵام بیری دەچوو بۆ یەکەم چێژ وەرگرتنی لەم کارە، ئەو کاتەی وای دەزانی ئەم کارەی دەیکات بەپەسندترین ژنی ئەو سەردەمە و ئیتر پڕ دەبێت لە بەختەوەری و ئازادی و خەڵکانی تر هەر لە دوورەوە ئاواتی پێ دەخوازن، ئەو کاڵای وێنەی ئەمی لەسەر بێت لە بازاڕدا

ڕەواجی زیاتر دەبێت، دەبێ بەخاتوونی جوانی و لە خۆی پەسندتر و جوانتر نایەتە ئەو بوارەوە، بەتایبەت کە مەشقکەرەکە هەمیشە بەپێستە برۆنزی و چاو و برۆ و ڕووخسارە سیحرئامێزەکەیدا هەڵدەدا، ئەویش نوقمی مەراسیمەکانی خۆشی و خەندە دەبوو. کە سەرەتا بەشەرمێکی زۆرەوە چووە سەر تەختەی شانۆ، تەنیا جووتێ گۆرەویی ڕەش و ستیانێک و جووتێ پێڵاوی بن بەرزەوە دەسووڕایەوە و ئەو شەرمەش سەراپای گرتبوو لە ڕوومەتەکانیەوە وەک خوێنێکی ئاڵ دەردەپەڕی، بەخۆشی نەبوو کە دەیبینی نیگای بینەران هەڵی دەلووشی جارجار دەستی دەگرن بەلباسە ڕەشەکەیەوە و سەری شۆڕ دەکردەوە بۆ خوارەوە، لێرەشەوە خەیاڵی دەفڕی بۆ لای قسەی ڕاهێنەرەکەی، ئەو کاتەی ئەم ماوەیەکی زۆر بوو گەیشتبوو بەئەوێ ماوەیەکی باشیش بۆ بەدەستهێنانی کارێک گەڕابوو، بەڵام دواجار لە یەکێک لە دەزگای پەککەوتەکاندا جێگیر بووبوو، وەکو خۆشی دەیگوت: "من هەرگیز وەکو ئێستا لاواز و بەژن ڕێک نەدەبووم ئەگەر بەڵغەم و پاشەڕۆ فڕێدانی ئەو پەککەوتانە هەموو ڕۆژێ لە نانخواردنی نەتۆراندنمایە" بەڵام پاش ماوەیەک کە ڕۆژنامەنووسێک سەردانی خەڵوەتگەکەی کردبوو پرسیبووی چۆن لەو شوێنەدا کار دەکات، ئەویش وەڵامی دابووەوە...

– کاری ترم دەست نەکەوتووە، گەرچی دەرچووی ئادابی ئینگلیزیم و زمانەکەش باش دەزانم.

– ڕۆژنامەنووسەکە گوێی بەمەسەلەی بڕوانامەکەی نەدابوو یەکسەر گوتبووی:

– ئەو شۆخ و شەنگی و جوانییە ڕۆهەڵاتییە لە هەموو شتێک زیاتر بۆ کاری نمایش دەست دەدات. من هەوڵ دەدەم لەلای برادەرێکم کارێکی باشت بۆ بدۆزمەوە.

ئەمیش لەو ساتەدا هەموو بۆشاییەکانی جیهانی لێ بووبوو بەمینبەری

خۆشی و هەر خێرا ژمارەی تەلەفۆن و ناونیشانی ئاپارتمان و شەقامەکەی خۆی دابوویە، هەمیشەش بیری بۆ ئەوە دەچوو کارێکی باشی لە ڕۆژنامەکەی بۆ دەدۆزرێتەوە، یان لە شوێنێکدا بەفەرمانبەر دایدەنێت، هەندێ جاریش تەنیا بەچەند وشەیەکی درکاوی دەزانی و هیچی تر، بۆیە ئەو ڕۆژەی تەلەفۆنی بۆ دەکات پێی دەڵێ:

– مژدەم بەرێ کارێکم بۆ دۆزیویتەوە لە هەموو جیهاندا ناوبانگ دەردەکەیت.

بێ سێ و دووکردن ڕازی دەبێ، یەکەم ڕۆژی دەستبەکاربوونیشی ڕاهێنەرەکەی چەند شریتێکی ڤیدیۆی دەداتێ و دەڵێ:

– بزانە ئەو کچانەی لەم شریتانەدا دەیبینی چ جووڵە و نمایشێک دەکەن لاساییان بکرەوە تا بەباشی فێر دەبیت و ماوەی شتەکانی تر خۆم فێرت دەکەم.

کە وێنە تۆمارکراوەکان دەبێنێ سەرەتا تووشی حەپەسان و خەیاڵبڵاوی دەبێ، بەڵام پاش چەند ساتێک دێتەوە سەر خۆی دەڵێ "کە چوویتە شاری کوێران دەبێت دەست بەچاوتەوە بگری ئەم کارەش لێرە ئاساییە و ئێ منیش سەرەتا لە دەست کۆمەڵگەی خۆم ناڕازیبوونم دەردەبڕی و دەمگوت دواکەوتووە، ئازاد نیم، ئێستا ئەم کارەم بۆ هێندە لەلا گرانە، هەر چۆنێک بێت لەو کارە پیسە باشترە کە دەمکرد" پاش ئەوەی گەڕابووەوە لای کە گوتبووی خۆت ڕووت بکەرەوە بەجووتێ گۆرەوەییەوە دەست بکە بەمەشقکردن، ئەمیش هەڵوێستەیەک دەکات و هەندێ لە شوێنی خۆیدا دەبێ بەدرەختی پایز، "قەدەرم چەند سەیرە خۆ لێرەش خۆڕووتکردنەوەت بەفەرمانی پیاوێکە من لە یەکەم خۆڕووتکردنەوەدا هێندە شەرم زاڵ بوو بەسەرمدا ئیتر لە یەکەم ساتەوە ڕقم لە مێردەکەم هەڵگرت هەتا لەیەک جیا بووینەوە". بۆ دووەم جار لە بەردەم پیاوێکدا خۆی ڕووت دەکاتەوە بەڵام

نازانێت ئەمەیان ڕقی پێ هەڵدەگرێت یا نا. بەماوەیەکی کەم نمایشێکی زۆر سەرکەوتوو، ئەمە و جوانییە هەست بزوێنەرەشی وای لە مەشقکارەکە کرد هەر پاش چەند حەفتەیەک لە نمایشکردنی گۆرەوی بڵێ "لەناو نمایشکاراندا لەشولاری تۆ لە هەمووان جوانتر و سەرنج ڕاکێشترە بۆیە دەبێ ڕیکلامێکی باش بۆ کۆمپانیای گۆرەویی عاج بکەین، تۆش بەهەست بزوێنترین شێوە دەوەستی و جووڵە دەکەیت بۆ ئەوەی وێنەت بگرن بۆ سەر کاغەز و پاکەتی گۆرەوییەکان".

ئیتر لەسەر کارەکانی خۆی بەردەوام بوو لە نمایشکردن و وێنەگرتن بۆ سەر کرێمی دەموچاو، گۆرەوی، مەڵهەمی تووک لابردن و هەموو شمەکە ساکارەکانی تر، چەپڵەڕێزانی جەماوەر بەئاگای هێنایەوە، بینی هاوڕێکانی هەتا نیوە نوشتاونەتەوە و جارجاریش سەر هەڵدەبڕن و بینەران ماچ پەرژێن دەکەن، چەندین کەسیش دەستی سڵاوی درێژ کردووە بۆ نمایشکارە نوێیەکە و بەسەرساممییەوە داوای خۆناساندنی لێ دەکەن، ئەویش لە جاران زیاتر جاڕس بوو، گەرچی گوڵبارانکردنی نمایشکارە ئەڵمانییەکە هۆڵەکەی گوڵاو پەرژێن کردبوو، بەڵام ئەو وای هەست دەکرد بۆنی گۆرەوی لووت و مێشک و هەستی قانگ داوە، بۆنی گۆرەوی دەهات بەسەریدا، بۆنی گۆرەوی هۆڵەکەی پێ بەجێ هێشت و بەرەو باڵەخانەکە گەڕایەوە، بەمێشکی کاسەوە ئەبڵەقی کەناڵی (T.V)یەکە دەبێت، دەبینی ئەوانەی بەڕووتی بانگەشە دەکەن بۆ لاوان بەتەلەفۆن قسە بکەن لەگەڵیاندا، ئەوانیش بەچەندین شێوەی بەڕووتی و بەپۆشاکەوە بانگەشەیان بۆ شامپۆ و ماکیاج و گوێزان و شمەکی ناوماڵ دەکرد، سەمایەکی شێلگیرانە کردبوونی بەپیرە زەیوانی دەم ڕەشەبا و هەور، بەتەواوی لەو مرۆڤانە دەچوون کە زەپوشێک ساز دەکەن بەر لە خۆکوشتن بۆ شەرعیەت دان بەمردن، بەڵام هەریەکیان تۆپەڵی لۆکەیان خستبووە کونە لووتیانەوە، پێ دەچێ بۆگەنێکی پیس قورگیان بگرێت بۆیە بەو شێوەیە دەکۆکن و ناتوانن بەباشی هەناسە بدەن، ئەو

وێنانە لە ئازاری زیاد دەکەن، دێت لەسەر پشت دەنووسێت بەچرپاکەدا ئازاری سەری بەتەواوی پرزەی لەبەر بڕیوە، بەپەرت و پیسیی ناو ژوورەکەی ئەوەندەی تر تووشی داهێزران دەبوو ئەو ژوورەی بۆنی گوڵە بەدیاریهاتووەکان و کریستاڵە ڕەنگاوڕەنگەکان، ناشیرینی و پیسیی ساختمانەکەی بیر دەبردنەوە. ئێستا بۆنی گۆرەوی و بۆنی ڕەشانەوە، کریستاڵی شکاو و شووشەی کهوول و پۆشاک و گۆرەوی بڵاو بووەوە وێنەی کەلاوەیەکی پێ دەبەخشێت "کەی من بەم ئومێدە هاتمە ئێرە، دەکرێ ئەمە خەون بێت با چاو بنوقێنم و بەڕاستی خەوم لێ بکەوێت دەگەڕێمەوە بۆ واقیع". ئەمانەی هێندە بەکزی دەردەبڕی یەکێک لێوەی نزیک نەبووایە گوێی لێ نەدەبوو چاوی لێک نا نەیدەزانی نووستووە یا بێهۆشە بەڵام دەیزانی خەونەکەش جێگەی حەسانەوەی ئەوی تێدا نەماوە، ناگات بەو واقیعەی کە خەیاڵی دروستی کردووە، بەپەتۆکە توند لووتی دەگرت بەڵام بێ سوود بوو ناچار بەکاوەخۆیی خۆی گەیاندە بەر بەلووعەکە، ئەویش ئاوێکی لێڵ و بۆگەنی پێدا دەهاتە خوارەوە وەکو ئەوەی چەندین جووت گۆرەویی ترشاو و عارەق کردووی تێدا شۆرابێت، بۆیە دەموچاوی نەشت ڕووی کردە چێشتخانەکە و چووە سەر مێزی نانخواردنەکە دانیشت، ویستی کوپێ شیر تێ بکات بەڵام شیرەکە ڕەنگی چڵکاو و هاڵاو و بۆنی گۆرەویی بیری دەبردەوە کە شیرە، وێنەی سەر دیوارەکە و کاڵای ناو ماڵەکە سەرجەمیان وێنەی گۆرەوی بوون و لە شێوەی میوە و قاپ و قاچاغ و کەوچک و چەتاڵدا خۆیان دەنواند.

ڕووی کردە ژووری نووستنەکەش چەند مناڵێک سەریان هێنابووە دەرەوە هەموویان پێپەتی و بێ گۆرەوی بوون بەڵام گۆرەوییان دەمژی، گۆرەوییان دەجووی، یەکێکیان لێی هاتە پشتی ئەو دەمە گۆرەوییەی لە دەمی خۆیدا بوو خستیە دەمی ئەم، سەری سووڕی دەخوارد و هێڵنجی دەدا، گەیشت بەسەر دەستشۆرەکە سابوونێکی شێوە گۆرەویی لەسەر دانرابوو،

ڕشانەوەیەکی زۆر ڕشایەوە دواجار شتێک لە قوڕگیدا گیرابوو، بەدوو پەنجە دەستی پێ گەیاند و ڕای کێشا زانی گۆرەوییەکی ڕەشی درێژە، خۆی پەلکێش کردە هۆڵەکە، ئەو ڕاهێنەری بینی کە دڵی زۆرینەی کچە نمایشکارەکانی بردبوو بەرامبەری وەستا و قاقا پێ دەکەنی و لە بریی شووشە دوو تاک گۆرەوییەکی ڕەش ڕەش دراوە لە چاویلکەکەی، لەودیوی ئەو گۆرەوییانەوە سەیری ئەم دەکا و چەند گۆرەوییەکی ڕەنگاوڕەنگی گرێداریشی بەدەستەوەیە و تەزبیحاتی پێ دەکات، ماچێکی بەیانی پڕ تام و چێژی گۆرەویی لە ئەم وەرگرت و دەستی کردەوە بەتەزبیحاتی گۆرەوی. هاواری کرد، ڕای کردە ناو ئەو بەلەکۆنەی کە چەندین گوڵی تێدا ڕوابوو، بینی ئەوانیش هێشووە گۆرەویی گرتووە، ئەمەی لا گرینگ نەبوو ئەو دەیەوێ بزانێ جیهانی ئەودیوی ماڵەکەی ئەم چۆنە، ئەو خەڵکەی بەسەر شەقامەکەدا دەڕۆیشتن هەموو لووتیان گرتبوو، ئەو دیمەنەش هیوابڕاوی کرد لەو خەیاڵەی کە بەتەمابوو ئەو ماڵە بەجێ بهێڵێ، خۆی کرد بەو باڵەخانەی کە هەمیشە عەرەبەکانی لێ بوو، ئەمانە کە هەموویان لەوێدا خڕ بوونەوە لەو وڵاتەدا بیانی ناسرابوون، بۆیە سەرجەمیان چووبوونە ساختمانێکی گەورە و هەمیشە پرس و ڕاوێژیان بەیەک دەکرد، بۆیە ئەو چوونەی لە هەلێکی باشی ڕزگاربوونی زانی و بەڵام دیسان بێ سوود بوو و ئەوە ئەو کچە ئەسمەرە چاوڕەشە شۆخەیە کە وێنەی ڕووتی لەسەر باشترین سابوون دەردەکەوێت بە دشداشەیەکی پیس و پێستێکی قرچۆڵکی داکەوتووە، هەردوو گوێ و دەم و کوونە لووتەکانی کەفاوی سابوونی لێ دەردەپەڕی، ئەو سابوونەی کە بۆنەکەی لە ئەسپەنیک و بۆنی گۆرەوی دەچوو، بەپچڕپچڕی هاواری دەکرد و لە نێوان هەر هاوارێکیشدا بڵقی کەفاو لە دەمی دەردەپەڕی بەجارێ تۆقی و خۆی گەیاندە ژووری ئەو سێ شۆخەی کە بۆن و بەرامەی خۆشیان هەتا سەر شەقام دەڕۆیشت، ئەو کچانەی هەمیشە کۆڕی یاران و سەرسامبوونیان گەرم بوو، ئەو سێ

شۆخەی جوانترین وێنەیان لەسەر کەرەستەکانی جوانکاری و شامپۆ و ماکیاج دەبینرا و شەوانە درەنگ لەسەر شاشەی تەلەڤزیۆنەوە بەتەلەفۆنێکەوە دەردەکەون و جۆرەها جوولەی بزوێنەریان پێشان دەدا، ئەو جەستە پڕ جۆشانە لەوان خراپتر تووشی داڕووخان بووبوون.

هەرسێ ترنجاونەتە قوژبنێک لەسەرخۆ دەگرین وەکو ئەوەی گریانێک بێت هەموو یادگارە شیرین و تاڵەکانی یاد بێنێتەوە، ئێستا تەنانەت خوازیاری تاڵەکانیش بن کە لە ئێستا تاڵتر بوون. گریانێک دڵی ئاسمان و زەوی هەڵقرنجێنی ئەو گریانەی لە لاویدا بۆ منداڵی دەیکەیت و لە پیریدا بۆ لاوی و لە سەرەمەرگیشدا بۆ ژیان، گریانێکی هەمیشەیی بۆ کۆی هەموویان، ئەوەشی زیاتر شێت و دەهریی دەکردن ئەوان دەگریان بۆ ئەوەی شتێک لە خەمە کەڵەکەبووەکانی دڵیان بڕەوێتەوە کەچی یەک فرمێسکی ئاسایی و وەکو جاران نەهاتە خوارێ، لە بریی فرمێسک ئاوێک دەهاتە خوارەوە وەکو سابوون و شامپۆ کەفی دەکرد و گریانێکی تیژ بەڕادەیەک گلێنە و چاو و سەر ڕوومەتەکانیان دەقلیشا و دەسووتایەوە هەڵمێکی بۆن ناخۆشیش لەو فرمێسکە سەیروسەمەرانە بەرز دەبوونەوە، چەند هەنگاوێک پاشەکشەی کرد و گەڕایەوە بەڵام کاتێ بەئاگا هاتەوە زانیی ئەوان هاوار ئەکەن:

– بڕۆ دەرێ بۆنی گۆرەوی کوشتینی!

شێلگیرانە هەنگاو دەنێ، خۆزگە بەشوقەکەی خۆی دەخوازێ کە تەنیا بۆنی گۆرەویی لێ دێت نەک ئەو هەموو سەیروسەمەرەی لە ژووری هاوەڵەکانی دەیبینی، گەڕایەوە ماڵەوە سیما و تابلۆ و خواردن، مرۆڤ، ڕەنگ و بۆنی گۆرەوی دەوریان تەنیوە، ئەو ماڵەی زۆرجار ئاشنایەتیی شوێن و جێگەکانی تری بیر دەبردەوە. پاش تێڕامانێکی باش لە هەموو شتە گۆرەوی سیماکاندا بیری لەوە کردەوە ئەو شەقامە بەجێ بهێڵێ و هەتا شوێنێکی گونجاو دەدۆزێتەوە. ئەو ئێوارەیە لە ئێوارانی تر زووتر بڕوات بۆ

شوێنی کارەکەی. بەرەو شەقامی سێزدە هۆڵی (ماریانا)ی بەناوبانگ کەوتە ڕێ، گەرچی نمایشکارەکانی ئەو وڵاتە و بەتایبەت ئەو هۆڵەش دەوڵەمەندییەکی بێ سنووریان هەبوو، بەڵام ئەو تەنیا ساڵێک و چەند مانگێک بوو لەوێ کاری دەکرد و ئەو پارەیەش بەنمایشکارەکانی وڵاتی خۆیان دەدا بەوانیان نەئەدا کە بەبێگانە ناویان دەبردن، جگە لەوەی وەکو خۆشی دەیگوت "من هەتا ئەرکی بەخێوکردنی ماڵەوەم لە ئەستۆدا بێت چۆن دەبم بەخاوەنی ئۆتۆمۆبێلی تایبەتی خۆم". لەم بیرانەدا بوو بینی ئەوانەی بەسەر شەقامەکەدا بەلایدا تێ دەپەڕن لووتیان دەگرن، بۆیە خێرا ئۆتۆمۆبێلێکی ڕاگرت، بەڵام کاتێ بینی شوفێرەکە توند لووتی گرتووە و لە ئاوێنەکەشەوە هەر سەیری ئەم دەکات تەواو بەخۆدا شکاوە و شەرمەزار بوو، هەرکە سەری بەرز کردەوە و شوفێرەکەی لە ئاوێنەکەدا بینی، کابرا بەهەلی زانی و خێرا چەند ڕستەیەکی بەدوای یەکدا ڕیز کرد، پێ دەچوو زمانێکی تر بێت نەک ئینگلیزی، ئەمیش تەنیا ئینگلیزیی دەزانی، بەڵام بەو لووت گرتن و بێزهاتنەوەیدا دەیزانی پرسیاری ئەو بۆگەنەی لێ دەکات، وەڵامەکەی خۆی دایە دەم هەناسەیەکی سارد و دڵی بەوە خۆش دەکرد کە ئەو بۆگەنەی لە بۆنی ماڵەکەوە گرتبێ لەژێر پێست و عارەق و هەناسەی خۆیەوە نەیەت، دەیگوت:

– "مرۆڤ کە لەناو پیسییەوە هات بۆنی ناخۆشیش دەگرێ، دەی گرینگ نییە هەر ئێستا دەگەم لە گەرماوەکەی ئەوێ پاک خۆم دەشۆم و ئارایشتێکی جوان دەکەم کە ئەو ماندووتییەی ئێستام پێوە دیار نەبێت" بەپەلە خۆی بەهۆڵەکەدا کرد، بەدەرکەوتنی ئەو ئیشکەرەکانی ئەو شوێنە هەموو لووتیان گرت بەپەلە گەیشتنە بەردەرگەی گەرماوەکە، زانی دەرگەی گەرماوەکە داخراوە و نمایشکارە ئەڵمانییەکە دەڵێ چاوەڕوان بە، مستەکۆڵەیەک بەردڵی دەکەوێت. یەکێ لە ئیشکەرەکان کە پێکی (ڤودگا)ی لەسەر سینییەک بەدەستەوەیە بەلایدا تێپەڕی و لووتی گرت و چاوێکی پڕ

گاڵتە و پرسیاری تێ گرت و زەردەخەنەیەکی هاتێ، ئەو ئاماژەیە ئەوی بەجارێ شێتگیر کرد و جارێکی تر بەمشتەکۆڵە بەربووە دەرگەکە، ئاکام بۆی دەرکەوت کە دۆخی ئەو لە ئەم باشتر نییە و لەم خراپتر بۆگەنی دێت، بەڵام پاش خۆشتن وایان دەزانی ئەو بۆگەنە تەنیا لە مێشکی کاس بوو بەبۆن و لووتی خۆیاندا ماوەتەوە و ئیتر بارودۆخیان ئاسایی بووەتەوە. هۆڵەکە جمەی دێت لە خەڵک و ژمارەی پیاوانی تەماشاکەر چوار هێندەی ژنانە و هەموو بەتامەزرۆییەوە چاویان بڕیوەتە ئەو گۆشەی کە لەناو نمایشکارە شۆخەکانی لێوە دەردەکەوێت.

دێتە ناوەڕاستی شانۆ بەسەرسامی و دڵەڕاوکێیەوە نمایش دەکەن و بەهەر چوارلادا چاو سووڕ دەدەن بۆ ئەوەی ئاکاری بینەر و جموجۆڵیان بەرامبەریان بخوێنێتەوە، بەڵام هەر زوو خواستی فریادڕەسێک هەموو لەشیان دادەهێزێ، جموجۆڵیان خاو و کاوەخۆ گرتوونی و نمایشیان بیر دەباتەوە کە دەبینن سەرجەم بینەر لووتیان گرتووە و دەچرپێنن بەگوێی یەکدا و خەڵکێکی زۆریش دەڕواتە دەرەوە، لە جۆر و مۆدێلی گۆرەوی هێشتا لە نمایشکردنی دووەمدا بوون، جەماوەر هاواری کرد.

– بڕۆن نامانەوێن... با هی نوێ بێت، بڕۆن، بۆگەنن.

پرزەیان لەبەر بڕابوو، دەیانویست لەو گۆشەی لێوەی هاتنە سەر شانۆ بگەڕێنەوە و خۆیان شاردەوە. کە هەموو پیاوانی ناو هۆڵەکە هەموو گۆرەوییەکیان داکەند و وەکو جاران چۆن گوڵبارانیان دەکردن، ئەمجارە گۆرەویبارانیان کردن و پیاوانی بێ گۆرەوی بەڕێز دەچوونە دەرەوە. بۆ پاراستنی ناوبانگی کۆمپانیا و هۆڵەکە بەڕێوەبەر پاش ئەوەی نمایشکارەکانی کردە دەرەوە داوای کرد بەزووترین کات ڕیکلامێک بڵاو بکەنەوە و ئاماژە بەوە بکەن کە لێرە پێشبڕکێی شای جوانی و نمایشکردنی هەموو پۆشاکێک دەکەین و داوەتنامە بۆ هەموو ئەستێرە بەناوبانگەکانی ئەو وڵاتە بنێرن ئاگەداریان بکەنەوە کە لێرە باشترین خەڵات وەردەگرن.

دواییش هەڕەشــەی لە نمایشکارەکــان کــردبوو کــە لە دادگــەدا سکاڵایان لەســەر تۆمــار دەکــا و داوای قــەرەبووی ئەو زیانانەیان لـێ دەکات کە بەهۆی ئەو ڕیکلام و پرۆگرامــە نوێوە لێی دەکــەوێت، ئەوان ســەرسامــی دەربڕین و ســازیشــی ڕۆژانــی پێشــوو و تووڕەیی و نەفرەتی ئێستای هێندە ســەرسامــی کردبوون زۆر ئاگایان لە قسەکانی نەما و گەڕانەوە بۆ ماڵەوە.

بەیانی ڕۆژنامــەکان لێیــان کردن بەهــەڵا و بەمــانشــێتی گــەورە جگە لەوەی نووســیــبوویان ئــەو نمایشکارانەی بـۆنی گۆرەوییــان گــرتووە، جــۆران ناو و ناتۆرەی نەشــیــاویشیــان داوەتە پاڵیــان، لە دواییــشدا ئــامــاژەیان بەوە کــردووە کــە ئەو بـۆگــەنکردووانە ســەر بەنــەتەوەی ئــەوان نین، ئەوەش یــەکــێکە لەو هــەڵانەی کە بەســەر کارگێڕی کۆمپــانیاکەدا تێ پەڕیوە و ئێستا قەرەبووەکەی دەدات، ئەمانیش هــەمان هــەستیان لەلا دروست بوو کە بێگانەن و قەرەبووی شــوێن دەدەن، ئەو شــوێنــەی کــە ئاووهــەواکــەی ئەوان بۆگــەن دەکــات، بەڵام ئەمــان تەنیــا لە دڵی خــۆیاندا دەوێران شــتی وا لەیــەک بدەنەوە، گــەرچی خۆمانکردنیشیان بێ سـوود بوو چونکە ئەو ڕۆژنامانەی جوانترین وشەی بۆ دەنووسین، ئــەمــرۆ ڕای گــشــتــیــان دروست کــردووە و داوای چارەســەر و بیــرکردنی ئەو مـیکرۆبە دەکەن نەوەک لەناو نەتەوەی ئەوانیشــدا بڵاو بێتەوە، تا وایان کــرد حکوومــەت بانگهــێشــتنی ســەرجــەم پســپــۆڕانی پزیشکی و ژینگەناسی و بۆمــاوەیی و جــینات کــۆ بکاتەوە، نهــێنیی بـۆگــەنبــوونی ئەو مــرۆڤــانــە تێ بگات و بزانێت سنووری مــەترسی بـۆ ســەر وڵاتــەکــەیان و تاکەکانی چەندە، پاش پشکنین و ڕاوێژ و گفتوگۆ و تاقیکردنەوە گەیشتن بەو بڕیارەی کە پێویستــە ئەوانە دەربکرێن و ئەوانە بنیاتی خــودی و لەش و هەســتــیــان هەوا و ســروشــتــی ئەوانی پێ هــەزم نابێ و، تووشــی ئینتــەلای شــعــووریان دەکــات و هــەر ســاڵێک دەتوانن بەرگــە بگرن و پاشــان بۆگــەن دەکەن، ئەگەر......

١٩٩٩/٦/١٥

## پەژڤین

هەنگاوەکان درەنگە.. درەنگ!..
من تەتەری دوای تەلیسمێکی پیرۆزەییم
برینەکانی سارێژ نابێ...

سارێژ نابێ ئەو شوێن برینەی لە مێژە پرچی لاویی تۆی بۆکرووز کردووە و هەناسەی پەرەسێلکەی ڕۆحت، لە بۆشایی نائومێدیدا دەتاسێنێ، تابلۆی سیمات، هێندە هێڵی سەرسەختی و ژینە ژانی بەسەردا کێشراوە لە نەخشەی ئازارەکان دەچێت، کەزییە سپییەکانیشت چوارچێوەی دەوری ئەو نەخشەیەیە.

زەمەنێکە.. نیگام مۆڵەقبووی سەر ڕوخساری ئەفسووس گرتووتە، لەو ساتەوەی خۆت کرد بەم میحرابەدا، ئەو ڕوخسارەی کە ئاوێنەی تەڵخی چاوانی باراناوین، ئەفسانەی بیابان و خەمی بێ هەتوان و دەڤەری چۆڵی پێ دەسپاردین. لەسەر زەوییە شێدارەکە ڕوایت پاڵت دا بە قەنەفەکەی پشتەوە و، تێرامانێکی سەیر لە دەوروپشتت ڕوانی، وێنەی سالآنی دووری ڕابردووت، لە سەرنجی نیگایەکدا، بوو بە ئاهێکی دووکەڵاوی، بەسەر ڕووخساری ئەو دوو کچە ڕێکپۆشەی، کە تۆ لە نێوانیاندا پاڵت دابووەوە، لەم لاو لات دانیشتبوون، کە دیار بوو بەو دانیشتنەی تۆ ئەوانیش سەغڵەت بوون، بووبوویت بەهۆی ئەوەی کە نەتوانن وەکو پێشتر جارجار قاچێک لێک بخشێن و، زەردەخەنە بگۆڕنەوە، ئەمە وێڕای سەرسوڕمانیان لە شێوەی دانیشتنەکەی تۆ، تێکڕا نیگایان دەگۆڕییەوە و زەردەخەنەیان دەهاتێ: خۆ

کە پێڵاوە پاتەکانت داکەند و بۆگەنی قاچ و پێڵاوەکانت تەلارەکەی بۆن پەرژین کرد، هەریەک بە پلارێک شوێنەکانیان چۆڵ کرد و پەرتەوازە بوون، دیار بوو لەبەرئەوەی کونە لووتەکانت پڕ کردبوون لە پەلکە ڕەیحانە و، چڵێکیش ڕیزی موورووە شینەکانی گرتبوو، بۆیە هەستی نەبزواندی.

تەزووی ئازارێکی بەسوێ، سنگت دەرزی ئاژن ئەکات، لەسەرخۆ دەستی خواستی بەسەردا دێنیت، پڕ بەمەودای سییەکانت هەناسەیەکی تەماویت نۆشی "چۆن بپرسم؟ کە قسەی من هیچ حیکمەتێکی تێدا نییە... هەرچەندە دێمە شار هەنگاوێک پاش خۆم گوێم لە لاساییکردنەوەیانە... ئاخر ئێمە چیمان بوو لەم گۆبەنگ و جێ لەقبوونە".

– براکەم کەی نۆرەی من دێت؟

ئەویش لە ژوانی تەزبیحێکدا ورتە ورت بە دەنکە مووروووەکاندا دەچرپێنێ و، بە سەرلەقاندنێک دەیداتە دەست چاوەڕوانی، ئەم دیمەنە یەک دوو جار تووشی گەمەی پیاسەکردنی ناو ژوورەکەی کردیت، تا لە پەنجەرەکەوە سەرنجەکانت وێڵی دەرەوە بوون و، دیمەنی دووکانی خواردەمەنییەکەی بەرامبەری قۆستەوە، ڕۆحت نزایەک نەبوو، خۆراکی دوو ڕۆژی منداڵەکانت دابین بکات "چ نیعمەتێک ڕژاوە، منیش پەلەقاژێ دەکەم، بۆ ئەوەی دوو مشتە بێوەژنانەم بدەنێ، پاڵم پێوە دەنێن ئەم دەڵێ لەم بنکەیە نیت و ئەو دەڵێ زوو نەهاتی".

دیمەنی کچ و کوڕێک، کە دەستیان لە ملی پیاسەی ئێواران کردبوو، وێنەی دووکانەکەی لە چاواندا وەراندی "پێنج کچ... ئاخر بەدەم خۆشە بە خێوکردنیان لەم ئاخوران و بخورانەدا، وتم کاکم یەکێکیان مارە دەکات بۆ کوڕەکەی، ئەویش هیچ، بەناشکوری ناڵێم ئەوەندەش جوان نین و جلی وەکو ئەمانەش ناپۆشن تا جێگەیان لە دڵی خەڵکدا ببێتەوە، بریا دەچوونە ماڵی خۆتانەوە، منیش ئاهێکم ئەهاتەوە بەبەردا"، بێ ئۆقرە دەستێکت

بەزەوییەکەدا چەقی، هەردوو هەڵماتی چاویشت بازنەیی دەسووڕانەوە بەسەر خەڵکەکەدا، ڕازەکانت هەموو شتێکیان دەگوت.. جگە لە گەشبینی، هەر ژنێکی ڕێکپۆش دەهاتە ژوورەوە، نیگات بەسەریدا دەخزا و، شرۆڵیی کراسەکەت دەشاردەوە، خۆ کە لاوێکی چۆغە لەبەر خۆی کرد بەژووردا، تەزوویەکی سارد لەشی تەنیت، ڕاچڵەکایت، بەسەر ئەسرینی چاوانتا فڕییە نێو جیهانێکی پڕ یادگار و کوێرەوەری، بە ئاسمانی ئەو گوندەدا دات لە شەقەی باڵ و فڕیت کە ڕۆژگارێک لەگەڵ ئاگردا دەجەنگی، بۆنی بە بارووتەوە دەکرد، چرە دووکەڵ وەکو شەوی دەیجوور گوندەکەی ڕەش هەڵگەڕاندبوو، زمانتان ون کردبوو، هاواری پێ بکەن، کەوتبوونە بەر شالاوی گەردەلوولێکی توورە و ڕاپێچی دەکردن بەرەو بیابان، مێشکت وای تۆمار کردبوو، کە سەدەیەکە گەشتوونەتە ئەوێ، لەوێ لە چوارڕیانی تاراوگەدا خۆت لێ ون بوو، دەگەڕای بەدووی هەنگاوە سەرەتاییەکاندا، بەدوای دڵۆپە ئاوێکدا، وێڵ بووی کە گەدەت کفری نانی دەکرد، دەتویست بگەڕێیتەوە سەر ڕەوڕەوەی گاگۆڵکێ کردن، قاچت بۆ بانێژەکانی ڕۆژ هەڵبڕی کە قەفەزی دەمکراوەی زەویت بینی. ئەو قەفەزەی پڕ بوو، لە سێبەری ماڵە ونەکان و مرۆ ونەکان، لەوێ لە نێوان خانەکانیدا، سێ تەنافیان لە ستیانی مێیینەکان دروست کردبوو، فەقیانەی کراسەکانیش گرێ درابوون، کرابوون بە سێ پەردە، پێ دەچێ ناوەڕۆکیان هەر لەو گەرووی دۆزەخەدا، کچێنییان بەجێ هێشتبێ، بڕ بڕ، دەکران بە ناواخنی ماشینە وەهمییەکانی قەدەر، ئەو چالانەی کە سێوی چارەنووس چاوەڕوانی دەکردن، خەریک بوو هەموویان پڕ دەکرانەوە، گەیشتیتە کەناری دواچاڵ، بەسەریاندا چاو بە هێشوو دەبارێ، ڕەش، سەوز، چاوی قاوەیی، شین، هی پیر و گەنج و ساوا هەر پێست و سەر و قژی ژن بوو بەسەری پیاوەوە بوو، هی پیاو بەسەری ژن و منداڵەوە بوو. لەوێ تەرمی تاقە کوڕەکەت بینی بەسەرێکی پشتێنەکەی تاسێنرابوو، باوکیشی لەو دیو یەکێک لە پەردە

کـراســەکــانـەوە ئـەوەنـدەی چـنگـە کــرە کــرد بـگـات بە ئـەو، بەلادا هـات، چاولێکنـانێک و هـەمـوو ئـەمـانە ژێرگڵ کـەوتن، هـەر لەولاتریشـەوە کـارگـەیەک دوو گــردی گــەورە ددان و نینۆکی هـەڵدابـووەوە و دەیهــاڕی قــەوانی تـۆپە بەتاڵەکانی لێ پڕ دەکرا...

کـە زەنگی تەلەفـۆنەکـە بە ئاگــای هێنایتــەوە، بە هینگێک ئاوی لـووتت دەرداوە، بەدوو پەنجـەی پیرەڵوک پـەخشی سـەر زەوییـەکەت کـرد "ئێمـە بەو شـێـوەیە مـردین، ئاواش دەژین"، پاشـان بە چەمکێکی چارشـێـوەکـەت کـە ڕەنگێکی خـۆڵەمـێشی ڕەنگە سـپـییـەکەی قـووت دابوو، تەوێڵـت پێـچـا و، بە چەمکەکەی تری فـرمـێسکەکانت سڕییـەوە، ئیـتـر چاوێکت بە ژوورەکـەی بەرامــبــەردا هەڵواســرا و، بە چاوەکـەی دیت سـەرەتاتکێ لە تەک هـەتاوی زەردەپەڕدا دەکەیت "دەبێ چەند سەعات ڕۆژێ مابێت، خۆ گەر باڵم گرتبێت، هـەر دەبێ بڕۆمەوە، ئەی پێنج کچە تەنیاکەم بە کێ ڕاسپێرم؟ خۆ گەر لەگەڵ دەرکەوتنـی ڕۆژدا نەڕۆین بۆ دەشت، ئێواره نان نابێت بیـخۆین، هەتا ئێواره لەبری دوو تەنەکە گەنم، دەغڵ و دان پاک دەکـەین، ئەویشـم لێرە بەهـەدەر دا، بەبێ ئەوەی هیچ سوودێکی لێ وەرگرم".

دوو لەو لاوازەی، سـەرەتـا لەسـەر مـۆبێلەکـەی پشـتـەوە دانیـشـتـبـوون، هەســتـــان بڕۆنە ژوورەوە، بـە ڕووی ڕێگەیانـدا شــەقــاوت هەڵزنا، شـنەی ئاهێکیش ڕووی ڕووناک کـردیتـەوە، ویستت چاوەڕوانییـەکەت بەیان کـەیت و یارمـەتیت بدەن، بەڵام کە بینیت یەکێکیـان سویچی ئۆتۆمۆبێلەکەی بە دەوری منارەی قـامکیدا سـەما دەکا و، ئەوی تریشـیـان بۆینباخەکەی ڕێک دەخا و چاویشـی لە گۆشـەیەکی نادیار بڕیوە، بەخـۆداشکایتـەوە و چرای سـۆمـات کوژایەوە، ورگنەیەکی سەر ڕووتاوەش شتێکی ئاخنییە دەستی ئەو کابرایەی تا ئـەو کــاتە لەژێر لێــوانەوە هـەر ورتە ورتی بـوو. کــەوتیــتــە بـەر تاقـگـەی هـەراسـانی، چەتری غـوربەت خـۆی بەسـەر بالآتا هەڵدا، بۆیە چاوانت وێنەی باڵدارێکی بێ لانە، بە دووی ئاوەدانیـدا وێڵ بوو، "چ کـەسێ گـوێی بە ئێمـە

داوە، تا تۆ گوێی بدەیتێ".

– ئەوانە دوای من هاتوون، ئەوەندەی ڕۆژ نەماوە، سەیرە نامێنێ.

– با نۆرەی خۆت بێت.

– لەم کاتەدا، ئەو پسوولەی خۆراکەی کە دوو ساڵە بۆت کراوە، کەچی تەنیا جارێکیش خۆراکت وەرنەگرتبوو، ئەمدیو ئەودیوت پێ ئەکرد، وێڕای پەرژکردنی هەناسەی سارد:

"ئای ڕەنگی قەدەر گرتوو، لە مەملەکەتی درۆ و مەملەکەتی شەڕ و دزی و سیما هەمە جۆرەکان داوای یارمەتی دەکەیت، ئەو مەملەکەی بت دروست ناکەن و بیپەرستن، ئەوانەی کە شەو بەڕۆژ دەفرۆشن ڕۆژیش بە شەو... بێهودەیە گەر نینۆکەکانتان تیژنەکەن"، نازانم چی پرسیبوو کە لە وەڵامدا گوتت:

– من ئەوەندەم پێ ناچێت، بابڕۆمە ژوورەوە، هەر یەکەم جار کە هاتم فحصی خوێنی بۆ نووسیم، ئیتر مانگی دووجار دەرمانم بۆ دەنووسێ و دەڵێ ئەگەر باش نەبوویت وەرەوە.

هەنگاوەکان بەرەو ژووری بەرامبەر پەلەکێشیان کردیت. تەوژمی ئازارەکانت سەرەتاتکێیان لەگەڵ ڕۆحم دەکرد و پەردەی مێشکی دەسمیم، نە باوەشی گێژەڵۆکەی بالای درەختەکان و نە سۆزی چاوە بزێوەکانی نێو تەلارەکەش تەنیا ساتێ لە ڕاژەندنی لانکی خەمەکانت دەخەملێنێت، بۆیە پاش تۆ وشەکانم لە ژووری پزیشک گیرسایەوە.

"ئەو کات تینی هەتاوی ئاسمان ئارەقەی شەرمەزاری بە شووشەی پەنجەرەکان دەڕشت، پێ دەچێ درەختەکانی سەر خیابانەکە خونچەی گرێی ئاڵیان بۆ تۆ گرتبێ، پێ دەچێ هەتاو شەرمەزاری هەڵوێست بێت، لەو دیوی چیاکان ڕوو زەردی تۆ بێت".

نازانم چەند سات دەبوو، کە زانیبووم پزیشکەکە بەهۆی باری ناهەمواری

ژیانتــەوە، دڵی بەرایی نەدابوو بڵـێ تووشی شـێـرپەنجــەی مـەمک بوویت و شێرپەنجە تێکەڵاو بە خوێنت بووە، تەنیا بواری دابوو مانگی دوو جار ئەم هەموو پارەیەت لێ وەرگرێت.

هەڵوێستـە مـەئیـووسـەکـانی بە پەیژەکانی عەدەمدا ڕۆ دەچوون، کە ئەم دیمەنە بوو بەڕەژووی برژانگە ئاو تیا وەستاوەکانت، تۆش تلیماسکێ پەڕۆت لە بری پشـتێن لە کەمەرت ئاڵاند، بۆ ئەوەی هەنگاوەکانت توند بکەیتەوە، هەناسەیەکی سەرفرازیت هەڵکێشا و... هەنگاوەکان...

هەنگاوەکان

درەنگە... درەنگ

من باڵندە ترافییەکانی ئاسمانم

بۆ زەمهەریری زستان و

هەتوانی ئەم برینە بە سۆیەم

هەنگاوەکانتم دەوێ

١٩٩٦/٣

......................................................

* بەژڤین: واتا وردبوون لەژێر باری قورسی ژیاندا.

# ئەو نامانەی بەر لە مردن نەخوێنرانەوە

## ١

خۆشەویستم دلارام...

لە کوێوە بتگەمێ کە تۆ دەزگیرانێکی ئەسمەرمی و تەنیا لە مانگەشەودا دەتدۆزمەوە، بەڵام ئەوە بزانە کە من هەنووکە بیست و حەوت ساڵ و نۆ مانگ و یەک دووشەممەم، وەک خۆشت دەزانیت ئارامم و توانای بەرگریکردن لە خۆم و بەرپەرچدانەوەی هەموو کوکوە دۆڕاوەکانم هەیە، بەڵام فریای ئەوە ناکەوم، چونکە تەمەنی من ڕێژنەبارانی پایزێکە و وەرزەکانی کورتە و لەوە جوانترە جێگەی "ئەوانە"ی تێدا بکەمەوە، بەڵام کە تۆ بەشێک بیت لە من، پێت دەڵێم: ئەمڕۆ چەند کەسێکم لەو گرووپە دۆڕاوانە بینی، ئەوانەی گۆرانییەکیان نییە ناوی بنێن پاکی، نە دەتوانن وێنە جوانەکانی ژیان وەرگرن و نە ژیانیش ئەوانی بەو قێزەونییە قبووڵە سەریان کردبووە کتێبخانەی شار و هەرچی ڕستەیەکی نوێ و بەکەڵکی تێدا بوو دەریان دەهێنا و دەیاندایە پاڵ یەک، ئیتر ڕیزبەندیی وشە و ڕستە لە هەگبەی "ئەوان"دا لەوێوە دەستی پێ دەکرد و پاشان کتێبەکەیان لەسەر مێزەکە هەڵدەدایە خوارەوە، لە خوارەوەش ئەو مێزەی کردبوویانە ژێر خۆیان دەیخووساندەوە بۆ هەتاهەتایە ڕەسەنایەتیی ئەو ڕستانەیان کاڵ دەکردەوە کە ڕەگ و ڕیشەیان داکوتیبوو، ئیتر پرۆسەی دزین و میز بەخۆداکردن لەوێوە دەستی پێ کرد، پاشان هاتنە ناو باخچەکەوە میزبارانی دار و درەخت و گوڵەکانیشیان کرد، بۆ ئەوەی میز پیاکردنەکانیان ئاشکرا نەبێت

بڕیاریان دا هەموو شتەکان، سروشت، مرۆڤەکان سەرجەمیان میزاوی بکەن، سەرەتا کۆ بوونەوە لەسەر ئەوەی چۆن هەوڵ بدەن خۆیان بکەن بەپاڵەوانی خەونی هەموو کچانی شار. گرێچنی جۆرەها چیرۆکیان کرد کە خۆیان پاڵەوانەکەی بوون و خۆیان بەهەموو شتێک چاندبوو لە ژیانی ئەواندا، ئەمەشیان لەو ئەزموونەوە وەرگرتبوو کە تێیدا سەرکەوتنیان بەدەست هێنا لەوەی دزە بکەنە عەقڵی میرەکانی شارەوە و خۆیان و ئاکارەکانیان بەپاڵەوان لای ئەوان بچوێنن، ئیتر لەو ڕۆژەوە هەموو بەیانییەک سەر ڕاستە شەقامەکەی شار دەگرن و هەڵدەمیزن بەمرۆڤەکاندا، ئێوارانیش دەچنە گازینۆی "حیکایەتە تەواونەبووەکان" و حیکایەتە دروستکراوەکانیان دەگێڕینەوە، دلارامی ئازیز ئێستا شار بۆنی میزی بتە بوودەڵە و بچووکەکانی گرتووە، من لە ڕاکردندام بۆ ئەوەی بۆنی میز نەگرم، بۆیە نامەوێ هەرگیز جارێکی تر بگەڕێیتەوە سەر پیاسەی ئەو شەقامە میزگرتووانە، هەر لەبەر ئەوەش بەوانەی دەیانویست بمکەن بەپرد بۆ بەستنەوەی گرێ دەروونییەکانیان بەواقیعەوە پێم گوتن، کە تۆ خەونێکی هێندە جوان و پاک و بێگەردی هەموو خەونەکانی تر بەتاڵ دەبێتەوە لە ئاستتدا، بەڵام کاتێک بۆنی میزت گرت، پێت دەڵێم......

٢

بەڕێز مامۆستا دلارام...

بەڕێزم پرسیارێک زۆر ئازارم دەدات، ئەویش پەیوەستە بەڕادەی تێگەیشتنی ئێمە بۆ ژیان و لێکدانەوەمان بۆ بەهاکانی. مامۆستای بەڕێز من سەرسامی یەکێک لە نووسەرەکانی جیهان بووم هێندە مرۆڤدۆستە دەڵێ "من ڕۆژانە ئەو دینارەی پێمە وردی دەکەمەوە بۆ بیست پەنجا فلسی، بۆ ئەوەی بیست جار بدەم بەلای سواڵکەرەکەدا و بیست جار یارمەتیی بدەم و بیست جار دڵی خۆش بکەم". سەیرە ساڵانێکە چاوەڕوانی گەورە مامۆستایەکی لەو

جۆرەم کە مرۆڤەکان هێندەی ئەو سواڵکەرە ئومێدیان پێی هەبێت، کە سواڵکەرەکان هێندەی مرۆڤەکان جوان بکات و خاڵی گومانم لەلا دروست نەکات، جگە لە بەڕێزتان کە کردەوە و بەرهەمەکانت لە مرۆڤدۆستیت دڵنیام دەکەنەوە، بەڵام ئەوەی تووشی دڵەڕاوکێی کردووم دوێنێ بەلای یەکێک لەو ژێرزەمینانەدا تێ پەڕیم کە حیکایەتە لەبیرکراوەکانی تێدا دەگێڕدرێتەوە، سیخناخ بوو لە مودمینبووەکانی مادەی ئیرەییبردن و مەرگدۆستی و ناشیرینخوازی، هەندێک لە هاوتەمەنەکانت ئەوانەی خۆیان بەبلیمەتی کۆمەڵ ناوزەد دەکەن و لەناو کۆمەڵیشدا بەپیرە گورگ ناسراون، کۆمەڵێک لە سەرکێش و نوکتەباز و سەرلێشێواوەکانی شاری لە خۆی کۆ کردبووەوە و ورووژابوون، سۆزی ناوچەگەری و گەڕەکگەری و تەنانەت کۆڵانگەریشیان دەخستە دڵیانەوە، خۆشەویستیی ڕشانەوە بەخەڵکدا و ڕێگە میزاوییەکان. سەرەتا خەڵکێکی زۆر پێیان خۆش بوو وایان دەزانی حیکایەتی بیرەوەرییە لەیادکراوەکان دەگێڕنەوە بۆیان بەمەش دەیانبەنەوە بۆ هەرێمەکانی ژیان. ئەو شوێنانەی ئەمانی لە یاد کردبوو بەڵام ئەو کوڕە نوکتەبازەکانی شاری بۆ ئەوە کۆ کردبووەوە کە نوکتە لەسەر ئەو کەسانە دروست بکەن کە میزاوی نەبوون. دوا داهێنان بووە بەنوکتە نووسین لەسەر خەڵک و بەرهەمەکانی ئێوەومانان ئیتر گرینگ نییە لەسەر کام تەمەن و توانا دەنووسێت، گرینگ ئەوەیە پیرەگورگ بەنوکتە نووسینیش بێت بڵێ من هەم، بەڵام گوێ مەدەرێ وەکو جەنابیشت دەڵێیت، گەورەیی بەتەمەن نییە، بگرە بەناخی گەورەیە، بۆیە گەورەی بچووک هەر بچووکە.

## ٣

هاوڕێی ئازیزم دلارام خان...

هاوڕێ گیان تۆ بزانە ئێمە چەند بێباکانە پێ دەنێین بەدڵی هاوڕەگەزەکانی خۆماندا، هەر دوێنێ بوو هەندێ لە ژنانی سەردەم "بیرت نەچێ ئەوانەی کە

بۆنی میزیان گرتووە" لەگەڵ ئەوەی هات و هاواریان گوێی ئاسمانی کەڕ کردبوو، لە خوارەوە هەتا زەوییان بەتاوانبار دەزانی لەپشتی پەردە ئەستوورەکەی دەروونیانەوە شەرەفی نیوەی ژنیان سەربڕی، پاشقولیان لە نیوەی تری گرت، داویان بۆ نیوەی تری نایەوە، منیش چەند زەمان نەوەستاوم دلارام، هەرکە دەمم کردەوە و زانییان لەگەڵ ئەواندا یەک ناگرمەوە، هەزار و یەک بگرەوبەردەیان تووش کردم، دەیان ڕیزبەندیی بتە بچووکەکانیان کرد بۆ لە تەریقەت دەرکردنم، هەرچی گوناهی گێلانەیان هەبوو بەدەستی کۆمەڵێ نێرەتووتی بەمنیاندا سڕی بۆ ئەوەی لە گوناهەکانی ژیاندا یەکسان بین نەک... دوایی... بەهەرحاڵ خەریکە ئازارەکانی خۆم، ئازاری کچە نانفرۆشەکەم بیر دەباتەوە.

خۆزگە بەو زووانە دەمبینیت بۆ ئەوەی حیکایەتی کچە نانفرۆشە چاوشینەکەت بۆ بگێڕمەوە، کە بەچ دەردێکیان برد تەنیا لەبەرئەوەی دڵی نێرە تووتییەکی شکاندبوو... تکایە با سبەینێ لە زەردەپەڕدا بتبینم ئەو حیکایەتە ماندووی کردووم.

٤

تێکۆشەری دێرین کاک دلارام

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە

پاش ئەوەی زانیم بەڕێزتان کەسێکن لە هەموو نادروستی و ناجیزەکانی ژیان خۆتان دەپارێزن و زۆر بەئاگاوە مامەڵە لەگەڵ ڕیتمەکانی مێژوو دەکەن، نەوەک لە ناکاو و نادیارەوە لەکەیەکی بچووک بەر مێژووی پاک و بێگەردتان بکەوێت، ئێمە دەزانین دڵگەورەیی و خۆشەویستیت بۆ نەتەوەکەت وای کردووە، هەموو دلارامەکانی شار بەهۆی تۆوە خۆشەویست بن و گەورە سەیر بکرێن، بۆیە ئەو پرسیارەی چەند وەختە لە دڵی خۆمدا بەنهێنی هێشتبوومەوە بێ سڵکردنەوە دەیکەم، چونکە دەزانم تۆ هەرگیز لەو

سیاسەتوانانە نیت کە لە خشتەی کارەکانیانم بڕوانیت ئێجگار سەرقاڵ و بێ کات بوون، بەڕادەیەک، شەموو: دڕینی سکی کچۆڵەیەک کە بەناوی عەشقەوە لە خشتە براوە، یەکشەم: لە بەردەم ئێوارە هاتنی بێوەژنێکدا ڕشانەوەی گورگێکی برسی ئێوارەکەی ڕەش داگەڕاندبوو، دووشەم: دایکی شەهیدێک پەنجەرەکانی پاشگەزبوونەوەی بەڕوودا دەخرێتە سەرپشت، سێشەم: گێڕانەوەی چیرۆکی نیفاق و داستانی پاڵەوانیەتیی دەستکرد بۆ ڕیزی کەنیزک، چوارشەم: چەند تێکۆشەرێکی مۆدرێن لەسەر ژمارەی مەعشووقەکانیان بەشەڕ دێن، لە یەکەم پێنجشەمی سەرەتاییتانەوە هەتا دوا پێنجشەمی ئەم وشەیە پاڵەوانێکی دۆڕاوتان قیرەی هەموو بۆقە بەزیوەکانتانی لەگەڵدا تاقی کردمەوە هەتا گەنجیەتیی سەربڕاوم دابەش بکات بەسەر سمکۆڵانی ئەسپەکانی عەشیرەتاندا. بۆیە لێرەوە پرسیارەکەمت لێ دەکەم. ئەگەر ئێوە بێ گوناهن و ئەوانە کاری ئێوە نین چۆنە تا ئێستا بێدەنگن چۆن سیاسەت دەکەن؟ کە یەک ڕۆژی هەفتە بەپاکی نەماوەتەوە لەو مەملەکەتەدا خشتەی پرۆگرامی کارەکانتان لە چ ڕۆژێکدا دادەنێن؟

٥

ئازیزم دلارام...

ڕۆڵە پاک و ژیکەڵەکەم دلارام گیان، چەندم پێ خۆش دەبوو ئێستا لەبەر ئاوێنەی دیدەکانتدا ئیقاعی هەموو ئاوازە نەشازەکانم بشکاندایە و فێری ئاوازی بەختەوەریم بکردیتایە، چەندم پێ خۆش دەبوو منداڵێکی منداڵ بوویتایە، نەک منداڵێکی گەورە، چەند لە گەورەبوونت دەترسم، چونکە دەزانم ئەو جۆرە منداڵییە دەتکات بەگەورەیەکی ترسناک. ئەو گەورەییەی دەتباتە گازینۆی حیکایەتە تەواونەکراوەکان لەوێ پێڵاوی ئەو شێرانەت پێ بۆیاخ دەکات کە بە شێرە پێڵاودارەکان ناسراون، داپیرە دەیگێڕایەوە کە

ئەمانە پاش ئەوەی خیانەتیان لە ڕەچەڵەکی خۆیان کردووە. خوای شێران بەر نەفــرەتی خــۆیی خــستن و لەو ڕۆژەوە یەکی دوو جــووت پێـــڵاوی بۆگەنکردووی لکاندووە بەهەر چوارپەلیانەوە، ئێستا بۆگەنی پێڵاوەکانیان کەپووی شاری قانگ داوە و بەهیچ شتێک پاک نابنەوە، بۆیە بڕیاریان دا پاکترین زیندەوەر بدۆزنەوە بۆ پاککردنەوەی گەورە بۆگەنکردووەکان تەنیا منداڵ کەوتە بازنەی وەدەستهێنانەوە، بەئومێدی ئەوەی ڕۆحی پاکیان بۆگەنی پێڵاوەکان و قاچیان بنبڕ بکات، وەکو دەشبینی ئێستا منداڵانی ئەم مەملەکەتە هەمووی بۆیاخچییە و بازووی مەردانەیان لێ هەڵکردووە ڕۆژ تا ئێوارە خەریکی پاککردنەوە و بریقەدارکردنی ئەو پێڵاوانەن، کەواتە دلارامی ئازیز بمبەخشە کە منداڵیی تۆ دوا دەخەم بۆ سەتەیەکی تر، چونکە نامەوێ لەناو دڵمت دەربێنم بۆ ناو جەنجاڵی دۆزەخی گەورە پێڵاودار و شێرە ترسنۆکەکان.

٦

ببوورە دلارامی...

دلارامی ئازیز، هەمیشە خۆمم لەو سێبەرانە دەشاردەوە کە تارماییی خیانەتیان لە خۆیان پێچابوو، بۆ ئەوەی هەرگیز نەچمە ژێر سایەی سێبەرە درۆزنەکانەوە.

من ئێستا تەمەنم چل ساڵ و حەوت مانگ و بیست و سێ ڕۆژە و پاش نۆزدە ڕۆژی تر و لە بەیانێکی دووشەمی پایزدا. هەرێمی ژیان بەجێ دەهێڵم و قەدەر بەمەرگم دەبەخشێت و تۆ تەنیا کەسێکیت قەرزاری بم و پێویستە داوای لێبووردنی لێ بکەم، چونکە تەمەنم تەواو کردووە فریا نەکەوتم نەک پاداشتت بدەمەوە، بگرە تەنیا خیانەتت لێ نەکەم، ئەوەندە لە خیانەت دەترسام تۆم کرد بەفریادڕەس و هاودەمی خەون و ئازارەکانم، تۆ ئەو مرۆڤانەی لە ژیاندا زۆر بۆتان دەگەڕام... تۆ پاڵەوانی ئەو چیرۆکەمی کە

بەهەموو سۆزم خۆشم دەوێیت، بەڵام ئەفسووس... هێندە خیانەتکار دەرچووم... تەمەنم بەمەرگ سپارد و فریا نەکەوتم بتنووسمەوە.

٢٠٠١/١/٢٩ دووشەم

## چوار چرکه له حیکمه‌ته‌کانی به‌قه‌ره‌جبوونم

**هه‌نده‌ران**

یاخی له ئه‌ستێره‌ی دیلکراو، له‌و کۆڵانانه‌ی ڕووناکی تیا ده‌فرۆشرێت، یاخی له‌و ده‌ریا هه‌ڵه‌شه و توره‌ی ئاوه‌که‌ی به‌فیرۆ ده‌دا و تۆڕی ماسییان له قووڵاییدا ده‌گرێ، لۆژێکی فرۆشتن و دیلکردنمان پێ ده‌ڵێت.. هه‌موو ڕۆژێ نامه‌کانی ده‌ردێنم و وشه به‌وشه‌ی ئه‌زبه‌ر ده‌که‌م، چه‌ند کاتژمێرێکیش ئاگام له زریکه‌ی منداڵه به‌خت ئیفلیجه‌کانم نامێنێت، هێنده له‌و ئه‌نگوستیله ناوشینه‌ی که وه‌کو ڕه‌نگی ده‌ریا هێمنی به‌چاوم ده‌به‌خشێ... به‌ر له ڕۆیشتنت له په‌نجه‌ی یه‌کترمان کرد، هێما بێت بۆ چاوه‌ڕوانی ئابڵه‌ق ده‌بم! ئه‌و ساته‌ش شه‌و دادێ، چاو لێک ده‌نێم، ولییه زره‌ی زه‌نگی ته‌له‌فۆنه‌که ده‌بێت به وێرد و ته‌زبیحاتی خه‌یاڵم... زایه‌ڵه‌ی زه‌نگی ته‌له‌فۆن هه‌موو شه‌وگارم داگیر ده‌کات، ئه‌و کاتانه‌ش ڕۆژ ده‌که‌وێته چاوداگرتن و هه‌موو ئه‌ستێره‌کان حه‌شار ده‌دا، ئه‌و وێنه‌یه‌ت که له‌سه‌ر دیواره‌که‌یه له تۆز ڕاده‌ماڵم، مۆمی جه‌ژنی هاوسه‌رایه‌تی بۆ ته‌مه‌نی هاوبه‌شیمان داده‌گیرسێنم چیی تر یاخی ده‌بمه‌وه له.... ئاه بیرم چوو ته‌سلیم به‌و پیاوه‌ی عه‌یامێکه چاوه‌ڕوانیم په‌نجه‌ی حه‌ژمه‌تی له ده‌رگه‌م دا و منیش ڕاپێچی ئه‌و ئێستا له‌وێ ڕۆڵی ده‌ریا ده‌بینێ و ئه‌نگوستیله‌ی شینیشی له قامکدا نییه!

کانوونی یه‌که‌م

١٩٩٦

## کریسمس

له وڵاتێکی بێ دەرگـەدا، وردە باران کـەم جـار پرووشـەی تێـدا دەکـات، جوداییش کڵو.. کڵو.. زایەڵەی خۆکوشتنەکان پڕ دەکاتەوە، هەر کەسێک لە قڵیشێکی ئەو گوزەرە پڕ ئاشووبەوە تێ بپەڕێت لە پێشەڵان دوور دەکەوێتەوە و سـتـەمـە جـارێکی تر ڕووناکی گـوزەرەکـە ژەنینی ڕۆح دووبارە بکاتەوە، ئەویش سـاڵی یەک جـار سـەعـات دوازدەی شـەو پێنووسـێک دەگـرێ بەدەسـتـەوە، ئەفـسـانەی هۆنینەوەی پرچە هەڵکرووزاوەکـەی، ناوی لە خاچدراوی، مەرەکەبی لە پێنووس دزراو... و... ئەمشەویش سەعات دوازدە مـۆمـێکی هێنا و کـردی بە چوار پارچەوە و لە چوار لای دیوارەکـەدا دای گـیرسـاند بەتەنیا فـوویەکیش هەر چوار پارچەکەی کـوژاندەوە، و لەسـەر پەڕاوی ڕۆژنامەی پرۆگرامەکان ژیانی نووسی (کات وەستاوە، ئەم گوزەرە هەموو ساڵەکانی سفرن هەموو ڕۆژەکانیشی دووشەمە) بە مانشێتێکی گـەورەتریش نووسی (ئەوانەی ڕقـمـان لێـیان بوو، دەبوو خـۆشـمـان بوێن، ئەوانەی خـۆشـمـان ویستن دەبوو ڕقـمـان لێیان بێت، بیرت نەچێ دەڵێم ڕق، ئێـسـتا منیش فێرە ڕق و کـینە بووم، چونکە لە کۆمەڵەی کینە دۆسـتـانی گـورگ- سـتـانم، چوارچێـوەی وێنەکـانیـشـم بەتاڵن.. هـا هـا هـا... دەڵێم چوارچێوەی وێنەکانم بەتاڵن! جا بە چی پڕ دەبێتەوە؟ کە زێدی خۆشم پێم دەڵێ تۆ نامـۆیت، هەست بە غـەریبـیکردن هەناوم دەکـوژێت.. بە چی پڕ دەبێـتەوە؟ کە خـاوەنی وێنەکـان هەموو دەمـامکدارن، وێنەی کـریسـتـاڵی و ناوەڕۆکی ژەنگاوی، چوارچێـوەی وێنەکـان بەتـاڵن ئـاه.. هاوڕێ تۆ وێنەت هەیە؟.

١٩٩٧/١/١

### چاوەڕوانی

لە نسێی کۆڵیتە داڕوخاوەکەتدا، ڕۆژانە بارستایی باڵات نان بۆ ماڵان دەپەیڤینی و وانەی دابڕان و هەرەس و غەریبی، ڕەقیبی و کولێرە و ناتەبایی بە چۆلەکەکانی سەر دار تێلی حەسارە شێدارەکەت دەڵێیتەوە، لە نێوان ڕێگە درێژ و دوورەکاندا چەپۆکی ڕۆژگار تل بە چوالەی جوانیت دەدا، هەموو سەحەرێک پێش مەچەک هەڵکردن باوەڵی پۆشاکەکانی دەکەیتەوە تێر بۆنی پێوە دەکەیت، لاوانەوەیەکی درێژخایەنیش هەناوت مڵەما دەکات، بێ خواست و سەرەڕۆ سێبەرێک پاش ماوەت کۆ دەبێتەوە. کە لە وێیت ترسی پامیامییەکان سەرتاپات دادەگرێت، ئەگەر برۆیت کوانووی هاوبەشیتان دەکوژێتەوە... ئەی ئەو دوو بێچووەی لە تەک ئەمدا دەبن بە سێکوچکەی ئاگردانەکە، بۆیە هەردەم گوێڕادێری ڕادیۆی بۆ هەواڵەکان، بزاڤی ئەمڕۆ دەڵێت: ئاوێنەکانتان داگرن و دەست بە چرچەکانی تەوێڵتاندا بێنن ئەو ئاوێنەی پشتەکەی نەخشەی ئەنفالی لێ هەڵکۆڵراوە بیخەنە نێو چوارچێوەی بەتاڵی وێنەکانتانەوە.

با چیی تر چوارچێوەکان دووی ڕۆح نەکەوێت.

### دەمامک

مێینەیەکی ئیرەییبەر نیم ڕۆژێ لە ڕۆژانیش گومان دەروازەی دڵە برۆنزییەکەی نەتەنیوم، بەڵام هەنووکە لەو کانزایانەم نێزیک دەکەیتەوە کە کراوە بە بەری شەمشەمەکوێرەدا، دەتەوێ لە ڕۆژی دەمامکداری کردەوە ئیفلیجەکانت نابینابم، لە بیرت چوو دەتگوت:

– زەردەپەڕی ئێوارانی لادێ لە ئاسمانی ئێمە ڕووناکی وەرگرتووە.

– من کەسێکی یاخی ئەم سەفەرەم لە کەناری تۆدا نەبێت لەنگەر ناگرم، من و من... و... و... و.

ئەمانە وشەی بەر لە قەفەزنانم بوو، شەکری مانگی هەنگوین و ڕیتمی بەر بەئامێری زاوزێ بوونم بوو، ئێستاش لەزە پۆشێکی دەمامکداردا پەخشی دەکەیت، پاش ئەوەی پەنجەرەکانت دادەخەیت، بەگوێی دیوارەکاندا دەچرپێنی "ئێمە هەنووکە ئاخاوتنەکانمان بە زمانێکە ئەوانەی بەلاماندا تێ دەپەڕن و بەیانی باش و ئێوارە باشمان لێ دەکەن تێی ناگەن".

وەکو ئەو مێردمنداڵەی لە تەوالێت و پەنا تاریکەکاندا جگەرە دەکێشێت لە ترسی ئەوەی گەورەکانی نەزانن، ئەتۆش لە چەپەرەکاندا مژ لە لێوی ئەو چۆلەکانە دەدەیت کە هێلانەکانیان تۆزادەیان تیا هەڵنیشتووە، لە ئامێزی مەعشووقە بێ پرچەکاندا فرمێسکەکانت دەڕژێ بۆ ئەوەی هەردەم بەسەر دار و شاسواری ئەفسانەکانت بزانم، بیرت نەچێ فێربووم هەموو ڕوانین و نیگایەکی ئێستا و داهاتووش بخوێنمەوە، بەڵام فلتەری جگەرەیەک تەنیا فلتەرە و هیچی تر.

بۆیە بە شعوورێکی پڕ میهرەوە هەموو پەڕاوەکانتم دڕاند، جارێکی تریش کۆمکردنەوە و پێکەوەم لکاندن و لەو جانتایەم ئاخنی کە پشتەکەی وێنەی ماڵەباجێنەکانی منداڵیم لەسەر کێشاوە، چونکە پەڕاوەکانی ناویشی هەر ماڵەباجێنە بوو، بەڵام ماڵەباجێنەی گەورەکان.. ئیتر هەگبەکەم لە کۆڵ گرت و بە ڕێچکەی مێروولەکانی دیواری عەدەمدا هاتمە خوارێ و لەپێش جامی وێنە بەجێماوەکانی دایکمەوە لەقەم لە کورسییە ژەنگاوییەکەی مێژوو دا.

## تارمایی دۆزەخ

ئەی بارانی بێ ڕەنگ و دڵۆپە
ببارێ بەسەر
گیاندەرچوونی ئەم دەڤەری
ئەهریمەنەدا
زە... مە... نێ... ک

زەمەنێکە، تۆ لە دیوانی هزری وێڵ ونیت، بێچووە کوکوختییەکانیش، بەرگی زەرنەقووتەیان فڕێ داوە، دەبوایە ئەمڕۆیش هێندە لەوێدا شین بووبوویتایە، هەتا کوکوختییەکەی ڕاسەرت هەڵدەفڕێ، چ قەدەرێکە ئەمڕۆ لە بانێژەکەی بەرامبەرمەوە، هێشوو... هێشوو، هەڵدەوەرێنە ئامێزی بالآی سێبەری بەیانییان، هەتاوی نیوەڕۆ و، لەنجەی ئێوارە سوورهەڵگەڕاوەکان، جارێک و دەیەها جاریش، مەلی نیگات، لە شەقەی باڵی دەدا و، چاوی شینی ئاسمان، هەورە پرچ ڕەشەکانی تەی دەکرد، سەرنجی دڵی تەماشات، ئاسمان و ڕۆژ و گەواڵە هەورەکان و، هەموو ئافاتەکانی زەویت بەباڵ شکاوی تەی دەکرد و دەگریایت... دەگریایت بۆ منداڵیت، بۆ سروشتی ئەو خەڵکە ناگرۆز ویستە، دەگریایت بۆ ئافریدە حەوایەکانی شکاوی دەستی ئادەمیەت.

من هەرچەندە، ڕووای سێ ساڵە وەرزی پایزەی ئەم گوزەرەم، وەلییە تەنیاکانی ڕۆشتنم، بۆ یەکسان خستنی سابتە کوختەکان، گەڕانەوەم لە چنینەوەی گوڵی گریەی خیانەت لێکراوەکان، بەخەڵکی ئەم دەڤەری سەرابە

ئاشنا دەبم... تۆش ماکی سەرسەختی و خەم و پەژارە هێندە سیمای پوترکاندوویت شنەی ئێوارەی وێڵەکان پرووشەی ڕووت هەڵدەوەرێنێت، تا تاریکی باڵی بەسەردا کێشایت، بوویت بە خاڵێک هێدی هێدی لەنێو بولێلی ئێوارەدا کوژایتەوە.

بەگومانم لەوەی دەیبینم، مێزەکەی بەردەمم، پەڕاوەکانی سەری، بەرامبەرم مێزێکی تر، ئاپۆڕەی خەڵک، ژاوەژاوی جیابوونەوە، جگە لەمانە... ئا!... بە گومانم و ئەستێرەیە... نەء چاوێک... چاوێکی مەنگی سوور هەڵگەڕاوە پێ دەچییە هەر چوار وەرز باران داباریێنێت سەرچاوەکەی پەرچووە سامناکەکانی لێ هەڵدەقوولێ لە کەناری ڕووباری ئەسرینەکانیشدا، چەندین پاپۆڕی پرسیار لەنگەریان بۆ وەڵام گرتووە، نامۆ نین بە من... ئەم گریان بارانە... نیگا دزە خۆ خواردنەوە و بێدەنگییە نامۆ نین، کە ڕۆژانە کوکوختییەکانی ڕاسەرت هەڵدەفڕن شوناسنامەی ئاشنابوونتم بۆ دێنن "بۆ بێدەنگی!؟" نازانی لەم بیابانی بێدەنگییەدا، دیوارەکان مێردەزمە ئاسا چوار دەورم دەتەنن سێبەرەکەشم هەنگاوەکان قووت دەدات، ناگەم بە تۆ... شەقاو هەڵبێنەوە پێشێ، چیی تر فرمێسک ڕشتن بێ هوودەیە، بێدەنگیش نۆتەی جێماوی نێو گۆڕستانەکان "گەر ئەشک ڕشتن پرۆسەی کۆتایی چارەسەری کێشەکان بوایە، ئەوا ژنان خاوەنی بەهێزترین چەکی میکرۆب کوژی گرفتەکان بوون".

ئیتر میحرابی هزری لێک ئالاو، ویلایەتی گریانم جێ هێشت، بەدەم تەرمی شنە بێ باکەکانەوە، بووم بە تەپوتۆزی ڕاڕەوەکە، نیشتمە سەر ڕەژووی چاوە پڕ ئەسرینەکان، گەرووی سەرچاوەی فرمێسکەکانی وێک هێنا، ڕووباری چاوی هەڵلووشی، دەسڵەمیتەوە، دەخوازی برووسکەئاسا توێژاڵی وشەی سەر زارت ڕاپسکێنم و، بیڕژمە بۆتەی بەرگرییەوە، هەناسەت لە پێڵووم ئالاّ پێی وتم ژیانم لە گیانەلادایە، تەمەن پریاسکەی سەفەرێکی پایزەیی وێک دەخات، بۆیە لەم میحرابەدا وەستام،

فرمێسکەکانم بکەن بە دروشم، خەمەکانیشم بە پەیکەرێک بۆ نزرگای هەموو تەوارێکی ترافیە و ماف خوراو، هەناسەت لە پێڵووم ترازا، ڕژانە بن گوڵە کێویلەی پەنجەمەوە، بە ئاستەم پەڕەیەکی پوترکاوم لە مشتت دەرهێنا و بوو بە چەتری پەنجەکانت، جیابوونەوە!؟... ئاە... جیابوونەوە... لەم زەمەنەدا بابەتێکی ئاساییە و، ڕۆژێ چەندان دێتە ئێرە، مەملەکەتی شەڕ جێ دێڵن و، هەگبەی خەمێکی قورستر لە کۆڵ دەگرن، بەڵام کەسی بەم شێوەیەی تۆ نغرۆی ئۆقیانووسی ئازار نابێت، دەرگەی قسە و دوانت داخراو، زمانت قفڵێکی سەرابی لێ دراو چۆن بوو لە سەرسوڕمانی خۆم هاتمە گۆ.

– حەز دەکەی یارمەتیت بەم چەند ڕۆژێک پێشترت بۆ دابنێم؟

– زوو بێت یا درەنگ بۆ من یەکن.

– سەیرە ئەوانەی دێنە ئێرە، دەیانەوێت ڕۆژێ زووتر لەم هاتوچۆ و کێشە و گرفتانە ڕزگاریان بێت.

– ئەوانەی بە ئارەزووی خۆیان جیادەبنەوە.

– ئەی تۆ؟

– من تەنیا درۆم لەگەڵ نەکردووە، هیچ نهێنییەکم لێ نەشاردووەتەوە، لە باسکردنی ناهەقییەک.

– ئەو ناهەقییە چی بوو؟

– ..............

– ئەم بێدەنگییە نەگریسە، تراویلکەی بیابانەکان لە بۆتەی پشووی من ئاو دەدات، خۆ تۆ دەرکەزێی ڕێیانت بە پیادە دەبڕی بگەی بەهەر زیندەوەرێک سکاڵای دەروونت ئامێز بگرێ "ئێستا بۆ بێدەنگی!؟"

– بێدەنگ مەبە پێویستە بەرگری لە خۆت بکەی.

– ... من... باو... ک...

هەنسک و بێدەنگی بوون بە میوانی ئەو ساتەوەختە دیدەنییە، ژان و تۆزی ڕاڕەوەکەت لە کۆڵ گرت، شەقاوەکانت بەسەر سنگی پلیکانەکاندا هەڵزنا. پێ دەچێ زەپۆش، ئەمڕۆ پرسەی تەمتومانی بۆ تۆبێ، پێ دەچێ ئاسمان چاوی بە گریانی بۆ تۆبێ، پێ دەچێ بناری دڵی منیش جێژووانی نێشی تەواری ئەم هەرێمە بێت، بۆیە ڕۆژانە لە تەک خەمی باڵندە لە هێلانە براوەکان، تابلۆی شانۆی مەرگەسات دەنەخشێم و، کۆچ و ڕەویان لەگەڵ دەکەم و داستانی مەرگی بێ وادە ئاوێزان دەگرم.

ڕۆحم نۆتەی خەمەکانتی کردبوو بە مارشێکی هێمن، لە کاتی نادیاربوونتا نمایشی دەکرد، کە دەنگی پۆلیسی ژووری دادوەر، بەر کریستاڵی بیرکردنەوەم کەوت، لە یادی تۆ پچڕاندمی، دەستنیشانی کردم بۆ ژنێکی لاواز ڕەنگ هەڵبزرکاو، بەپرتاو دڕی بە ئاپۆڕاکە دا و خۆی گەیاندە بەردەمم، بە ڕاوێژێکی پڕ شەرم و ترسەوە هاتە گۆ، هەناسەی چرپەی ئەو ساتەت بردمیە نێو خەونێکی ترسناک، ئێجگار ترسناک لە خەونمدا هەناسەت ڕوا، فرمێسکەکانت ئاودێری بوون، پاڕانەوەت تالاوی ژنانی نەزۆکی بەردەم نزرگاکان، باوکت دەم و لووتی بوون بە لۆز بە قەپۆزی گەورە، کەڵبەی لە جیڕەوە دەبرد و، لیکاوی پێدا دەهاتە خوار، دەمانچە و چەقۆیەکەی دەستی نمایشی یارێکی سرکی دروست کردبوو، لەژێر لرفەی چاو سوورکردنەوەدا، هەناسەی هەڵلووشیت، سێبەری قووت دایت، هێشووی هەر بیست پەنجەی هەڵوەراندی، دووکەڵی چڕی ئاگری هەڵایسا و، تەنیا کچێتی نەدزیت، پانتایی ژوورەکە، ویژدان سۆزی باوکایەتی، هەموو فێیەکی نەگریس و سۆزانی گرتبوو، وێنەی ئەوەکی نەهەنگە زەبەلاحەکان تاریک دەچوونەوە، عەیامێکە شەوانە ئەم ژوورەت، مۆتەکەی گوناە دەیگرێت چاوانیشت گوڵی گریە، تەنیا ئومێدیش پرسی دایکە مەلوولەکەت بوو، کە عەفریتی شەوەزەنگ بە وشەی "کچە تاقانەیە و پێویستە ئاگاداری بین" بەڕێی دەکرد.

ئیتر پەڕەسێلکە ئاسا بە کراسێکی ئاودامانی سپییەوە، پێشی گەواڵە هەورەکانت گرت، ئەڵقەی دەزگیرانیت گۆڕییەوە، ئەویش چەند جارێک هێدی... هێدی، بەسەرتا داباری، کە شوێنی برینەکەی سەر دەستی نەسڕییەوە، پەنجەی وەرد کردیت، ئەڵقەکەش بوو بەبازنەی گومان، کە ساتۆری ترسێک ئامبازی جەستەت بوو، وەکو پەیکەرێکی بێ گیان کەوتیت، تا بوویت بە تارمایی ژووره دۆزەخێکە و لە کلاوڕۆژنەوە هەڵاتی. کە ڕاپەڕیم باهۆزی ئەندێشەم وام دەزانی خەو دەبینم، تا دەنگی پڕ ناسۆزی دایکت ڕژایە گوێمەوە:

– ئەمە تەواوی کارەساتەکە بوو، ئێستاش چاڵێکی لە حەوشەکەدا هەڵکەندووە بە تەمایە زیندەبەچاڵی بکات. دەمی تالار و ڕاڕەوەکە بە واقورماوی کرابووەوە، ڕەنگت گوڵەبەڕۆژەی زەرد بەدووی ترووسکەی هەتاوی هیوایەکدا وێڵ، لە تەک دەستەیەک جەندرمە بوویت بە گەردەلوولێک و بەدەمە داپچڕاوەکاندا ڕۆچوون.

ئادار ١٩٩٥

## تاوانبارەکەی کەنار دەریا

- تۆ کوشتت؟

- نازانم

لەوانەیە وا بێت، دەکرێ بکوژ بم. یان کوژراو بم... نازانم گرینگ ئەوەیە لە ئێستادا پەتێک هەیە جەمسەری هەردوولا دەبەستێتەوە بەیەکەوە لە نێوان ئەو دوو جەمسەرەشدا لە هەندێ شتی لاوەکیدا ئازادیت، لە کەناری ئەو ئازادییەشدا فێڵباز پیاوچاکە و پێچەوانەکەشی بکوژ و کوژراوە.

بەڵام تێ ناگەم ئەو چێژی لە کوشتن وەردەگرت یان کوژراوی؟

گەرچی بۆ من جیاوازیی نییە، ئەگەر بەدەستی خۆم کوشتبێتم، یان من بوویم بەهۆی کوشتنی هەرچەندە، باوەڕ ناکەم کوژرابێت، یان نامەوێ باوەڕ بکەم...

ئاخر نەمانی ئەو بۆ من زۆر گرانە چونکە زۆرم خۆش دەویست، زیاد لەوەی مەزەندە بکرێت، دەکرێت بەنرخترین شت بووبێت لە ژیانی مندا، هەر واش بوو تەنیا ئەو لەم تەنیایی و غەریبییە کوشندەیەدا هاودەم و هاودەنگم بوو.

- کێ باوەڕ دەکات نزیکترین زیندەوەر لە خۆمەوە بکوژم؟

هەتا ئێستاش شێوەی چاوە پڕ ئاوە ئەفسووناوییەکانیم ساتێک لە چاو ون نابیت، ئەو ساتەی لە گیاندانداندا بوو بە ماتی بۆی دەنواڕیم، لەوانەیە ئیرەییم پێ بردبێت، هەر واشە... ئێمە بە نیازی گەشتێکی دوو ڕۆژی بووین بۆ کەناری دەریا، کاتێکیش کەوتینە ڕێ سەعات دووی شەو بوو، تارمایی

ڕەشی شەو نەیدەهێشت ڕووی شتەکان بەجوانی ببینین، هەتا سپێدە دەرکەوت هەمووان پێکی نیگایان پڕ بوو لە نووری جوانی، ئەو کاتەی سپێدە چاوی لە درەختەکان دادەگرت و جارجار لەناو پەلەکانیەوە تیشکێکی زیوینی دەهاوێشت، هەموو گەڵاکان لە پەل و پۆ دەکەوتن و دواجار سەری کوڕنوشیان بۆ دەلەرزاند، هەتا دەرکەوتنی ئەو تۆپەڵە بەفرەکانی سەر لووتکە چیاکەی بەرامبەر نازی سپیتی بەسەر شەودا دەکرد، هەتا سپیتی ئەو کردی بە دڵۆپە شیری داچۆڕاو، کە ئەستێرەکانیش وردە وردە بەرەو کوژاندنەوە ڕۆشتن و بەتەواوی جێگەی بە مانگ لێژ کرد، ئەو کات تیشکی زیوینی ڕۆژ بەتەواوی سروشتی لەخۆ مارەبڕی، لەوێدا زانیم کازیوە هەوییەکی بێ ڕەحمی شەوە و بەدەرکەوتنی ئەو شەو پاشەکشە دەکات، ئەویش ئاوا هەوییەکی بۆ من هێنایە ئاراوە و دەبوو من پاشەکشە بکەم.

ئا ... وا بوو کە بە ئاگا هاتمەوە، هەردووکیان سەریان نابوو بە یەکەوە و لە ئێمە تامەزۆرتر سەیری تیشکە زیوینییەکانیان دەکرد، لە شووشە ئۆتۆمۆبێلەکەوە.

بۆ ئەوەندە بیر لە کوشتنی دەکەمەوە، دەبێ مافی کوشتنیم نەبێت؟

لە چییەوە ئەو مافەم هەبێت؟ لەوەی لە هەموو شت زیاترم خۆش دەویست، ڕاستیشە دەڵێن خۆشەویستی لە کوشتن نزیکت دەکاتەوە؟

ئاخ بیرکردنەوە لە شێوەی مردنەکەی تەزووی مەرگێکی ترسناک بەرۆحمدا دێنێت، ناتوانم باوەڕ بەخۆم بهێنم کە مردووە.

ناز و مەکر و خۆنواندنەکانی مەدام کلۆدینیش بردبوومیە ناو بیرکردنەوە لە جیهانەکەی ئەو، ئەو جیهانەی جگە لە خۆسەپاندن و سەربارکردن جێگەی هیچی تری تێدا نابێتەوە.................. خۆ شێوەی ڕۆشتنەکەی و خۆ بەمدیو و ئەودیو خستنەکەی و بەلووتبەرزی سەیرکردنەکەی شێتگیری دەکردم. ئەوەشی زەردەخەنەیەکی هێنایە سەر لێوم ئەو پۆشاکە بوو کە بۆ

سەر دەریا پۆشیبووی، بەتەواوی پۆشاکی ئاهەنگێکی ڕۆهەڵات بوو، شارستۆنێکی درێژ، کەنزیەکی کەتان و هێلەکێکی شیفۆنی تەنک و درێژ هەتا سەر پاژنەی پێڵاوە پاژنە بەرز و نووک تیژەکانی قژی پەخش کردبوو و ئەو کچە هەرزەکارانەی کە لێی ورووژابوون هەر جارەی یەکێکیان دەستیان بۆ تاڵێک لە پرچی دەبرد و دوایی دەیانگواستەوە بۆ خشڵ و زێڕەکانی و بۆ مەزەندەی پۆشاکەکانی بەری، پەتێکیشی کردووەتە ملی سەگێکی بچووکی تووکن و پێش خۆی داوە و هەندێ جار وردە ڕاکردنێکی پڕ مەکریشی بەدوادا دەکات، یەکێک لەو کچە هەرزەکارانەی لە دەوری بوو، دەیگێڕایەوە کە دایکی وتوویەتی مەدام کلۆدین لە نەوەی ئەو هیندۆسییەیە کە لە گوندێکی دوور دەژیان و منداڵیان نەدەبوو، پاش چەندین ساڵ لە جیاتیی منداڵ مارێکیان بوو، لەگەڵ ئەوەی هاوڕێ و ناسراوەکان زۆریان پێ گوتن کە مارەکە بکوژن و خۆیان ڕزگار بکەن، دایکەکە ڕازی نابێ و بەخۆشەویستیی دایکانە بەخێوی دەکات و سەرجەم جیهانیش دەگەڕێت هەتا ژنی بۆ دەهێنێ. بۆیە ئێستا ناز بەسەر زەوییەکەشدا دەکات.

ئەمجارەیان بەکەناری دەریادا بەپیاسە دەڕۆیشت و بەپەتێکی ڕەنگاوڕەنگی درێژ سەگەکەی بەدووی خۆیدا پەلکێش دەکرد، ئەویش هەر خۆی ڕادەپسکاند بەرەو لای (تۆنی) هەتا دواجار هێندە هۆگری یەک بوون بەیەکەوە چوونە ژێر تاشەبەردەکانی کەنار دەریا، مەدام کلۆدینیش نە ئاگای لە ئیرەییبردنی من بوو، نە لە سەگەکەشی کە تەنیا هاودەمەکەی لێ داگیر کردبووم...

چۆن ئاگای لێ بێت کە مەدام خۆشی تەنیا کوڕێکی قۆز لەسەر دەریا بوو داگیر کرد و بەهۆی جیهانی خۆیانەوە ئاگایان لە بستێک ئەولاترەوە نەمابوو...

ئێی خۆ منیش لە داخی هەردوولا ئاگام لە هەستی خۆم نەمابوو کاتێکیش

لێی چوومە پێشەوە تاشەبەردێک بەسەر سەریدا کەوتبوو سەگەکەی مەدامیش هەر بەدەوریدا دەجوولایەوە و دەینوزاند لەگەڵ ئەوەی دڵم توند توند دەگوشرا خۆمم تێک نەدا و ڕزگارم نەکرد، کاتێکیش بەتەواوی تاسا و دەریان هێنا گەرچی خوشکەکەم پێی گوتم ئەو کارە مەدام کردوویەتی بەلام بەر لەوەی فریا بکەوم بەچرپە پێی بڵێم چۆن؟ مەدام کلۆدین منی تاوانبار کرد، دەیگوت:

– تۆ خۆشت نازانی چی دەڵێت، تونی لەگەڵ سەگەکەی یەکیان دەلستەوە، تۆ هەڵت دایە سەر تاشەبەردەکە و خستت بەسەریاندا، ئەوەی منیش قەدەر ڕزگاری کرد.

– لە ڕاستیدا نازانم... لەوانەیە وا بێت، بەلام من نازانم چیم کردووە... تەنیا دەزانم لەو کاتەوە من لە کەنار دەریا دەژیم، پەتەکەی ملی هەتا مردن هەڵدەگرم، نایکەمە ملی هیچ سەگێکی تر.

*ئەوانەی خەتی بەژێردا هاتووە لە ئەفسانەیەکی هیندی وەرگیراوە*

*٢٠٠١/٦/٢١ دیمەشق*

## بوونه ونەکان

دەربارێکی قەوزە گرتووی
کەنار ڕووباری ئەم خەراباتەم
تەوارێکی بێ ورتە و... بێ جوولەی
ئەم قەرەباڵغییە چۆڵەم
لەم دەریا بێ شەپۆلەدا
لەم.........

لێرەواری بێ سەروبەر و، ئاوەژووەدا، تەنیا درەختەکان بەرە مرۆیان گرتووە، مرۆڤی شەڕانگێز لە ڕۆژی لافاودا لەدایک دەبن لە زۆرانبازیشدا دەمرن شۆخە سنەوبەرە لووتبەرزەکانیش کە بەئارامی خۆیان دەنازن، بەوەی لە هەمووان بە جەرگترن و، بەرگەی شەختە و سەرما و گەرما دەگرن، زۆرجار لە تەک شنە ئەرخەوانییەکان بەشەڕ دێن، لە تەک گەردەلوولەکانیشدا پێدەکەنن، کەچی تۆزێکی خەستیش ڕووپۆشی تەرزەکانیانن، مرۆکانی ئەم لێرەوارە، سەعاتەکانی ژیانیان، تەنیا لە خەون و سروشتدایە و، لە ئاگابوونیاندا، دووکەڵی پرۆگرامە جیاجیاکان و گۆڕانکارییە خێراکان پشوویان سوار دەکات، دەست دەنێتە گەروویان.

پاڵت بە زایەڵەی زەنگی بیرەوەرییەکانی ئەم چەند ڕۆژەی دواییەوە دابوو، تاوتۆیی پەڕاوی ئەو ڕۆحە زەرنەخییەت دەکرد، کە قەسیدەی درۆ بەزیوەکانی بۆ تۆ و ماسی بن دەریاکان دەخوێندەوە، لە قەسیدەی ئەو

ڕۆژەیدا، پێی وتی "خۆشم دەوێیت" دڵۆپە فرمێسکەکانیشت لەسەر تاشە بەردەکان، وەکو پوولەکە ماسی دەبریسکانەوە، ڕۆژانی دوای لە پەرێشانی کارنەدانەوەت، بە لەتە گوێزان، ماسوولکەکانی دەردێنا، مەرەکەبی پێنووسەکەتی تێ دەکرد، تەمەنی هەفتەکانی دەهۆندەوە و، دەیکرد بە بەروانکەی ماڵە جادووکەرەکان، بەڵکو ئومێدێ ببەخشن، لە هەرەسهێنانی ژماردنی یەک... بەیەکی مانگەکاندا. بە چۆکادا هات. پەردەی بیمارخانە وەهمییەکەی دڕی و بە چرپە پێی وتیت..

"تووشی شێرپەنجەی خوێن بووم، دیارە لەشێک هێشووە گوێزان بگرێت، دەبێ هیمۆگلۆبینێکی میکرۆباوی بێت ئێستاش بریا مەدالیایەک دەبوویت دەدرایت لە بەرۆکی هەرەمی گڵکۆکەم".

کە هەڵمێکی شێدار، فێی ئەو دەربارە ڕەشیی بەر چاوتی ڕەواندەوە. ئەو بەکۆڵێ خەمی شەتەکدراوەوە هەڵهاتبوو، خەمەکانی ئەو تاناتوسن، هەست بە کەمسەری، خەمی لامێژی. بۆیە هەڵهاتنت لەلا باشترە لەوەی چاوت شتێ بدرکێنێ دەزانیت چاو بەرزترین دەنگی دەربڕینی ناخە، لە کاتی دەرنەبڕیندا. تۆ بێ ئاگایت.لە گەرا دانانی پەرکەماوی، بەرامبەر بە ناوێزەکان دڵت دەریایەکی نووستووە، بۆیە تووشی سەرکۆنەی ویژدان دەبێت و لە خۆ دەپرسێت...

کەواتە شەش مانگ ئەوپەڕی ساڵێکی تر ئاهی ئەم سەفەرە کوتوپڕەی لە ئەستۆ دەگرم، چی لە یارمەتی کەسێکی چەپەوانە و، دەرکردنی لە گێژاو بەنرخترە ئەو پێی وتم.. بەڵێ وتی.. "خۆشەویستی کلیلی هەموو دەرگە گەورەکانە" چیی تر ڕەوشتە ناوێزەکانم هەڵدەپرووکێنم، گەنمی هێلانە شێدارەکان لەخۆ حەرام دەکەم. بە سامانی هەڵڕژاوی عەفریتەکان کوختە بێ دەرگەکان ناڕووخێنم، چیی تر دەسکەوتم لەژێر متمانەی ئەو ژنانەدا نابێت، سەرە سوورەی ئابووری بیانوویێکە بۆ بەدیهێنانی پرۆسە

حەشەرییەکانیان. تۆ دەتوانیت شتەکان بگۆڕیت ئافریدەیەکی جیاوازیت.

"جیاوازم!؟ کەی لەژێر سایەی سیستەمێکی پارچە پارچەدا جیاوازییەکان جیا دەکرێتەوە"..

ئەم زێدە لە یاری "ئەزنیف" دەچێت. لە هەموو لایەکەوە ڕێگەیە بۆ بردنەوە هەناویشی قەڵەمێکە لە هەردوو سەرەوە دادراوە، دوو جەمسەری پردێکە لە نێوان ململانێی ئەوبەر و ئەمبەر، لە کوێدا نەخشەی خەونەکانمان بکێشین، کام جەمسەرەیان ئەوی تر بە ئاو دەسپێرێ.

دەڵێ "دەتوانی بمگۆڕیت".

کام گۆڕانکاری ئێمە کراوین بە شا پەڕی گوناهە گەورەکان، ئەوان تەنیا بە مردن مەحکومن، ئێمە لە پێش مردن بە شووکردن مەحکوومین.

بێ ئومێدانە بڕیاری دواساتەکان خۆی خزاندبووە ژێر سێبەری دەروونتەوە، پەنجەکانت بووبوون بە چلووره سەهۆڵ، کە چاوت بەڕوخساریدا هەڵ ئەنگوت، مۆمی نیگای بەسەر بتی قامکدا توانەوە، چەند وشەیەکی ڕیز کرد و تێپەڕی.

پیرۆزە.. هەوڵدانت لە گرتنەوەی قاچی شکاوی جەمسەری ئەوبەر

***

باڵندەکانی ئەم دەڤەرە لەسەر شەپۆلی لافاو هێلانە دروست دەکەن، لە زۆرانبازیشدا بوونی خۆیان دەسەلمێنن، ئەو باخچەی تۆی تێدا دەژیت، داوی پیرک پاسەوانی ڕۆژە ڕەشباوەکان و شەوە خوێناوییەکانی دەکات، تۆ دوا دەنکە گوڵەبەڕۆژەی تەمەنی مانگەکانت ترووکاند، چ دەکەی لە دەرکەوتنی هەتاو کە مەراسیمی ئەشکەکانت درۆیەکی هێندە گەورە بوو، چ دەکەی لە ڕژانی خوێن و فرمێسکی گوێزان.

تەواو ئیتر سەماکان کۆتاییان هات، چیی تر سرە گرتنم بێهوودەیە، هەموو نەخشەکانم ئاشکرا بوون، هەروا بەئاسانی دەست دەنێت بەڕوومەوە

ئاخ... گەر نەمدەگوت نەخۆشم ئەویش جێی نەدەهێشتم و نەیدەوت (تەنیا ڕاستی سەرگەرمی ئامانجەکانە.. تۆ لە وەهمدا دەژیت، هەشت مانگە دەڵێی نەخــۆشم، هـەشت جـار بۆتـەی تەمــەنت بەســەر چوارڕیانی ســەرابێکدا ڕشتووە!

– نەخێر هەرگیز وانییە.

"هەموو شتەکان لەم سەردەمەدا بەدرۆ دەردەکەون، دایکەکان لەبەر گەدە ڕەق هەڵهاتووەکان دەپاڕێنەوە، کەم هەڵلووشن، ژنەکەم چاوشارکێی لەگەڵ گیرفانە بەتاڵەکانم دەکرد، هەتا جیابووینەوە، باوکیشم لە جەمسەری ئەمبەرە و هەوڵی ڕووخانی جەمسەری ئەو بەر دەدات، شەهێنەکانیش بێباکن لە دایەلۆگ و مەنەلۆگیان لە تەک سەرچاوەکان.

ڕاوێژی دەنگت نزم بوو، دەترســیت، لە هەســتکردنی باڵندەکـان و سەرنەگرتنی پلانەکەت.

لەنێو خوێنی نێوان جەمسەری ئەوبەر و جەمسەری ئەمبەر، سێبەری تۆ و ئامێزی ئەمبەر، و میهری دایکت لە نێوان هەر دە قامکیدا سەری کاکت، گیرفان پشکنینی تۆ و، خەبات و قسەی یەکی یەکی باوکت، گەڕانەوەی کاکت بە دەست سەنگینی و شکانی تۆ، لاوە داچێنراوەکانی سەر خیابانەکە و پاڕانەوەی دەرۆزەکەرەکـان و دروشـمی خـوا بتـداتێ" ڕێژنەی خـەمی کامیرای چاوانتن. ئەوەتا هەموو کەس قەرەبوو، بە ڕۆژگار دەدات، کەواتە تۆش دەبێ قەرەبوو بەمن بدەیت. یەک بەیەک ژەنگی پەنجەکانت دەلستەوە، سوژدەت بۆ هزری پەیکە مارەکان دەبرد کە تالارەکەیان پڕ کردوویت لە کــاڵای نایاب و ڕۆژانە خــواردنەوەی بەردەوام و.... و... و. (تەنیـا من درۆناکەم، هەموو شتەکان بەدرۆ دەکەون، گەر بەم شێوەیە خۆم نەژیێنم.. لە شاری سـەرگەردانیدا بەجێ دەمـێنم، خەڵکی تەنیا خـۆویستـە بۆیە دەبێ تۆڵەت لێ بکەمەوە،... ئەو دەست بەڕووەنانەش بەسەر خۆمدا نەشکێنمەوە،

ئا... بەناوی شیرینی خوشکمەوە هاوڕێی خۆشەویست: هەندێک ناساغم بۆ کارێکی گرینگ پێویستە بتبینم.؟

هاوڕێت شیرین.

دەنگی پێکەنینی تەلارەکە، زرمەی پێک لێکدان... مۆسیقایەکی بەرز و... دەم لە سـیـاسـەت وەردان، تەمێکی دووکەڵاوی بوو، بۆ داچۆڕانی دڵۆپە بارانێکی قوڕاوی بەسەر زەویی شکستەکەی ژێر پێی سەماکەرەکان.

زەنگی دەرگەکە کەڕەنایەک بوو، بۆ ساتێ بێدەنگی ئاپۆڕەکە، وێنەی خۆت لە ئاوێنەی دوو چاودا بینی، کەمتر لە جاران، باوەڕ و ئارامییان تیا بەدی دەکرا، بە هاوارێک بناسرێنەوە..

– نەخێر شیرین لە ماڵەوە نییە.. ونبە لە بەرچاوم جارێکی تر لێرە نەتبینمەوە. شێلگیرانە دەروازەکە بە ڕووتدا کڵۆم درا، هەنگاوەکان ودمیان لە تیژی –با– وەردەگرت، کە ژاوەژاوی ئاپۆڕەکە و پێکەنینی قێزەوەن رستەی.

– کچێکە لەبەرئەوەی لە جەمسەری ئەوبەرە نامەوێت هێڵنجی پێ دەدایت هێزێکی فەنتازی قاچەکانی قورس کردیت، چڕنووکەکانت لە تاڵی ڕۆژ گیر نەدەبوو.

بۆیە زیاتر... زیاتر لە تیشکی ئەم ڕووناکییە تاریکە
زیاتر لە ئەندێشەی ئەم خەونە بەتاڵە
ژەنگی کفنە سپێکان
دەرژێنە نێو دەریای مێیینەوە

١٩٩٥/٥

## پزیشکێکی دەوڵەمەند

دوکتۆر ئازاد پزیشکێکی زۆر دیاری شارەکەی خۆیان بوو. نەخۆشخانە تایبەتەکەی بەردەوام پڕ بوو لە نەخۆش، ئەمەش ئەوەندەی دەوڵەمەند کردبوو بێ ئاگا بوو لە مرۆڤە نەدارەکان. وا بیری دەکردەوە هەژارەکان لە نەفامی و دەبەنگیی خۆیاندا هەژارن.

پێی وا بوو ئەوانە زیرەکن، کاسبکارن و خۆیان ماندوو دەکەن دەوڵەمەندیشن، ئەمەش وای لێ کردبوو هیچ نەخۆشێک بەر لە پارەدان وەرنەگرێت، تەنانەت ئەگەر بێهۆشیش بن و کەسیان لەگەڵ نەبێت و نزیکی مەرگ و گیان سپاردن بووبنەوە، هێشتا دەیوت، "بیبەن بۆ نەخۆشخانەی گشتی بۆچی هانیوتانە بۆ نەخۆشخانەی تایبەت، من وەری ناگرم بەر لە پارەدان"

ڕۆژێکی سێشەم لە دەرەوەی نەخۆشخانەکەی بوو، کچە سکرتێرەکەی تەلەفۆنی بۆ کرد و پێی گوت کە کوڕێکی لاو بێهۆش و بێ کەس هێنراوە بۆ نەخۆشخانەکەیان، لە خانەدان دەچێت، بەڵام کەسی لەگەڵ نییە و بێهۆشیشە ناتوانن داوای پارەی لێ بکەن، تکای لێ کرد کە ڕەزامەندی بفەرمووێت بۆ ئەوەی لە نەخۆشخانە وەری بگرن و گوتی بارودۆخی زۆر خراپە و نامەوێت بمرێت. بەڵام پزیشکی خاوەن نەخۆشخانە زۆر بە تووڕەیی وەڵامی دایەوە کە کەس بەر لە پارەدان لەوێ وەرناگیرێت.

پزیشکێکی نیشتەجێ کە زۆر بەزەییی بە کوڕەکەدا هاتەوە، گوتی، "ئەم کوڕە لە دەوڵەمەند دەچێت دەتوانێت پارە بدات، تەنیا کێشەی ئەوەیە کە

بێهۆشە و کەسیشی لەگەڵدا نییە پارەکەی بۆ بدات، هەموو گیانی خوێنی لێ دەچۆڕێ و بەم شێوە گیان دەسپێرێ، پێویستە خۆم قسە لەگەڵ دوکتۆر بکەم و ڕازی بکەم... بەڵام دوکتۆر ئازاد تەلەفۆنەکەی بەسەردا داخستەوە.

کە دوکتۆر ئازاد گەڕایەوە لە سکرتێرەکەی پرسی کە هەڵەی وای نەکردبێت و نەخۆشەکەیان بەر لە پارە وەرگرتن وەرنەگرتبێت. سکرتێرەکە بەدەنگێکی ناڕازی و پڕ گلەیی گوتی، "زۆر لە خوێنی خۆیدا تلایەوە هەتا ئەو هەموو پرسەمان بە تۆ کرد، گیانی سپارد. ئێستاش و ئێستا لە ژوورە سەهۆڵینەکەدایە. دۆکۆمێنتەکان ئیمزا بکە بۆ ئەوەی لاشەکەی ببرێتە دەرەوە."

دوکتۆر ئازاد یەکسەرە بەرەو ژووی سەلاجەکان ڕۆشت بۆ ئەوەی لاشە مردووەکە بپشکنێ و ئیمزای مەرگی بکات، بەڵام بەبینینی شۆکێکی گەورە سڕی کرد، قاچەکانی لە جووڵە کەوت و زمانی لە قسە کەوت. ئەو مردووەی بەهۆی لەخۆباییی ئەوەوە گیانی لە دەست دا کوڕە تاقانەکەی خۆی بوو.

* ئەمە یەکەم کورتە چیرۆکە کە لە تەمەنی ١٧ساڵیدا نووسیومە.